IJOKS

ISSN: 2149-2751

International Journal of Kurdish Studies

http://www.ijoks.com/

IJOKS 2014

Verbal Noun and Inflected Verb

The Role of Terminology in Enriching Kurdish Dictionary

Freedom in Kurdistan Society - In the light of social contract theory

Aleksandre Jaba's Collection of Kurdish Folk Poetry Manuscripts and "Kilamê Kîçan" of the Kurd 49

Barış Çalışmalarında Alternatif Bir Güzergâh

Anfal and its consequences

The Classification of vowels and consonants in Syllable structure

Morphological processes and Active/passive Derivational morphemes in producing and deriving novel linguistic data

The Role of First Language on The Second Language Acquisition

Morphosyntactical Representation in Kurdish Language

A new perception for adjectives in Kurdish Language

Jaba, Bazidî, and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century

Empire, Split Ethnicities, and an Explosion of Poetry

January 2018

Vol 4 (1)

IJOKS International Journal of Kurdish Studies ISSN: 2149-2751

Editor

Prof. Dr. Salih AKIN

About

- International Journal of Kurdish Studies (IJOKS) is a peer-reviewed international journal published biannually, in January and July, which accepts papers written in Turkish, Kurdish (Kurmancî, Zazakî and Soranî), English or Russian languages.
- Opinions by the authors of articles in the journal are solely those of the author, and do not necessarily reflect those of the journal, its editor, assistant editors, or advisory board.
- Articles published by the journal may not be reproduced totally or in part without the express written permission of the publisher.
- All papers in PDF format can be retrieved on our web site: http://www.ijoks.com/

Abstracting & Indexing

© All rights reserved.

ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

ADVISORY BOARD

Prof. Dr. Hasan ÇİFTÇİ (Muş Alparslan University/Turkey

Prof. Dr. Hasan TANRIVERDİ (Dicle University/Turkey)

Prof. Dr. Abdurrahman ACAR (Dicle University/Turkey)

Prof. Dr. Mesut ERGİN (Dicle University/Turkey)

Prof. Dr. Kinyaz İbrahim MİRZOYEV (Abai National Pedagogical University / Kazakhstan)

Prof. Dr. Vecihi SÖNMEZ (Yüzüncü Yıl University/Turkey)

Prof. Dr. Gulmira ABDIRASILOVA (Kazakh State Women's Teacher Training University / Kazakhstan)

Assoc. Prof. Dr. Yahya SUZAN (Dicle University/Turkey)

Assoc. Prof. Dr. Giovanni BORRIELLO (Tuscia University/Italy)

Assoc. Prof. Dr. Eva DURAN (University of Roehampton / UK)

Assoc. Prof. Dr. Safin Jalal FATHWLLA (Koya University /Kurdistan Region of Iraq)

Assoc. Prof. Dr. Zahir ERTEKİN (Bingöl University / Turkey)

Assoc. Prof. Dr. Hajjah Jariah Mohd JAN (University of Malaya, MALAYSIA)

Asst. Prof. Dr. Muhammet ÖZDEMİR (Katip Celebi University/Turkey)

Asst. Prof. Dr. Ercüment YILDIRIM (Sutcu Imam University/Turkey)

Asst. Prof. Dr. Serkan TÜRKOĞLU (Artvin Coruh University/Turkey)

Asst. Prof. Dr. Hasan KARACAN (Turkey)

Asst. Prof. Dr. Mustafa ÖZTÜRK (Mardin Artuklu University/Turkey)

Asst. Prof. Dr. Abdulhadi TİMURTAŞ (Yüzüncü Yıl University/Turkey)

Asst. Prof. Dr. Necat KESKİN (Mardin Artuklu University/Turkey)

Asst. Prof. Dr. Omed Barzan BRZOO (Germian University /Kurdistan Region of Iraq)

Asst. Prof. Dr. Joanna BOCHENSKA (Jagiellonian University, Kraków / Poland)

Asst. Prof. Dr. Darya Jamal HAWEZI (Koya University- KRG, IRAQ)

Dr. Christian SINCLAIR (University of Arizona / USA)

Dr. Salah Hwayyiz RASOOL (Koya University / Kurdistan Region of Iraq)

Dr. Nawzad Anwer OMER (Koya University / Kurdistan Region of Iraq)

Dr. Amir KARIMIPOUR (University of Isfahan / IRAN)

Dr. Katya DUNAJEVA (Eotvos Lorand University, Budapest, HUNGARY)

IJOKS ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

EDITORIAL

We are together with the eighth issue, the first issue of 2018. There are very important announcements for academicians and our journal that International Journal of Kurdish Studies (IJOKS) is indexed by ULAKBIM/TUBITAK and SOBIAD. That is, the articles which are published in our journal will be valid for readership or being an associate professor. The second news is that articles published in IJOKS, from the first issue to the latest issue, have been assigned DOI numbers.

The contents in this number of our journal are as follows: Verbal Noun and Inflected Verb by *Mhemed Abdulfetah (Mehwi) & Aryan Sdiq Aziz,* The Classification of vowels and consonants in Syllable structure by *Dilshad M. Gharib & Mhemed Mehwi*, Empire, Split Ethnicities, and an Explosion of Poetry by A*viva Butt*, Jaba, Bazidî, and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century by *Necat Keskin & Abdurrahim Özmen,* Anfal and its consequences: an analysis for our work on Anfal, some points of view and conclusions by *Mahdi Fatih Omar & Mohammad Ahmad Saed,* The Role of First Language on The Second Language Acquisition *by Karwan Juma Raheem*, Morphological processes and Active/passive Derivational morphemes in producing and deriving novel linguistic data by *Faruq Omar Sdiq& Mustafa Raza Mustafa*, Freedom in Kurdistan Society- In the light of social contract theory John Locke by *Asrin Zrar Qader*, Di Nav Kurdên Diyasporayê De Kêşeya Navnewşî: Mînaka Elmanyayê by *Avdo KARATAŞ*, Destnivîsên Helbesta Kurdî ya Gelêrî Yên di Koleksiyona Aleksandre Jaba de û Nusxeya "Kilamê Kîçan" ya bi Hejmara Kurd 49ê by *Mustafa Öztürk*, A new perception for adjectives in Kurdish Language by *Omed Barzan Brzoo & Omer Ahmed Eziz* Morphosyntactical Representation in Kurdish Language by *Abduljabbar Mustafa Maroof & Sazan Zahir Saeed* The Role of Terminology in Enriching Kurdish Dictionary by *Suzan Saadulla Abdulkany& Bakr Omar Ali, B*arış Çalışmalarında Alternatif Bir Güzergah: Sembol ve Sembolizmin Politik Kullanımı by *Safiye Ateş (Durç) and* Orta Doğu'da Suudi Arabistan'la İran arasındaki Cepheleşme: Suriye ve Yemen'deki Çatışmalar Örneği translated from Russian language to Turkish languge Nadejda Açan from *Vadim A. Kuzmin.*

We hope that the issues of our journal shall contribute to the field of Kurdish Studies. We thank to the journal employees, authors, reviewers and all the others who have contributed to the preparation process of this issue.

Hope to meet you in next issues…

Prof. Dr. Salih AKIN
Editor

ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

Vol. 4 Issue 1
(January 2018)

CONTENTS *Page*

Articles

Verbal Noun and Inflected Verb 1
Mhemed Abdulfetah (Mehwi) & Aryan Sdiq Aziz

The Classification of vowels and consonants in Syllable structure 27
Dilshad M. Gharib & Mhemed Mehwi

Empire, Split Ethnicities, and an Explosion of Poetry 42
Aviva Butt

Jaba, Bazidî, and the Ethnography of Kurds in the 18-19th Century 68
Necat Keskin & Abdurrahim Özmen

Anfal and its consequences: an analysis for our work on Anfal, some points of view and conclusions 85
Mahdi Fatih Omar & Mohammad Ahmad Saed

The Role of First Language on The Second Language Acquisition 110
Karwan Juma Raheem

Morphological processes and Active/passive Derivational morphemes in producing and deriving novel linguistic data 118
Faruq Omar Sdiq& Mustafa Raza Mustafa

Freedom in Kurdistan Society- In the light of social contract theory John Locke 140
Asrin Zrar Qader

Di Nav Kurdên Diyasporayê De Kêşeya Navnewşî: Mînaka Elmanyayê 153
Avdo KARATAŞ

Destnivîsên Helbesta Kurdî ya Gelêrî Yên di Koleksiyona Aleksandre Jaba de û Nusxeya “Kilamê Kîçan” ya bi Hejmara Kurd 49ê 174
Mustafa Öztürk

A new perception for adjectives in Kurdish Language 198
Omed Barzan Brzoo & Omer Ahmed Eziz

Morphosyntactical Representation in Kurdish Language 235
Abduljabbar Mustafa Maroof & Sazan Zahir Saeed

The Role of Term in Enriching Kurdish Dictionary 254
Suzan Saadulla Abdulkany & Bakr Omar Ali

Barış Çalışmalarında Alternatif Bir Güzergah: Sembol ve Sembolizmin Politik Kullanımı 269
Safiye Ateş (Durç)

Notes and Comments

Orta Doğu'da Suudi Arabistan'la İran arasındaki Cepheleşme: Suriye ve Yemen'deki Çatışmalar Örneği. Çev.: Nadejda Açan 284
Vadim A. Kuzmin

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 1 – 26
http://www.ijoks.com

Verbal Noun and Inflected Verb

Mhemed Abdulfetah (MEHWI)[1] & Aryan Sdiq AZIZ[2]

Received: Oct 08, 2017 **Reviewed**: Dec 15, 2017 **Accepted**: Dec 15, 2017

Abstract
Verbal noun is recorded in dictionary and its inflection process occurs in syntax. Producing inflected verb that has tense and person is found in syntax. Morphology is a system for creating new words for new things. Analyses have shown that internal structure of verbal nouns important inclitic division (subject and object) and inflectional pronouns in a complicated verb. The inflection is in syntax, in association with morphosyntax. So, inflection is morphosyntactic inside syntax. For past inflection, we take the tense base from the dictionary. While for present, we take the root then we bring tense and person. Dictionary, word creation morphology and syntax are interrelated. In this way, segmental changes are phonological and occur in the mind. Verb inflection categories are person, tense, aspect and mood. They are in complementary distribution in terms of: singular and plural, past and present, perfective and imperfective, indicative and uncertainty. Their structured, which are used, are:

1. Person: singular and plural
2. Tense: past /-a/, /y\i-/, /w\u-/, /d-/, /t-/ .and present /de-/.
3. Aspect: each of the linguists Mhamed Mehwi, Wrya Omar Amin and Mahmud Fathulla divided aspect into perfective, imperfective and progressive. However, through analysis and discussion of examples, it has been obvious that aspect is of two types in Kurdish language.The researcher follows the latter conclusion:

a. Perfective
b. Imperfective (Continuous), Progressive (close) and far.

Tense and aspect, which are the verbal inflectional categories, are parts of tense. Tense determines past and present, but aspect determines its perfectness and imperfectness.

4. Mood: Indicative\informative
uncertainty (structural, subjunctive, imperative and request)

Keywords: Verbal Noun, Inflected Verb, Kurdish Linguistics, Kurdish

Recommended citation:
Mehwi, M. A. & Aziz, A. S. (2018). Verbal noun and inflected verb. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 1 – 26. DOI: 10.21600/ijoks.383372

[1] Prof. Dr., Department of Kurdish Language, College of Language , Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq
[2] - Assistant, Department of Kurdish Language, College of Language ,specialty: PH.D Language Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq

ناوی کرداریی و کرداری شکاوە

بەشی یەکەم

فەرهەنگ

١/١) پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگیەکان
١-١/١)ناوی کرداریی وەک پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگیی (دەروازەی زانیاریی)
٢-١/١) کرداری لاواز و کۆپولا
٢/١) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی
بەشی دوهەم
سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز
١-١/٢) مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکانی ڕابوردوو
٢-١/٢) مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکانی ڕانەبوردوو
٢/٢) سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز
بەشی سێهەم
شکاندنەوەی تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو
١/٣) شکاندنەوە بە گەردانکردن (لکاندنی کەس و ژمارە/ کلیتیکەکانی ڕێککەوتن)
٢/٣) شکاندنەوە بە گەردانکردن و لکاندنی کەسی ڕێککەوتن
٣/٣) گۆڕینی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنتەکان
١-٣/٣) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی (شکاندنەوە) - فۆنۆلۆژیی
٢-٣/٣) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی (وشەدروستکردن)- فۆنۆلۆژیی
بەشی چوارهەم
ڕوکار و ڕێژە
١/٤) ڕوکار
٢/٤) ڕێژە

ناوی کرداریی و کرداری شکاوە

پێشەکیی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە نامەی دکتۆرای لێکۆڵەرەوە بە ناونیشانی "ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز "ەوە وەرگیراوە. کاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لەسینتاکسدا تەرخانکراوە، نەك بۆ شیکردنەوەی ناوی کرداریی و چۆنێتیی دروستبونی لەفەرهەنگدا. ناوە کرداریە چەسپاوە تۆمارکراوەکەی ناو فەرهەنگ بەسەگمێنتە مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەکانیەوە وەك تێکردە بۆ بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لەسینتاکسدا وەردەگیرێن. لەم ڕووەوەیە، کە ئەم نامەیە تەواو لە لێکۆڵینەوەو نامەکانی تر لەسەر کردار جیاوازە. ئەم بۆچوونە، کە لە محەمەد مەحویی (٢٠١٦)ـەوە وەرگیراوە، پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی، کە بە سەر ڕەگ و قەدی کردارەکاندا دێن، بە سروشتی و بەباشی ڕوندەکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش پشتم بە ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە بەستووە.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش و پوختەو ئەنجام پێکهاتووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە فەرهەنگ و دەروازەی زانیاریی. بەشی دوهەم تایبەتە بە سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو

کرداری ئاڵۆز. بەشی سێهەم تایبەتە بە شکاندنەوەی تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو. بەشی چوارهەم تایبەتە بە ڕوکار و ڕێژە. شیکردنەوەکان تەنها کرداری بکەردیار دەگرنەخۆ.

بەشی یەکهەم

فەرهەنگ

١/١) پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیەکان

زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانی وشەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەیش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستە دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە. نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگیەکان لە دوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییدا بەرجەستە دەکرێن. ئەمەش دەریدەبڕێت، کە ئەو ڕیزبونەی، لە فەرهەنگدا دەستدەکەوێت، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوریزبوونە بێت، کە لە سینتاکسدا بەرچاودەکەوێت، چونکە یاساکانی فۆرمداڕشتن (rules formation) نواندنی دەرەکیی زانیارییە سینتاکسیەکانن. سینتاکس دەرخستن و نواندنی زانیارییە فەرهەنگیەکانە. (د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٣) و ئەو سەرچاوانەی لێوەی وەرگیراون.)

١-١/١)ناوی کرداریی وەک پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگیی (دەروازەی زانیاریی)

"ناوی کرداریی"، ئەو ناوەیە کە لە ئاوەڵناوی کردارییەوە هەڵدەگوێزرێت و لە نەبونی دۆخی ڕێزمانیدا جێگەی چاوگ دەگرێتەوە. ناوە کردارییەکە بە بێ کەس unpersonal بەکاردەهێنرێت و ناوی ڕەوتی کردەکە دەهێنێت و ئاماژەپێدەدات. (محەمەدی مەحویی: 2009: 256)

لەزمانی کوردییدا، هەم ئاوەڵناوی کرداریی و هەم ناوە کردارییەکە پەیکاڵی پێکهاتوی خستنەپاڵیین و لە فۆرمی فرێزی پێشناوییدا ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن، کە لەڕێی ڕونکردنەوەکانی /پیاوکوشتن/ و /نانخواردن/ و پێکهاتوە خستنەپاڵیەکانی >چاوی جوان، کوری پاشا< ەوە پشتگیریی تەواوی ئەنجامە دەستکەوتووەکە دەکرێن، کە دەڵێت چاوگ لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو تەنیا ناوی کرداریی هەن – ئەو کردارەی، کە کراوە، یان دەکرێت بە ناو. (محەمەدی مەحویی: 2009: 256)

ناوی کرداریی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پێواژۆی شکاندنەوەی لە سینتاکسدا ڕوودەدات. کردار دروستکردن نییە لە فەرهەنگدا، بەڵکو ئەوەی هەیە ناوی کردارییە، بەم جۆرە بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لە ناو سینتاکسدا هەیە؛ بۆ ئەو مەبەستەش دوو ڕێگە هەیە:

١- /نوستن/ قەدی ڕابوردوو: /نوست، گرت، خوارد،کوشت/ سینتاکس بۆ بەرهەمهێنانی کردارێکی

٢- /گرتن/ ڕابوردوو: نوستØ : گرتی، خواردی، کوشتی

٣- /خواردن/

٤- /کوشتن/ قەدی ڕانەبوردوو: پێشگری ڕانەبوردوو + /نوس، گر، خوار، کوش/ سینتاکس بۆ بەرهەمهێنانی کردارێکی ڕانەبوردوو

دەنوسێت: دەگرێت، دەخوات، دەکوژێت

دەینوسێت: دەیگرێت، دەیخوات، دەیکوژێت

خشتەی (١-١)پێرەوی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی بۆ ڕەگ

زمان فەرهەنگ پێرەوی دەنگەکانە، پێرەوی وشەکانە، بۆ پەیوەندیی لەیەکگەیشتن.

ڕێزمان Sound System، Word System، Communication

خشتەی (١-٢) مۆدێلێکی زمان/ڕێزمان

فەرهەنگ

مۆرفۆلۆژیی فۆنۆلۆژیی

فۆنۆلۆژیی

سینتاکس بەهەمویانەوە پێرەوی ڕێزمانیان هێناوەتەئارا

سیمانتیك

زمان پێرەوێکی چڕو ئاڵۆزەو یەکێکە لەپێرەوە ئاڵۆزەکانی مێشك:

بە هەر یەکە لەپێرەوەکانی مێشك دەگوترێت مۆدوڵ (Modul). هەر یەکە لەمۆدوڵەکان پێرەوێکی چڕو ئاڵۆزەو سەربەخۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تریشدا لەپەیوەندیدایە. مادام زمان مۆدولارییە، کەواتە ڕێزمانیش مۆدولارییە، کەرەستەکانی لەپەیوەندییەکی مۆدولاریدان.

لێکۆڵینەوە لەمۆرفۆلۆژیی، واتا شیکردنەوەو توێژینەوە لە مۆدولی مۆرفۆلۆژیی. ئەوەی پەیوەندیی بەڕێزمانی کوردییەوە هەیە، (زمان بە ڕێزمان دادەنرێت).

خشتەی (١-٣)

ڕێزمان
فەرهەنگ
فۆنۆلۆژیی
مۆرفۆلۆژیی
سینتاکس
سیمانتیك

لەزمانی کوردییدا سنوور لەنێوان فەرهەنگو مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ سینتاکسدا نییە، ئەمەش تایبەتمەندیی زمانی کوردیی و هەندێک زمانی دیکەیە، کە بە زمانە تێکەڵەکان ناسراون. پڕوانە: (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠) و سەرچاوەکانی.

مۆرفۆلۆژیی دوو لایەن دەگرێتەوە:

یەکهەم: وشەدروستکردن (Word Bulding)، بۆ واتای نوێ.

دووهەم: شکاندنەوە (Word Inflection- Word Formating). بۆ بەرهەمهێنانی وشەو پێکهاتوی سینتاکسیی

یەکهەم: مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن (Word Bulding):

بۆ واتای نوێیە لێکدراو: /سەرەگرتن/

هەڵگوێزراو: /گرتنەوە/

داڕێژراو: /لێوەرگرتن/

وشەی فرێزی (Frasal Word): /دەستبەسەرداگرتن/

کۆمەڵە وشە (پێکەوەهاتوو–Collection Words): /گرتنەبەر/

کەواتە مۆرفۆلۆژیی پێرەوێکە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بۆ ئەو شتانەی کە تازە دێنەئاراوە.

دوهەم: مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە (Word Inflection- Word Formating):

لەفەرهەنگدا گەنجی وشەکان هەیە، مۆرفۆلۆژیی ئەو پێواژۆ و یاسایانەی تێدایە، کە ئەو وشە نوێیانەیان لە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا پێدروستدەکرێن. لەبەرئەوەی لەزمانی

کوردییدا مۆرفۆلۆژییو سینتاکس چوونەتە ناو یەکەوە، دەشێت ناوی کرداریی هەبن لەفەرهەنگدا، کە وەك کرداری شکاوە هەم لەسینتاکسو هەم لەمۆرفۆسینتاکسیشدا هەبن، ئەمە بۆ کرداری بکەردیارو بکەرنادیاریش دەخوات، بەڵام دەشێت بکەرنادیاری شکاوە وەك ناوی کرداریی لەفەرهەنگدا نەبن. بەدەر لەمانە، کرداری تەواو وەك /گرتن، خواردن، مردن/ لەگەڵ کرداری لاوازدا /بوون/، کۆپولاش هەیە، کە /ە/ـەو لەگەڵ کلیتیکەکاندا. لە (٢-١/١)دا گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت.

٢-١/١) کرداری لاواز و کۆپولا

٥- /سەوزبوون/ بوون کرداری لاواز و کۆپولا

٥-ا) /چیمەنەکە سەوزبوو/. (کردەیی) پێشتر سەوزنەبوو، ئێستا سەوزە.

٥-ب) /چیمەنەکە سەوز بو/. (حاڵەتیی)

٥-پ) /سەوزە/. کۆپولایە. دروستەی ئەم کردارە ئاوەڵناوێکی ڕەنگە لەگەڵ کۆپولا.
محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ٢٤٠-٢٤١) و (٢٠١٦: ٤١١، ٨٤٠) و ئەو سەرچاوانەی، کە لێیوەرگیراون، لەگەڵ (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٧ و ١٩٨٩)
٦- /سەوزە/ (ناوە).

(وریا عومەر ئەمیین) تەنها /- ە، ب، بوو/ ی بە کۆپولا داناوە. (2011: 97-109)

٢/١) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی

ناوی کرداریی بریتییە لە (ڕەگی کرداری تافی ڕابوردوو + تافەکەی)

بەشێوەیەکی سەرەکیی سەگمێنتە کردارییەکەی لە ڕەگی کردار + مۆرفێمی/ئەلەمۆرفی تافی ڕابوردوو + پاشگری لە چالاکیخستنی کردار پێکدێت.

ڕەگی کردار کرۆکی کردارەو هەڵگری واتاو داواکارییە سێمانتیکیی و ڕێزمانیەکانیەتیی. ناوی کرداریی بەو دروستەیەوە بووە بە لێکسیمی سەربەخۆ. دروستەو سەگمێنتەکانی ناوەوەی ناوە کردارییەکە (ڕەگ و تاف) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و دەربڕدراوی سینتاکسیی ڕوونن (شەفافن).

7- /پیاوکوژ/ ڕەگ

8- /دەستکەوت/ قەد

ئەمەش دەرەنجامی تێکەڵبونی پێکهاتەکانی ڕێزمانی کوردیین، کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسن.

شیکردنەوەکان دەریدەخەن، کە دروستەی ناوەوەی ناوە کردارییەکان بۆ دابەشبونی کلیتیک (بکەریی و بەرکاریی) و جێناوە لکاوەکان لە ناو کرداری ئاڵۆزدا گرنگن.

9- /گرتن/ گر + ت

10- /نوستن/ نوس + ت

١١- /گرتنەوە/ گرەوە + ت

پاشگری سستکردنی چالاکیی کردار (ن): بە /ن/ دەگوترێت پاشگری لەکردارخستنو کردن بەناو.

ا) دروستەی ناوی کرداریی سادە:

قەدی تافیی (ڕەگ + تاف) + /- ن/ ی بەناوکردن و لەکارخستن

١٢- /گرتن/، / گر + ت + ن/ (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٩: ٢٤-٢٥)

ب) دروستەی ناوی کرداریی لێکدراو: وشە + ناوی کرداریی سادە

١٣- /سەرەگرتن/، /سەرە + گرتن/، /سەرە + گر + ت + ن/

پ) دروستەی ناوی کرداریی داڕێژراو: مۆرفێمی وشەداڕێژ (یان زیاتر)+ ناوی کرداریی

١٤-ا) /لێوەرگرتن/، /لێ + وەر + گرتن/

١٤-ب) /ڕاوەرگرتن/ ١٤-پ) /ڕالێوەرگرتن/

ت- دروستەی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو: ناوی کرداریی + پاشگر

١٥- / گرتنەوە /، /گرتن + ەوە/

ح- دروستەی ناوی کرداریی فرێزیی: ئەم دروستەیە لە دروستەی فرێزەوە نزیکە.

١٦-ا) /دەستبەسەرداگرتن/، 16-ب) /دەست + بە+سەر + ئەو + دا + گرتن/

16-پ) /دەستی بەسەر ئەودا گرت./

ج- کۆمەڵە وشە:(پێکەوەهاتوو–Collection Words): ناوی کرداریی+مۆرفێمی خستنەسەر + وشە:

17-ا) /گرتنەبەر/، /گرتن + ە + بەر/

١٧-ب) /خورەی ئاو-هاتن/ ١٧-پ) /قاسپەی کەو-هاتن/ پروانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠) و (ڕێستوون حەسەن: ٢٠١١).

بەشی دووەم

سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز

١/٢-١) مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکانی تافی ڕابوردووی کردار

قەدی تافیی ناوە کردارییەکە (ڕەگ + مۆرفێمی تاف) لە فەرهەنگەوە دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوە. (بڕوانە بەشی سێهەم) مۆرفێمەکانی تافی ڕابوردوو بریتین لە (/-ت/، /-د/، /-ا/، /-ی/، /-و/)، کە لە ڕووی لێکچونی فۆنۆلۆژیی و پرشتیی کردارەوە، هەندێکیان دەبن بە ئەلۆمۆرفی یەکتر (ئەلۆمۆرفی تەواوکەرانە). پەیوەست بە لێکچونی فۆنۆلۆژیی و پرشتیی کردارەوە، محەمەدی مەحویی (مۆرفۆلۆژیی و ...، ٢٠١٠: ٢١) وەهای داناوە، کە "مۆرفێمی تافی ڕابوردوی هەندێك کرداری تێنەپەڕ /_ا/ ()هات{}، کە لەگەڵ مۆرفێمی تافی ڕابوردوی بکەرنادیاردا یەکدەگرێتەوە، ئەلەمۆرفێکی هەیە، کە ئەلەمۆرفی تەواوکەرانەیەو هەر بۆ کرداری تێنەپەڕەو /_و/ ە ()چوو، بوو{}. (ا) ئەو کردارە تێنەپەڕانەی، کە /_اند/ وەردەگرن و دەبن بە تێپەڕ، پاشگری ڕابوردووی /_ا/ وەردەگرن ()خەوت{ : }خەواندی{} و (ب) ئەو کردارانەیان، کە /_اند/ وەرناگرن و ناکرێن، بە تێپەڕ، مۆرفێمی تافی ڕابوردوویان /_و/ ە ()چوو{ : *}چوواند{}. بەڵام ئەو کردارە تێپەڕانەی، کە بڕگەییەکی /ی/ یان تێدایەو کۆتاییان بە زرنگدەرەوەی /ن، ڕ/ هاتووە، پاشگری ڕابوردوی /یی/ وەردەگرن ()کڕیی، بینیی{} نەك /_ت/ (*}کڕتی، بینت{}. کەواتە ئەلەمۆرفە ڕێزمانییەکەی /_ا/ بۆ کرداری تێپەڕ /_ی/ یە ()بینیی، نوسیی{}. /-ت/ و /-د/ ئەلۆمۆرفی یەکترن، "لەیەکچوونی فۆنۆلۆژییان هەیە [+گیراو، +پوکیی، +/_دەنگدار] و /_د/ ەکە ئەلەمۆرفی تەواوکەرانەی /_ت/ ەکەیە. /_ت/ مۆرفێمی سەرەکیی تافی ڕابوردووە. بەواتا، کە /_د/ پاشگری تافی ڕابوردووی کردارە تێنەپەڕو کردارە تێپەڕەکان تەواودەکات، کە /_ت/ ە، (بڕوانە }نوست، کوشتی{ هەمبەر بە}مرد، خواردی{!)." بەڵام لەڕوی تافەوە، هەمویان ئەلۆمۆرفی یەکترن (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢١-٢٢، ٣٠).

١/٢-٢) مۆرفیم و ئەلەمۆرفی تافی ڕانەبوردووی کردار

چۆن قەدی تافیی ڕابوردوو لە فەرهەنگەوە هێنرایە ناو سینتاکس، ڕەگی تافی ڕابوردوو بە تەنها دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوەو مۆرفیمی تافی ڕانەبوردوو (دە)ی بۆ زیاددەکرێت و پاشان کەسێکی لکاوی گونجاویش دەخرێتە کۆتاییەکەی بە مەبەستی چالاککردنی قەدە تافییەکە و ڕێککەوتنی بکەر _ کردار.

/دە/ /ئە/، /تێ/ جۆرێکە لە دەربڕینی ئازادی ئەو پێشگرە، کە گیراوە گەروییەکەی مسۆگەریکردووە و ئەلەمۆرف نییە. بڕوانە (١/٤).

٢/٢) سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز

٢/٢-١) ئەبوبەکر عومەر قادر

لای ئەم زمانەوانە و ئەو سەرچاوانەی وەریگرتوون، مۆرفۆسینتاکس ئاماژەکردنە بۆ پۆل و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردو پێوەری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس جێبەجێدەکرێت. مۆرفۆسینتاکس هەمو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکتیکییان هەیە و چەمکەکانی ناسراویی، نەناسراویی، ژمارە-تاک و کۆ، توخم، دۆخ، کەس و دەمکات دەگرێتەوەو پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە دەیاننوێنن. بەم پێیە، کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردیی بۆ دوو جۆر دابەشکردووە؛ ا- مۆرفۆسینتاکسەکانی ناو ب- مۆرفۆسینتاکسەکانی کردار. پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەکانی کردارەوە، تاف-Tense و ئەسپێکت-Aspect و ڕوکار-Mood و گەردانی کردار-Conjugations ی دەستنیشانکردووە.[3]

٢/٢-١-١) تاف

(/-د/، /-ت/، /-ا/، /-ی/، /-و/) وەکو مۆرفۆسینتاکسەکانی تافی ڕابوردوی بکەردیار دیاریکردووە.

١- ا) خواردم ١-ب) مردم

٢-ا) فرۆشتم ٢-ب) کەوتم

٣-ا) کێڵام ٣-ب) گەڕام

٤-ا) کڕیم ٤-ب) تەزیم

٥-ا) چووم ٥-ب) چووم

بەڵام وەهای داناوە، بۆ ڕانەبوردوو تاف لە ڕەگی کاردا تواوەتەوە. تەنها لە بکەرنادیاردا تاف /-ێ/ دەردەکەوێت، لە بکەردیاردا فۆرمێکی سەربەخۆی نابێت و لە هەستی قسەکەردا تواوەتەوە.[4]

٦- دە + فرۆش + ر + ێ. دەفرۆشرێت.

٢/٢-١-٢) ڕوکار

ماوەی ڕودانی کار لە ئێستا و ڕابوردوو و ڕانەبوردودا دەخەنەڕوو، مەبەست لە ماوە: سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەکشان دەگرێتەوە.

---

3 - ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٠) لەم دابەشکردنەیدا (کات)ی هەمبەر بە (تاف) داناوە، بەڵام بە تاف دەڵێت: کاتی ڕودان و بە کاتیش دەڵێت: کاتی ئاسایی. هەروەها ڕوکارو ڕێژەی تێکەڵکردوە. چونکە ڕوکار (Aspect) ە و ڕێژەیش (Mood) ە.

4 - لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بەم بۆچوونە ناکرێت.

لێکۆڵەر ئەم ڕوکارانەی دەستنیشانکردوون [دە، ووە/وە، ە، ەوە/وە]

٧-ا) دەڕۆم (سەرەتای دەستپێکردن)

٧-ب) دەگەڕایەوە (سەرەتای دەستپێکردن و گێرانەوە)

٨-ا) کەوتووە ٨-ب) کێڵاوە (ئەم ڕوکارە ڕابوردووی تەواو دادەڕێژێت. واتای تەواوبوون/ مانەوەی کاریگەریی ڕودان دەگەیەنێت.)

٩-ا) زستان ساردە. (درێژەکێشان و ئێستایی_بوونی ڕوودان. هەمیشەیی/ ڕاستیی بێ_کات)

٩-ب) هەوا ئەمڕۆ ساردە. (ماوە سنوردار)

١٠-ا) هاتوومەتەوە (دەمکاتی ئێستایی کار، دڵنیایی_بەخشیین بە ڕودان یان تەواوبونیی).

١٠-ب) دێمەوە (ئایندە)

٢/٢-١-٣) ڕێژە

ڕێژە بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرانبەر بە ڕاستیی ڕوداو یان کردار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێبوون، یان جێبەجێنەبونی کارەوە. بە شێوەیەکی گشتییش بریتیین لە: هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگەو دانانیی، فەرمان و داخوازیی، کە لە زمانی کوردییدا پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە دەیاننوێنن، کە دابەشیکردوون بۆ: هەواڵە ڕوکار، مەرج و خۆزگەو دانانە ڕوکار، فەرمانە ڕوکار.

١١-ا) نوستووە(؟) ١١-ب) نەنوستووە(؟) هەواڵیی

١٢-ا) وێرانکرا(؟) ١٢-ب) وێراننەکرا(؟) پرسیاریی

١٣-ا) ئەگەر نوسرایێت ١٣-ب) ئەگەر نەنوسرایێت (مەرجیی)

١٤-ا) خۆزگە نوسرایام ١٤-ب) خۆزگە نەنوسرایام (ئارەزوو)

١٥-ا) یهاتیا دەمانبینی ١٥-ب) نەهاتیا (دانانیی)

١٦-ا) ینوسە/ یینوسە ١٦-ب) مەنوسە/ مەینوسە (فەرمان)

٢/٢-١-٤) گەردانکردنی کردار

جێناوە لکاوەکان بە پێی شوێن و ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینن (بە مۆرفێمەکانی کات و کەسیش ناویبردوون)، دەکرێن بە کۆمەڵەوە، کۆمەڵەی یەکەم [م - مان، ت - تان، ی - یان] لە دروستەی کرداردا تەنها دەچنەسەر ڕابوردووی تێپەڕی بکەردیار. کۆمەڵەی دووەم

[م – ین، ی/یت/ـە/Ø – ن، ات/ێت/ـە/Ø - ن] دەچنەسەر ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، ڕابوردوو و ڕانەبوردووی تێنەپەڕ، ڕانەبوردووی تێنەپەڕ.

١٧- گرتـــمــــــــیــت (بەرکار کۆتایی دروستەکە دەگرێت.)

تاف کەس(بکار) کەس(بەرکار)

کۆمەڵەی یەکهەم دەچێنەسەر پێش، یان پاش ڕەگی کار:

١٨-ا) گرتــــمان ١٨-ب) دەمـــانــــگرت

تاف کەس(بکەر) کەس(بکەر) تاف

کۆمەڵەی دوهەم شوێنیان جێگیرە و لە پێش ڕەگەوە نایەن.

مۆرفێمی گۆڕینی توانای کار یەکێکی ترە لە کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکس، کە کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕ، بەهۆی مۆرفێمی /- اند/ ەوە.[5]

19-ا) منداڵەکە گەڕا. 19-ب) ژنەکە منداڵەکەی گەڕاند.

بەڵام لە ڕانەبوردوودا /-ان/ دەبێت بە /-ێن/ وەک ڕەفتارێکی فۆنۆلۆژیی.

٢٠-ا) ناردم ٢٠-ب) دەنێرم

لاوازکردنی توانای کاریش بە کەرەستەی مۆرفۆسینتاکس و بە هۆی مۆرفێمی /-ر/ ەوە لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ ئەنجامدەدرێت.

٢١-ا) پۆلیس دزەکەی گرت. ٢١-ب) دزەکە گیرا.

٢٢-ا) شارەوانیی نەمام دەنێژێت ٢٢-ب) نەمام دەنێژرێت (ئەبوبەکر عومەر قادر ٢٠٠٣: ٢٨-٨٢)

کورتەوپوختە

تاف: پەیوەست بە تافەوە، (ئەبوبەکر عومەر قادر) وەهایداناوە، کە تاف کاتی ڕودان دەگرێتەوە. بۆ تافی ڕابوردوو پێنج مۆرفێمی دیاریکردوون، بە بێ ئەوەی پەیوەندیی نێوانیان ڕونبکاتەوە و ئەلەمۆرفەکان دیاریبکات. بۆ تافی ڕانەبوردویش پێیوایە، کە فۆرمی سەربەخۆی نییە و کات لە ڕەگدا تواوەتەوە، هەرچەندە ئاماژەی بە /دە-/ داوە وەک ڕوکار، بەڵام بە مۆرفێمی تافی دانەناوە، کە ئەلەمۆرفی /ئە-/ ی هەیە.

---

5 - لەهەمان لاپەڕەدا ئەبوبەکر عومەر قادر دەڵێت بە هۆی مۆرفێمی /-ان/ ەوەیە و کاریپێکردووە.

ڕوکار: ماوەی ڕودانی کار (سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەکێشان) دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕوکارەکانی دەستنیشانکردووە، بەڵام جیاینەکردونەتەوە و بە شێوەیەکی وردو پێڕەوبەندانە دابەشینەکردوون. (بڕوانە بەشی سێهەم و چوارهەم).

کەس: کەسەکان لە شکاندنەوەی کرداردا ڕۆڵی ڕێکەوتن دەبینن و جێناو نین، بەڵام ئەم زمانەوانە بە جێناوی داناون.

ڕێژە: وشەی ڕوکاری بۆ ڕێژە بەکارهێناوە، لە دیاریکردنی ڕێژەکانیشدا (هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگەو دانانیی، فەرمان و داخوازیی) ی دیاریکردوون، بەڵام دابەشکردنەکەی تەواوکەرانە و پێڕەوبەندانە نییە. (بڕوانە بەشی سێهەم و چوارهەم).

٢-٢/٢) وریا عومەر ئەمین

پەیوەست بە کرداری ئاڵۆزەوە، ئەم زمانەوانە توخمەکانی مۆرفۆسینتاکسی بە جۆر و تافی کردارەوە بەستوەتەوە، کە چ جۆرە جێناوێک (وەک فرێزی ناویی، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەچێتە ناو دروستەی کردارەوە (گواستنەوە و بە جێناوکردن). ئەم زمانەوانە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی جیاکردووەتەوە، لە شیکردنەوەکانیدا مۆرفێمەکانی /-د/، /-ت/، /-ا/ بۆ ڕابوردوو دەبینرێن، بۆ ڕانەبوردویش /-ێ/ دیاریکراوە.

٢٣- /خواردم/ /-د/

٢٤- /هاتم/ /-ت/

٢٥- /کوژرا/ /-ا/

٢٦- /ئەوترێ/ /-ێ/

لەسەر بنەمای تێپەڕیی و تێنەپەڕیی، ڕابوردوو و داهاتوو، سێ کۆمەڵە جێناوی جیاوازی لەیەکجیاکردوەتەوە:

خشتەی (١-٤) جێناوە لکاوەکان (لە جێناو دەدوێت، نەک کەسی لکاوی ڕێکەوتن.)

کۆمەڵەی سێهەم	کۆمەڵەی دوهەم	کۆمەڵەی یەکهەم
- م	- م	- م
- ی(ت)	- ی(ت)	- ت
- ا(ت)، ێ(ت)	- Ø	- ی

- مان	- ین	- ین
- یان	- ن	- ن

جیاوازیی نێوان کۆمەڵەی دوهەم و سێهەم لە کەسی سێهەمی تاکدایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، نواندنی ڕێککەوتن Concord کێشەیەکی گرنگە لە زمانی کوردییدا. زیاتر لە کۆمەڵە پاشگرێکی شکاندنەوە، نەک هەر دەتوانن لەگەڵ تایبەتمەندیی سینتاکسیی بکەر (ف ن) دا بێن، بەڵکو لەگەڵ تاف (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو) و جۆری کردار لە ڕووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ)یشەوە دێن. دەتوانرێت ڕۆڵی سێ کۆمەڵەکە لەم خشتەیەدا وێنەبکێشرێت:

خشتەی ژمارە (١-٥)

	Transitive	Intransitive
Past	1	2
Present	3	3

کردار لەگەڵ بکەر (ف ن) دا لە ڕووی ژمارە (تاک و کۆ) و کەس (یەکەم و دوهەم وسێهەم) ەوە ڕێکدەکەوێت. ڕێکەوتن لە هەمو فۆرمەکاندا هەیە. ڕێککەوتنی بکەر و کردار لە ئاستی قووڵدا نییە. ڕێککەوتنی کەس و کردار خورتییە، کاتێک ئەم جێناوە کەسییە لەگەڵ کرداردا دێت، هێنانی (فرێزە ناویی) ەکە سەرپشکییە، بەپێی یاساکانی گوێزانەوە.

٢٧-ا) من خوارد – م .   ٢٧-ب) خواردم.

ئەو جێناوەی لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا ڕێکدەکەوێت، بەپێی تاف دەگۆڕێت. لە ڕابوردوودا کۆمەڵەی دووهەم دەبن بە بەکار. لە ڕانەبوردوودا کۆمەڵەی یەکەم دەبن بە بەرکار. بەڵام هۆکاری هاتنی کۆمەڵەی یەکەم و دووهەم بەو یاسایەی، کە ئاماژەیپێداوە، ڕونەکردوەتەوە. (باسی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی ناکات.)

٢٨-ا) من تۆم ئەنارد.   ٢٨-ب) من ئەمناردیت. (بەکلیتیککردنی ئاڵۆز- Complex) Cliticization

٢٩-ا) من تۆ ئەنێرم.   ٢٩-ب) من ئەتنێرم

لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆدا جێناوی لکاو دەگۆڕێت بە پێی تافی کردار و شوێنی جێناوەکە:

٣٠_ من بۆتان ئەنوسم.

٣١_ تۆ بۆمانت نوسی.

٣٢_ا) خوا بۆ منی ناردیت.

٣٢_ب) خوا تۆی بۆ ناردم.

٣٢_پ) خوا بۆی ناردمیت. (بەکلیتیککردنی ئاڵۆز-Complex Cliticization)

٣٣_ا) خوا ئەومان بۆ ئەنێرێت.

٣٣_ب) خوا بۆ ئێمەی ئەنێرێت.

٣٣_پ) خوا بۆمانی ئەنێرێت.

ڕوکار: لە زمانی کوردییدا سێ جۆر ڕوکار سەلمێنراون: تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو.

ا- تەواوبویی هیچ توخمێکی ڕێزمانیی لە ڕوکەشدا نییە. کردار ڕوکاری تەواوبوویی لە ڕابوردوودا هەیە، لەگەڵ ئەو کردارانەیشدا دێن کە ڕوکاری ناتەواوبویی و تەواویان پێوە نییە.

٣٤- <خـــوار د – م> I ate

I past eat

ب- فۆرم و پێشگری /ئە_/ بۆ تەواونەبویی دەبێت. لە زمانی کوردییدا تەواونەبویی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوویشدا دەبینرێت.

٣٥- /ئەخۆین/ (impf eat we) We eat

٣٦- /ئەنوستین/ (impf sleep past we) we were sleeping

پ- زمانی کوردیی (تەواو)ی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا هەیە. ڕابوردووی تەواو توخمێکی فۆنۆلۆژیی دروستیدەکات لە ڕوکەشدا، کە بریتییە لە /بوو/[6].

٣٧- /نوستبوون/

بۆ ڕانەبوردووی تەواویش بریتییە لە /وە/، کە پێکهاتووە لە مۆرفێمی /وو/ی ڕابوردووی دوور لەگەڵ کۆپولا /ە/. بەگواستنەوەی شوێنی تافەکان و ڕوکارەکان دەڵێت یاسای شوێنگۆڕکێ - permutation rules). بەڵام هیچ نمونەیەکی بۆ ئەم بابەتە نەهێناوەتەوە. دەشێت مەبەستی لەم دروستەیە بێت:

٣٨- /نوستووە/

ڕێژە: ا) ئیلزامیی (Subjunctive): ئیلزامیی بە زیادکردنی مۆرفێمی /ب/ بۆ سەر ڕەگی کردار دروستدەبێت. لەگەڵ ڕەگی ڕانەبوردودا /بـ_/ دەبێت بە پێشگر و ڕانەبوردووی ئیلزامیی دروستدەکات.

---

6 - وریا عومەر ئەمیین هیچ ڕونکردنەوەی لەسەر ئەوە نەداوە، کە بۆچی بە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی وەک /- بوو/ ی گوتووە فۆنۆلۆژیی.

٣٩- بـ + خۆ7

لەگەڵ ڕەگی ڕابوردودا /ـبـ/ دەبێتە پاشگر و ئیلزامیی تەواوبوو دروستدەکات.

٤٠- خوارد + بـ

ب) فرمان (Imperative): هەمو ڕێزمانەوانە کوردەکان ئەم ڕێژەیەیان داوەتەپاڵ کەسی دوهەم (تاک و کۆ). لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، فرمان لە ڕەگی ڕانەبوردوو و پێشگری /بـ ـ/ دروستدەبێت.

٤١-ا) بـ + خۆ + Ø

٤١-ب) ب + خۆ + ن (وریا عومەر ئەمیین: ٢٠١١: ٤٣-٩٦)

کورتەو پوختە

تاف: لە دیاریکردنی تافەکاندا (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو)ی دیاریکردووە، ئاماژەی بە ئەلۆمۆرفەکانی تاف نەکردووە و بە شێوەیەکی ورد لەسەر مۆرفێمەکان نەوەستاوە، تەنانەت بۆ ڕانەبوردوو /ئە-/ بە مۆرفێمی ڕانەبوردوو دانەناوە بە ڕوکاری داناوە، لە بریی ئەوە /-ێ/ ی بە مۆرفێمی ڕانەبوردوو داناوە.

کەس: وەک لە نمونەکاندا دەردەکەوێت، زیاتر لە جێناو دەدوێت، نەک کەسی لکاوی ڕێکەوتن. لە ڕێکەوتنیشدا لە ئەرگەتیڤی نەدواوە.

ڕوکار: سێ جۆر ڕوکاری دەستنیشانکردووە؛ تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو، کە ئەم دابەشکردنە تەواوکەرانەو ئامانجپێک نییە. (بڕوانە بەشی سێهەم و چوارهەم.)

ڕێژە: دوو ڕێژەی جیاکردونەتەوە؛ (سەبیونتیف و فەرمان) و ئاماژەی بە هەواڵیی نەداوە.

٣-٢/٢) مەحموود فەتحوڵا

ئەم زمانەوانە لە پەیوەندیی نێوان ناوی کرداریی و شکانەوە و شکاندنەوەی کردار نەدواوە، بەڵام لەسەر پۆلە ڕەگەزەکانی ئەو دوانە گفتوگۆدەکات.

تاف کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە، بە هۆی مۆرفیمێکی دیاریکراوەوە دروستدەبێت، کە دەچێتە ناو کردار. تاف کاتیگۆرییەکی فەرمییە، کە کاتە پەیوەندیدارەکانی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو دەستنیشاندەکات. لە زمانی کوردیدا جیاکردنەوەی تافە بنەڕەتییەکە لەسەر دوو بنەما جیاکراوەتەوە، کە پێیدەگوترێت تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو.

---

7 - بەم دروستەیە، کردارەکە فرمانە، نەک ئیلزامیی.

تاف تایبەتمەندیی و ئەدگاری سروشتیی کردارە، هەرچەندە تایبەتمەندیی و ئەدگاری ڕستەیشە نەک تەنها کردار. لە زمانی کوردییدا کردار دوو کاتی سادەی هەیە، ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، کە لەگەڵ ڕەگدا دێن. ڕانەبوردوو پەیوەندیدارە بە بارودۆخێکەوە کە بەهۆی توخمە کردارییەکانەوە وەسفی دەمی ئاخاوتن دەکات. ڕابوردوویش پەیوەندیدارە بە بارودۆخێکەوە کە بەهۆی توخمە کردارییەکانەوە وەسفی چەند کاتێکی جیاواز دەکات لە ڕابوردوودا.

تافی ڕابوردوو: زمانی کوردیی چەند مۆرفیمێکی بەندی هەیە (/-ا/، /-ت/، /-د/،/-ی/،/-و/)، کە بۆ ئاماژەدان بە تافی ڕابوردوو دەچنە سەر ڕەگی ڕابوردوو. بەڕوکاریش ناویاندەبات.

٤٢-١) /سوتــاِ/Ø   ٤٢-ب) /کوشـتِم/   ٤٢-پ) /بردِمان/   ٤٢-ج) /سەرببڕی/   ٤٢-ح) /چوین/

تافی ڕانەبوردوو: لە پێشگری /دە-/، ڕەگی ڕانەبوردوو و جێناوی کەسیی دروستدەبێت.

٤٣- /دەکرم/ (لێرەدا بە پێشگر ناویهێناوە، بەڵام لە بابەتی ڕوکاردا پێیدەڵێت ڕوکار.)

کەس: لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت دوو دەستەی سەرەکیی جێناوی لکاو لەیەکجیابکرێنەوە؛ کە هەردوو دەستەکە وەکو لاگر لەگەڵ ڕابوردوو و ڕانەبوردودا لەشوێنی جیاوازدا دێن. دەستەیەکیان لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێپەڕدا دێن، دەستەکەی تریان لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری کرداردا دێن. ئەم بۆچونەی لە مەکاریۆسەوە وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی ئاماژەیپێبدات.

ڕوکار پۆلەڕەگەزێکی ڕێزمانیی دروستەی کردارە، کە هەندێکیان (/-ت/ /-د/، /-ی/، /-ا/، /-و/، /ب-/، /دە-/) لە ناو کرداردا دەشکێنەوە و وەکو لاگر دەردەکەون، هەندێکشیان (/وا/، /خەریکە/، /سەرقاڵە/)، کەرەستەی فەرهەنگیین و لە ناو کرداردا ناشکێنەوە. زمانی کوردیی سێ جۆر ڕوکاری هەیە:

ا) ڕوکاری تەواوبوویی دوو فۆرمی هەیە، یەکێکیان بۆ ڕابوردووەو ئەم نیشانانەی هەیە /-ت، - د، - یـ، - ا، - و /. دوهەمیان؛ لە ڕانەبوردووی مەرجیدا وەکو پێشگری /- بـ/ خۆی دەنوێنێت.

٤٤- سوت - ا

٤٥- کوش – ت - م

٤٦- بر – د - مان

٤٧- سەرببڕ - ی

٤٨- چو – ی - ن

٤٩- بـ – کڕ – ە

٥٠- بـ - چـ - م

ب) ڕوكاری ناتەواوبویی، كە ڕابوردوو و ڕانەبوردویشی هەیە. ئەویش ڕوكاری ناتەواوبوویی /دە-/ـەیە، كە بۆ بەردەوامیی، تەواونەبوویی و خویش دەبێت.

٥١- دە – كڕ – م

٥٢- دە – كەو – م

٣) ڕوكاری بەرەوپێش (Progressive)، كە ڕوكاری فەرهەنگیین، چەند شێوەیەكی جیاجیان هەیە، وەک /خەریكە، وا، سەرقاڵە، هەر/.

ڕێژە: هەرچەندە لە نامەی دكتۆراكەیدا مەحموود فەتحولا بەشێوەیەكی سەربەخۆ و تایبەت گفتوگۆی لەسەر ڕێژە نەكردووە، بەڵام لە ناو بابەتی ڕوكاردا، پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەكانی شكاندنەوەی (تاف و ڕوكار) ەوە ئاماژەی بە ڕێژەكان داوە و نمونەی لە ڕێژەكانی ڕاستیی و سەبیونتیف و فرماندا هێناوەتەوە. ڕوانە نمونەكانی (٤٩، ٥٠، ٥١)ی ئەم بەشە. **(**مەحموود فەتحولا **٢٠٠٤: xvi، ٣٥- ٤٦، ٥٦-٦٦)**

كورتە و پوختە

پێناسەكانی بۆ پۆلەڕەگەزەكانی شكاندنەوە و شیكردنەوەكانی لەسەر بنەمای زانستیی نوێ و داتاكانی زمانەكە داناون، لەم ڕووەوە مۆرفێمەكانی تاف و ئەسپێكتەكانی دەستنیشانكردوون. بەڵام كاتێک مۆرفێمەكانی تافی دیاریكردووە، لە هەمان كاتدا بە ڕوكاریش ناویبردوون، بە بێ ئەوەی ڕونكردنەوە لە پەیوەندیی نێوانیان بدات، وەک لە (١/٤) دا ڕونكراوەتەوە. پەیوەست بە (كەس)ەوە بە سێ جۆر ناویبردووە (لاگری ڕێكەوتن، جێناو، كەسی لكاو)، هەرچەندە وەكو پۆلەڕەگەزی شكاندنەوە گفتوگۆی لەسەركردوون، بەڵام پێینەگوتوون پۆلەڕەگەزی شكاندنەوە، بە واتا؛ بۆ ئەم زمانەوانە لە لێكۆڵینەوەكەیدا بۆ شكاندنەوە تەنها (تاف و ڕوكار و ڕێژە) گرنگن. (٢٠٠٤: ٤٦)

سێ جۆر ڕوكاری دەستنیشانكردووە (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی)، كە لە ڕاستیدا بەرەوپێشچوییش هەر ناتەواوبوییە.

بەشی سێهەم

شكاندنەوەی تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی كردار

شكاندنەوەی كردار: واتای نوێمان نییە تا وشەی بۆ دروستبكەین، وەك لە وشە دروستكردنەكەدا هەیە. لەشكاندنەوەدا وشەی نوێ بۆ واتای نوێ دروستناكرێت، بەڵام لێرەشدا هەندێك واتای نوێ دێنەناوەوە، كە بە شێوەیەكی گشتیی پەیوەندییان بە كاتو ڕوكارو ڕێژەوە هەیە (Tens, Aspect, Mood). مەحموود فەتحولا (٢٠٠٤: ٣٥-٤٠) و وریا عومەر ئەمیین **(٢٠١١: ٤٢-٩٥)**

شكاندنەوە = كات + كەس

گەردانکردن = کەس[8]

<u>تافی ڕابوردوو:</u>

شکاندنەوە بریتییە لە هێنانی قەدی تافیی + گەردانکردن

١- /گرتن/ گرت + م ← گرتم

٢- /بوون/ بوو + م ← دەبم

٣- /گیران/ گیرا + م ← گیرام

<u>تافی ڕانەبوردوو:</u>

شکاندنەوە= هێنانی تاف + گەردانکردن

٤- دە + گر + م ← دەگر + م ← دەگرم

٥- دە + ب + م ← دەب + م ← دەبم

٦- دە+گیر+ێ+م ← دەگیرێ+م ← دەگیرێم

کەواتە گەردانکردن = چالاککردنی تاف

تەنانەت یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی زمانی کوردییە، کە بکەردیارو بکەرنادیاری لەفەرهەنگدا تۆمارکراو هەیە. هەرچەندە هەندێك کرداری بکەرنادیاریش لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن، وەك /هاتنەکوڵ/.

لەکرمانجی ناوەڕاستدا قەد یان ڕەگی ناوە کردارییەکە دەهێنینەناو سینتاکس بۆ ئەوەی ڕستە بەرهەمبهێنین.

خشتەی (١-٢) لەفەرهەنگدا (کوشتن) ناوی کرداریمان هەیە

ڕانەبوردوو ڕابوردوو

ڕەگ (ڕەگی ناوە کردارییەکە) قەدی تافیی ڕابوردوو

٧- (کوشت، کوش) لەکارکەوتوونو سستن، هەتا کاتو کەسی لکاوی بدرێتی.

قەدی تافی ڕەگ

٧-ا) دەکوش قەدی تافی ڕانەبوردوو

٧-ب) کوشت کوشتی } کوشتی } هێزو } فۆنەیتییک

8 - وانەکانی (پ.د. محەمەدی مەحویی) کۆرسی پرۆژەی دکتۆرا، ٢٠١٥-٢٠١٦

٧-پ) دەكوش دەكوشێت دەكوژێت ئاواز

شكاندنەوەكە لەسینتاكسدایە، بەكاركردن لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی سینتاكسدا. كەواتە شكاندنەوە مۆرفۆلۆژیی سینتاكسییە لەناو سینتاكسدا.

خشتەی (٢-٢) هەنگاوەكانی شكاندنەوە

شكاندنەوە ← پێدانی تاف (هەنگاوی یەكەمە)
شكاندنەوە ← پێوەلكانی كەسی لكاو (گەردانكردن) (هەنگاوی دوهەمە)

كرداری شكاوە لەدوو شوێندا هەیە فرێزی كرداریی
مۆرفۆسینتاكس

لەفرێزە كردارییەكەدا، كردارەكە (كەوتەخوارەوە) لەكۆتاییدا بێت یان ناوەوە، شكانەوەكە بەپێی هەمان یاساو مەرجە بە هەمان مۆرفیمەكانی.

١/٣) شكاندنەوەی كردار بە گەردانكردن (لكاندنی كەس و ژمارە/ كلیتیكەكانی ڕێككەوتن)

كرداری كات و كەسدار لە سینتاكسدایەو لەسینتاكسدا گفتوگۆ لەسەر ئەو مۆرفیمانە دەكرێت، كە لە بەرهەمهێنانی كرداری كات و كەسداردا بەشداریدەكەن. كرداری فرە مۆرفیمیش (ڕەگ + تاف) بە كرداری سادە دادەنێین، بۆ ئەوەی لەكرداری فرێزیی جیابكەینەوە. ناتوانین لەكرداری سادەو ناسادە بدوێین لە زمانی لكاودا، كە فرە_مۆرفێمییە، بەڵام كاتێك ئەم كارە دەكەین، بۆ جیاكردنەوەی شكاندنەوەكانە.

٨- /گرتم/ شكاندنەوەی كرداری سادەیە.

٩- /سەرەمگرت/ شكاندنەوەی كرداری لێكدراوە.

١٠- /دەستی بەسەر شارەكەدا گرت/ شكاندنەوەی كرداری فرێزییە.

ناوە كردارییەكەیش لە ناو فەرهەنگدا سادە، هەڵگوێزراو و لێكدراوی هەیە:

١١- /گرتن/ سادە

١٢- /گرتنەوە/ هەڵگوێزراو

١٣- /سەرەگرتن/ لێكدراو

١٤- مـنـداڵـەكـە تـۆپـەكـەی گرتەوە.
جێكەوتەی بكەر جێكەوتەی بەركار

شکاندنەوەکە بریتییە لەوەی، کە کەسی پێوە دەلکێنرێت:

١٥- /گرتی/.

بۆ شکاندنەوەی کردار لەتافی ڕابوردوودا، ڕەگو پاشگری تافی ڕابوردوو لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت، جێناوی دەخرێتەسەر. ئەم جۆری شکاندنەوەیان بە گەردانکردن جێبەجێدەکرێت (گەردانکردن = لکاندنی کەسی ڕێکەوتن بەبناغەوە).

تێبینیی: قەد بۆ وشەدروستکردنە: ١٦- کورد– یّتی

قەد

بناغە بۆ شکاندنەوە بەکاردێ: ١٧- گرت + ی

بناغە

کەواتە:

١- بەم پێیە بۆ شکاندنەوەی ڕابوردوو، بناغەی تافیی لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت.

٢- فەرهەنگو مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن لەگەڵ سینتاکسدا ڕژاونەتەناویەك.

٢/٣) شکاندنەوەی کردار بە گەردانکردن و لکاندنی کەسی ڕێککەوتن

بناغەی تافی ڕابوردوو لەفەرهەنگدایە لەناو ناوە کردارییەکەدا (گرت). بناغەی تافی ڕانەبوردوو لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت (دە + گر)، بۆ ئەم بەرهەمهێنانە سینتاکسییە ئەو مۆرفێمانەیش لە فەرهەنگەوە دەهێنرێن بۆ ناو سینتاکس. بۆ ئەوەی شکاندنەوەکە تەواوبێت، کەسی لکاو لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت و بە بناغە تافییەکەی ڕانەبوردووەوە دەلکێنرێت. بەگەردانکردنەکە (لکاندنی کەسی لکاو بەبناغەکەوە لەگەڵ دروستکردنی بناغە تافییەکە، پێواژۆی شکاندنەوە لەسینتاکسدا تەواودەبێت). ئەمە جۆری پەیوەندیی لەنێوان فەرهەنگو سینتاکسدا دەخاتەڕوو، پەیوەست بەکرداری شکاوەوە. (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦) و سەرچاوەکانی.

هەنگاوی یەکەمی شکاندنەوەی ڕانەبوردووی /گرتن/، /هەڵگرتنەوە/، /سەرهەڵگرتن/، /هەڵڕشتن/ بە دانانی مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو دەستپێدەکات. لە هەنگاوی دوهەمدا گەردانکردنەکە شکاندنەوەکە تەواودەکات.

١٨) /دەگرێت/. /دە + گر+ ێت/

١٩) /هەڵیدەگرێت/. /هەڵ + یـ + دە + گر + ێت/

٢٠) /سەریهەڵدەگرێت/. /سەر + یـ + هەڵ + دە + گر + ێت/

٢١) /هەڵیدەڕژێت/.   /هەڵ + یـ + دە + ڕژ + ێت/

٣/٣) گۆڕینی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنتەکانی کردار

٣/٣-١) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی (شکاندنەوە) - فۆنۆلۆژیی

دوو جۆر /بوون/ جیاکراونەتەوە، کە /بوون/ی کردەیی و /بوون/ی حاڵەتیین. (پروانە نمونەکانی /سەوزبوون/ لە ١/١-٢)دا).

٢٢-ا) بامێکە زەرد بو. (حاڵەتیی)

٢٢-ب) بامێکە زەردبوو. (کردەیی)

کەوتنی /وو/ی /بوون/ لە تافی ڕانەبوردووی کردارە کردەییەکە ڕێزمانییە و ناوابەستەیە لە هێز، چونکە کۆتایی کرداری ڕانەبوردوو هێز-لەسەرە. پروانە(محەمەدی مەحویی ٢٠١٦).

٢٣) من دەبم بە مامۆستا.

٢٣-ا)بووم: مامۆستا بوم (حاڵەتیی؛ بەفۆنۆلۆژی لە (وو)ەوە بووە بە (و))

بـــوون   ٢٣-ب) بووم بە مامۆستا. (کردەیی)

ڕەگ تاف   ٢٣-پ)دەبم: مامۆستایە   (کرداربەندیی)

ب ~ە ناياسابەندەو ڕونکردنەوەی نییە

٣/٣-٢) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی (وشەدروستکردن)- فۆنۆلۆژیی

لێکۆڵینەوەکان پەیوەندییان بەفۆنۆلۆژییەوە هەیەو لەم حاڵەتەیاندا پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوەن.

٢٤- /چیین/ — /- ایەتی/   ٢٥- /چینایەتی/

— [tʃi:n] [a. yə. ti:]   [tʃi . na .yə . ti:]

بە پێواژۆی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی بڕگەیی درێژ لە نەمانی هێز لەسەری، کورت دەردەپردرێت.

یی ← ی

لە ناوەندی دەنگدارییشدا، خشۆکە کپەکان دەبن بە دەنگدار:

٢٦- /کوشتن - ەر/   ٢٧- /کوژەر/ ش ← ژ

[ku .ʒər] ~ [kuʃ . tin]

لەم حاڵەتەیاندا خشۆکێکی [– دەنگدار] دەبێت بە خشۆکێکی [+دەنگدار].

لە /کوشتن/ ~ /کوشندە/دا، خشۆکە کپەکە وەک دەنگدار بەرجەستەناکرێت و ئەم ناوازەیەیش دەیسەلمێنێت، کە پێواژۆکان فۆنۆلۆژیانەن. (پروانە: پروانە "دابەشبونی تەواوکەرانەی گیراو و خشۆکەکان" لە محەمەدی مەحویی (٢٠١٦) دا.)

ئەمانە نمونە بوون بۆ پێواژۆی فۆنۆلۆژییانە لەمۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا.

ئێستا دەچینەسەر پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە بەفۆنۆلۆژییەوە:

ڕستەی ڕابوردوو ٢٨- کوشت ژەندرمە هەڵهاتووەکەی کوشت + ی

بناغە

ڕانەبوردوو ٢٩- کوش ژەندرمە هەڵهاتووەکە دەکوژ + ێت

ڕەگ کەسی لکاو

دەوروبەرە دەنگدارەکە لە شکاندنەوەی تافی ڕانەبوردویشدا هەر مەرجی بە دەنگدار بونی خشۆکە کپەکانە:

کوشت [kuʃt]

دەکوژێت [də . ku .ʒe:t]

وەهامانداناو ئاماژەمان بەوە دا، کە بەرجەستەبونی دەنگدارییەکە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژیانەیە. ئەگەر گۆڕینەکە لەدەرپریندا بوایە، دەبوو بە پێواژۆیەکی فۆنەتیکییانە. (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦ و سەرچاوەکانی)

فۆنۆلۆژیی لەگۆکردنی (بەجێهێنانی) ئەرکی فۆنیمەکانو تەرزە فۆنۆلۆژییەکان دەکۆڵێتەوە، واتا لەفۆنیمەکانو خستنەتەکیەکیان لەپێکهاتەی فۆنۆلۆژیی ناو مێشکدا تا زنجیرەکانیان لەشێوەی زنجیرە دەنگدا بەفۆنەیتیکیی بەرجەستەدەکرێن.

٣٠) /ڕشتن/ ٣٠-ا) ژنەکە دۆکەی ڕشت.

٣٠-ب) ژنەکە دۆکە دەڕژێت.

ناوازەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە دەبێت گۆڕینی دەنگداری وشەدروستکردن و شکاندنەوەی کردار فۆنۆلۆژیانە بن.

ژن - ەکە - دۆ – ەکە - ڕشت – ی

ژەن - ەکە - دۆ – ەکە – دە – ڕژ – ێت

بەشی چوارەم

ڕێژەو ڕوکار

١/٤) ڕوکار

ڕوکار لە زمانێکی مۆرفێمیی وەک کوردییدا دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکیی بە مۆرفێم(ی لکاو) بێت. بەڵام لە کرداری ڕابوردوی ڕوتدا دەرناکەوێت (پروانە: (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٢: ٦٣) و نمونەکانی لە (٢/٢-١-٢)ی ئەم توێژینەوەیەدا. (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠ دروستەی کردار- بەرگی یەکەم: ١٠-12)). ڕوکار پۆلەڕەگەزێکی شکاندنەوەی کردارە، کە ئەم ڕەهەندانە لەخۆدەگرێت؛ تەواو، ناتەواو، خویی. کاتێک چەند نیشانەیەکی/مارکەیەکی جیاواز پۆلە ڕەگەزێکی شکاندنەوە دەردەبڕن، لە ئەلەمۆرفیی دەدوێین. لە زمانی کوردیدا مارکەی داهاتوو /دە-/ و /ئە-/ دوو ئەلەمۆرفی جیاوازی یەک مۆرفێمی نادیارن.

ئەدگارێکی تایبەت بە شکاندنەوە ئەوەیە، کە کاتەگۆرییەکانی شکاندنەوە گەلێک جار بوون بە شاگرووپ و ئەمەیش ناونراوە >>ڕەهەندەکانی شکاندنەوە<</ نیشانەکانی شکاندنەوە/ئەدگارەکانی شکاندنەوە/ پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە. بەپێی ڕەهەندەکانی شکاندنەوە، دوو کاتەگۆریی سەر بە ڕەهەندێکن، ئەگەر ئەدگارێکی سێمانتیکیی یان گۆکردنێکیان هاوبەش بێت و یەکێکیان ئەوی تریان لە خۆیدا هەڵنەگرێت. هەردوو تافی ڕابوردوو لەگەڵ ڕانەبوردودا کاریان لەگەڵ پەیوەندیی کاتی ڕوودان و کاتی دەربڕدراو/دەبڕییندا هەیەو نایشتوانن پێکەوە لە کردارێکدا ڕووبدەن. (بڕوانە چۆن /دە-/ لە

١- لە پێکهاتوی >کاتێک دە – م – گر – ت - ن< دا /دە-/ مۆرفێمی ڕوکارە و /- ت/ ەکەیش مۆرفێمی تافە!) کەواتە ئەو دوانە سەر بە کاتەگۆریی ڕەهەندی تافن. هەبونی ڕوکاری دروستەیی و مۆرفۆلۆژیی کردارە کات و کەسدارەکانە لە ڕستەدا.

٢-ا) (> دە – م – گر – ت – ییت... < و

2-ب) > ئەگەر دە - م – گر – ت - ییت< : 2-پ) >ئەگەر دە – ت – گر - م<) هەر ئەو بنەمایەی هەیە. لەڕستەدایە، کە پێشگری تافی داهاتوو /دە-/ لەگەڵ مۆرفێمی تافی ڕابوردوو لە جێکەوتەی بنەڕەتیی تافدا ڕۆڵ و واتای ڕانەبوردووی نامێنێت و لەگەڵ /- ت/ ی ڕابوردوودا ڕوکاری بەردەوامیی یان بەستنەوەی ڕابوردوو بە داهاتووەوە دروستدەکەن. پروانە: (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢٤٣- ٢٥٥)

دەبێت هەر تافێك پێشگری ڕوکاریی نا_تەواوبویی incompletive aspect prefix /دە_/ ~ /_W?/ هەبێت. ئەم پێشگرە تەنها لەڕێژەی دڵنیایی/یەقییندا ڕوودەدات و هەرگیز لەڕێژەیەکی تردا ڕونادات. ئەو تافانەی، کە وەریدەگرن (داهاتوو و ناتەواو imperfect)، کردەیەکی ڕوکاریی نا_تەواوبویی an action of incompletive aspect نیشاندەدەن. ئەمەیش پێماندەڵێت، کە کردەکە لەو چەشنەیە، کە لەبەرەوپێشچووندایە in progress

٣-ا) <دەخۆم> I am eating، یەکێکە لەوەی، کە هێشتا دەستپێنەکردووە ٣-ب) <دەخۆم> I will eat, or I am going to eat. یان کردەیەکی عادەتیی/خویی_دووبارەبووەوەیە costomary or habitually ٣-پ) <هەموو ڕۆژێك دەخۆم> I eat every day. تافەکانی تر لە ڕووکاری تەواوبویی completive aspect دان و یەك کردەی تەواوبوو completed action نیشاندەدەن، وەك ڕابوردووی ساکار. لەبەرئەوەی هەر تافێك بەیەك ڕوکارەوە ڕودەدات، شیکردنەوەیەکی ئەڵتەرناتیڤ ئەوەیە، دوو کاتەگۆریی ڕوکاری جیا دانەنرێت، بەڵکو یەك تافە_ڕوکار بچەسپێنرێت:

incompletive present
completive preterite
incompletive-imperfect
completive present perfect
completiv- past perfect (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠ دروستەی کردار-بەرگی یەکهەم: ١٢)

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و خستنەڕوی شیکردنەوەکانی زمانەوانەکانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی سێ جۆر ڕوکار دیاریکراون (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی)، بەڵام بە سەرنجدان لە نمونەکان، بەو ڕاستییە دەگەین، کە ڕوکاری بەرەوپێشچوییش سەر بە ناتەواوبوییە، کەواتە ڕوکار لە زمانی کوردییدا دابەشبونی دوپەلکیی هەیە:

ڕوکار
- تەواوبویی
- ناتەواوبویی[9]

ئەوەی، کە لە کارەکانی پێشتردا لەم بوارەدا نەکراوە، ئەوەیە کە ڕوکارەکان بەم شێوەیە کۆنەکراونەتەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێکخراون.

ناتەواوبویی

٤- ئەو مامۆستا بوو. (ئێستا مامۆستا نییە)

٥- ئەو نوستبوو، کە ئێوە گەیشتن. (ناتەواوبویی دوور)

بە یرگەیی درێژیش دەکرێت. پروانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦)

ناتەواوبویی: بەردەوامیی و بەرەوپێشچویی پروانە (مەحموود فەتحوڵا: ٢٠٠٤)

٢/٤) ڕێژە

9 - وەک ئەوەی پێشتر بۆ تاف دەگوترا (رابوردوو، ئێستا و داهاتوو)، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماند، کە دوو جۆر تاف هەیە، ئەویش (ڕابوردوو، ڕانەبوردوو) و (ئێستا) هەر بەشێکە لە ڕانەبوردوو.

چەشنەکانی لە سینتاکسدا بە مۆرفێمی فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنرێن. لێکۆڵەر وەهای بۆدەچێت، کە مۆرفێمەکانی بەرهەمهێنانی فۆرمە جیاوازەکانی ڕێژەکان جۆراوجۆرن و پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکان وەک خۆیان لەکاردان.

٦- /گرتن/

٦-ا) گرتم ٦-ب)بمگرتایە ٦-پ) ناگرم ٦-ح) نەمگرتایە

ڕێژەیش بە هەمان شێوەی ڕوکار دابەشبونی دوپەلکیی هەیە:

ڕێژە ← ڕاستیی (یەقیین)/ هەواڵیی(ئیخباریی)
← گومان / ئینشائیی، دانانیی، فەرمان، داخوازیی....

مۆرفێمەکانی ڕێژە: وەک لە (١/٤)دا ڕونکرایەوە، پێکەوەهاتنی مۆرفێمەکانی تاف و ڕوکار و ڕێژە، ڕەهەندی شکاندنەوەی کردارن. ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی پێکەوەهاتنی "دۆخ + ژمارە" و "تاف+ڕووکار+ڕێژە" لە پەیوەندییە واتاییەکانیاندا جیاوازە. لەکاتێکدا پێکەوەهاتنی جۆراوجۆری "دۆخ و ژمارە" ڕوون و ئاساییە، بەڵام ئەوانەی "تاف و ڕوکارو ڕێژە" گرانەو هەندێکیشیان سەیروسەمەرەن. بۆ نموونە، ڕوکاری تەواوبویی perfective aspect - کە بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە لە تەواوبوونەکەیدا/تەواویەکەیدا نییشاندەدرێت- چاك لەگەڵ ڕانەبوردوودا ناڕوات –کە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە قسەکەر هێشتا لەناو ڕووداوەکەدایە-. ڕێژەی فەرمان –کە فەرمانێك دەردەبڕێت- پێکەوە بە کۆکیی و گونجاویی لەگەڵا ڕابوردوودا نایەت. کەواتە، چشتێکی سەرسووڕهێنەر نییە، کە زمانەکان ئەم کەڵێنەیان هەیەو هۆو ئامرازێکیان بۆ ئەم پێکەوەبەندبوون و پێکەوەهاتنەیان بە شێوەیەك نییە، کە بتوانرێت پێیان و لەڕێیانەوە ئەو تەرزانەی شکاندنەوە جوان و لەبار پەسنبکرێن (بەڵام پڕوانە نمونەکانی (١ و ٢)ی ئەم بەشە). پڕوانە (محەمەدی مەحویی: مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان: ٢٠١٠، ٢٥٨)

ڕێژەی ڕاستیی: ڕێژەی گومان: /ب-/

هەواڵیی_دەربڕ مەرج وداخوازیی پرسیار دانانیی

ئەنجام

١- ناوی کرداریی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پێواژۆی شکاندنەوەی لە سینتاکسدا ڕوودەدات.

٢- کرداری کات و کەسدار لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت، نەک لە مۆرفۆلۆژیدا.

٣- پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوەی کردار (کەس و تاف و ڕوکار و ڕێژە) دابەشبونی تەواوکەرانەیان هەیە؛

کەس: تاک، کۆ

تاف: ڕابوردوو، ڕانەبوردوو

ڕوكار: تەواوبویی، تەواونەبویی

ڕێژە: ڕاستیی، گومان (ئینشائیی، دانانیی، فەرمان، داخوازیی....

سەرچاوەكان

١- ئەبوبەكر عومەر قادر، بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لە زمانی كوردی و فارسیدا، نامەی دكتۆرا(بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانیی، ٢٠٠٣

٢- بێستوون حەسەن ئەحمەد، كۆمەڵەوشەو پێكەوەهاتن لە زمانی كوردییدا، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانیی- كۆلێژی زمان، ٢٠١١

٣- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، گۆڤاری زانكۆی سلێمانیی، B، ژ.٣٨ (٢٠١٣)

٤- محەمەدی مەحویی، بنەماكانی سینتاكسی كوردیی، بەرگی یەكهەم، زانكۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٥- محەمەدی مەحویی، شكانەوەی كردار،زانكۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٦- محەمەدی مەحویی، كاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن. دروستەی كردار، زانكۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٧- محەمەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژیی و بەیەكداچوونی پێكهاتەكان (مۆرفۆلۆژیی كوردیی)، بەرگی یەكهەم، زانكۆی سلێمانیی، ٢٠١٠

٨- محەمەدی مەحویی، مەنامە- بەستانداردكردنی زمانی كوردیی/ دروستنوسیین، دەروازەی یەكهەم، ئۆرسۆگرافیی، ٢٠١٦

٩- محەمەد مەعروف فەتاح، كارپۆلێنكردن بەپێی ڕۆنان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (121)، (1989).

١٠- محەمەد مەعروف فەتاح، دەربارەی ئەو مۆرفێمانەی، بەشداریی پێكهێنانی كردار دەكەن، ١٩٩٧.

11- ASPECTS OF THE VERBAL CONSTRUCTION IN KURDISH, WARIA OMAR AMIN, LONDON UNIVERSITY, HAJI HASHM PRINTING HOUSE, 2011.

12- The Tense and Aspect system in Kurdish, Mahmoud Fathulla Ahmad, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy at The School of Oriental and African Studies, University of London. Linguistic Department. 2004.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 27 – 41
http://www.ijoks.com

The Classification of vowels and consonants in Syllable structure

Dilshad M. GHARIB[1] & Mhemed MEHWI[2]

Received: Oct 08, 2017 **Reviewed**: Oct 30, 2017 **Accepted**: Nov 05, 2017

Abstract

This study entitled (The Classification of vowels and consonants in Syllable structures). It is a part of researchers PhD Dissertation entitled (stress and accent in karkuk sub-dialect). Here, the researcher attempts to clarity and place the vowels and consonants in the structure and positions of those syllable by using tree diagram model the constituent model of classifying syllable structure for this scientific research. In the first model (tree diagram) the vowel (peak) or (nucleus) placed in the middle or center of the syllable under the rhymes and the onset and coda usually placed at the beginning or the end of the syllable.

هەر بە سروشتی ناسکی و هەستیاری و دۆخی پڕ ژان و ئازاری تراژیدیا، لێکۆڵینەوە لە هەر تراژیدیایەك گرفتاوی و ساتێکی بەتەنگوچەڵەمەیە، ئەویش بە هۆی ئەوەی نەکا ئەنجامی پێچەوانە بخاتەوە و ئەو ناسکییە تراژیدیا زامدار بکات و مەترسی بێت بۆ سەر هەستیارییەکەی و خراپتر لە ژان و ئازاردا بیچەقێنێت، لێکۆڵینەوە لە تراژیدیای ئەنفالیش هەر وایە، ئەگەر هەموو ئەوانەی تا ئێستا دەستیان بۆ ئەم چەمکە بردوە و مەبەستیان بوە لە تراژیدیایەکی مێژووی کورد بدوێن، ئەم خاڵەیان ڕەچاو بکردایە و بە پارێزەوە باسیان لە ئەنفال بکردایە، ئێستا ئەو تراژیدیایە هەر لە کوورەی دۆزی خۆیدا نەدەسووتا و کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی بە سەر ڕزگاربوان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و نەوەکانیان هێندەی تر و

ڕۆژبەڕۆژ قورستر و تاڵتر نەدەبوو، گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرفتە لە ناو چوارچێوەیەکی گرفتاویدا، واتە بەو پێیەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی باسی ئەنفال ناکات، بەڵکو باس لەوانە دەکات کە باسی ئەنفالیان کردوە و دەیەوێت بزانێت چۆن ئەم باسەیان هێناوە ئاراوە و کاریگەرییەکان چۆن بوە، بۆیە ئەو ڕووبەرەی کاری تێدا دەکات، ڕووبەرێکی پڕ گرفتە، بۆیە تا بکرێت بە پارێزەوە هەنگاومان و لێکۆڵینەوەمان ئەنجام داوە، چونکە دەمانەوێت و کۆششێکی زۆرمان کردوە و خۆمان لەم گرفتانە بە دوور بگرین:

١- ئەو دۆخە مەترسیدار و ناڕەوا و نازانستی و خراپەی لە دەستبردن بۆ ئەنفال وەك چەمك و شاڵاوێکی دڕندانە هاتوەتە ئاراوە وەك خۆی بمێنێتەوە و هاوکات لێکۆڵینەوە لەو شێوە بکارهێنانانە و ڕەخنەکردنیان دیسان ببێتەوە بەشێك لەو دۆخە.

٢- لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەو شێوە بەکارهێنانانەی پرسی ئەنفال لە ڕووبەری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی... هتد، کورددا، هەمیشە مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، برینێك بێت بە کراوەیی و تیمار نەکراوی بە جێ بهێڵرێت و زێدەتر ئازارەکانی ئەو تراژیدیایە بورووژێنێت.

٣- ڕێك نەخستن و شێواوی و هەڕەمەکییانەی کارکردن لە سەر پرسی ئەنفال لە هەموو ناوەندەکانی و لە کات و شوێنی جیاجیاوە، ئەو بارە دروست دەکات، کە هەر دەم بیرمان لە لای ئەوە بێت، کە ڕەنگە لە پانتاییی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی و کۆمەڵایەتیدا شێوە بەکارهێنانی تر مابێت، ئێمە درکمان پێ نەکردبێت یاخود بیرمان چووبێت، ئایدیا و بیرکردنەوەی تر مابێت، شایەنی هەڵسەندگاندن و ڕەخنە بێت و ئێمە بیرمان چووبێت .

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا (ئەنفال و دەرهاویشتەکانی – شیکارییەک بۆ کارکردنی ئێمە لەگەڵ ئەنفالدا و چەند بۆچوون و دەرکەوتەیەک) بەو پێیەی بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال لە لایەن ئێمەی کوردەوە لە ئاستی جۆراوجۆر دایە و بۆ مەبەستی جیاجیا لە کات و شوێنی جۆراوجۆرە، لێرەدا دوو لایەنی ئەم پێوەندییەی ئێمە و ئەنفال هەڵدەسەنگێنین و دوو بەشی لێ دروست دەکەین لە هەر یەك لەو بەشانەیشدا کۆمەڵێك تەوەر دەخەینە بەر باس و ڕەخنە و گفتوگۆ، بەم جۆرە:

بەشی یەکەم، لە ژێر ناوی (کارکردن لەگەڵ ئەنفالدا) هەوڵ دەدەین بەکارهێنانی چەمك و دۆسیەی ئەنفال بخەینە بەر شیکردنەوەی ڕەخنەیی کە بەزۆری لەم ڕوانگانەوە یاخود بەو شێوانە کار لەسەر چەمك و دۆسیەی ئەنفال دەکرێت و، زیاتریش ئەم باسانە دەگرێتەوە: (یادکردنەوە، بەڵگەنامە، ئەرشیفکردن، ژمارە، شەرعیەت و دادگایی کردن، دوژمن و تاوانبار، مۆنۆمێنت، سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ سازکردن، ، پرۆگرامی خوێندن، ئەکادیمیا).

لە بەشی دوەمیشدا کە ناونیشانی (ئەنفال و چەند بۆچوون و دەرکەوتەیەك)ی بۆ دانراوە، ئاکامی نێگەتیڤیی ئەو دەرکەوتە و بۆچوونە هەڵانە ئاشکرا دەکەین کە لە ئاست شاڵاوی ئەنفالدا لە بیرکردنەوەی ئێمەدا ئامادەن و زۆر جار لە کاتی بەکارهێنانی چەمك و دۆسیەی ئەنفالدا بە بەهێزی دەردەکەون، لەم ڕووەیشەوە لە تەوەرەکانی (ئەنفال و شانازیکردن، ژیانی شارستانی، کەمبوونەوەی دانیشتوان، ئەنفال و ناونان، ئەنفال و هاودەردی، ئەنفال و بەیاننامە) دەدوێین.

بە هیواین لەم لێکۆڵینەوەیەدا (ئەنفال و دەرهاویشتەکانی) ئەو ئامانجەی کە بۆی تێکۆشاوین، کە بریتییە لە (شیکارییەک بۆ کارکردنی ئێمە لەگەڵ ئەنفالدا و چەند بۆچوون و دەرکەوتەیەک)بە شێوەیەکی بابەتیانە پێی بگەین.

بەشی یەکەم

کارکردن لەگەڵ ئەنفالدا:

ئەگەر چاوێکی خێرا بە هەموو ئەو کار و چالاکی و بەرهەمانەدا بخشێنین کە لە مێدیای بینراو و نووسراو و بیستراوی کوردیدا لە سەر پرسی ئەنفال دەردەکەون و پەخش دەکرێن، ئەگەر سەرنج بدەینە دید و تێڕوانینی ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد بۆ دۆزی ئەنفال و لەو ئایدیا و بیرکردنەوانەیش بکۆڵینەوە کە لە سەر ئاستی تاك لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون و لەوەیش ورد بینەوە ئاخۆ لە پانتاییی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەم چەمکە چۆن دەرکەوتوە و بە کار هاتوە، ئێتر ئەمانە بۆ هەر مەبەستێك بووبێتن، وەك کەرەستەیەکی بەنرخ بووبێت بۆ مێدیاکان و بابەتی ڕۆژنامەوانییان لێی دروست کردبێت، یان بووبێتە پڕۆژە و کەرەستەی دروستکردنی کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس بۆ ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکان و سیاسەتمەداران وەك بابەتێکی سیاسی و بۆ مامەڵە و سەوداکردن یان بۆ پیشاندانی سیاسەتێکی پاك و مرۆڤدۆستانەی خۆیان بە کاریان هێنابێت و چالاکانی مەدەنییش کردبێتیانە دەمامکێك بۆ داپۆشینی چالاکییە بێ ئامانج و ناکامەکانی خۆیان و بە باسکردنی ئەنفال و خۆدان لە قەرەی باسوخواسەکانی ئەو پرسە، ڕووی چالاکێتی و پڕۆژەداریی خۆیان بە کۆمەڵگا پیشان دابێت، کۆی ئەمانەیش دەکرێت ڕوویەکی نیشاندانی وەفاداری بێت بۆ قوربانییانی ئەو تراژیدیایە و دەرخستنی هەستی مرۆڤدۆستانە بێت و، ئەوانەی ئەنفال بە کار دەهێنن بیانەوێت قەرزێکی ویژدانیی خۆیان بدەنەوە و دەروونی خۆیان ئاسوودە بکەن، یان سیاسەتی

ڕاگەیاندن و حزبایەتی و بەرژەوەندیی تایبەت وایان لێ بکەن پەنا بۆ بەکارهێنانی پرسی ئەنفال لە گوتارەکانیاندا ببەن، هەندێ جاریش وەك پڕۆژەیەکی سوودمەند چاوی لێ بکەن و کۆنفرانسە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی پێ گەرم بکەن.
بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال زۆرتر بۆ یادکردنەوەی تراژیدیاکەیە و ئەوانەی یادی ئەنفال دەکەن دەیانەوێت ئەو تاوانە گەورەیەی مێژووی مرۆڤایەتی لە ویژدان و هەست و نەستی هەمواندا زیندوو بێت و بیر نەچێتەوە، بەمەیش خزمەت بە دۆزەکە و ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن، لەم ڕێگەیەیشدا زۆر جار خەریکی بەڵگەنامە ڕیزکردن یان دۆزینەوەی بەڵگەنامەی نوێن لە سەر تراژیدیای ئەنفال و لە ڕاگەیاندن و کۆنفرانس و سیمینار و توێژینەوەکاندا دەیخەنە ڕوو، یان سەرقاڵی کاری ئەرشیفسازین و بە بەرنامە و بێ بەرنامە و بە شێوەیەکی زانستی و نازانستی گێڕانەوەکانی شایەتحاڵەکانی ئەنفال تۆمار دەکەن و دەنووسنەوە و هەر شتێك کە دەستیان بکەوێت و پێوەندیی بە ئەنفالەوە هەبێت ئەرشیفی دەکەن، ئەوەی کە دەبینرێت زۆربەی ئەم هەوڵانەیش تاکەکەسین و بێ پشتیوانیی پێویست دەکرێن، بۆیە زۆربەی ئەو ئەرشیفسازییە، کارگەلێکی نازانستی و بێ بەرنامەن. ئەوانەی کار لە سەر ئەنفال دەکەن، زۆرتر بە شوێن ئەوەوەن بزانن یان بیسەلمێنن ژمارەی ئەنفالکراوان چەندە، کۆششێکی زۆریش دەکەن ئەو ژمارەیە زۆرترین ژمارە بێت و بە هەر چەشنێك بووە گەورەترین ژمارەی ئەنفالکراوان بسەلمێنن و دژی هەر ژمارەیەکی لەوەی خۆیان کەمتر بووەستنەوە، هەندێ جاریش تەنها دەیانەوێت شەرعیەت بە دەست بهێنن، ئیتر شەرعیەتی هەر شتێك بێت، تاوانبارکردنی ئەوانی تر یان پاکسەلماندنی خۆیان، شەرعیەتی بە دادگاگەیاندنی تاوانباران، یان وەرگرتنی شەرعیەتێك بۆ چوونە ناو باس و پرس و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، لە شەرعیەتەوە بۆ تاوانبار و دوژمن دەگەڕێن، لەم پێناوەدا سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ ساز دەکرێت، لەو لایشەوە لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار پشتیوانیی هەندێ لەو جۆرە چالاکییانە دەکات، لە لایەکی ترەوە مۆنۆمێنت بۆ ئەو تراژیدیایە دروست دەکات، هەندێ جار هەوڵ دەدات ئەو ڕووداوە تەنها لە بەرنامەی مێدیاکان و یادەکان و ناو بڵاوکراوەکاندا نەهێڵێتەوە و بیخاتە ناو چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندندا.
لێرەدا بەکورتی لە سەر هەر یەك لەو خاڵانە ڕادەوەستین و سەرنج و پرسیاریان ڕووبەڕوو دەکەینەوە، کە کارکردنی لە سەر ئەنفالی تێدا قەتیس کراوە:

١- یادکردنەوە:

زۆربەی جار کە وشەی ئەنفال دەبیستین، دەبینین کە مەبەست لەمە یادکردنەوەی ئەو تراژیدیایە، ئەوانەی باسی ئەنفال دەکەن دەیانەوێت یادی ئەو مەرگەساتە لە کۆیادەوەریی هەمواندا زیندوو بێت، بە قەناعەتی خۆیان مەبەستیانە ئەو ڕووداوە بیر نەچێتەوە و پێویستە و ئەرکێکی ڕەوشتی و مرۆڤایەتی و نەتەوەییشە کە یادی ئەنفال بکرێتەوە و بە سانایی فەرامۆشی نەکەین و هەموان بزانن لەو مێژووەدا چی بووە و چی ڕووی داوە و چ تراژیدیایەك کەی و لە کوێ و چۆن ڕووی داوە، قوربانییەکان کێن و تاوانباران کێن و لە کوێن و وردەکاریی ئەو ڕووداوە چۆن بووە، بەڵام پرسیارێك لێرەدا پێویستە بهێنرێتە پێشەوە، ئایا یادکردنەوە خۆی چییە و چۆنە و چ ئامانجێك لە پشتییەوە خۆی حەشار داوە؟ یان پرسیارێك لەوە جیدیتر ئەوەیە، ئایا خودی یادکردنەوە هەر ئەوەیە کە ئەمانە دەیکەن و هەر ئەوە جەوهەری یادکردنەوەیە؟
کاتێك دەتوانین یادی ڕووداوێك چ خۆش یان ناخۆش بکەینەوە، کە بووبێتە بەشێك لە ڕابردوو، واتە بووبێتە پارچەیەك لە مێژوو، بە هەموو قورسایی و ڕوودانێکییەوە لە ئێستادا نەمابێت و درێژ نەبووبێتەوە بۆ زەمەنی یادکردنەوە و خۆی نوێ نەکاتەوە، یادکردنەوە ئەگەر بۆ تراژیدیا بوو، بۆ ئەوە نییە، زامەکان بورووێژێنرێتەوە و سەری برینەکان هەڵ بدرێتەوە و ئازار و ژانەکان بهێنرێتەوە کوڵ، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە هۆی ساڕێژکردنەوەی ئەو زامانەوە هەستی مرۆڤدۆستی و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ گەرمتر بکرێت و بە پەرۆشەوە بیری لێ بکرێتەوە، یادکردنەوەی تراژیدیا بۆ ئەوەیە، زام ببێتە هەوێنی لەدایکبوونەوە و ژیانێکی نوێ، نەك شیوەن و گریان لە ژێر کاریگەریی ئەو تاوانەدا، یادکردنەوەی ئازار و ژان بۆ ئەوە نییە بە هەستێکی ساختە و تەنانەت هەستێکی ڕاستەقینەیش وای نیشان بدەین دەروونمان ئەو ئازار و ژانانە دەچێژێت، بەڵکو ئازار و ژان دەبێت ببنە پاڵنەری ڕامان و خوێندنەوەی ڕووداوەکە و زەمینەسازان بۆ ڕوونەدانەوەی هەر ڕووداوێکی لەو جۆرە.
گەر کۆمەکیش لە دەروونشیکاری وەرنەگرین (کە دیارە پێویستمان بەم کۆمەکە و هەموو جۆرە کۆمەکێکی ترە بۆ خوێندنەوە و تێگەییشتن لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو تراژیدیایە.) ئەوا هەر ئەوەمان لا ڕوونە کە ئەنفال، ترس و ئازار و کاریگەرییەکی زۆر خراپی بە تایبەت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و نەوەکانیانە و ئەم ڕووداوە تارماییەکە و هەمیشە بە شوێنیانەوەیە، بۆیە یادکردنەوەی ئەنفال دەبێت بۆ ڕەوینەوەی ئەم تارماییە بێت نەك ئەوەی هەمیشە ئەو تارماییە بهێنێتەوە پێشەوە، بە شێوەیەکی گشتی پێویستە یادکردنەوە ئاوڕێك بێت لە ڕابردوو بۆ ئەوەی بەرەو ئەم ئاراستە و ئاییندانەمان بەرێت :
أ- یادکردنەوەی ئەنفال ئەگەر بۆ گەرمکردنی کایەی ڕاگەیاندن نەبێت و وەك بابەتێکی ڕۆژ بۆ نووسین و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بە کار نەیەت، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەم یادکردنەوەیە بەر لە هەر شتێك دەکرێت سیفەتێکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستی لە خۆ بگرێ و لە ڕێگەی ئەو یادکردنەوەیەیشەوە کار بکرێت بۆ تێگەییشتن و قووڵبوونەوە و تێڕامان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی تراژیدیای ئەنفال ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەستە و میتۆدی جیاوازجیاواز بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم ڕووداوە تاڵەی مێژووی کورد، ئەم کارە جگە لەوەی بەرەو تێگەییشتن و ڕەخنەی جیدی لە ستراکتۆری

ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت، هاوکات ئەم پرۆسەیە ئومێدبەخشیش دەبێت لە ڕوونەدانەوە و ڕێگەگرتن لە نوێبوونەوەی تراژیدیایەکی لەو چەشنە لە ژیانی کورددا و وا دەکات ئاییندەی خۆیشمان بە جۆرێکی تر و ڕوونتر ببینین، چونکە بێ هەوڵدان بۆ تێگەییشتن و ڕامان لە سەرچاوە هەمەلایەن و جۆربەجۆرەکانی ئەنفال و بەدواداچوون بۆ ئەوزەمینە و هۆیانەی وەهایان کرد ڕووداوێکی دڕندانەی لەم جۆرە لە سەر واقیعی ژیانی کورددا ڕوو بدا و ببێتە مێژوویەکی تاڵ، هەروەها بە بێ بینین و شیکردنەوەی ئەو سەرزەمینەی بوونە هۆی ئەوەی لە تراژیدیای ئەنفال نەیەینە دەنگ ڕووداوێکی وا ترسناك و قوربانییەکانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان بەرەو تێڕوانین و دونیابینیی تر ئاراستەمان نەکەن و گومان و پرسیار نەخەینە سەر هەست و ویژدان و لێپرسراوێتیمان، بێ گومان ئەستەمە یان خۆدانە لە گێلی گەر وا بیر بکەینەوە، تراژیدیایەکی وەك ئەنفال تەنها لە مێژووماندا هەیە و کاری ئێمە هەر ئەوە دەبێت یادی بکەینەوە و، پێمان وا بێت ئەو تراژیدیایە لە ئاسۆکانی ئاییندەدا هەرگیز نایبینینەوە و مەزندەی ئەوە بکەین جارێکی تر ژیانی میللەتەکەمان بە ساتەوەختە تۆقێنەرەکانی ئەو تراژیدیایەدا هەرگیز تێ ناپەڕنەوە.

ب- یادکردنەوەی ئەنفال ئەگەر ئەنفال بکاتە بابەتێك بۆ تێرامانی قووڵ و جیدی و وەك کەرەستەیەکی فیکری و مەعریفی، بە دڵنیاییەوە دەکرێت کۆمەڵێك دەرئەنجامی گرینگمان بۆ بهێنێتە بەر دەست. بە دەم یادکردنەوەی تراژیدیای ئەنفالەوە کاتێك بە چەمکی نوێی ڕاڤەکردن و دیدی تازەوە بکەوینە نێو پرۆسەی گەڕان و پشکنینی تەواوی پانتاییە تاریك و ڕوونەکانی سەرجەم ڕووبەر و دیوارە دیار و نادیارەکانی ئەو دونیایەی تراژیدیایەکی هێندە دڕندانەی کردە بەشێك لە مێژووی میللەتەکەمان، وەختێك بە میتۆدگەلێکی جیاواز لە میتۆدە سواو و تەقلیدییەکان هەوڵی پێناسەکردنەوە و توێژینەوە و ڕاڤەکردنەوەی ئەو واقیعەی ئەنفالی تێدا ڕووی داوە، دەدەین، هەر کات پرسیاری نەترسانە و گوومانی قووڵ و ڕەخنەی بوێرانەمان ئاراستەی سەرجەم خوڵقێنەرانی ئەو تراژیدیایە کرد، لەم ڕێگەیەیشدا لەمپەرەکانی بەردەم بیرکردنەوە و بینینمان خستە ئەو لاوە و بە ئازادییەکی ڕەها و بێ هیچ بڕیارێکی پێشوەخت و چاوەڕوانکراو دەست پێ بکەین و هیچ ئینتیمایەکی ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی دیاریکراوی شیکردنەوە و قسەکردن نەگرینە بەر، ئەو کات دەتوانین کە یادی ئەنفالمان کردەوە، چەمکێکی سامناکی وەك چەمکی ئەنفال لە گوتارە سیاسییە سەرپێییەکان و ئەو بۆنە و دروشمانەی هەرگیز ناگەنە نیوەی قووڵاییەکانی ئەو تراژیدیایە بسەنینەوە و مێدیا و بەرپرسانیان لەوە حاڵی بکەین، بۆ لەمەولا تەنها ئێوە مافی بەکارهێنانی ئەم چەمکەتان نییە. ئێوە پێویستە لەم شوێنەدا بوەستن و چیتر مافتان نییە ئەم وشەیە هەر وا بە سادە و سانایی و بۆ مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی بە کار بهێنن. دەبێت ئەو نووسەر و شاعیرانەی بێ هیچ سەرمایەیەکی مەعریفی ئەم چەمکە هەڵدەگرن و دەیخەنە تێکستە مردوەکانیانەوە، لەوە ئاگادار بکرێنەوە، ئەنفال وەك چەمك و وەك تراژیدیا هێندە مردوو و بێ گیان نییە تا تەنها لە بۆنە و ساڵڕۆژی تراژیدیاکەدا و لە ناو تێکستێکی سیاسی یان ئەدەبیی لاوازدا گیانی بە بەردا بکرێتەوە و گوزارشتی لێ بکرێت.

ت- یادکردنەوەی ئەنفال سەرەڕای ڕەهەندە ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانەکەی، گەر ئەو یادکردنەوەیە ئاوێتە بێت بە خوێندنەوە و توێژینەوەیەکی گرینگ، کە تراژیدیای ئەنفال تەنها لە یەك لاوە نەبینێت و ئەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانە لە یەك ڕەهەندەوە و لە یەك گۆشەوە ئاراستە نەکرێن، یادکردنەوەی ئەنفال دەرکەوتەکانی تێرامان بن لە تراژیدیای ئەنفال و ئەویش بریتی بێت لەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانەی تەنها بە کەرەستە و چەمکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەخوڵقێنرێن و تەنها خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەبن، بەڵکو هەموو ئەو میتۆدانەی کە دەکرێت ئاسانکەر و ڕێنیشاندەر بن بۆ فرەڕەهەندکردن و دەوڵەمەندکردنی گۆشەکانی بینین و تێڕامان و قووڵبوونەوە، سوودیان لێ وەربگیرێت و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تراژیدیای ئەنفال لەگەڵ دیوە سیاسییەکەیدا خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی کولتووری و دەروونی و یاسایی و سۆسیۆلۆژی و... هتد بێت، تا لە ڕێگەی ئەم فرەڕەهەندییە لە قووڵترین و کاریگەرترین لێخوردبوونەوە و تەفسیر لانی کەم کەمێك دڵنیامان بکات و بە هۆی ئەم تەفسیر و خوێندنەوە فرەڕەهەند و ورد و قووڵانەیشەوە بتوانین جیهانبینی و دیدگایەکی نوێ دروست بکەین و بناغەی سیاسی و ئەخلاقی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری و دەروونیی خۆمان بدەینە بەر پرسیار و ڕەخنەی بوێرانە و بە دیدێکی تر سەیری ئاییندە و ئاسۆکان بکەین و هەرگیز ئەو دۆخ و سەرزەمینە نەیەتەوە ئاراوە بۆ ڕوودانەوە و نوێبوونەوەی هەر تراژیدیایەکی چەشنی ئەنفال.

٢- بەڵگەنامە :

بەشێکی کارکردن لە ئەنفالدا بریتییە لە دۆزینەوە و کۆکردنەوە و پاراستن و خستنەڕووی بەڵگەنامەکانی پێوەست بە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال، بەشێکی ئەم بەڵگەنامانە ئەوە نیشان دەدەن، ئەنفال بە فەرمانی کێ و بە چ فەرمانێك ڕووی داوە، کەی ڕووی داوە، ماوەی چەندی خایاندوە و بە چەند قۆناغ ئەنجام دراوە و هەر یەك لەو قۆناغانە چەندیان خایاندوە و هەر یەکەیشیان چ ناوچەیەکی گرتوەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك زانیاریی گرینگی تر کە لەو بەڵگەنامانە دەست دەکەون .

بەڵگەنامە تەنها چەند پارچە کاغەزێك یان کاسێتێکی دەنگی یان ڤیدیۆیی یان تۆمارێکی شایەتحاڵان نییە بە تەنها، بەڵکو دەروازەیەکی گرینگن بۆ ڕوانین لە ڕابردوو و ئەو ڕۆژگارەی ئەو ڕووداوەی تێدا بووە، بەڵگەنامەکان گرینگن بۆ بینینی لانی کەمی گۆشەیەکی ڕووداوەکان، بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنیان، بۆ ئەوەی وردەکاری و چۆنێتی و کات و شوێنی ڕووداوەکان لە لای خۆمان و ئەوانی تر بسەلمێنین و ڕاستییان وەك ڕووداوێکی حاشاهەڵنەگر لە لای خەڵکی تر جێگیر بکەین، ئەوەیش بکرێتە خاڵی دەستپێکردنی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستی... هتد. بەو بەڵگەنامانە دەتوانرێت پەنجەی تاوان بۆ تاوانبار ڕابکێشرێت و ڕاپێچی دادگا بکرێت، هەر بەو بەڵگەنامانەیش وردەکاریی تاوانەکە

ڕوون دەکرێتەوە، مرۆڤ تا ڕادەیەك دەتوانێت تێ بگات چی ڕووی داوە و چۆن کاری لەگەڵدا بکات و چۆن ڕووبەڕووی ئاکامە مەترسیدارەکانی ببێتەوە، بۆ نموونە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی حەزەر، کە تەرمی ژمارەیەك ئەنفالکراوی تێدا بوو، بە هۆی بەڵگەنامەیەکی سەردەمی سیستمی بەعسی فەرمانڕەوا لە عێراق دۆزرایەوە، ئەویش لە کاتی دادگاییکردنی سەرکردە تاوانبارەکانی ئەو سیستمە بە تاوانی ئەنجامدانی ئەنفال لە دادگای تاوانەکانی عێراق .

ئەمەی باسمان کرد ڕووی ئاشکرا و بێ پەردەی بەڵگەنامەن و هەر کەس پێناسی بەڵگەنامە بکات و باسی ئەوە بکات بەڵگەنامەکان چیین و گرنگییان چییە، بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دەدوێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا هیچ دەلالەتێکی تر لە پشت ئەو بەڵگەنامانەوە هەیە، جگە لەمانە بەڵگەنامەکان دەتوانن هیچ کارێکی نهێنیی تر بکەن، کارێك یان کارگەلێك کە دەشێت و هەموومان بە ئاسانی نەیانبینین و یان بینینیان بیرکردنەوە و سەرنجێکی وردتری بوێت؟ پرسیارێکی تری گرینگتر ئەوەیە، وردەکاریی تەکنیکەکانی پاراستن و کارکردن و بەکارهێنانی ئەو بەڵگەنامانە چین؟ ڕێگە زانستی و عەقڵانییەکەی چۆنە؟

دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ئاشکراکردن و پاراستنی بەڵگەنامە زۆر جار لای ئێمەی کورد بە تایبەت لە کەیسی ئەنفالدا تەنها بریتییە لە کاردانەوەیەکی مێدیا، تەنها بووە بە بابەتی ڕاگەیاندنەکان و چەند ڕۆژێك یان لە بۆنە و یادەکاندا کردوویانەتە خۆراکی کەناڵ و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بێ گومان کاردانەوەی مێدیایی و بابەتی ڕۆژنامەوانی چەندێك گەرم و توند و پڕ هەڵچوونیش بێت، یان چەندێك بابەتێکی گرینگ و هەستیار بێت، ئەگەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و جووڵانەوەی جەماوەری و ڕۆشنبیری و سیاسیی لێ نەکەوێتەوە، هەمیشە بابەتی ڕاگەیاندن لە سنووری دیاریکراوی مێدیاکاندا دەبێتە کاڵای مێدیایی، کاڵایش یەکێك لە سیفەتەکانی بەسەرچوون و پاشان فڕێدانە، بابەتی ڕۆژنامەوانی کە تەنها بۆ ڕاگەیاندن و کەناڵەکان بێت، دەبێتە بابەتێك بۆ بیرچوونەوە و بازدان بە سەریدا و دواتر فەرامۆشکردنی، بۆیە بابەتی دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ئاشکراکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان هەڵەیەکی گەورەیە تەنها بۆ کاردانەوەی مێدیایی بێت، ئاکامە خراپەکانی لە باشەکانی زۆرتر دەبێت ئەگەر تەنها وەك بابەتێکی ڕۆژنامەوانی سەیری بکرێت، لەوەیش گرینگتر نابێت ئەو بەڵگەنامانە تەنها ئاراستەی لایەنە گەورە و جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوەیەکگرتوەکان یان دادگای نێودەوڵەتی و پەرلەمانی وڵاتان بکرێت، چونکە ئەوان تەنها کارێك دەکەن لە چوارچێوەی پێڕەو و پرەنسیپی خۆیان، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەو بەڵگەنامانە چەندە ئاراستەی دونیای دەرەوە دەکرێن، هێندەیش ئاراستەی دونیای ناوخۆ بکرێن، چەندە بە نیازی دروستکردنی هەڵوێست بین لە سەر ئاستی دەرەوە بە هۆی ئەو بەڵگەنامانەوە هێندەیش گرینگ بێت لامان کە هەڵوێست لە سەر ئاستی ناوخۆیش دروست بکەن، بەڵگەنامەکان پێویستە ئەو دیوەیان بگەشێنرێتەوە کە خەڵك دەجووڵێنن و هۆشیاریی جەماوەری دروست دەکەن، بۆ ئەوەی هەر تاکێك لای خۆیەوە ئەو هەڵوێستەی لا دروست ببێت کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو تراژیدیایە ببێتەوە و چۆن دژی تێکدانی ئەو زەمینەیە کار بکات کە تراژیدیای لەو چەشنەی لە سەر ڕوو دەدات و چۆنیش کار بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی بکات و خزمەت بە کەیسەکە بکات. بەڵگەنامەکان دەتوانن چەندین کەیسی کاریگەر بخوڵقێنن، ئەو کەیسانە دەکرێت بکرێنە ئاوێنەی لەخۆڕوانین و چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دژوەستانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو نادادپەروەرییەکی ئێستایش، چونکە ئەگەر تا ساتی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکان هۆکارێك هەبێت بۆ بێ ئاگایی و ئەوەی کە مرۆڤ بڕوا بە ڕاستێتیی تاوانێك نەکات و خۆی لە هەموو هەڵوێستێکی ڕادیکاڵ و چالاکییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بدزێتەوە، ئەوا لە دوای ساتی بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکانەوە دەکرێت مرۆڤ ئەم بیانووەی نەمێنێت، واتە بەڵگەنامەکان دەتوانن ببنە هەوێنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و بەگژداچوونەوەی نادادی و ستەمکاری .

کاری زانستی و عەقڵانییش لە ڕووی تەکنیکییەوە لەگەڵ بەڵگەنامەکاندا، بە هاوکاریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامانجە سوودبەخشەکانی پێشکەوتنی زانست بەدی دێت، ئەویش بەوەی ئەمڕۆ تۆڕی ئینتەرنێت و دەزگا گەورەکانی مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك ئاسانکاری و خزمەت بە ئامانجەکانی بەڵگەنامەکان دەکەن، ئەویش بە هۆی ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەم بوارانەوە، هاوکار دەبێت لە خێرایی گەیاندنی پەیامی ئەو بەڵگەنامانە و دەتوانرێت وردبینیی زانستییان بۆ بکرێت و بەڕێگەی زانستی هەڵبگیرێن و بپارێزرێن و بە ئاسانترین شێوە و کەمترین کات بە دوایاندا بگەڕێین، بەردەوامیش لە نوێکردنەوەیاندا بین، بێ گومان هەموو ئەمانەیش ئاسانکاریی باشن بۆ پێکانی ئامانجی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان و ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جیهان و دروستکردنی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری... هتد .

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بە دیاریکراوی بوونی تۆڕی ئەنتەرنێت هۆکارێکی باشە بۆ دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری (داتابەیس) بۆ ئەو بەڵگەنامانە (نووسراوی ڕەسمی، تۆماری دەنگی، تۆماری ڤیدیۆیی، وتەی شایەتحاڵان، ڕزگاربوان... هتد) ی لەبارەی ئەنفالەوە دەدۆزرێنەوە و کۆدەکرێنەوە و دەخرێنەڕوو، سوودی ئەم بنکەیەی زانیاریی بۆ بەڵگەنامەکانی پێوەست بە ئەنفال لەم خاڵانەدا دەردەکەون:

أ- دەتوانێت جگە لە بەڵگەنامەکان، زانیاریی تر کۆ بکاتەوە و بە شێوەی بەڵگەنامە ئامادەیان بکاتەوە و بیانپارێزێ، لە دەرەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەی نوێیش، ئەو زانیارییانە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی پێدا بکرێتەوە.

ب- بەڵگەنامەکان لە ناو ئەو بنکەی زانیارییەدا بۆ پلانی جۆراوجۆر لە خزمەت کەیسی ئەنفالدا سوودی لێ وەردەگیررێت.

ت- بەڵگەنامەکان لەم بنکەی زانیارییەوە و لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە زانیارییەکان لە تاوانی ئەنفال بە هەموو دونیا دەدات، ئەوەیش دەکرێت یەکدەنگی و پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ ئەو کەیسە دروست بکات.
پ- ئەم بەڵگەنامانە لەڕێگەی ئەم بنکەی زانیارییەوە، دەتوانن ڕایەڵێکی بەهێز دروست بکەن، بۆ توێژەران لە هەموو جیهانەوە، کە لە ڕووەکانی سیاسی، ئابووری، سایکۆلۆژی و کردەکانی تاوانکاری لە تراژیدیای ئەنفال بکۆڵرێتەوە.
ج- ئەو زانیارییانەی لە سەر ئەو شوێنانەی تاوانی ئەنفال تێیاندا ڕوویداوە وەك بەڵگەنامە لەم بنکەیەدا کاتێك کۆ دەکرێنەوە، بۆ تێگەیشتن لە وردەکاریی ڕووداوەکە سوودمەند و خێرا و ئاسانتر دەبن .
ح- لەم بنکەی زانیارییەدا جگە لە بەڵگەنامەی نووسراو و زانیاریی تۆمارکراو، وێنە و فیلم و هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ لە بارەی تاوانی ئەنفالەوە بڵاو دەکرێتەوە، کە هەموو کەس لە هەموو جیهانەوە دەتوانن بە ناو ئەو وێنە و فیلم و هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵانەدا بگەڕێ، ئەمەش بێ جگە لەوەی ڕێگەیەکی ئاسانتر دەبێت بۆ ناساندنی تاوانەکە، بابەتێکیش دەبێت بۆ توێژینەوە و دروستبوونی پێوەندی و پرسیار و گفتوگۆ لە بارەی ئەو تاوانەوە .
خ- ئەم بنکەی زانیارییە بە وردی نەخشەی ئەو ناوچانەی تاوانەکەیان تێدا ڕووی داوە دەکێشێت، ئەمەیش ئاسانکاری و بەڵگەیە بۆ شیکردنەوەی سەلماندنی تاوانەکە بە هەموو دونیا، ئەگەریش بە شێوەی ئۆنلاین بێت زانیارییەکان باشتر دەگەیەنێت و دەوڵەمەندتریش دەکرێن .
د- بەهۆی ئەم بنکەی زانیارییەوە دەکرێت ڕاپرسی و داواکاریی بەرەو ڕووی بەکارهێنەران بکرێتەوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی هەندێ لە زانیارییەکان و ڕاستکردنەوەی ئەوانەی پێویستییان بە ڕاستکردنەوە هەیە و پێداچوونەوە و ئامادەکردنەوە و پۆلێنکردنیان بە پێی ستانداردی جیهانی و بەرنامەڕێژی بۆیان.

٣- ئەرشیفکردن:

ئەرشیفکردن لە دوای پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەکانەوە دەست پێ دەکات، پێشتر باسی ئەرشیفکردنمان کرد، بەڵام ئێستا باسی ئەو شێوازی ئەرشیفکردنە دەکەین کە ئێستا لە پرۆسەی کارکردن بۆ کەیسی ئەنفال و لێکۆڵینەوە لەو تاوانە هەستی پێ دەکەین و ئەو مەبەستەی لە پشت بەشێکی زۆری لەم کاری ئەرشیفسازییەوە هەیە، لەگەڵ ئەو ئامانجانەی دەیپێکێت.
پرۆسەی ئەرشیفکردن و پارێزگاریکردن لە هەر بەڵگەنامە و دیکۆمێنتێکی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی هەر زانیارییەك کە لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو تراژیدیایە ڕوون بکاتەوە و خزمەت بە کەیسەکە بکات، کارێکی زۆر گرینگە و بێ ئەم پرۆسەیە هەموو کارێك کە ناوی خزمەت بە کەیسی ئەنفال و ناساندنی تاوانەکە و ئاوڕدانەوە لە قوربانییانی لێ بنرێت کارگەلێکی بێ ئاکام و سەرنەکەوتوو دەبن و، زۆربەی سەرچاوەکانی تایبەت بە قسەکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانی ئەنفال جەخت لە بەها و گرینگیی کاری ئەرشیفسازی دەکەن بۆ بەڵگەنامە و زانیارییەکانی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و ناساندن و زانیاری لە سەر ئەو کەیسە، نووسەران و توێژەران و چالاکان کە کار بۆ پرسی ئەنفال دەکەن، بەردەوام پێ لە سەر ئەوە دادەگرن (هەوڵ بدرێ بە وێنە و نەخشە و بەڵگەی نووسراوەوە لە بابەتی ئەنفال بکۆڵرێتەوە)[3] یان دەڵێن (پێویستە ناوەندێکی سەربەخۆ لە کەسانی شارەزا دابمەزرێت لە کورد و یاساناسانی ئەورووپی و ئەمەریکی، تاکو خەریکی کۆکردنەوە و دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بێت لەگەڵ تۆمارکردنی شایەتیی ئەو کەسانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، تاکو لائیحەیەکی تۆمەت خستنەپاڵی سەرانی ڕژێمی عێراق ئامادە بکات.)[4]
ئەوەی کە شوێنی ڕەخنەگرتنە لەم پرۆسەی ئەرشیفسازییەدا ئەوەیە، کە ئەم کارە تەنها بخرێتە خزمەت یەك ئامانجەوە و تاکڕەهەندانە بە کار بهێنرێت، ئەوەی لە زۆربەی ئەم کاری ئەرشیفسازییەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە تەنها لە پێناوی ئەوەدا هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ کە ڕژێمی بەعس ئەو تاوانەی ئەنجام داوە و چەندین گوند و شار و شارۆچکەی خاپوور کردوە و پتر لە سەدوهەشتاودووهەزار مرۆڤی کوردی ئەنفال کردوە، ئیشکردنی تاکڕەهەندانە بەم شێوەیە لە سەر تاوانی ئەنفال بە شێوەیەکی ئاگاییانە بێت یان نائاگاییانە ئاراستەی غەدرکردن لە تاوانی ئەنفال و فەرامۆشکردنی قوربانییان و پەراوێزخستنی ڕزگاربوان و نەوەکانیان وەردەگرێت.
پرۆسەی ئەرشیفکردن و پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی هەر زانیارییەك لە سەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو تراژیدیایە گرینگیی خۆی هەیە، بەڵام وەك دەبینین کاری ئێمە لە سەر تاوانی ئەنفال تەنها ئەرشیف و کۆکردنەوە بێت، بەبێ قووڵبوونەوەو توێژینەوەی ورد و بەدواداچوون، کاری ئێمە تەنها پاراستن و سەریەکخستنی زانیاری بێت، بەبێ دەرخستنی لایەنە نادیار و شاراوەکانی، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوەیش بکەین کە ئەم پڕۆسانە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە خزمەت بچووککردنەوەی تاوانی ئەنفال و ونکردنی چەندین تاوانبار لە پاڵ دەرخستنی تاوانباری سەرەکی و گەورە.

٤- ژمارە:

---

[3] - یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2001، ل246.
[4] - پ.د.نوری تالەبانی، بۆ بە نێونەتەوەییکردنی کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (55)، 2002 ، ل112.

بەشێکی بەرچاو لەو گفتوگۆ و توێژینەوانەی لە بارەی ئەنفالەوە دەکرێن، ئاوڕدانەوەن لە ئاماری قوربانییان و ژمارەی ئەنفالکراوان و ژمارەی ئەوانەی ڕزگاریان بووە، هەروەها ژمارەی دێهات و شار و شارۆچکە خاپوورکراوەکان بۆ زۆر لەو کارانە گرینگن، زۆر جار بابەتی ئەکادیمیبوون و زانستی و سەلماندن دەبنە هۆی ئەوەی توێژەر یان بە گشتی هەر کەسێك کە لە بارەی شتێکەوە دەدوێت، پەنا بۆ ئامار و ژمارە ببات، لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوە ساغی بکاتەوە، ئاشکرایە سەلماندنی ژمارە و ڕاگەیاندنی ئامارەکان بە وردی و ڕێکوپێکی شتێکی خراپ نییە و، یارمەتیی تێگەییشتن و ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە دەدات، بەڵام جەختکردنەوەی زۆر و بە هەدەردانی بەشێکی زۆر لە توانای فیکری و لۆجستی لە سەلماندنی ژمارەکان و لەوێشەوە شەڕکردن و داکۆکیکردنی زۆر لە سەر ئەوەی بەرزترین ژمارە لە ژمارەکان بسەلمێنرێت، ئەمەیان لە چوارچێوەی ئەکادیمیبوون و خزمەتکردن بە دۆسیەکە دەردەچێت و شتێکی تر دەگەیەنێت، کە نەستی ئەوانەی بەم داکۆکیکردنە زۆرەوە خەریکن ئاشکرای دەکات.

هەموومان دەزانین کە هۆکاری ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت زۆرترین ژمارەی ئەنفالکراوان لە توێژینەوەکانیاندا بسەلمێنن ئەوەیە، کە بڵێن تراژیدیایەکە زۆر گەورە و دڕندانە بووە و لەوەیش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن، بە هۆی گەورەیی قەبارەی تاوانەکەوە لە ڕووی چەندێتییەوە دەتوانرێت زووتر بە دونیا بناسێنرێت و وەك تاوانی ئەنجامدانی جینۆساید دانی پێدا بنرێت و سەیری بکرێت، هەرچەندە لەو پێناسەی بۆ جینۆساید کراوە و لە جیهاندا ناسراوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە لەبەر ئەوەی ئامانجی تاوانی جینۆساید لەناوبردنە، ئەوا ژمارەی قوربانییان و قەبارەی تاوانەکە لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر بە هەند وەرناگیررێت، چونکە تەنها بوونی نیەتی لەناوبردنی گشت یان بەشێکی گروپێکی مرۆیی بەوە دێتە هەژمار کە تاوانی جینۆساید جێبەجێ کرابێت، بۆیە مەرج نییە هەر دەبێت تاوانەکە قوربانییەکی زۆری لێ بکەوێتەوە و ژمارەکەی گەورە بێت، لەبەر ئەوە ژمارەی قوربانییەکان چ زۆر بن و چ کەم، واتە هەر چەند بێت بەڵام نیەتی جینۆسایدی تێدا بێت، سەبارەت بە مەحکومکردنی تاوانەکەو سزادانی تاوانباران لە دادگای نێودەوڵەتی زۆر گرنگ نییە.

وەك ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد شتێکی زۆر گرینگە تاوانی ئەنفال چۆن ڕووی داوە و وردەکارییەکەی چۆن بوە و بەو شێوەیە تۆمار بکرێت و باس بکرێت و کاری لە سەر بکرێت و بە دونیا بناسێنرێت، هەر لەوێیشەوە خزمەت بە کەیسەکە بکرێت، لەم پێناوەدا بێ گومان ئامار و ژمارەکان ئەگەر ڕاست و ورد و سەلمێنراو بن، هاوکار و پاڵپشتێکی زۆر دەبن بۆ ئەم ئامانجە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، چییە وا لەوانە یان لە زۆربەیان دەکات کە ئامار و ژمارەکان دەهێننە پێشەوە، حەز بکەن یان بیانەوێت زۆرترین ژمارەی قوربانییان بسەلمێنن، بۆچی ژمارەکان هەتا گەورەتر بن پێیان وایە باشترە و کارێکی سوودبەخشیان کردوە، بێ گومان وەك گوتمان لای ئەوان هۆکار ئەوەیە کە قورسایی تاوانەکە پیشان بدەن، وایش دەزانن هەتا گەورەتر بێت زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت و دانی پێدا دەنرێت و هەستوسۆزی خەڵك و دونیا ڕادەکێشێت، بێ گومان ئەگەر ژمارەکانیش لە ئاستی خۆیان بچووکتر بکرێنەوە و ژمارەیەکی کەمتر لە ژمارە ڕاستییەکە ڕابگەیەنرێت و دانی پێدا بنرێت، ئەویش هەر ستەمە لە قوربانییان و سووککردنی تاوانی تاوانبارانیشە.

ژمارە و ئامار لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لە سەر تراژیدیا تا ئەو شوێنە گرینگە تاوان لە چۆنێتییەوە نەهێنێتەوە سەر ئاستی چەندایەتی، ئەوانەی تەنها بۆیان گرینگە تاوان لە ڕووی چەندایەتییەوە چ قەبارەیەکی هەبوە و ئاماری قوربانییان و ژمارەی ئەنفالکراوانی بە لاوە لە هەموو شت گرینگترە، لە ڕاستیدا ئەوانەی تراژیدیایان تەنها لەڕووی چەندایەتییەوە بە لاوە گرینگە و تەنها ئەوە دەبینن ژمارەی قوربانییان چەندە و چەند شار و گوند وێران بووە و چەند خانوو خاپوور کراوە و چەندیان منداڵ و چەندیان ژن...هتد، بوون، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، نائاگاییان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نائاگاییی دەسەڵاتە ستەمگەرەکان کە تەنها ژمارەکانی بۆ گرینگە، تەنها ڕووداوەکان لە ڕووی چەندێتییەوە دەخوێنێتەوە، چۆنێتییانی بۆ گرینگ نییە، کە شەڕ دەکات تەنها بە ژمارە بۆی گرنگە چەند کەس کوژراوە و چەند بریندارە و چەند بە دیل گیراوە، چەند شوێنی لە دەست داوە یان داگیری کردوە، تەنانەت لە پێوەندییە دیبلۆماسییەکانیشیدا بە ژمارە بۆی گرینگە چەند دۆست و چەند نەیاری هەیە، چەند هاوپەیمان و چەند ناکۆکی هەیە و لە پڕۆژەی خزمەتگوزاریشدا هێندەی جەخت لە سەر ژمارەی پڕۆژەکان دەکاتەوە، هێندەی بە لاوە گرنگ نییە لە ڕووی کوالێتییەوە چ پڕۆژەیەکی کردوە، بە لای ئەوەوە سەد پڕۆژەی شکستخواردوو یان لاوەکی و بێ کاریگەر لە دە پڕۆژەی جیدی و پێویست و سەرکەوتوو لە ڕووی چۆنێتییەوە گرینگترە .

بەهێزبوونی ژمارە و ئاماری قوربانییان لە نەستدا لە پێوەستبوون بە قورسایی و کاریگەریی تاوانەوە، ڕاستەوخۆ بە بێ ئەوەی درکیشی پێ بکەین چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، بەڵێ ئێمە پێمان خۆشە ژمارەیان زۆرتر بێت، ژمارەکان گرینگن، چونکە بەرزبوونەوەی ژمارەکان دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی دونیا بە لای ئەو کارەساتەوەو شوێندانانی لە تێڕوانین و بڕیارەکانی لایەنە پێوەندیدارەکانی تایبەت بەو کەیسە، ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی لۆژیکی نییە، بەڵام ئەگەر لۆژیکێکیشی تێدا بێت لەوێوە سەرچاوەی گرتوە بایەخێکی ئەوتۆ بە چۆنێتیی تاوانەکە نەدراوە و تەنها جەخت لە چەندێتی کراوەتەوە، هێندەی لە ژمارەی مردنەکان ڕادەمێنین هێندە لە مانای مردن ڕانامێنین چۆنێتی کوشتنەکان و ئەنجامدانی تاوانەکە بە لامانەوە سەرنجڕاکێش نییە، بۆیە لێرەوە بەهای مرۆڤایەتی لە مەعنەوییەوە دێتە سەر ژمارە و قەبارە لە ڕووی چەندایەتییەوە .

تویژەرێکی ئەنفال نووسیویەتی (ئەنفالکردنەوەی "ئەنفال" بە داشکاندنی ژمارەی قوربانییانی.)[5] واتە پێی وایە ئەوانەی ژمارەی قوربانییان کەم دەکەنەوە و ژمارەیەکی کەمتر لەوەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ نێودەوڵەتی ڕای گەیاندوە، نەك هەر ستەمێکی گەورە دەکەن، بەڵکو ئەوە ئەنفالکردنەوەی ئەنفالە. ئەمە ئەگەر بە ئەنقەست، یان لە نەزانینەوە ژمارەی قوربانییان کەم بکرێتەوە شایەنی بەرپەچدانەوە و ڕاستکردنەوەیە، بێ گومان لە هەر کارێکی توێژینەوەدا چ لە سەر تراژیدیا بێت یان لە سەر هەر بابەتێکی تر ڕاگەیاندن و پیشاندانی ژمارە و ئاماری هەڵە زیان لە توێژینەوەکە دەدات، بەلام جەختکردنەوە و بردنەوەی زۆرترین گرینگی و قورسایی بە لای ژمارە و ئامارەکان و تەنها بایەخ بە چەندایەتی بدرێت لە بریی چۆنایەتی، ئەو کات مانای مردن و ڕەهەندیی مەعەنەویی تاوان و چۆنێتیی ئەنجامدانی کوشتنەکان دەبن بە ژێرەوە و فەرامۆش دەکرێن.

٥- شەرعیەت و دادگاییکردن:

هۆکارێکی بەهێز و دیار لە پشت کارکردن لە سەر ئەنفال و بەکارهێنانی ئەم چەمکە و ئەم پرسە لە زۆر نووسین و کاری مێدیایی و چالاکیی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هەوڵدان و پەرۆشی بووە بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەت و شەرعیەت بۆ دامەزراندنی دادگا بۆ تاوانباران، ئەم مەبەستەیش بە قورسی لە دوای زۆربەی کارکردنەکانەوە بۆ پرسی ئەنفال ئامادەیە و ئامادە بووە.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە پرسی ئەنفال و داکۆکیکردن لە سەری لە زۆر ڕەهەندەوە ڕەوا و پێویست و تەنانەت ئەرکیشە، ئەرکی مرۆڤایەتییە بە تەنگ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانییەوە بێت، بەدەنگهاتن لە سەر مافەکانی ڕزگاربوانی ئەنفال سیمایەکی مرۆڤدۆستی وەردەگرێت، کەس گومانی لەوە نییە کە کەسوکاری ئەنفالکراوان حەقیان بە سەر تاوانباران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکوومەت و هەر لایەنێکی بەرپرس لە ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، هەیە، تاقانەکانی ئەنفال هەر چۆنێك باسی ڕووداوەکە بکەن و هەر داواکارییەکیان هەبێت دەتوانن سۆزی ئەوانەی گوێیان لێ دەگرن بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەنفال بەو پێیەی ڕووداوەکانی تراژیدین و سیفەتی تراژیدیایان هەیە، بۆیە لە ڕووی هەستوسۆزی مرۆڤانە و ویژدانییەوە دەتوانێت ئەوانە بخەنە ژێر کاریگەرییەوە کە چیرۆکەکانی دەبیستن، ئەم سیفەتی ڕەوایەتیی پرسی ئەنفال و پاکێتیی قوربانییان و کەسوکار و نەوەکانیان و لەسەرحەقبوونی ڕزگاربوانی ئەنفال و تاقانەکان و ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی خراپی ئەو تراژیدیایەدا دەژین، ڕاستەوخۆ و بە ئاسانی دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوانەی ئەو کەیسە هەڵدەگرن و کاری لە سەر دەکەن، ئەوانەی باسی ئەنفال دەکەن و داکۆکیی لەو پرسە دەکەن و داوای مافی قوربانییان دەکەن، خۆبەخۆبەشێکی لە سیفەتی ڕەوایەتیی پرسەکە بۆ خۆیان دەگوێزرێتەوە، ئەوانەی لە سەر ئەنفال دەنووسن و چالاکیی مەدەنی و مێدیایی ئەنجام دەدەن و تێکەڵ بە کاری سیاسی و مەعریفی و ڕێکخراوەییی خۆیانی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی نیەتیان باش بێت یان خراپ، خەمخۆری پرسەکە بن یان بەرژەوەندیی تایبەت، بەشوێن شەرعیەتێکیشەوە دەبن و یان شەرعەیتێك پێیانەوە دەلکێت ئەویش شەرعیەتە پەسەندکراو و نکوڵی لێ نەکراوەکانی پرسەکەیە، ئەوانە لەم ڕێگەیەوە و بەم هۆیەوە خۆیشیان دەکەنە خاوەنی هەموو سیفەتێکی ڕەوایەتی و پاکێتی و لەسەرحەقێتیی خۆیان، هەموو خەسڵەتێکی باش بە خۆیانەوە دەلکێنن، ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی خراپ لە سەر پرسەکە بە جێ دەهێڵێت، چونکە ئەوەی قسە دەکات کەسوکاری ئەنفالکراوان خۆیان نین، بەڵکو خەڵك و گروپ و لایەن و کەسانێکن بە ناوی ئەوانە دەدوێن و خۆیان دەکەن بە نوێنەری ئەوان، شایەتحاڵ و ڕزگاربوان و تاقانەکانی ئەنفال نادوێن، ئەگەر بیشدوێن لە ڕێگەی ئەو کەناڵ و لایەن وگروپ و کەسانەوە دەنگیان دەبیسترێت کە پرسەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کار دەهێنن یان بە هەڵە بە کاری دەهێنن، بۆیە هەرگیز دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان کە هەموو پەیامێکی تراژیدیای هەڵگرتبێت ناگات، دەنگێك بە هەموو ماناکانی گێرانەوەی ئەنفالەوە.

ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد، دروستبوونی شەرعیەتێکە کە بەکارهێنەرانی پرسی ئەنفال خۆیان بانگەشەی بۆ ناکەن و یان لە ڕاستیدا هەندێکیان هەر بۆ ئەو مەبەستەیش کار ناکەن، بەڵام هەندێك لە بەکارهێنەرانی پرسی ئەنفال بە ئاشکرا و یان وەك ستراتیژ کار بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتێکی تر دەکەن، خەڵکی تریش هان دەدەن کە هەوڵ بدەن بازنەی بەدەستهێنانی ئەم شەرعیەتە فراوان بکەن، ئەویش ئەوەیە کە پرسی ئەنفال وەك تاوانێکی گەورەی جینۆساید بۆ جیهانی بسەلێنمن و لە دادگاکانی دادی نێودەوڵەتی داوای مافی قوربانییان و بەسزاگەیاندنی تاوانباران بکەن. سەرچاوەیەك باس لەوە دەکات (هەر وڵاتێك چ بەشدار بێت لە ڕێکەوتننامەی جیهانیدا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید یان بەشدار نەبێت، لە سەریەتی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە لە بەربەندکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایددا دێتە ئاراوە.)[6] هەروەها لە چەندان بەیاننامە و ڕاگەیەنراوی لایەنی حکوومی و حیزبی و ڕێکخراوەییدا کە بە زۆری لە ڕۆژی یادی ئەنفالدا دەیانبینین و دەیانبیستین، ئەم پەیامە و داواکارییەیان بەرز دەکرێنەوە، لە برگەیەکی بەیاننامەیەکیشدا هاتوە (پێکهێنانی دادگایەکی

---

5 - کازیوە ساڵح، ئەنفالکردنەوەی "ئەنفال" بە داشکاندنی ژمارەی قوربانییانی. بڕوانە ئەم لینکە:
http://www.emrro.com/enfalkirdinewey.htm

6 - د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا ،ئەمستەردام- هۆلەندا، 1997، ل172.

نێودەوڵەتی تاوانبارانی جەنگ تاکو سەرانی عێراق لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەنجامیان داوە دادگایی بکرێن .)[7]
کارکردن لە سەر پرسی ئەنفال کە ستراتیژی گەورەی تەنها بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە بۆ بەدادگاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال بێت لە کۆمەڵێك ڕووەوە جێگەی سەرنج و ڕەخنەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێك ڕوونی دەکەینەوە:
أ- جەختکردنەوەی زۆر لە سەر بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە بۆ بە دادگاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال کە زیاتر مەبەستیان فەرمانڕەوایانی سەردەمی سیستمی بەعس و دارودەستەکەیەتی، ئەو ئاراستەیە وەردەگرێت، کە تەنها بکەرانی ڕاستەوخۆی ئەم تراژیدیایە کە سیستمی بەعسی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی عێراق بوو، تاوانبارن و هەر ئەوانیش پێویستە سزا بدرێن، ئەم دیدەیش ئەو زەمینەیە نابینێت کە ئەنفالی تێدا ڕووی دا و هەروەها ئەو تاوانبارە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییانەیش نادۆزێتەوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پشت ڕوودانی شاڵاوی ئەنفالەوە بوون.
ب- بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە ئەو کاتە کارێکی خراپ نییە کە نەبەسترێتەوە بە سیاسەتی هەرێمی و حیزبیی کوردییەوە، چونکە ئەم سیاسەتە بەردەوام لە گۆڕان و سازش و پێوەندیی جۆراجۆردایە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا و هەر کاتێکیش بەدەستهێنانی ئەم شەرعیەتە لەگەڵ سیاسەتیدا نەبوو، ئەم ستراتیژە دەکوژێتەوە و کاری بۆ ناکرێت.
ج- هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی جۆراوجۆر ئەوە دەگەیەنێت، کە هێشتا کەیسی ئەنفال کە لە تراژیدیا و تاوانێکی گەورە دروست بووە، کەیسێکی بەهێز نییە و هێشتا دەبێت توانایەکی زۆر بە کار بهێنرێت بۆ سزادانی تاوانباران، واتە هێشتا لە قۆناغێکی سەرەتاییی کەیسەکەداین کە بزانین کێ تاوانبارە و هەوڵی سزادانی بدەین، بۆیە لە بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی تایبەت بە کارکردن و توێژنەوە لە سەر شاڵاوی ئەنفال داوا دەکرێت، (بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی ئەنفال لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، پێویستە کارەساتی ئەنفال بخرێتە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەوە .)[8]

٦- دوژمن و تاوانبار:

بێ گومان هەمیشە کە تاوان ئەنجام درا، تاوانباریش ئامادەیە، یان کەسێك یان کەسانێك، لایەنێك، گروپ، یان چەند لایەن و گروپێك هەن ئەو تاوانەیان ئەنجام دابێت، ئەنفالیش بەو پێیەی تاوانێکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە بە باسکردن و کارکردن لە سەر کەیسەکە و خزمەتکردن بە کەسوکار و ڕزگاربوان و نەوەکانی ئەنفال یەکسەر پێویست دەکات باسی ئەوەیش بکرێت، کێ تاوانبارە، ئەو دوژمنە کێیە و بۆچی ئەو کارە دڕندانەیەی ئەنجام دا، بەردەوام لە کارکردن لە سەر ئەنفال بە شوێن ئەوەوە دەبین دوژمنەکان دەست نیشان بکەین، ئەوە دووبارە بکەینەوەکە تاوانباران کێ بوون، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و چی بکەین بۆ سزادانیان.
لە زۆربەی ئەو کارانەی تایبەت بوون بە یادی ئەنفال و قسەکردن و توێژینەوە لە سەری و لەو گوتارانەی لە سەر ئەنفال بەرهەم دەهێنرێن و لەو بەیاننامانەی لە یاد و بۆنەکانی تایبەت بە ئەنفال دەردەکرێن، باس هەر باسی ئەوەیە کە دوژمن کێیە و چی کردوە و چ تاوانێکی ئەنجام داوە، بە زمانی خۆیان و بە پێی توانای گوزارشتی خۆیان باس لە ئاستی دڕندەیی دوژمن و تاوانەکانی دەکەن، سەرچاوەیەك لەوانە کە خاوەنەکەی خۆی لە ناو ڕووداوەکانیشدا ژیاوە، وەختێ بیرەوەرییەکانی خۆی لەمەڕ شاڵاوی ئەنفال دەگێڕێتەوە دەنووسێت (دوژمنێکمان هەیە لە دونیادا نموونەی نییە بۆ دڕندایەتی و، دۆستێکمان هەیە، لە دونیادا نموونەی نییە بۆ بێوەفایی.)[9] پرۆسەی باسکردنی تاوانی دوژمن هەمیشە بەردەوامە و درێژ دەبێتەوە، ئەمە لەگەڵ پێویستی ئەم باسە و لەگەڵ ئەوەی ناتوانین خۆمان بدزینەوە لەم بابەتە، بەڵام ئەم باسە کە بەو شێوەیە بە یەك ئاراستەدا کار دەکات و تەنها یەك دوژمن دەبینێت و یەك تاوانبار دەست نیشان دەکات و داوای سزادانی دەکات، دەبێت بزانین ئاکامی تری جیاواز لەوەی چاوەڕێی دەکەین و، شتێکی تری جیاواز لە ستراتیژی ڕاگەیەنراو دەبێتە ستراتیژ و دەیخاتەوە کە ئەمانەن:
أ- ئەم جۆرە جەختکردنەوە زۆرە لە سەر ئەوەی هەمیشە یەك دوژمن لە باس و توێژینەوە و وتاری یادەکان و سیاسەتی حیزبییەکاندا ئامادە بێت، هەر ئەو بە تاوانبار بزانرێت و هیچ هۆکارێکی تر نەبینرێت یان بە لاوەکی و ناسەرەکی و کەمبایەخ ببینرێت، وا دەکات پێناسێکی سادە و تێگەیشتنێکی ڕووکەشمان بۆ دوژمن ببێت و ئەم تێگەیشتنەیش زیاتر لە نەناسینەوە نزیك ببێت و تەنها سیفەتی دوژمن لە دڵڕەقی و دڕندەییدا کورت بکەینەوە و بڵێین ئەوەی ڕوویداوە دەرەنجامی دیکتاتۆریی دوژمنەکان بووە و هیچ هۆکار و زەمینەیەکی تر نەبینین.
ب- ئەوانەی بەردەوام لە یادی تراژیدیای ئەنفال و لە سیاسەتی خۆیاندا بەرامبەر بەو کەیسە بەم جۆرە کار دەکەن و هەمیشە ئەو پەیامە پەخش دەکەن و هەمیشە ئەم چەشنە تێگەیشتنانەمان بۆ بەرهەم دەهێنن و ڕوودانی تراژیدیای ئەنفال تەنها بە دوا پلەی دڕندەیی سیستمی بەعس و جێبەجێکردنی پلان و مەرامەکانی دژ بە کورد دەزانن و گلەیی شەرمنانەیش لە هەڵوێست و کاردانەوەکانی ئەو لایەن و دەوڵەتانەی بە تێگەیشتنی خۆیان دۆستن، دەکەن. جاروباریش

---

[7] - مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 2001،ل82.
[8] - هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەنفال لەنێوان دڕندەیی دوژمنەکانمان و بێوەفایی دۆستەکانماندا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(5)، 2000، ل62.
[9] - نەوشیروان موستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، 1999، ل150.

هەڵوێست و کاردانەوەی بە ناو دۆستەکانیان بە هۆکارێکی تر، ئەگەرچی لاوازیش بێت لە هۆکارەکانی تراژیدیاکە دەزانن. دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت زۆر دووبارەکردنەوەی بەدڕندە لەقەڵەمدان و تاوانبارکردنی سیستمی بەعس، تەنها بەیانکردنی ڕاستییەکی سادە نییە کە بۆ هەموان ڕوون و بەڵگەنەویستە...بەردەوام دووبارەکردنەوەی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانە، لە پرۆسەیەکی ئاسایی دەردەچێت و ئەرکێکی تر وەردەگرێت و ئاکامی تری لێ دەکەوێتەوە، کە لە سادەترینیاندا ئەوەیە چڕکردنەوەی بینین تەنها لە سەر یەك دوژمن بۆ ونکردن و نەبینینی دوژمنەکانی ترە، بۆ ئەوەیە ئەوانەی پریسکی تاوانبارییان بەردەکەوێت، خۆیان بپارێزن و خۆیان بە بێ گوناه و تەنانەت بە قوربانی پیشان بدەن.

ت- ئەوانەی تەنها یەك جۆر دوژمن دەبینن و یەك سیفەتی کە خۆی لە دڕەندەیی و دڵڕەقیدا دەبینێتەوە زەق دەکەنەوە، تێگەیشتنێکی سادەیان هەیە بۆ چەمکی دوژمن، تێنەگەیشتنیش لەم چەمکە هەمیشە شکست و هەڵە و هەنگاوی کوێرانەی لێ دەکەوێتەوە، لە زۆربەی ئەو وتارانەی کە بەم جۆرە لە دوژمن دەڕوانن، پێناسێکی قووڵ و ئاشکرا بۆ چەمکی ئەنفال نادۆزینەوە، ئەوەمان پێ ناڵێن هەر یەك لە چەمکەکانی دۆست و دوژمن چین، دوورونزیك خۆیان نادەن لەو باسەی دوژمن چۆن دەبێـتە یان بووەتە دوژمن و ئێمە لە دیدگای ئەوەوە چۆن دەبینرێین و چۆن سەیری ئەویش بکەین؟ چۆن ڕووبەڕووی ببینەوە، ئێمە بەردەوام بڵێین دوژمن دڕندەیە، چ ڕاستی و زانیارییەکی نوێمان بۆ ئاشکرا دەکات؟ بێ گومان بۆ دۆستیش هەر وا؟ بە هەمان شێوە دۆست کێیە و پرەنسیپەکانی دۆستایەتی چین؟

پ- ئەو دۆخەی ئەم جۆرە نیگاکردنە بۆ دوژمن و بۆ تاوانبار دروستی دەکات، لە پانتاییی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دۆخێکی ناتەندروست و دژ بە تێگەیشتنە لە دۆخی تراژیدیا، ئەویش بەوەی هەستی لێپرسراوێتی و شەرمەزارێتی لە ئاست کارەساتی ئەنفال لە گیانی هەموو تاکێکدا دەکوژێت و هەموان دەخاتە ئەو دیو هێڵە گوناهبارەکان ئەویش بەوەی بەردەوام جەخت لە یەك دوژمن دەکرێتەوە.

ج- ئەم جۆرە سادە و ڕووکەشییە لە دەستنیشانکردنی دوژمندا، زمانی ڕۆژانە و زمانی ڕەسمی لە یەك نزیك دەکاتەوە، وتارێکی سادەی ساڵڕۆژەکان و توێژینەوەیەکی ئەکادیمی وەك یەك لێ دەکات، ئەوەی بیەوێت بە شێوەیەکی زانستی سەیری تراژیدیاکە بکات لەگەڵ ئەوەی شیعر و چیرۆك و ڕۆمانی لە سەر بەرهەم دەهێنێت، هەر یەك بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێت، ئەمەیش ڕاستەوخۆ زیانی لە کەیسەکە داوە، هەم لەوەی نەتوانرا بە دونیا بناسێنرێت و وەك تاوانی جینۆساید دانی پێدا نرێت، هەم دۆخی ژیانی ناهەمواری ڕزگاربوان و کەسوکاری ئەنفالکراوانی بە ناهەمواری هێشتوەتەوە.

٧- مۆنۆمێنت:

کارێك کە زیاتر لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار پێی هەستاوە و، لە ڕێیەوە گرینگیی بە مێژووی ناوخۆیی و ڕابردووی تاڵی میللەتی کورد داوە ئەویش دروستکردنی مۆنۆمێنت بووە، مۆنۆمێنت باڵەخانەیەکی جیاوازە لە باڵەخانەی ئاسایی و هەر شتێك تایبەت بێت بەو تراژیدیایەی بۆی دروست دەکرێت، تێیدا هەڵدەگیررێت، ئەم شوێنە وەك مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی سەیری دەکرێت و دەکرێتە شوێنی نمایشی کەرەستە و شوێنەوار و بەڵگەنامەکانی تراژیدیاکە، لە هەرێمی کوردستانیش دوو مۆنۆمێنتمان بۆ دوو تراژیدیا هەیە، ئەوانیش مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لە هەڵەبجە و مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە چەمچەماڵ.

وەك گوتمان لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار مۆنۆمێنت بۆ تراژیدیاکان دروست دەکات، ئەم کارەیش تەنها بەو ئاراستەیەدا کار ناکات کە بۆ مۆنۆمێنت دەستنیشانمان کرد، چونکە لە دۆخێکی وادا وا دەکات زۆربەی کارەکان بە شیاوی لەگەڵ تراژیدیاکاندا نایەنەوە و دۆخێکی تەندروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تراژیدیا لە ئارادا نییە، بۆیە مۆنۆمێنتیش ئەرکێکی نهێنی و دژ بە ئامانجی خۆی پێ دەدرێت:

أ- دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایان لە ڕێگەی دروستکردنی مۆنۆمێنتەوە دەتوانن خۆیان بکەن بە خاوەنی تراژیدیاکە و قوربانییان و بە نمایشکردن و کردنی پاشماوەی قوربانییان و هێماکانیان بە پێشانگا، سۆزی خەڵکی بیانی و میوانان ڕابکێشن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کاریان بهێنن.

ب- مۆنۆمێنت بۆ قوبانییانی زیندوو و کەسوکاریان و نەوەکانیان دەبێتە درێژکردنەوەی ئازاری تراژیدیا و هەمیشە زیندووکردنەوە و کۆتایی پێ نەهێنانی، ئەویش بەوەی هەموو کاتێك ئەو پاشماوانەی لە دوای کارەساتەکە بە جێ ماون، هەمیشە دەخاتە بەر چاو، ئەو چیرۆکانەی ڕووداوە تاڵەکان دەگێڕێتەوە و بە بەردەوامی دەیخاتە بەر گوێ و هەر هێمایەك ئەو مێژووە بیگێڕێتەوە لە بەر چاو لا ناچێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە قوربانییانی زیندوو دەبێت بۆ هەمیشە بە دەم ئازاری ئەو تراژیدیایەوە بتلێنەوە و هەرگیز زامەکانیان سارێژ نەبێت.

ت- مۆنۆمێنت بە هۆی ئەوەی دەبێتە پێشانگایەك بۆ نمایشی چیرۆکی تراژیدیاکە و لە ناوخۆ و دەرەوە خەڵك تەنها سەردانی ئەم شوێنە دەکات بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوە ترسناکە و بینینی ئازارەکانی ئەو کارە دڕندانەیە، ئەمەیش وا دەکات ژیانی واقیعی قوربانییانی زیندووی ئەو تراژیدیایە و کەسوکار و نەوەکانیان لە بەر چاو لا بچێت و نەبینرێت، واقیعی ژیانی ناهەمواری ئەوان دەکرێت بە ژێر خۆڵی فەرامۆشییەوە، کە یەکێك لە هۆکارەکان ئەگەرچی حەقیقییش نەبێت، دروستکردنی مۆنۆمێنتە، چونکە لێرەدا مۆنۆمێنت بوەتە دیوارێك بۆ نەبینینی ژیانی ڕاستەقینەی قوربانییانی زیندووی ئەو تراژیدیایە. ئەو کەسەی ڕوو لەو ناوچانەی ڕوووداوەکان دەکات، تەنها بە بینینی مۆنۆمێنت هەستی چەشتنی ئازاری خۆی تێر دەکات.

٨- سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ سازکردن:

سازدانی سیمینارو بەستنی کۆنفرانس و ئەنجامدانی فێستیڤاڵ لەو کاروچالاکییە دیارانەن کە تایبەت بە پرسی ئەنفال ئەنجام دەدرێن، هەندێکیان بە هەوڵی شەخسی و هەندێکیشیان لە لایەن ڕێکخراو و ناوەندی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەوە بە ڕێوە دەچن.

سازدانی سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ لە بارەی ئەنفالەوە ئەگەر لە پشتییەوە ئەم پاڵنەرانە نەوەستابێت، ئەوا کارێکی پێویستە و بردنە پێشی ئەم کەیسە بە بێ ئەم جۆرە چالاکییە فیکری و مەعریفییە ئەستەمە، بەڵام لە زۆرینەی ئەم جۆرە ئەکتانەدا ئەم پاڵنەرانە دەبینین:

أ- وەك چالاکییەکی مرۆڤدۆستی سەیر دەکرێت، نەك مەعریفی، ئەوانەی بەشداریی تێدا دەکەن، ویژدانی خۆیان ئاسوودە دەکەن و پێیان وایە قەرزێکی ئەخلاقییان لە سەر بووە و ئەرکێکی مرۆڤایەتییان ئەنجام داوە، نەك چالاکییەك دەرەنجامی فیکریی لێ بکەوێتەوە.

ب- زۆر جار بەستنی سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ وەك چالاکییەك بۆ خاوەنەکانی گەڕاوەتەوە و بووەتە ئیمتیازێك بۆیان و ئەکتیڤیی خۆیانیان پێ سەلماندوە و خشتەی کار و چالاکییەکانیان پێ ڕازاوە و دەوڵەمەند کردوە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن ئەو سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵانە لەڕووی مەعریفییەوە چی بەرهەم دەهێنێت و چ خزمەتێك بە کەیسی ئەنفال دەکات.

بۆیە کە پاڵنەری ئەو جۆرە چالاکییانە ئەمانە بێت، دەرەنجامەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیان لێ دێت:

أ - هەموو ئەو ڕاسپاردە و پێشنیار و دەرەنجامانەی لەو جۆرە چالاکییانەدا لە دایك دەبن، لە هەمان کات و شوێندا دەمرن، واتە هەر بەمردوویی لە دایك دەبن و ناگۆڕێن بۆ دۆخی پراکتیك و بە دواداچوونیان بۆ ناکرێت.

ب - لە بەر ئەوەی پاڵپشت و هاندەری ئەم جۆرە چالاکییانە کەسانی ناپسپۆڕ و نائەکادیمین و لە ئەرکی خۆیان بە باشی تێ نەگەییشتوون و تەنها وەك چالاکییەك بۆ خۆدەرخستن و بەرژەوەندیی تایبەت و حیزبی و ڕێکخراوەیی ئەنجامی دەدەن، زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم نێوەندانەدا پێشکەش دەکرێن و بە هەمان زمانی سیاسی و نائەکادیمی و نازانستی و تێکەڵ بە لایەنی هەڵچوون و سۆزی شیعریی دەخرێنە ڕوو.

ت - کەشی نمایشیی ئەو جۆرە چالاکییانە و ئەتەکیەت و مەراسیمی کەرنەڤاڵی و دیمەنی بەر کامێراکانی ڕاگەیاندن و بەشداریکردن و میوانداریکردنی کەسانێك تێیاندا، کە هیچ بایەخێکی بۆ ئەو کەیسە نییە و هیچ ئاگای لەو تراژیدیایە نەبووە و بۆیشی گرینگ نەبووە، چ دۆخێکی لەو جۆرە چالاکییانەدا دروست کردوە، کە بەتەواوی بە کەسوکاری ئەنفالکراوان نامۆ بێت و هەست نەکەن لەو شوێنانەدا پرسی ئەوان بووەتە بابەتی بەرهەمهێنانی فیکر و چالاکیی ڕۆشنبیری.

ج- ڕیزکردنی ژمارەیەکی زۆر ڕاسپاردە و پێشنیار و داواکاری لەو سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵانەدا، جۆرێکە لە خۆدزینەوە لە چالاکیی ڕاستەقینە و جیدی. ئەوانەی بەردەوام داوا دەکەن، دەیانەوێ خۆیان هیچ نەکەن، خستنەڕووی پێشنیار بۆ کەسانێکی دەرەوەی ئەو چالاکییانە و بۆ دەسەڵاتداران ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو چالاکییە هیچ فیکرێکی بەرهەم نەهێناوە تا بخرێتە سەر باری واقیع و بکرێت بەپراکتیك، بۆیەهەر تەنها ڕاسپاردە دەنێرن، بێ ئەوەی زۆر جار ئەم ڕاسپاردە و داواکارییانە بگاتە شوێنی مەبەست[10] .

٩- پرۆگرامی خوێندن:

کارێکی تر کە لە سەر ئەنفال کراوە و بەردەوام لایەنی بەرپرس شانازیی پێوە دەکات ئەوەیە، کە بەشێك لە مێژووی ئەنفالی لە چوارچێوەی نامیلکەیەکی بچووك خستووەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە و خوێندکاری کورد لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندندا یان لە چەند قۆناغێکدا دەیخوێنێت، ئەم کارە لە کاتێکدا بە کارێکی زانستی و پەسەند دادەنرێت کە لانی کەمی ئەم سێ ئامادەکارییە یان تایبەتمەندییەی هەبێت:

أ- بەو پێیەی کە پرۆگرامی خوێندن کۆڵەکەیەکی سەرەکیی پەروەردە و خوێندنە، پێویستە سەرەتا ئەم کۆڵەکەیە خۆی پتەو و بەهێز بێت، واتە پرۆسەی خوێندن خۆی لە دۆخێکی تەندروستدا بێت، لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا هەم بە ڕاستی پەروەردەیەکی دروست و سەردەمییانەی ساغ پێشکەش بکرێت، هەم مەعریفە و فیکر و زانست بەرهەم بهێنرێت، واتە خوێندن وەك تەوەرێکی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە ڕۆڵی هەبێت لەم پەروەردە و فێرکردنەدا، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین دۆخی پەروەردە و خوێندن لە چەقبەستوویی و قەیراندایە، بابەتی ئەنفال لە پرۆگرامی خوێندندا هەبێت و نەبێت هەر هەست بە دواکەوتوویی ئەم کایە گرینگەی ژیانی کورد لە هەرێمی کوردستان دەکەین، پرۆگرامی خوێندن لە ئێستادا بوەتە جێگەی بێزاری هەموو جۆرە خوێندکارێك و مامۆستایش لەم پرۆگرمە ڕازی نییە، بۆ هەر توێژەرێك ڕوونە کە سیمای زانستی و سەردەمی بەو جۆرە پرۆگرامانەوە نابینرێت، بۆیە هێنانی مێژووی ئەنفال بۆ ناو ئەو

---

[10] - لەم لینکەدا لە یەکێك لەو چالاکییانەدا دەیان پێشنیارو ڕاسپاردە و داواکاری ڕیز کراوە و وەك بەیاننامەی کۆتایی چالاکییەکەیان پێشکەش بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان کردوە:

http://genocidekurd.com/ku/babati/5699

پرۆگرامە هیچ خزمەت بە پرسی ئەنفال ناکات، ئەم مێژوەیش بۆ خوێندکار هەر دەبێتە بابەتێکی بێزارکەر و لەبەرکردنی بۆ تاقیکردنەوە و هێنانی نمرە و دواتر لەبیرچوونەوەی.
ب- کردنی مێژووی ئەنفال لە دۆخێکی قەیراناوی پرۆسەی خوێندندا، بۆ داپۆشینی ئەو ستەم و نادادییانەیە کە بەرامبەر پرسی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێت، ئەم نائامادەبییەی فیکر و ئەو دەسەوەستانییەی لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە تراژیدیایەکی گەورەی وەك ئەنفال بە ئامادەکردنی چەند لاپەڕەیەکی کرچوکاڵ لە مێژووی ئەنفال دادەپۆشرێت، کە دەیخەنە پرۆگرامی خوێندنەوە.
ت- لەکاتێکدا مێژووی ئەنفال خۆی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نەنووسراوەتەوە و کاری لە سەر نەکراوە، بەڵام بەشێکی ئەم مێژووە دەگوێزرێتەوە بۆ پرۆگرامی خوێندن، ئەم بابەتەی پرۆگرامی خوێندن دوو هێندەی بابەتەکانی تر دەبن بە کێشە و بێزاری بۆ ناوەندی خوێندن و لە سەرچاوەکانی فیکر و مەعریفە دوور دەکەوێتەوە.

١٠- ئەکادیمیا:

لە ناو ناوەندە ئەکادیمییەکان و لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش بابەتی ئەنفال بە شێوەی جیاجیا دەبینرێت و کاری لە سەر دەکرێت، یان دەکرێتە کارنامەی دەرچوون یان توێژینەوە و ڕاپۆرتی ڕۆژانەی لە سەر ئامادە دەکرێت، ئەمەیش لە کۆلێژ و بەشە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و پەروەردە و یاسادا تێبینی دەکرێت، لە ڕووی دەروونی و ئابووری و جیۆگرافی و یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی و مێژوویی و ... هتد توێژینەوەی جۆراوجۆری لە سەر بەرهەم دەهێنرێت، کە وەك گوتمان بەشێکی زۆریان باسی دەرچوونن، بەڵام لە سادەترین تێڕوانیندا دەزانین ئەگەر دۆخی زانکۆ و پەیمانگاکان خۆیان بە جۆرێك بن، دوور بن لە بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفە خۆیان دەرگیری دەیان کێشەی زانستی بن و خوێندن تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە بێت و پێوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار ناتەندروست بێ، ئەی دەبێت لە کارنامەی دەرچوون و توێژینەوە داواکراو و نمرە بۆ تەرخانکراوەکانی خوێندکار چ شتێك بەرهەم بێت و چ فیکرێك گەشە بکات.
دۆخی ناوەندە ئەکادیمییەکان بەو شێوەیە نییە تا بتوانێت ئەنفال بکاتە چەمکێکی مەعریفی و بیکاتە کەرەستەیەك بۆ بیرکردنەوە و لەوێوە خزمەت بە پرسەکە بکات ئەویش لە بەر چەند هۆیەك:
أ- کارنامەی دەرچوون لە ئێستادا لە زانکۆ و پەیمانگاکان بووەتە شتێکی ڕۆتینی و پەردەیەکە دراوە بە سەر بەتاڵیی ئەو ساڵانەی خوێندکار بەڕێی کردوە و هیچ شتێکی ئەوتۆیش فێر نەبووە، ئەمە جگە لەوە باسێکی سنووردارە، تێکەڵەیەکیشە لە کۆپیکردن و وەرگرتن و مۆنتاژ و زۆر بەدەگمەن کاری گەڕان و دۆزینەوە و داهێنانی تێدا بە دی دەکرێت، هەرچەند ناوی توێژینەوەیشی لێ نراوە.
ب- کارنامەی دەرچوون پشت بە سەرچاوە دەبەستێت، کە ئەوەیش کارێکی دروست و ئاساییە، بەڵام ئەم پشتبەستنە بە سەرچاوەکان بۆ سوودوەرگرتن لە مەعریفەی ناو ئەو سەرچاوانە نییە، بەڵکو تەنها وەك مادەیەکی بێ گیان چەند دێڕێك لەمیان و چەند دێڕێك لەویان وەردەگرێت و بە خراپی دەدرێنە پاڵ یەك.
ت- زانکۆ و پەیمانگاکان بەو پێیەی ناوەندێکی ئەکادیمین، بۆیە پێیان وایە هەر بە سروشتی خۆیان شوناسی زانستێتییان بۆ بڕواتەوە و هیچ نکوڵی و ئینکارییان لێ ناکرێت، ئەم لە خۆڕابینینەیش لە خۆیان نامۆ دەکات و هەمیشە ئەوەی بەرهەمی دەهێنن لە لایان دەبێتە دوا حەقیقەت.
پ- کاتێك توێژینەوە لە سەر ئەنفال مانادار دەبێت، کە لانی کەم توێژەر ئاستی ڕووناکبیریی بەرز و تێگەیشتنی بۆ ماف و دادوەریی کراوە بێت و لە پێناو سەرخستنی ڕاستیدا تێ بکۆشێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان پێشکەشی دەکەن، دابەزینی ئاستی ڕووناکبیریی تاك و شکستی تێگەیشتن لەواتای ماف وکەوتنی بەهای ڕاستی دەسەلمێنن؟
ج- ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان لەبەر ئەوەی،ئەوەی بەرهەمی دەهێنن سروشتێکی عەقڵانییان نییە و زیاتر کۆپی و دووبارەکردنەوە و بەرهەمی نافیکرین، بۆیە توانای گۆڕین و چاکسازییان نییە لە کۆمەڵگا و تەنانەت لە بیرکردنەوەی خۆیشیاندا و کاتێکیش کارنامەی دەرچوون یان توێژینەوە لە سەر ئەنفال دەکەن، ناتوانن خزمەت بە پرسەکە بکەن، ببنە هۆی گەڕاندنەوەی کەمترین ماف بۆ قوربانییان و چاککردنی دۆخی ژیانی کەسوکار و نەوەی ئەنفالکراوان.
ح- ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆریان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگیری دەکرێن و هەر ئەم دەسەڵاتەیش بە هۆی ئەو گەندەڵییەی لە سیستمی حوکمدا هەیە بە شێکی زۆر لە پلە و پۆستەکانی ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان دیاری کردوە، بۆیە ئەمانە بە هیچ جۆرێك ناتوانن لەو بێدادییانەی دەسەڵاتی سیاسی دەرهەق بە ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان پێڕەویی دەکات ببنە دەنگ و لانی کەم لە باسی دەرچوون و توێژینەوەکانیاندا بە شێوەیەکی کاریگەر باسی بکەن.
خ- لەبەر ئەوەی ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە کۆمەڵگە و گۆڕینی بەهاکان و کاریگەرییان لە سەر پێوەندییە نادروستەکانی تاك و توانای پێشخستنی خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تریان نییە، بۆیە کاتێك باسی دەرچوون و توێژینەوەیش لە سەر ئەنفال دەکەن توانای هیچ پێشخستنێکیان لە ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراواندا نابێت.

د- ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی جیهان و پێوەندیی بە زانکۆکانی دونیاوە بە تایبەت زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا و ناوچەکە، شتێکی ئەوتۆیان دیار نییە و ئەم پێوەندییانە زۆر لە نەبوونەوە نزیکە تا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە سەر بناغەی گۆڕینەوەی مەعریفە و ئەگەر پێوەندیی هەبێت زۆر سادەن و کەمن، بۆیە ئەو توێژینەوانەی لە سەر ئەنفال بەرهەمیان دەهێنن، ناتوانن بە جیهانی دەرەوەی بدەن.

بەشی دوەم

ئەنفال و چەند بۆچوون و دەرکەوتەیەك :

تراژیدیای ئەنفال لەبەر چەندین هۆکار کە هەموویان زیاتر لە دەوری گەورەیی قەبارەی ڕووداوەکە و زۆریی ژمارەی قوربانییان و جۆری دڕندایەتی و تاوانەکەی دەسووڕێنەوە، بە شێوەیەکی زۆر فراوان و لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و یاسایی و ... هتد بووەتە بابەتی قسەکردن و گفتوگۆ و کەرەستەی بەرنامە و ڕاپۆرت و هەواڵی مێدیاکان و بۆ شاعیر و نووسەران و هونەرمەندانیش شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و وتار و لێکۆڵینەوە و فیلم و گۆرانی و تابلۆ و پەیکەر و بابەتی تری ئەدەبی و هونەری لێ دروست کراوە، سەرەنجام تێ دەگەین کە ئەنفال وەك چەمکێك کە تەعبیر لە ڕووداوێکی تراژیدیی مێژووی کورد بکات لە پانتاییەکی بەریندا بە کار دەهێنرێت، ئەمەیش وا دەکات بەکارهێنەرانی ئەم چەمکە کەسانی جۆراوجۆر بن، خاوەنی فیکر و ئایدیای جیاجیا بن، ئاستی هۆشیارییان وەك یەك نەبێت، بۆیە لەم نێوەدا ئەو بۆچوونانەی سەردەردەهێنن مەرج نییە هەموویان ڕاست بن، یان خزمەت بە کەیسی ئەنفال و قوربانییان بکەن، هەموو ئەوانەی ئەم چەمکە بە کار دەهێنن مەرج نییە ئاستی هۆشیاری و نیەتی بەکارهێنان و ئەو ئامانجەی بۆی هەوڵ دەدەن تەندروست بێت و ئاکامێکی پۆزەتیڤیی بۆ کەیسەکە لێ بکەوێتەوە، نەك هەر ئەوەندە بگرە هەندێ جار بۆچوونی تەواو ناهیومانستی و دژ بە قوربانییان و پرسەکەیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە بار بە سەر دۆزەکەوە و نیگەرانی و ئازار و مەینەتیی زیاتریش بۆ کەسوکاری قوربانییان و نەوەکانیان و هەموو مرۆڤدۆستێك دەهێنێت و هێندەی تر خەم و تراژیدیاکە قووڵتر دەکاتەوە، ئەم بۆچوونانەیش بە دڵنیاییەوە زۆرن و لێرەدا ئاماژە بۆ چەند دانەیەکیان دەکەین و باسیان لێوە دەکەین:

١- ئەنفال و شانازیکردن:

زۆر جار لە کاتی باسکردنی ڕووداوی ئەنفالدا و کاتێك باس لە ئازار و مەینەتیی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێت، هەستی شانازیکردن لای ئەوانە دروست دەبێت کە باسی ئەنفال یان کار بۆ ئەنفال و کەیسەکەی و قوربانییان و کەسوکاریان دەکەن، ئیتر یان شانازی بەوەوە دەکەن کاریان بۆ ئەنفال کردوە و ویژدانی خۆیان ئاسوودە کردوە وخۆیان لە قەرزێکی مرۆڤایەتی پاك کردوەتەوە و ئەرکێکی ئەخلاقییان بە جێ گەیاندوە، یان شانازی بە قوربانییان و ژمارەیانەوە دەکەن و دەیکەنە بابەتی ڕەوایەتی بۆ سیاسەت و بەرنامە و ئەجێندای کارکردنی خۆیان، لەوانەیش مەترسیدارتر دەیکەنە بابەتی شانازییەکی کوێرانە بە ناوچە و ناوچەگەرێتییەوە، بۆ نموونە کاتێك لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت بۆچی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەکانی سنووری گەرمیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ڕووی دا وەك لە ناوچەکانی تر، یەکسەر بە لای ئەو بۆچوونەدا دەچن، کە وا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر شۆڕشگێڕ و ئازا و قارەمان بوون، بۆیە سیستمی بەعس بەو شێوە توند و بەزەبرە پرۆسەی ئەنفالی لەو ناوچانە جێبەجێ کرد، یان دەڵێن ئەو ناوچانە نزیك بوون لە ناوچەکانی سەنتەری دەسەڵاتی بەعس.لە سەرچاوەیەکدا هاتوە (ناوچەکانی گەرمیان بەگشتی و ئەو ناوچانەی بەر ئەنفال کەوتن بەتایبەتی، لەوەتەی خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستاندا سەری هەڵداوە بە یەکەوە لانکەی خەبات و شۆڕشگێری بوون.)[11] یەکێکی تر کاتێك بیرەوەرییەکانی خۆی لە ناو ڕووداوی ئەنفال دەگێڕێتەوە، ئەم بۆچوونە دەردەبڕێت (پرۆسەی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر نەیتوانی گەرمیان لێك هەڵبوەشێنێتەوە، گەرمیان قەڵایەکی بەرگری بوو لە بەردەم دوژمندا.)[12] سەرچاوەیەکی تر باس لەوە دەکات (هێزەکانی عێراق لە گەرمیان زۆر بەداخبوون، خەڵکی گەرمیان دەورێکی گەورەیان هەبوو لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا. کەم جێگەی کوردستانی عێراق هەبوو خوێنی پێشمەرگەی گەرمیانی تێدا نەڕژابێت.)[13] ئەگەر ئەم بۆچوونانە دەگمەن و تاکوتەرا دەربکەون و ببیسترێن و لە بیرکردنەوەی کۆ و لە ڕووبەرێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە هێز نەکرێن، ئەوا ئاساییە هەبن و کەسانێك وا بیر بکەنەوە، ئەگەر تەنها کورتبین بن یان تەنها لە دیدگای خۆمانەوە بەهەڵەیان بزانین، دەشێ وەك جۆرێك لێکدانەوە و بۆچوونی تایبەت سەیریان بکەین و ئاسایی بن، بەڵام ئەم بۆچوونانە تەنها هەڵە نین و بەس، بەڵکو مەترسییان لەوەدایە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزمەت بە ئایدیۆلۆژیای سیستمی بەعس بکەن، لە کاتێکیشدا خاوەنی ئەم بۆچوونانە هەست بەوە نەکەن و بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو دەرەنجامانە نەبن، کە بە کورتی لەم خاڵانەدا باسیان دەکەین:

---

[11] - جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2001،ل48.

[12] - عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی،2002،ل14.

[13] - نەوشیروان موستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، ل152.

أ- لە کاتێکدا ئەنفال وا پێناسە دەکرێت کە سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد بوو لە کوردستانی عێراق و لە لایەن سیستمی بەعسەوە بە پێی نەخشە و چەند قۆناغێك جێبەجێ کرا، ئەوا لێکدانەوەی هەڵبژاردنی ناوچەی گەرمیان لە لایەن بەعسەوە بە نزیکی و هاوسنووری لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق، زیانێکی گەورە لەو شوناسەی ئەنفال دەدا. ئەگەر بە هۆی ئەم نزیکییەیشەوە پێمان وا بێت سیستمی دەسەڵاتداری بەعس خەڵکی ئەم ناوچانەی بە مەترسی دەزانی بۆ سەر خۆی و دەسەڵاتەکەی، ئەمەیش هەر هەڵەیە و بەرەو بۆچوونێکی هەڵەتر پاڵمان پێوە دەنێت، کە پێمان وا بێت، سیستمی بەعس ڕق و ترسی لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبوو، چونکە هەموو ئازا و قارەمان و کۆڵنەدەر بوون، ئەمەیش وای کرد ئەنفال بەو سەختییە لەوێ ڕوو بدات .

ڕەنگە ئەم بۆچوونە هیچ زیادەڕەویی تێدا نەبێت کە (ئەنفال لە شکۆمەندترین ساتەکانی بەعسدا ڕوو دەدات، کە بەعس دەست دەداتە ئەنفال، لە دۆخێکی لاواز و شپرزەدا نییە، پایەکانی حوکم لە هەر کات سەقامگیرتر و جێگیرترن، بەعس لەوپەڕی هێز و دەسەڵات و هەیبەتیایەتی.... ئەم مردنەی قوربانییان، مردنی پاڵەوانەکان نییە، بەڵکو مردنی ئەو پیاوانەیە کە ڕووبەڕوو سەیری مردن دەکەن و ناتوانن هیچ بڵێن... بەعس پەراوێزترین و فەرامۆشکراوترین خەڵکی کوردستان ئەنفال دەکات... ئەنفال تەنها شکستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی نییە، بەڵکو سەرەتای سەوزبوونی گومانێکی قووڵە دەرهەق بەو وێنە کلاسیکییەی کوردی جەنگاوەر و کوردی قارەمان.)[14] لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی پێی وابێت ڕوودانی ئەنفال و بەو شێوەیە و لەو کات و شوێنەدا و لێکدانەوەی بە جۆرێك لە توندوتیژی دژ بەو خەڵکەی کە جێگەی مەترسین بۆی، لێکدانەوەیەکی ڕاست و لە جێی خۆیدا نییە، چونکە سیستمی بەعس ئەو کەسانە ئەنفال دەکات کە بە هۆی سیاسەتی خۆی و شێواویی سیاسەتی بزوتنەوەی کوردی و ئەخلاقی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردی، شوێنگەیەکی پەراوێزی و ژیانێکی فەرامۆشکراویان هەبووە، ئەوەی دەڵێت ئازایەتی و قارەمانی و تێکۆشەریی ئەوان بوونە هۆی ئەوەی ئەنفال بکرێن ڕاست و ورد نییە، چونکە بابەتەکە لێرەدا پێوەندیی بە ئازایەتی و ترسنۆکی و دلێری و بەزیوییەوە نییە، هەروەها دەکرێت ڕاستیش بێت دانیشتوانی ئەو ناوچانە خەڵکانێکی ئازا و کۆڵنەدەر و چاونەترس بن، بەڵام چ ئەم سیفەتانە و چ پێچەوانەکانیان مەرجی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال نین لەو ناوچانە، ڕوودانی ئەنفال پێوەندیی بە دۆخی پەراوێزیی ژیانیانەوە هەیە نەك ئازایەتییان... پێوەندیی بە دابڕاویی ژیانی خەڵکی شار و لادێوە هەیە نەك چاونەترس و ترسینۆکییەوە.

ب- لێکدانەوەی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال لەو ناوچانە بە نزیکییان لە سەنتەری دەسەڵاتی سیستمی بەعس، ئەوەی لە پشتەوەیە، گوایە سیستمی بەعس لە ناوچە دوورەکانی سەنتەری دەسەڵاتییەوە ئەو هێز و توانایەی نەبووە، واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم جارە خەڵکی ناوچە دوورەکان بە ئازا و نەبەرد دادەنێت بێ ئەوەی باسی بکات و هەستی شانازی بەوە دەردەبڕێت، کە سیستمی بەعس لەو ناوچانە دەسەڵاتی نەبوە، واتە ئەوان بەهێزتر بوون لە سیستمی بەعس، کە ئەمەیش جۆرێکە لە پارادۆکس، لە لایەك دەڵێت ئەو ناوچانەی ئەنفال تێدا ڕووی دا بە هۆی قارەمانیی خەڵکی ناوچەکە بووە، ئەو ناوچانەی کە ئەنفالیشی تێدا ڕووی نەداوە بە هۆی بێ دەسەڵاتیی سیستمی بەعسەوە بوە، واتە دیسان بە هۆی قارەمانیی خەڵکی ئەو ناوچانە بووە، ئەمەیش خۆی بەڵگەیە لە سەر بێ بناغەیی بۆچوونەکە، هەر چەند بۆچوونێکی زۆریش بەر بڵاوە.

ت- ئەوانەی شانازی بەوە دەکەن کە خزمەت بە کەیسی ئەنفال دەکەن، کۆمەك و هاوکاریی ئەنفالکراوانیان کردوە و باس و توێژینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجام داوە، یان کردوویانەتە کەرەستەی مێدیایی یان لە نووسین و بابەتی ئەدەبی و هونەریدا بە کاریان هێناوە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شانازیکردنە هەستێکی مشەخۆرییە لە سەر کارەسات و تراژیدیا ئەویش بەوەی هەمیشە لە نەستیاندا ئەو شتە بەهێزە کە حەز و ئارەوویانە بۆ ڕووداوی لەو جۆرە بۆ ئەوەی بەردەوام بابەتی دروستکردنی هەستی شانازیکردن لایان ئامادە بێت.

پ- ئەوانەی شانازی بەوە دەکەن کە بە ئەنجامدانی کار و چالاکی و دروستکردنی بەرهەمی مێدیایی و ئەدەبی و هونەریی لە سەر ئەنفال قەرزی ویژدانی و مرۆڤایەتیی خۆیان دەدەنەوە و هەر دەبێت بە کارێك ئەم ئەرکە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، لە ڕاستیدا ئەم زۆر لەخۆکردنە زۆر جار زەربەی گەورەی لە تراژیدیاکە داوە، ئەویش بەوەی بە زمانی زۆر سادە و ئاست نزم و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی کرچوکاڵ گوزارشتیان لە ئەنفال کردوە و لە بەر دیدی خەڵکی تر ئەم تراژیدیایەیان شێواندوە یان سادە و ئاسایی کردوەتەوە.

ج- ئەوانەی شانازیی بە چالاکیی مەدەنییەوە دەکەن بۆ ئەنفال و بەردەوام لە یادەکان و لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەنگ بەرز دەکەنەوە وەك ڕاگەیاندنی چالاکیی مەدەنی بۆ کەیسی ئەنفال و شانازییشی پێوە دەکەن و باسی دەکەن، دەیانەوێت بونیادێکی ڕەوشتی بەم تراژیدیایە بدەن، هەرچۆنێك بێت لە چالاکیی سیاسی دووری بخەنەوە، ئەمەیش جارێکی تر دەیکەنە چالاکییەك بۆ خۆیان و ئامادەبوونی خۆیانی پێ دەسەلمێنن، بوونی خۆیان وەك گروپ و ڕێکخراو لە ناچالاکێتی دەپارێزن، ئەمانە لە ڕاستیدا نایانەوێت فریای قوربانییان بکەون، بەڵکو دەیانەوێت بە هۆی ئەو کەیسەوە فریای خۆیان بکەون و خۆیان لە توانەوە و ونبوون ڕزگار بکەن.

ح- کاری چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکان بۆ ئەنفال وەك یەکێك لە کارە شانازییەخشەکانی خۆیان لە لیستی کارەکانیان، کارێکی نمایشییە و زۆرتر کەیسەکە کاڵ دەکەن و لە ویژدان و هەست و خەیاڵی خەڵکیدا ئاسایی دەکەنەوە، چونکە لە

[14] - بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشی، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە(7)،1997، ل163.

چالاكییەكی سیاسییەوە دەیكەنە چالاكییەكی ئەخلاقی و نمایشی دەكەن، دەیانەوێت لە كردەیەكی عەقڵییەوە بەرەو سۆز و عەتف و چالاكیی نەرم و هەستبزوێن ببەن.

٢- ژیانی شارستانی:

چ بە هۆی سیاسەتی سیستمە فەرمانڕەواكان بێت، یان بە هۆی ئاستی هۆشیاریی تاكەكانی كۆمەڵگاوە، لە كۆمەڵگای كوردیدا بە جۆرێكی جیاواز سەیری ژیانی شارنشینان و لادێنشینان كراوە، هەمیشە خەڵكی شارنشین بە چاوێكی نزمترەوە لە خەڵكی لادێنیشین و شێوازی ژیانیانی ڕوانیوە، زۆر جار بە تایبەت ئەو سەردەمەی ئەنفال تێیدا ڕووی دا، شارنشین بە خوێندەوار و تێگەییشتوو و هۆشیار و لادێنشین بە نەخوێندەوار و تێ نەگەیشتوو و ناهۆشیار سەیر كراوە، زۆر جار لادێنشین خۆیشی ئەم هەستەی بەرانبەر بە خۆی هەبوە و لە دڵدا ئەو هەستە بەهێز بووە كە خەڵكی شار مرۆڤی پاك و بێگەردن و لادێنشین پیس و خۆڵاوین، ئەو بۆچوونە هەڵەیەی بەرامبەر ئەنفال لەم ژینگە ناتەندروست و نامرۆڤانەیە سەر دەر دەهێنێت، ئەوەیە لە لایەك خەڵكانێك هەن پێیان وایە بە تێكدانی ژیان و خاپووركردنی گوندەكانی كوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی سیستمی بەعسەوە، ئەو ژیانە كۆتایی پێ هات كە لە دیدێكی ڕەگەزپەرست و نامرۆڤانەوە نزم و ناشیرین و دواكەوتوو بوو، لە لایەكی تریش خەڵكانێكی تر لە دانیشتوانی شارەكان پێیان وایە بە خاپووركردنی گوندەكان وهاتنی لادێنشینەكان بۆ ناو شارەكان دۆخی ژیانی ئەوانی تێكداوە و سیمای شارستانیەتی شارەكانی شێواندوە و بێزاری و وەڕزیی بۆ ئەمان دروست دەكەن، ئەم دوو بۆچوونە ئەگەر چی نەگەیشتوونەتە سنووری بۆچوونی ڕەسمی و نەگەیشتوونەتە چوارچێوەی نووسین و لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە پەخش نەبوون، بەڵام لە سنووری كۆمەڵایەتی و لە ئاستی تاكەكانی كۆمەڵگا دەتوانین بە كزییش بێت بیبیستین، ئەم بابەتەیش بۆ قسەكردن و خستە بەر باس گرینگە چونكە، كەسوكاری ئەنفال زۆرتر كۆنتاكت و پێوەندییان لەگەڵ تاكەكانی كۆمەڵگا هەیە، تا بۆچوونە ڕەسمییەكانی ناو كتێب و گۆڤارەكان، زۆرتر لەگەڵ خەڵكدا ڕووبەڕوون تا كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، بۆیە ئەم جۆرە بۆچوونانە با نەگەن بە شێوازێكی ڕەسمی و لە ناوەندەكانی ڕاگەیاندنەوە، نەیانبیستین بەڵام هەر كاریگەریی خراپی خۆیان هەیە.

بۆچوونەكانیش وەك گوتمان بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەن، بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەیش زوو دەتوانێت شوێنەراری خراپ لە جەستەی ئەوانەدا دروست بكات كە بەرەو ڕوویان دەكرێتەوە، چونكە ڕەگەزپەرستی واتە ڕاسیسم (تیۆرییەكی دژی زانستی و كۆنەپەرستانەیە، كە لە ناو ڕەگەزە جۆربەجۆرەكاندا لە ڕووی ژمارە و دەسەڵاتی فیكرییەوە نابەرابەرییان دەوێت، گوایە سروشت لە سەرەتاوە ئەم ڕەگەزانەی نایەكسان، واتە یەكێك بەرز و یەكێك نزمی دروست كردوە.)[15] ئەم بۆچوونانە كە بەو چاوەوە سەیری ژیانی لادێنشینان و شارنشینان دەكات، جگە لەوەی هیچ بنەمایەكی زانستیی نییە، هاوكات سەرەڕای ئازاری تراژیدیا، كەشی نایەكسانی و نادادپەروەری دروست دەكات و هەستی بچووكی و نزمی لای بەشێكی زۆری مرۆڤەكان دەچێنێت، چونكە:

أ- هەندێ جار ئەگەر بەگاڵتەیشەوە ئەم جۆرە بۆچوونانە سەردەربهێنن، تایبەتمەندییەكی گاڵتە ئەوەیە بۆ چركەساتێكیش بێت، ئەوەی لە عەقڵ و بیركردنەوەدا جیدی و بەڕاستی بیری لێ دەكرێتەوە و باوەڕی پێ دەهێنرێت، لەڕێگەی پێكەنین و كەشی گاڵتەئامێزەوە دەردەبڕێت و خۆی ئاشكرا دەكات، واتە گاڵتە بەشێكی زۆری حەقیقەتی هەڵگرتوە، ڕاسیسمیش زۆر جار لە كەشێكی گاڵتەئامێزانەدا خۆی دەناسێنێت.

ب- دەرخستن و بەهێزی بۆچوونی ڕاسیستانە لە ناو كۆمەڵگادا ئەوە دەسەلمێنێت، بە كردەوە و بە ئاشكرا دیارە، ژیانی ئەوانەی لادێكانیان خاپوور بووە و هاتوونەتە شار و ئەوانەی لە تراژیدیای ئەنفال ڕزگاریان بووە و ئەوانەیش بە هەر جۆرێك بێت قوربانیی شاڵاوی ئەنفال یان نەوەی ئەنفالكراوانن، زۆری جیاوازە لە ژیانی ئەوانەی شاڵاوی ئەنفال نەیگرتوونەتەوە و لەو شوێنانەوە نەهاتوون كە ئەنفال كراون، واتە هێشتا نایەكسانی بە واقیعی لە ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوان و خەڵكانی تر بە دی دەكرێت.

٣- كەمبوونەوەی دانیشتوان :

دیدێكی نامرۆڤانە زۆر جار بە شێوەیەكی نارەسمیش و یان لە چوارچێوەی نوكتە و گاڵتەیشدا لە دوای كارەساتە گەورەكان و جەنگ و كوشتارە بە ژمارە زۆرەكان خۆی دەردەبڕێت، كە ئەویش ئەوەی ئەگەر جەنگ نەهاتایە و ئەو ژمارە زۆرەی مرۆڤی سەرزەمینی ڕاپێچی مەرگ نەكردایە، ئێستا مرۆڤ لەم سەرزەمینە جێگەی نەدەبوەوە، ئەگەر ئەو خەڵكە بمانایە، ئێستا نان و شوێنی ژیان بۆ هەمووان نەدەبوو، یان لانی كەم ئێستا ژیان زۆر قورستر دەبوو. بێ گومان ئەم بۆچوونانە لە سەر ئاستی نارەسمی و لای بەشێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا كە ئاستی هۆشیارییان بۆ جەنگ و ژیان و جۆری گوزەران و ئاستی دانیشتوان لە پلەیەكی نزم یان نزیك سفردایە، بەرامبەر تاوانی ئەنفال دەخرێتە بەر گوێ، ئەگەرچی بە شێوازێكی زۆر شەرمنانەیش بێت، بەو پێیەی شاڵاوی ئەنفال مەرگی بە سەر ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی كوردستان سەپاند، ئەم ژمارەیەیش لە خەیاڵ و بیركردنەوەی تەسك و بچووكی هەندێ پێوەست دەكرێت بەوەی ئەگەر

---

[15] - بورهان قانع ، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم ، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی قانع، سلێمانی، 2003، ل55.

بمانایە لەکوێ و چۆن بژیانایە و چییان بخواردایە، لەمەیشەوە بیرکردنەوەی کوێر و ناعەقڵانییان بەرەو ئەوەی دەبردن، شوێنی ژیان و بژێوی و خۆشگوزەرانییان دەکەوێتە مەترسییەوە.
ئەم دیدە بێ جگە لە ڕووە نامرۆڤایەتییەکەی و لەگەڵ ئەوەی دیدێکی ناڕەوشتییە، هاوکات دیدێکی تەواو ناعەقڵانییشە و ئەوانەی بەم جۆرە بیرکردنەوە هیچیش لە بارەی ڕێژەی دانیشتوان و جۆری ژیان و گوزەران نازانن تەنانەت بێ ئاگاییشن لەوەی زانستێك هەبێت بە ناوی جیۆگرافیا کە لە نێوان ژینگە و مرۆڤدا پێوەندیی دروست دەکات و هەوڵی جیهانێکی باشتر بۆ مرۆڤ دەدات و لەم پێناوەدا ئەم زانستە کۆمەك لە تیۆرە فیکری و فەلسەفییەکان وەردەگرێت .
ئەم زانستەیش بە هۆی دۆخی ناهەمواری ژیانی مرۆڤ، نادادپەروەری و نایەکسان و زوڵم و چەوساندنەوە و داگیرکردنی وڵاتان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە زۆر ناوچەی جیهان، لە زانستێکی بێ لایەن و ئەزموونگەراییەوە بووە بە زانستێکی ڕادیکاڵ دژ بەو ستەم و نادادیانە. (ئێستا جوگرافیا ئەوەی پیشان داوە کە لە ئاست ئەو ڕووداوانەی جیهان تەماشاکەر نابێت و نییە، بەڵکو لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان وەك زانستێکی زیندوو و پێشکەوتوو، کار و سیاسەتەکانی زانکۆکان دادەڕێژێت.)[16] هەوڵی سەرخستنی نایەکسانیی نێوان نەتەوەکانی جیهان و گەشەکردنی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەدات، ئەم هەوڵ و چالاکییانەیش لە سەر شار و پلاندانان و ڕێژەی دانیشتوان کاریگەریی هەبووە، پلاندانانی شاریش دڵنیایی بۆ مرۆڤ دابین دەکات و هەوڵی پاراستنی دەدات. (بابەتی پلاندانانی شار شارێکی باش و پەسەندە، بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستیی مادی و مەعنەویی دانیشتوانەکەی دابین بکات.)[17] لەم پلانانەیشەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ببێتەوە و بەرنامەڕێژیی بکات بۆ گەییشتن بە جۆرێك لە قەبارەی دانیشتوان کە لە ئاست ئەو پێداویستییە مادی و مەعنەوییانەدا بێت کە ئەو شوێنە هەیەتی یان دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت، وەك چۆن ئێستا چەند وڵاتێکی جیهان وەك چین و هەندێ لە وڵاتانی باشوورو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا پلانیان هەیە بۆ کەمبوونەوەی گەورەیی قەبارەی دانیشتووانیان، ئەوەیش لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی برسێتی و بێ کاری و .... هتد.
ئەم قەبارە پەسەندەی دانیشتوانیش (بریتییە لە هاوسەنگیی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ئاستی بژێویی و زۆری و کەمیی بێکاریی و سوودوەرگرتنی زیاتر لە دەرامەتی سروشتی و پێکهاتەی هاوسەنگیی دیمۆگرافی.)[18] ئەم کورتە باسەیش لە زانستی جیۆگرافیا و قەبارەی پەسەندی دانیشوان و بژێوی و دەرامەتی سروشتی بەم شێوەیە بۆ باسەکەی ئێمە لە سەر ئەو بۆچوونە هەڵەیە بوو کە پێی وایە کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان بە هۆی جەنگ و جینۆساید و تراژیدیاکانەوە ژیانێکی مسۆگەرتر و خۆشتر بۆ زیندوان دابین دەکات:
أ- ڕێژەی دانیشتوان بە شێوەیەکی سروشتی و مێژوویی بە سەر سنووری جیۆگرافیادا دابەش بووە، کەموزۆر هەر پارچەیەك لەو دانیشتوانە ڕێژەیەك ئیتر بەشی بکات یان نا، دەرامەتی سروشتی لەو زەوییەی خۆی بەرهەم دەهێنێت، یان لە ڕێگەی دەستی کارەوە پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات.
ب- لادان و هەڵئاوسان یان کەمبوونەوەی قەبارەی پەسەندی دانیشتوان کە بتوانرێت لە پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان سوودمەند بێت، بە پلانی زانستی دەکرێت نەك بە جەنگ و جینۆساید، کە ئەو کات پانتاییەکی بەرفراوان لە زەوی لە مرۆڤ خاڵی دەکرێتەوە وەك زەوییە قەدەغەکراوەکانی سەردەمی شاڵاوی ئەنفال، ڕێژەی دانیشتوانیش لە شارەکاندا کە تواناى بە کارهێنانی دەستی کاریشیان کەمترە، بەرز دەبێتەوە.
ت- بەرزی و نزمی ڕێژەی دانیشتوان بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی دەرامەتی سروشتی و بەدەستهێنانی پێداویستییەکان دەپێورێت نەك ژمارەیەك لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی کەسێکدا کە زۆر بوو ئیتر بکرێتە پێوەری ڕێژەی دانیشتوان.
پ- جەنگ و جینۆساید ڕێژەی دانیشتوان کەم ناکەنەوە، ڕێژەی پەسەندی دانیشتوان کوشتنی بە ژمارە زۆر نییە لە سەر زەوی، بەڵکو ڕێژەی دانیشتوان بە دابەشبوونیەتی لە سەر زەوی، جەنگ و جینۆساید ڕێژەی دانیشتوان ناهاوسەنگ دەکەن، لە شوێنێك زۆر و لە شوێنێك کەم، شوێنێك قەرەباڵغ و شوێنێك خاڵی لە مرۆڤ.

٤- ئەنفال و ناونان:

شاڵاوی ئەنفال هەر لە ناونانی پرۆسەکەوە بە ئەنفال تا هەموو پێشکەوتنەکان لە کەیسەکەدا ڕووبەڕووی کێشەی ناونان و بۆچوونی دژ و ناکۆك بوەتەوە، هەر لەوەی یەکێك دەڵێت ئەنفال و یەکێك دەڵێت بە ناو ئەنفال و تا ناونانی قوربانییەکان و ڕزگاربوان و وەرگێڕانی جیاجیای چەمکی جینۆساید بۆ کوردی.
ناونان جۆرێك لە بیرکردنەوە و تێگەییشتنی مرۆڤ دەردەخات بۆ بابەتی ناولێنراو، دوا بەدوای ئەمەیش پرۆسەیەکی گرنگ وترسناك دەکەوێتە کار،کە بریتییە لە بیرکردنەوەی کوێرانە وتێگەییشتنی خێرا و یەك دیو بۆ ئەو ناولێنانە .
ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگاریان بوو و نەمردن، ناویان لێ نان پاشماوەکانی ئەنفال، دواتر لە ڕووی دەروونییەوە ڕەخنە لەم ناولێنانە گیرا و هەندێ بە هیچ جۆرێ بە کاری ناهێنن، زۆر کەس پرۆسەی ئەنفال بە کارەساتی ئەنفال ناو

---

[16] ـ اليسون بلانت و جين ويلز، دگرانديشى در فلسفه جغرافيا، ترجمه: حسين حاتمى نژاد، انتشارات دانشگاه تهران، 1385، ص14.
[17] ـ جواد مهديزاده، در جستجوى شهرهاى انسانى تر، فصلنامه جستارهاى شهرسازى، سال هفتم، شماره 24 – 25، 1387، ص6.
[18] ـ فتحى محمد اوعيانه، جغرافيه السكان، ط5، دار النهضه العربيه للطباع و النشر، بيروت- لبنان، 2000، ص395.

دەهێنێت، هەندێ ڕەخنە لەمە دەگرن و دەڵێن کارەسات ڕەهەندێکی سروشتیی وەردەگرێت و ڕەهەندی تاوانکاریی تێدا نییە، وەك دەگوترێت کارەساتی لافاو یان بوومەلەرزە...هتد، بۆیە بە گونجاو نازانرێت تاوانی ئەنفال بە کارەسات دابنرێت، بۆ وشەی جینۆسایدیش چەندین چەمك داتاشراوە وەك (گەلکوژی، کۆمەڵکوژی، کۆکوژی، ڕەشەکوژی) کە هەر یەك لە ڕوانگەی خۆیەوە دانەیەکیان پەسەند دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە، هەیشە لە ڕووی ئایینی تەفسیری خۆی بۆ وشەی ئەنفال دەخاتە ڕوو، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدا نیین ئەم تراژدیایە بە ئەنفال ناو بنرێت، هەروەها گفتوگۆ و هەوڵەکان بۆ ناونانی ڕۆژی 14 ی 4 ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ئەنفال ماوەیەکی زۆریان خایاند.

ناونان پرۆسەیەکە بۆ قووڵبوونەوەی شوناس و ئەم پرۆسەیەش بۆ تاوانی ئەنفال و خوێندنەوەی مێژووەکەی هێندە زەحمەت و پڕ کێشە بێت، کۆمەڵێك دەرەنجامی خراپی دەبێت:

أ- درێژبوونەوەی کێشەی ناونان و ساغ نەبوونەوە و نەبوونی کۆدەنگیی تەواو لە سەر بەکارهێنانی چەمکەکان ئەوە دەگەیەنێت، هێشتا پرۆسەی شوناس لە ئاست ئەم تراژیدیایەدا سەر ڕێچکەی خۆی نەکەوتوە.

ب- کە بە تەواوی لە سەر پرۆسەی ناونان ساغ نەبووبێتینەوە، واتە هێشتا لەناسینی سەرەتاییداین و نەگەییشتووین بە جیاکردنەوەی ئەو تاوانە لە مانا و چەمکەکانی تری تاوان، کە نەیشگەییشتبین بەو جیاکارییە واتە تا ئێستا پرۆسەی کارکردنی ڕاستەقینە لەگەڵیدا دەستی پێ نەکردوە.

ت- تەفسیرکردنی پێشوەخت و هێنانەوەی لێکدانەوە و شیکردنەوە کۆنەکان بۆ ئەو چەمکانە ئەوە دەگەیەنێت، هێشتا ئێمە دیدگایەکی جیاواز و فراوانمان بۆ ئەو چەمك و وشانە نییە و گەورەیی تراژیدیاکە ئەو چەمکانەمان لەبریی گەورەکردن، لە بەر دیدەدا بچووك دەکاتەوە.

پ- ساغ نەکردنەوەی ناولێنانەکان لە کارکردنماندا لەگەڵ تراژیدیای ئەنفال ئەوە دەگەیەنێت ئێمە هێشتا بە واقیعی ئەم تراژیدیایەمان بە مێژوو نەسپاردوە و هەتا ئێستا بەتەواوی پێی خۆی لە نێو مێژوو جێگیر نەکردوە، واتە هێشتا لە ئاستی قسە و زارەکیدایە و ئەوەی تۆمار کراوە جێی خۆی نەگرتوە و بۆیە وەك ڕووداویش هەمیشە زەمینەی ڕوودانەوە و نوێکردنەوەی لە بارە.

٥- ئەنفال و هاودەردی:

تراژیدیا و ڕووداوە دڵتەزێنەکان هەمیشە هەستی هاودەردی و هاوخەمی و هەڵڕشتنی فرمێسك و شیوەن بە دوای خۆیاندا دەهێنن، ئەنفالیش وەك تراژیدیایەك و پرۆسەیەکی سەربازیی توند و زوڵم و ستەمێکی زۆر، بووەتە هۆی ئەوەی هەم وەك ئینتیمای نەتەوەیی یان سۆزی مرۆڤایەتییەوە هەستی هاودەردی لای خەڵکانێکی زۆر دروست بکات و لە ڕێی کاری جیاجیا و لە بۆنە و یادە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکان و لە چالاکیی جۆراوجۆردا دەری دەبڕن، هەستی هاودەردی و هاوخەمی لە دۆخی وجوودیی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە و مرۆڤ لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستوسۆزە و لە نەستیدا بەهێزە بۆیە بەردەوام بە هۆی ئەو ڕووداو و دیمەنانەی لە دەوروبەرییەوە هەستیان پی دەکات، هەستی دەجووڵێنن و بە لای خۆیاندا ڕای دەکێشن وسۆزی دەهێننە جۆشوخرۆش و دەبنە هۆی دروستبوونی هەستی هاوخەمی و هاودەردی، ئەم هەستەیش زیاتر عاتیفییە و دوورە لە چالاکیی عەقڵییەوە.

ئەو جۆرە هاوخەمی و هاودەردییەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەستی پێ دەکرێت و بۆ قوربانییانی ئەنفال دەردەبڕرێت، کۆمەڵێك ناتەواوی یان ئاکامی نێگەتیڤیان هەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێك لێیان دەدوێین :

أ- هەستی هاوخەمی و هاودەردی بۆ تراژیدیای ئەنفال و کەسوکار و قوربانییانی، بنەمایەکی عاتیفیی هەیە، مانەوەی زۆر لە ناو ئەو هەستەدا و بەردەوام گەشاندنەوەی ئەم جۆرە دەربڕینانە ڕاستەوخۆ کار لە چالاکیی عەقڵی و جیدی دەکات و زۆر جاریش بەهێزی و هەمیشە دووبارەبوونەوەی ئەم هەستی هاوخەمییە کردەکانی هۆشیاری و بیرکردنەوە سڕ دەکەن، بە شێوەیەك ئەم هەستە هەمیشە خۆی نمایش دەکات کە وەك چالاکییەکی هۆشیاری و جیدییش خۆی دەخاتە ڕوو یان خۆی دەخاتە بریی ئەوان .

ب- سەندنەوەی ژان و مەینەتییەکانی تراژیدیای ئەنفال لە ڕۆح و جەستەی قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و بەخشینەوەی بە ڕۆح و جەستەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، تەنها ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستی وەرناگرێت، چونکە سڕینەوەی ئاکام و کاریگەرییە تاڵ و نێگەتیڤەکانی ئەم تراژیدیایە لە سەر ژیانی ئەوانەی ڕاستەوخۆ ئەنفال کران و لە ناویدا ژیان و لەگەڵ کاریگەرییەکانی دەژین و لکاندنی هەندێ جار بە زۆر بە ناو و سەرزارەکی بە ژیانی هەموو مرۆڤێکی کورد، جگە لەوەی ناتوانین بیکەینە بەڵگەی هاودەردی و هاوسۆزی، لە هەمان کاتدا زیان بەقورسایی تراژیدیاکە دەگەیەنێ و کەیسەکە لاواز دەکات و سەنگێکی کەمی لە سەر دەروون و ویژدانمانی پێ دەدرێت، چونکە ڕاستییەکەی هەموو کوردێك وەك یەك لەو تراژیدیایەدا نەژیاوە و لەگەڵ ئاکامەکانیشی ناژی. ئەوانەی ئەو ڕۆژانەی پرۆسەی ئەنفال ڕووی دا، لە کەسوکاریان دابڕان و خانوو و ماڵەکانیان سووتێنرا هەر وەك ئەوانە زامدار نین کە لەو کاتەدا لە ژیانی ئاساییی خۆیاندا بوون و خەریکی کاری ڕۆژانە و تەنانەت خۆشی و کاتبەسەربردن و سەیران بوون. کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەوانەی لەو پرۆسە دڕندانەیە ڕزگاریان بوو، بەڵام بە بەر چاوی خۆیانەوە کەسوکار و ئازیزانی خۆیانی بینیوە بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی نامرۆڤانانە و پڕ لە سوکایەتی و بێ ڕێزی بەرامبەر بە مرۆڤ لە پشتی زیلە سەربازییەکان ڕاپێچ کراون و لمی بیابان هەڵیانی لووشیوە و جارێکی تر نەیانبینیونەتەوە، مەحاڵە بڕوا بەوە بهێنین کە هەر بە

ئەندازەی ئەوانە خەمناك و پرسەدارن كە تەنها ئەم ڕووداوانە وەك چیرۆك و گێڕانەوە دەبیستن و زۆر جاریش لە گوێگرتن بێزار دەبن و، تاقەتی ئەم باسانەیان نابێت. مەبەستیشم لەم قسانە هەرگیز ئەوە نییە كە بڵێم پێویست ناكات هەموو كوردێك خۆی بە هاوخەم و هاودەرد و هاوسۆزی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و پرسی ئەنفال بزانێت، بەڵكو مەبەست ئەوەیە هەڵەیە دەربڕینی هەستی هاودەردی و هاوخەمی بە تەنهاترین و گەورەترین هەستكردن بە لێپرسراوی بزانرێت، چونكە ئەم جۆرە هاودەردی و هاوخەمییانە، هەڵوێستی لاوازن و جۆرێكن لە خۆدزینەوە لە دانان بەو گوناهە گەورە و هەڵە ترسناكانەی هەموو كوردێكی ئەم كۆمەڵگایە كردی لەوەدا كە خۆی دەستی هەبوو لە ڕەخساندنی زەمینەیەك بۆ ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال.

ت- زۆر جار هەستی هاوخەمی و هاودەردی دەڕازێنرێتەوە و بە دەربڕینی جیاجیا هەوڵی جوانكردنی دەدرێت، ئەم جوانكردنەیش سروشتێكی چارەنووسسازانە بە تراژیدیاكە دەدات و وەك واقیعێكی قەبووڵكراو بە مرۆڤی دەدات، كە هیچ دەسەڵاتێكی ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت و لە درێژكردنەوە و نوێبوونەوە و دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانەیشدا هیچی پێ نەكرێت، ڕازاندنەوەی هەستی هاوخەمی و جوانكردنی هاوسۆزی بۆ قوربانییانی تراژیدیاكان، دیدی مرۆڤ بۆ ڕووداوەكان لە مێژووییەوە دەكەن بە سروشتی، ئەمەیش ئاكامی بچووككردنەوەی عەقڵ و هۆشیاریی لە بەردەم ئەو ڕووداوانەدای لێ دەكەوێتەوە .

پ- زۆر جار ئەو كارانەی كە بۆ ئەنفال دەكرێن و لە شێوەی چالاكیی جیدی دەردەكەون، وەك توێژینەوە و نووسین و كاری هونەری و مێدیایی، لە پشتییانەوە هەستی هاودەردی و هاوخەمی هەیە، جیدیبوون لە سەر ئەوەی كە پێویستە ئەو تراژیدیایە بخرێتە ناو دۆخ و بیركردنەوی عەقڵانییەوە، ئەم هەستی هاودەردییەیش لە پشت ئەو كار و چالاكییانە وا دەكات ئەوانەی ئەم كارانە دەكەن خۆیان لێ ببێتە نوێنەری قوربانییان و كەسوكار و نەوەی ئەنفالكراوان، خۆكردن بەنوێنەری ئەوانیش زۆر جار لە سەر حسابی بێ دەنگكردنی ئەوان دەبێت، كە ئەوان لە بریی كەسوكاری ئەنفالكراوان هاتنە قسە، ئیتر قسەكردنی ئەوان دەكەوێتە دواوە و نوێنەر دێتە پێشەوە .

ج- خۆكردن بە نوێنەری قوربانییان بە هۆی هەستی هاودەردییەوە و قسەكردن بە ناوی ئەوانەوە، بۆ ئەوەیە ڕەوایەتیی بدرێت بە هەموو ئەو سیاسەتانەی لەگەڵیدا بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەوەیە ئەو هونەر و ئەدەبەی بە ناوییەوە بەرهەم دێت قەبووڵ بكرێت و گوتاری ڕاگەیاندن و پلانی ڕێكخراوەیی پێ ئاراییش بكرێت و ڕەوایی تەنانەت بە بەدی و ناشیرینییەكانیش بدرێت .

ح- زۆر جار هەستی هاوخەمی و هاودەردی تەنها نمایشییە، تەنها بۆ ئەوەیە ئەوانی تر ببینن، لە ڕاگەیاندنەكانەوە پەخش بكرێت، هەر شتێكیش بۆ نمایش بوو، ئیتر لە لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی بەتاڵ دەكرێتەوە و دەكرێت بە كاڵای نمایش و ڕاگەیاندن و كاڵایش هەمیشە سیفەتی كۆنبوون و وەڕسبوون لێی و پاشان بیرچوونەوە و فڕێدانی هەیە. وەك چۆن زۆر جار زۆر ناوەند و كەس و لایەن و ڕاگەیاندن بە دوای ئاوازی هاوخەمی و هاودەردیدا یەكسەر لە ئاوازیكی تر دەخوێنێت كە كەموزۆر نایەتەوە سەر ئەو هەستە .

٦- ئەنفال و بەیاننامە:

لە ساڵڕۆژ و یادكردنەوەی هەموو بۆنە خۆش و ناخۆشەكاندا، شتێك كە وەك كەلتوور و نەریتی لێ هاتوە، دەركردنی بەیاننامەیە، بەیاننامە بووەتە مۆدەیەكی سیاسی و ڕووناكبیری و ئیداری، كە بە هۆیەوە جاڕی یادكردنەوەی بۆنە و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەكان لێ دەدرێت. شتێكی بەڵگەنەویستە دەركردنی بەیاننامە بۆ یادكردنەوەی بۆنەكان كارێكی ئاسانە، بە هۆی ئەم ئاسانییەوە لە زۆر ناوەند و ئاستی جیاجیاوە بەیاننامە دێت و پەخش دەكرێت، هەر لە بەرزترین ناوەندی دەسەڵاتەوە بۆ هەموو بەش و لقەكانی، تا دەگاتە سەر بچوكترین ڕێكخراو و گرووپی كۆمەڵگا و تەنانەت هەندێ جاریش تاكەكەسیش دەتوانێت بەیاننامە دەربكات. لە یادی شاڵاوی ئەنفالیشدا ساڵانە بە شەپۆلێك بەیاننامە پێشوازیی لەم یادە دەكرێت و بەیاننامە لە هەموو چالاكییەكی تر زۆرتر لەم ڕۆژەدا دەردەكەوێت.

لێرەدا نموونەی چەند بەیاننامەیەك دەخەینە ڕوو، دواتر بە شێوەیەكی گشتی شیكردنەوەیان بۆ دەكەین :

(كەسوكاری سەربەزی شەهیدان و ئەنفالكراوان…

لە یادی ٢٨ـەمین ساڵیادی مەرگەساتی ئەنفالدا، بە ناوی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەری ڕێز لە ئاست كەسوكاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالكراوان دادەنوێنین و درووود بۆ ڕوحی شەهیدانی جینۆساید دەنێرین.

دوای ٢٨ ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانی بەدناوی ئەنفال، هێشتا كەسوكاری ئەنفالكراوان لە چاوەڕوانی ڕوفاتی پیرۆزی ئازیزانیاندان، كە لە گۆڕە بەكۆمەڵەكانی باشوور و شوێنە جیاجیاكانی عێراق گۆڕغەریب كراون، بەداخەوە تاكو ئێستا ژمارەیەكی زۆر كەم لە ڕوفاتی پیرۆزیان هێنراونەتەوە خاكی كوردستان، لەكاتێكدا حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان لە هەوڵی بەردەوامدایە لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەكان و حكومەتی فیدراڵ كار بۆ هێنانەوە و سۆراخكردنی ئازیزانمان، بەڵام ناكرێ ئێمە ئەو بەربەستانە نادیدە بكرێن كە دێنە بەردەم كارەكانی وەزارەتمان بەتایبەتی قەیرانی دارایی و هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی كە بە پێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٦ پرسی پاراستنی و هەڵدانەوەی گۆڕە بەكۆمەڵەكانی لە ئەستۆ بوو.

بەڕێزان…

ئەگەر چی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە هەر پاش ڕووخان و دەستگیرکردنی سەرانی بەعس دامەزرا و تاوانبارانی کەیسەکانی کوردانی فەیلی و ڕفاندنی بارزانییەکان و کیمیابیبارانی هەڵەبجە و تاوانی بەدناوی ئەنفال بەتایبەتیش تاوانباری سەرەکی کە عەلی کیمیاوی بوو بە سزای عادیلانەی خۆی گەیاند، بەڵام هێشتا مافی کەسوکاری شەهیدانی ئەم کەیسانە زۆری ماوە تا هیچ نەبێت کەمێك لە برینەکانیان سارێژ بکات لە پێش هەموویشیانەوە حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەکو میراتگری ڕژێمی پێشو داوای لێبوردن لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتوانی گەلەکەمان بکات هەر وەك لە دەستوریشدا هاتوە و قەرەبووی شایستەی زیانلێکەوتوانی ئەو تاوانانە بکاتەوە.

لەکاتێکدا یادی ٢٨ ساڵەی ئەنفالە بەدناوەکان دەکەینەوە، تاقمی تیرۆریستی داعش (بەعس) ئاسا بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵە پەلاماری خەڵك و خاکی کوردستانیان داوە، بەتایبەتی لە شاڵاوێکی دڕندانەدا بەرامبەر براکانمان لە کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی تر کە سەدان لە منداڵ و پیر و گەنج و ژن بوونەتە قوربانی و سەدان ژن و ئافرەتیش ئەنفال کراون و مامەڵەی نامرۆڤانەیان بەرامبەر کراوە، ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە خەڵکی کوردستان و هەرێمەکەمان هێشتا لەژێر هەڕەشەی داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەمان ڕزگاری نەبوە، بەڵام بە دلێری پێشمەرگە ئازاکانمان و هاوکاریی هاوپەیمانان و دۆستەکان و خوێنی زیاتر لە ١٤٠٠ شەهید مەرامی تیرۆریستان لە گۆڕ نراون.

لیژنەی باڵای بەجینۆساید ناساندن و وەزارەتمان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ناساندنی ئەو کەیسە لە دونیای دەرەوەوە.

کەسوکاری سەبەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان…

بە داوای لێبوردنەوە کە وەزارەتمان بە هۆی خراپیی باری داراییی حکومەت کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر کارەکانمان کردوە، نەتوانراوە وەکو پێویست لە ئاست جێبەجێکردنی ماف و ئیمتیازەکانتان بێت. هەرچەندە لە دوای هەوڵێکی زۆرمان و دوای ڕەزامەندیی بەڕێز سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا کە پاشەکەوت لە منحەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسیدا نەکرێت، بەڵام دواکەوتنی دابەشکردنی منحەکانتان کە بۆ خراپیی باری دارایی دەگەڕێتەوە، جۆرێك لە ناڕەزاییی دروست کردوە، ئێمە هەمیشە لە هەوڵدا دەبین بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز وەکو پارێزەێکی سەرڕاست بە دوای داواکارییەکانتان بچین، تا منحەکانتان لەلایەن وەزارەتی دارایی دوا نەخرێت.

بەڕێزان…

ئەم ساڵ بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال (٤/١٤) پێشنیازمان کردوە، ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەی ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕی و گشتاندنێکی بۆ لایەنە پێوەندیدارەکان کردوە، کە یادەکە بەم شێوەیە بەرز ڕابگیرێت.

وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و پەروەردە (٨) خوولەك قسە لە سەر قۆناغەکانی ئەنفال بکەن بۆ خوێندکار و قوتابییانیان، وەکو ئاماژەیەك بۆ هەشت قۆناغی ئەنفال.

وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگای دیدار و بەرنامەی تایبەت قسە لەسەر ئەنفال بکات.

وەزارەتی ناوخۆیش کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ ماوەی یەك دەقیقە هاتوچۆ ڕابگرێت.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ڕێگای مزگەوت و کلێساکاندا ئەم یادە بەرز ڕابگرن، بە نزا و پاڕانەوە و وتاری ئایینی.)[19]

لە بەیاننامەیەکی تریشدا هاتوە :

(پەیامی سەرۆك بارزانی لە بیستوحەفتەمین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

لە ساڵیادی بیستوحەفت ساڵەی دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفال لە دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی کوردستان دەنێرین و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی ئەنفال دەکەین. لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە کە پێشمەرگە قارەمانانە لە سەنگەری بەرگریکردندایە و ئەفسانەی تیرۆریستان و دوژمنانی مرۆڤایەتی شکاند. ئازادیخوازی و پابەندبوونی گەلی کوردستان بە بەها باڵاکانە کە هانی دوژمنانی کورد دەدات وا دڵرەقانە پەلاماری گەلی ستەمدیدەی کوردستان بدەن. ئەمجارەیشیان دوژمنانی گەلی کوردستان بە هەمان نەفەسی دوژمنکارانە و نائینسانیانەی ئەنفالچییەکان هێرشی دڕندانەیان کردە سەر گەلی کوردستان بەڵام خۆڕاگریی گەلی کوردستان و قارەمانێتیی پێشمەرگە ڕێگەی نەدا تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستان بە ئامانجە شومەکانیان بگەن. ئەنفال پەڵەیەکی شەرمەزارییە لەسەر تەوێڵی دوژمنان و جیهان کە لە بەرانبەر ئەم کارەساتەدا بێدەنگیی هەڵبژارد. لەم یادەدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە پێویستە هەوڵەکانی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لەسەر ئاستی جیهانی بەردەوام بن و بگەنە ئەنجام و هەروەها دەوڵەتی عێراقیش بەرپرسیارە لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوان و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە خزمەتی خانەوادەی شەهیدانی ئەنفال بکات و، ڕوفاتی پیرۆزی هەموو شەهیدانی ئەنفالیش بگەڕێنرێتەوە بۆ خاکی نیشتیمان.

---

[19] ـ ماڵپەری وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان:
http://moma-krg.org/Default.aspx

لە یادی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەدا باشترین وەفا بۆ قوربانی و شەهیدانی ئەنفال پاراستنی یەکڕیزیی گەلەکەمان و دەستگرتنە بە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قۆناغە سەخت و تەحەدیانەی ڕووبەڕووی گەلەکەمان دەبێتەوە بە سەرکەوتوویی تێ بپەڕێنین.

مەسعوود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان)[20]

ئەگەر چاوێکی خێرا بەم دوو بەیاننامەیە و چەندان بەیاننامەی تردا بخشێنین، دەبینین کلێشەیەکی گشتی زۆربەیان (ئەگەر نەڵێین هەموویان) کۆ دەکاتەوە، ئەگەرچی زمانی نووسین و ناوەرۆك و پەیامەکانیان هەندێ جار وەك جیاواز خۆیان دەردەخەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین کلێشە دووبارەبوەوەکانی ئەو بەیاننامانە لەم خاڵانەدا ڕوون بکەینەوە:

أ- بەیاننامە و سڵاو:

زۆربەی بەیاننامەکان بە سڵاو دەست پێ دەکەن، یاخود ئەگەر پڕ نەبن لە سڵاو، ئەوا بێ سڵاو نیین: سڵاو لە گیانی پاکی ئەنفالکراوان، لە کەسوکاریان، لە نەوەکانیان، لە تاقانەکانی ئەنفال، لە ڕزگاربوان... هتد.

وەك ڕاستییەکی سەرەتایی، سڵاوکردن گوزارشتە لەوەی کە بە خۆشی و کراوەیی و ڕۆحێکی ئاشتیخوازانەوە بەر ئەوی تر بکەویت یان پێشوازیی لێ بکەیت، یان دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ بسازێنیت، بەڵام ئەو ئەویترەی لەم بەیاننامانەدا سڵاویان لێ دەکرێت (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) لە ئاشتی و دڵنیاییدا نیین، هەست ناکەن ئەو نامۆیی و زبرییەی کە لە نێوان دوو کەس/لایەندا هەیە و سڵاوکردن دەیڕەوێنێتەوە یان دەشێت بیڕەوێنێتەوە، لەم بەیاننامانەدا بۆ ئەمان لای دەبات. کاتێك یەکێك سڵاومان لێ دەکات، هەر شتێکی بوێت، سەرەتا بە هۆی ئەم سڵاوەوە دەیەوێت بیڵێت، هەر چییەك لە ئارادابێت خێرە و خێری پێوە دەبێت، بەڵام سڵاوی ناو ئەو بەیاننامانەی یادی ئەنفال، هیچ ئەو هەستە بە سڵاولێکراوان نابەخشێت، بۆیە سڵاوی ناو ئەو بەیاننامانە خاڵین لە ڕەهەندی مرۆیی و ڕۆحی و گیانی تۆلێرانس، تەنها وەك نەریت و وشەی بێ ناوەرۆك لە ڕۆژ و ڕێوڕەسمی یادەکەدا دەنگ دەدەنەوە.

سڵاوکردن بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، گەر ڕەقی و ناخۆشی، نەرم و خۆش نەکاتەوە، گەر نائارامی هێور نەکاتەوە، دۆخی ترس و نیگەرانی و نائاساییش، بە لای ئاساییش و دڵنیایی و ئاسوودەییدا نەبات، بێ گومان ئەوە پێی ناگوترێت سڵاو و لە نەریتێکی بێ تام زیاتر هیچی تر نییە، وەك لەو بەیاننامانەی یادی ئەنفالدا بەر گوێمان دەکەوێت، سڵاوکردن هیچ یەك لەم ڕەهەند و تایبەتمەندییە سەرەکییانەیان هەڵ نەگرتوە.

ب- بەیاننامە و ڕێز:

نواندن و نیشانی نەویکردنی سەری ڕێز بۆ (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) لە بەیاننامەکانی یادی ئەنفالدا دەبینرێت، هەموو بەیاننامەکانی یادی ئەنفال کردوویانە بە نەریت و بڕگەیەکی جێگری بەیاننامەکانیان، کە بە ئاشکرا و بە دەنگی بڵند دەڵێین سەری ڕێزیان بۆ دادەنەوێنین، بەڵام ڕێزلێگیراوان بەم دەنگە هەست بەوە ناکەن بەها و مافی مرۆییان هاوتای خاوەنانی بەیاننامەکانە، یان وەك مرۆڤ هەموو بەها و مافێکیان هەیە.

نواندنی ڕێز لەو بەیاننامانەدا لە چەند خاڵێك بە دەر نییە، یان ئەوەتا هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕەخنانەیە کە دەکرێت لە خاوەنانی ئەو بەیاننامانە بگیررێت، لە پای ڕانەپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە دۆسیەی ئەنفالدا لە هەموو ڕووەکانەوە، یان ئەوەتا بە چاوێکی بەزەیی لە قوربانییانی ئەنفال دەڕوانرێت، کە ئەمەیش دوورونزیك پێوەندیی نییە بە ڕێزی ڕاستەقینەوە لە مرۆڤ .

ڕێزگرتن لە (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) بەوە دەبێت قوربانییان کە هەست نەکەن لە پای ئەو تاوانەی دەرهەق بەوان کراوە، ڕێزیان لێ دەگیررێت، بەڵکو دەبێت هەست بکەن وەك مرۆڤ خاوەن بەها و مافن و ڕێزیان لێ دەگیررێت، دیڤید هیومی فەیلەسووفی ئینگلیزی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە وەك ئیماندارێك بە خودا، دەڵێت ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لە خودا بەوە دەبێت، کاتێ کاری چاکە دەکەین وا خۆمان دەربخەین، وەك ئەوەی خوا هەر نەبێت، لەم ڕوانگەیەوە ڕێزگرتن لە (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) ئەو کاتە ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت، کاتێك کارێکی باش، یان خزمەتێکیان دەکەیت، هەست نەکەیت کە بۆ ئەوانت کردوە، بەڵکو ئەوە سیفەتی خۆتە و بۆ مرۆڤت کردوە، ڕێزگرتن دوورە لە موجامەلە و باسکردن و نمایشکردن، وەك ئەوەی لەو بەیاننامانە تێبینیی دەکرێت، کە ئەوەیش بۆ ئامانجێکی تری دوور لە بەرژەوەندیی بە حیساب ڕێزلێگیراوان بە ڕێوە دەچێت .

هەندێ جار، لایەنی بەرپرس، چ کۆمەڵگا بێت یان فەرمانڕەوایان، دەڵێن وەك مرۆڤی ئاسایی سەیری قوربانییان، کەسوکاری ئەنفالکراوان، نەوەکانیان، تاقانەکان و... هتد، دەکەین و ڕێزیان دەگرین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر وایش بێت و ڕاست بکەن، ئەمەیش غەدر و ستەمێکی تێدایە، کە ئەوان ڕاستە مرۆڤن، بەڵام لە ژێر باری قورسی ئەو تاوانەدا کە بە سەریاندا هاتوە، لە دۆخی ئاساییدا نیین و لە زۆربەی لایەنەکانەوە (دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابووری و...هتد) کێشەیان هەیە، ئەوەی دەڵێت وەك مرۆڤی ئاسایی ڕێزیان لێ دەگرم، لە ڕاستیدا دەیەوێت خۆی لە قەرەی ئەو کێشانە نەدا، کە ئەوان بە دەستییانەوە دەناڵێنن .

---

http://www.wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=16076&Jor=1 -[20]

کاتێ دەسەڵاتداران و کۆمەڵگا بە چاوی مرۆڤی ئاسایی لە قوربانییانی ئەنفال دەڕوانن، لە ڕاستیدا ئەمە هیچ پێوەندیی بە ڕێزەوە نییە، چونکە لەم دۆخەدا، وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین مرۆڤبوونیان لە ژێر هەڕەشەدایە، بەرپرسانیش لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت خۆیان لە بەرپرسارێتیی بدزنەوە، ئەو ڕێزگرتنەی لەم بەیاننامانەی یادی ئەنفالدا جەختی لێ دەکرێتەوە، لە پاڵ ڕوە موجامەلەکەی، ئەم شێوەیەی ڕێزگرتنە .

ت- بەیاننامە و ناچالاکێتی:
ئەوەی لەم بەیاننامانەی دەیبیستی ئەوەیە، هەمیشە تاوانەکە دەخرێتە پاڵ کەس یان لایەنی تر، هەمیشە ئەوانی تر بە کەمتەرخەم دەزانرێت، هەمیشە ڕووی بەرپرسیارێتی دەخرێتە سەر لایەکی تر، واتە هەمیشە خۆدزینەوە لە ئەرکەکان لە لایەن بەرپرسانەوە لە ئاست پرسی ئەنفالدا بە دی دەکرێت، بەیاننامەکان هەمیشە دوژمنێك دروست دەکەن و هەموو تاوان و بەرپرسیارێتییەکی دەخەنە ئەستۆ و بەم شێوەیە خۆیان لە هەموو ئەرك و بەرپرسیارێتییەك دەدزنەوە، ئەمەیش وا دەکات هەمیشە ئەو بەیاننامانە پڕ بن لە داواکاری، لە بریی ئەوەی خۆیان کەموکوڕییەکان پڕ بکەنەوە، وەڵامی داواکاریی قوربانییانی ئەنفال بدەنەوە، دۆسیەکە بجوڵێنن و کار بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو تراژیدیایە بکەن، کەچی خۆیان دێن و دەچنە شوێنی قوربانییان و داواکارییەکان ڕیز دەکەن، خاڵ لە دوای خاڵ لە بەیاننامەکەیاندا دەیاننووسنەوە، بەڵام پێمان ناڵێن کێ ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکات و چۆن جێبەجێیان بکات، هەموو ئەرکی خۆیان تەنها بەم بەیاننامانە کۆتایی پێ دەهێنن و بە چالاکی و کاری پەسەند و مرۆڤانە و ئەرکی واقیعیی خۆیشیانی دەبینن و هەندێ جاریش بە دەروونی ئاسوودەوە پاڵی لێ دەدەنەوە و خۆیانی پێوە با دەدەن.
پ- بەیاننامە و ئاساییکردنەوەی دروشمی باو:
بەیاننامەکان، کە تەنها موجامەلە و هەمیشە ڕێزێکی ساختە بن و بۆ چالاکیی خاوەنی بەیاننامە بخوێنرێنەوە و هۆکار بن بۆ شانخاڵیکردنەوە لە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان، بۆیە دەبینین بە شێوەیەکی نائاسایی پڕ دەبن لە دروشم، دروشمیش ئەگەر پەیامەکەی نەخرێنە باری واقیعەوە و هەوڵی جێبەجێکردنی نەدرێت، کاریگەریی خراپی بۆ سەر پرسەکە دەبێت، دروشم ئەگەر هەر لە ئاستی بەیاننامە و قسەدا بهێڵرێتەوە و نەگۆڕرێت بۆ سەر کردار، ڕۆحی پەرۆشی و جیدییەت لەو کار و پرسەدا ناهێڵێت و دەبێتە هۆی بێنرخکردن و بێبەهاکردنی ئەو پەیامەی هەڵی گرتوە، بۆیە ئاساییکردنەوەی ئەو دروشمانەی بۆ یادی شاڵاوی ئەنفال بەرز دەکرێنەوە، بە شێوەیەك وازهێنان لە پەیامەکانیەتی یان وەڕسبوون و گوێ پێ نەدانە لە ناوەڕۆك و بەهای ئەو دروشمانە و بە شێوەیەك لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و تێڕوانینیماندا بایەخ و قورسایی بۆ ناهێڵرێتەوە .
ج- بەیاننامە و هەلێك بۆ خۆنماییشکردن:
وەك سەرەتا باسمان کرد، بەیاننامەکان بە هۆی ئاسانی و بوونیان بە هۆکارێك بە چالاکی و شانخاڵیکردنەوە لە بەرپرسیارێتیی و دروشمی قەبە و بێ ناوەڕۆك یان ناوەڕۆك مردوو، لە لایەن ناوەند و کەناڵی جۆراوجۆرەوە دەردەکرێن و پەخش دەکرێن، لە بەرزترین ئاستی وڵاتەوە بۆ بچوکترین ناوەند و گروپ و تەنانەت تاکەکەسیش توانای بەیاننامەدەرکردنی هەیە، بۆیە ئەم بەیاننامانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبن بە هۆکارێك بۆ خۆنماییشکردن، بەیاننامەکان لەبریی هۆکارێك بۆ خزمەتکردنی پرسەکە و بەتەنگەوەهاتنی قوربانییان، دەبنە هۆکارێك بۆ ئاراییشتکردنی ئەو لایەن و شوێن و ناوەند و گروپ و کەسانەی بەیاننامەکەیان دەرکردوە، چونکە بەیاننامە تەنها دەکرێتە چالاکیی بۆ ئەوەی بەیاننامەکەی دەرکردوە، تەنها دەکرێتە هۆکارێك بۆ ڕێزگرتن و هاوسۆزی، ئیتر بە شێوەیەکی ساختەیش بێت بۆ قوربانییان، بۆیە لە دوا دەرەئەنجامدا ئەم بەیاننامانە ڕوویەکی پۆزەتیڤیان بۆ خاوەنی بەیاننامەکە و لە هەمان کات نێگەتیڤییان بۆ پرسەکە و قوربانییان دەبێت .
ح- بەیاننامە و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و ئامانجدار:
دەرکردنی بەیاننامە زۆر جار بۆ مەبەستی سیاسی و ئامانجدارە بۆ ئەو لایەنەی بەیاننامە دەردەکات، واتە یاد و ساڵڕۆژ و بۆنەکان چ خۆش بن یان ناخۆش، دەکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی لایەنێك ئامانجە سیاسییەکانی خۆی تێدا بە دەست بهێنێت، کە ئەوەیش زیاتر لە خۆڕێکخستنەوە و چالاکیی حزبی و ئایدیۆلۆژیدا خۆی دەبینێتەوە.
بەیاننامەدەرکردن بۆ زۆر لایەن لە یادی شاڵاوی ئەنفالدا، خزمەتکردن بۆ پرسەکە و قوربانییانی ئەنفال نییە، بەڵکو دەکرێتە مینبەر و هۆکارێك بۆ گەیاندنی پەیامە ئایدیۆلۆژییەکان و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و ئامانجدار و نموونەی ئەم جۆرە بەیاننامانەیشمان زۆر زۆرە کە بەردەوام لە یادەکاندا پەخش دەکرێن.
لەم خاڵانەوە بۆمان دەردەکەوێت، دەرکردنی بەیاننامە، کە ئێستا بۆتە جۆرێك لە کەلتوور و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە یادەکاندا دەردەکەوێت و بەتایبەتییش لە یادی ئەنفالدا بە لێشاو دەخوێنرێتەوە و دەبیسترێت، کاریگەریی خراپ و نێگەتیڤی هەبوە و هەیە.

ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا لە پاڵ ڕەخنەگرتن لە شێوازی کارکردن لەگەڵ تراژیدیای ئەنفال و هەڵسەنگاندنی بۆچوون و دەرکەوتەکانی ئەم جۆرە کار و تێڕوانینانە بۆ ئەنفال، ویستوومانە پێشبینیی بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامانە بکەین، یان هەوڵمان داوە بۆ بەدەستهێنانیان، کە وا لەم خاڵانەدا کورتیان دەکەینەوە :

١- لە بەشی یەکەمدا کە ڕەخنە لە شێوازی کارکردن لەگەڵ ئەنفال دەگرین، دەمانەوێت شێوازەکانی کارکردن لەگەڵ چەمکی ئەنفال بچنەوە خزمەت دۆسیەکە و جیهانبینییەکی قووڵ و فراوانی لەسەر بونیاد بنێین و بە ئاراستەیەکدا بێت، هەم کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی ئەم تراژیدیایە کەم بکاتەوە و هەم بە دونیای دەرەوەی بناسێنێت و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بە شێوەی جیاجیا لێ بگرێت .

٢- هەندێ بۆچوونی هەڵە لە بیرکردنەوە و خەیاڵی کورددا لە بارەی ئەنفالەوە لە ئارادان، هەندێ بەرکەوتە و ئاکامی نێگەتیڤی لە سەیرکردن و مامەڵەی ئێمە بۆ کەیس و چەمکی ئەنفال سەرهەڵ دەدەن، لە بەشی دووەمدا هەوڵمان داوە ئەو بۆچوونانە ڕاست بکەینەوە و ئاکامە مەترسیدارەکانیان بخەینە ڕوو، هەوڵمان داوە دیدگایەکی نوێ بۆ شانازیکردن و ژیانی شارستانی و ژمارەی دانیشتوان و ناونان و هاودەردی دروست بکەین، کە هەموویان بچنە خزمەت مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزمەوە.

سەرچاوەکان

یەکەم: بە کوردی:

آ- کتێب:
١- بورهان قانع، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، 2003.
٢- جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2001.
٣- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،2001.
٤- مارف عومەر گوڵ (د)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی مێدیا، ئەمستەردام- هۆڵەندا،1997.
٥- مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 2001.
٦- نەوشیروان موستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دوەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی،1999.
٧- عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2002.

ب- گۆڤار:
١- گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (5)، ساڵی 2000.
٢- گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (55)، ساڵی 2002.
٣- گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە(7)، ساڵی 1997.

ج- پێگەی ئەلکترۆنی:

1- http://www.emrro.com/enfalkirdinewey.htm
2-http://genocidekurd.com/ku/babati/5699
3-http://moma-krg.org/Default.aspx
4-http://www.wishe.net/dreja.aspx?=hewal&jmare=16076&Jor=1

دووەم:بە عەرەبی:
١- فتحی محمد اوعیانە، جغرافیە السکان، ط5، دار النهضە العربیە للطباع و النشر، بیروت- لبنان، 2000.

سێیەم: بە فارسی:
١- الیسون بلانت و جین ویلز، دگراندیشی در فلسفە جغرافیا، ترجمە: حسین حاتمی نژاد، انتشارات دانشگاه تهران، 1385.
٢- جواد مهدیزادە، در جستجوی شهرهای انسانی تر، فصلنامە جستارهای شهرسازی، سال هفتم، شمارە 24 – 25، 1387.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 110 – 117
http://www.ijoks.com

The Role of First Language on The Second Language Acquisition

Karwan Juma RAHEEM[1]

Received: Oct 08, 2017 **Reviewed**: Oct 30, 2017 **Accepted**: Nov 21, 2017

Abstract

The concept of acquisition is recognised for obtain the language, though the term of learning is used for the same notion often. Even they are different in their meaning and sense, but the term of acquisition is more academic and appropriate than the term of learning. This term is mostly used for the first language which its meaning is different of learning if we think about it in term of the first language compare to the second language. When the children acquired their first language, they achieved the completed grammar or the rules (competence) of their mother tongue. Once some people desire to learn the second or another language, the completed systems of the grammar that they obtained have a great influence of the acquiring the second language. This paper is about that effect and it will be more clarified in detail in the context. This topic is really significant in the modern world because a lot of people wish to learn another languages, that each one has a factor of acquiring second language such as business, study, technology, science, travel, and work opportunity.
Keywords: First language, Second language, Role, Acquisition, Learning, Universal Grammar

Recommended citation:
Raheem, K.J. (2018). The Role of First Language on The Second Language Acquisition. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 110 – 117, DOI: 10.21600/ijoks.383380

Introduction

In the today's modern world, all people have their first language in other words everyone can speaks at least by one language, which it called mother's tongue or native language. The mother's tongues have own rules, it means every language has special rules, which are different from other language rules. The purpose of language is communication. Globalization made the world very small like a village, people can communicate each other straightforwardly and they can also get information or news speedily. Therefore, learning

[1] University of Charmo, College of Education and Natural Sciences, Department of Kurdish Language, Chamchamal, Sulaimani, Iraq, E-mail: Karwan.raheem@charmouniversity.org

another language or becoming multilingual is strongly necessity. Most people want to learn a second language in term of needed or interested. Thus, they are studying a second language in their countries or in the abroad, in that process the second language learners face some issues such as making mistake in their speaking because of the influence of their first languages on target languages. Some people believe that the second language affect by negative role of the first language. Nevertheless, some others include myself think that certainly the first language has a significant positive role on learning a second language. In this assignment we will write about the relation between the first and second languages, the first language role on learning a second language. Then we will demonstrate some examples, which that role occurs unconsciously and automatically then we can recognise the role obviously.

/–ەوار/: ئەم پاشگرەش، یەکێکە لە پاشگرە سست و ناچالاکەکانی بەرهەمهێنانی وشەی دارێژراو لە زمانی کوردیدا، هاوکات هەرچەندە بە پاشگری دارێژی ناوی شوێن ناوبراوە، بەڵام نموونەی وامان دێتە بەردەست، کە لە ڕاستیدا دوورو نزیک پەیوەندییان بە شوێنەوە نییە، یاخود ئەگەر پەیوەندیشیان هەبێت، ئەوا لە ڕووی سیمانتیکییەوە نیشانەی پرسی لەسەرە، بۆ نموونە وشەکانی: (ئومێدەوار، کوڵەوار)، لە ڕاستیدا ئەمانە بریتین لە (ئاوەڵناوی بکەری دارێژراو) نەک ناوی شوێن، کەواتە یان دەبێت ئەمە بە دوو پاشگری جیا دابنێین و بە (هاوبێژی) یەکتر ئەژماریان بکەین، یاخود دەبێت ئەوە ڕەتبکەینەوە، کە پاشگری /–ەوار/، تەنها دەربڕی چەمکی شوێن بێت. هاوکات وشەی (شوێنەوار)، کە بەرامبەر (آثار)ی زمانی عەرەبی بەکاریدەهێنین، لە ڕووی سیمانتیکییەوە گونجاو نییە، چونکە ئەوکات واتاکەی دەبێتە (شوێنی شوێن)، کە ئەم دەربڕینەش ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا بەکارهێنانی زاراوەی (ئاسەوار)، کە لە (ئاسار + /–ەوار/) دروستکراوە، ڕێگە پێدراوە، هەروەها کەتیگۆری ناو تەنها کەتیگۆرییە، کە ئەم پاشگرە وەک بناغە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بە واتای شوێنەوە:

١– ناو + /–ەوار/ = ناوی دارێژراوی شوێن

لێرەوار، ئاسەوار، گەڤنەوار، ...&

کەواتە پاشگری /–ەوار/، " بە یەکێک لە گیرەکە ناچالاکەکانی، سازکردنی ناوی شوێن دادەنرێت، چونکە توانایەکی کەمی هەیە و لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەمدا دەبینرێت." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٤)، هاوکات پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، لە ڕاستیدا ئەم گیرەکە بە واتای شوێنەوە دەتوانین بە گیرەک ئاسا ئەژماری بکەین، چونکە لە بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆیە و بە فۆڕمی هەوار/وار، لە ئێستای زمانی کوردیدا لە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا وجودی هەیە، وەک: (هاوینەهەوار، هەواری نوێ، هەوارگە، وارێ مە)، تەنانەت فۆڕمی (وار WAR) ناوی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردییە، کەواتە هەروەک (ڕەفیق شوانی دەڵێت): " ئەم پاشگرە، لە بنچینەدا، (هەوار)ە، بە سوانی (ە) لە ناوەوە، بۆتە پاشگری /–وار/. " (٢٠١٢: ٨٩٥).

/–دێن، دین/: ئەم دوو گیرەکە، دوو پاشگری دارێژی ناوی شوێنن و پێمانوایە هەردوکیان ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی /–دان/ن، لەبەرئەوەی لە ڕووی پێکهاتەوە تا ڕادەیەک هەمان فۆڕمیان هەیە و لە ڕووی سیمانتیکیشەوە هەمان سیمای واتایی کۆیان دەکاتەوە، کەئەویش: (+شوێن، +داخراو، +پارێزگاریکردن و هەڵگرتن)ە، تەنها گۆڕانێکی بچووک هەیە ئەویش گۆڕینی دەنگی (ا > ێ /ی)، دیارە ئەم گۆڕانەش دەچێتە ژێر فاکتەری دەنگسازیی و ئاواز و مۆسیقاو گونجاندنی بناغەکان لەگەڵ /–دێن، دین/دا، نەک /–دان/، هاوکات فاکتەری شێوازی ئاخاوتنی ناوچەییش لە نێوان /–دێن/ و /–دین/دا، هەیە، جگە لەڕووی لایەنی واتاییەوە، چونکە لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان پاشگری /–دێن/، واتای هەڵگرتن و پاراستن و شوێنی ئەو شتە دەبەخشێت، کە تێیدایە، بەڵام پاشگری /–دین/، لە ناوچەکانی سنووری هەولێر بەواتای (چێشتخانە / مەتبەخ / موبەق) دێت، نەک شوێنی هەڵگرتنی شتێک.

دیارە یەکێک لەو بەڵگانەی، کە دەمانبات بەرەو ئەوەی بڵێین ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی /–دان/ن، لەسەر ئەو بنەماو پێوانەیەی، کە لە زمانی کوردیدا ئاساییە حاڵەتی فۆنۆلۆژیی گۆڕینی دەنگی (ا > ێ)، وەک لە کاتی گۆڕینی تافی کردار

لە ڕابردوو بۆ داهاتوو، بە تایبەت لەو کردارانەی، کە مۆرفیمی تافی ڕابردووەکەیان (ا)ە، یان لە کردارەکەدا فۆڕمی (ا) هەیە، وەک:

ژمار = ژمێر (ا > ێ)

کوڵا = کوڵێ

دانا = دانێ، ...&

کەواتە یاسای ڕۆنانی ناوی دارێژراوی شوێن بە هۆی گیرەکەکانی: /ـدێن، دین/ەوە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

ناو + /ـدێن، دین/ = ناوی دارێژراوی شوێن

کادێن،ناندێن، ناندین، ...&

/ـاوا/: ئەم مۆرفیمە، لە سازکردنی ناوی شوێنی تایبەتیدا، چالاک و بەتوانایە، بەزۆریش دەچێتە سەر ناوی تایبەتی و ناوی گشتی، ئەوەی کە دروستیشی دەکات ناوی تایبەتی گەڕەک و گوند و شارۆچکەیە. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٦). هەرچەندە لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین ئەم پاشگرە وشەی سەربەخۆ بووە و لە ئێستادا مامەڵەی گیرەک دەکات و گیرەک ئاسا ڕەفتاردەکات، چونکە لە بنەڕەتدا بە واتای شوێن و ئاوەدانی دێت، بۆ نموونە وەک (گوند و لادێ)، کە ئێستاش لە زمانەکەماندا وشەی (ئاوایی)، وەک هاوواتای (گوند، لادێ)، بەکاردەهێنرێت، هاوکات ئەو بناغانەی، کە دەچێتە سەریشی سەرجەمیان ناون، بە تایبەتیش ناوی مرۆڤ، واتە ناوی تایبەتی، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە لە کۆندا لەبەرئەوەی سیستەمی ژیانی لادێکانی کوردستان ئاغانشین بووە، واتە خەڵکانی ئاغاو دەرەبەگ و خاوەن نفوزی خێڵەکی گوندەکانیان بە ناوی خۆیانەوە ناوناوە، بۆ نموونە لە جیاتی بڵێن (گوندی/ئاوایی میر)، وتراوە (میراوا)، هاوکات مەرجیش نییە بەردەوام هەرچووبێتە سەرناوی مرۆڤ، بۆ نموونە وەک: (تەیراوا)، کە لەوەیە مەبەست لێی شوێنی باڵندە بووبێت، کە لەوشەی (طیر + /ـاوا/ = تەیراوا)، بە کەمێک گۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە. کەواتە یاسای ڕۆنانی ناوی شوێن بەم پاشگرە بریتییە لە:

ناو + /ـاوا/ = ناوی دارێژراوی شوێن

حاجیاوا، بەکراوا، تەیراوا، دۆلاراوا، عەلیاوا، بەلاشاوا، تۆبزاوا، سمایلاوا، میراوا، وارماوا، ئەحمەدئاوا، قەرەجاوا، باداوا، قالاوا، ...&

/ـان/: یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە لە دیاریکردنی شوێنی تایبەتی و گشتیشدا، چالاکە و بەشێوەیەکی گشتی سیمای (+شوێن، +/-تایبەتی و گشتی) هەیە. دەرکردەی ئەم پاشگرە، بریتییە لە ناوی چەند شوێنێکی سروشتی، یاخود چەند شوێنێکی تایبەتی لە نموونەی گەڕەکی شارەکان، هاوکات لە ڕووی بناغەشەوە تەنها دەچێتە سەر کەتیگۆری ناو. هەروەها پێشمانوایە، کە ئەم پاشگرە یەکێکە لەپاشگرە دێرینەکانی زمانەکەمان، کەواتای شوێنی بەخشیوە، یاخود لەوەیە زۆرجار هەردوو چەمکی (+شوێن، +کۆ) تیایدا یەکیان گرتبێ، بەڵام لە دارشتنی ناودا زیاتر ناوی شوێنی کۆمەڵێک خەڵک، یان دیاردەی بەخشیبێت بۆ نموونە وەک ناوەکانی: (بابان، ئەردەڵان، موکریان، سۆران، کرماشان، گۆران)، کە لێرەدا هەردوو وشەی (سۆران و گۆران) بە بەڵگەی قسەکانمان وەردەگرین (سۆر + ان = شوێنێک کە دیاردەو حاڵەتی ڕەنگی سووری زۆربێت)، (گۆر + ان = شوێنی خەڵکانی زەردەشتی پەیرەو کە بە گەبر، گاور لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە دەناسرێن.) هاوکات یاسای دارشتنی ناوی دارێژراوی شوێن بەهۆی ئەم گیرەکەوە بریتییە لە:

ناو + /ـان/ = ناوی دارێژراوی شوێن.

سەروەران، شەهیدان، مامۆستایان، فەرمانبەران، ئەندازیاران، ئەنفالەکان*، ناوگردان، ناوشاخان، سەرکەپکان، پشتئاشان، بیابان، ناوپردان، یاخیان، حاجی ئۆمەران، پڵنگان، زورکان، سێتاقان، دووڕیان، چوارڕیان، سێڕیان ...&

/ـیان/: یەکێکە لە پاشگرە سستەکانی سازکردنی ناوی شوێن لە زمانی کوردیدا، چونکە ژمارەیەکی کەم دەرکردەی هەیە و بەرهەمی ئەم پاشگرە تەنها چەند ناوێکی تایبەتی شوێنە، هەروەها لە ڕووی بناغەوە کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو) وەردەگرێت، بە پێی ئەم یاسایە:

ناو/ئاوەڵناو + /ـیان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن.

بازیان، گەرمیان، شێخ مەنسوریان، باپشتیان، ...&

/ـەن/: ئەم پاشگرەش یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و بێبەرهەمەکانی ئێستای زمانی کوردی و تەنها لە چەند نموونەیەکدا بەرچاودەکەوێت، کە لە ئێستای زمانەکەدا هیچ بەرهەمێکی بەدیناکرێت. هەروەها دەچێتە سەر هەردوو کەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو، لە ڕووی واتاشەوە دەرکردەکەی دەتوانین بە ئاوەڵناوئاسای لە قەڵەمبدەین، چونکە کاتێک وشەیەکی وەک: (پوشەن)، دەبینن جگە لە شوێنێک، کە پوشی لێیە، بەڵام تا ڕادەیەک وەسفیشی تیایە، کە مەبەست لێی شوێنێکە، کە پوشاوییە، یاخود پوشی زۆری لێیە. بۆیە گرنگترین سیماواتاییەکانی: (+شوێن، +زۆریی)یە.

١ـ ناو + /ـەن/ = ناوی داڕێژراوی شوێن: پوشەن، بەردەن، ...&

٢ـ ئاوەڵناو+ /ـەن/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

ڕەقەن، ڕووتەن، زەبەن، لێژەن، ..&

/ـشەن/: یەکێکی ترە، لە پاشگرە سستەکانی داڕێژی ناوی شوێن و تەنها لە وشەی (گوڵشەن)دا، دەتوانین نموونەی بۆ بهێنینەوە، واتە لە ئێستای زمانەکەدا دەتوانین بە پاشگرێکی مردوو لەقەڵەمی بدەین.

/ـمان/: ئەم پاشگرە، یەکێکی ترە لە پاشگرە زۆرناچالاک و سستەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی، کە دەربڕی چەمکی شوێنە.

کردار + /ـمان/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

نیشتمان، ...&

/ـایی/: ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر هەردوو بنکەی ئاوەڵناو و ناو، بۆ دروستکردنی ناوی شوێن بەکاردێت. کە سیفەتی شوێنەکە دەکرێتە پێوەر بۆ ناونانەکە، وەکو ئاوەڵناوئاسا بەکاردێت. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٧). هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە، سیماواتاییەکانی: (+شوێن، +زۆریی)، دەبەخشێت، بۆ نموونە وشەی (سەوزایی)، ناوە بۆ شوێنێک، کە گژوگیای زۆری لێ بێت و ئەو گژوگیایە ئەوەندە هەبێت، کە توانیبێتی ڕەنگی زەوییەکە بشارێتەوە. کەواتە گرنگترین یاساکانی ڕۆنانی ناوی شوێن بەهۆی ئەم پاشگرەوە بریتین لە:

---

*ناوی گەڕەکێکی تازەدروستکراوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، کەسوکاری ئەنفالەکانی سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵی تیادەژێت.

١ـ ناو + /ـایی/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

دۆڵایی، شاخایی، دەشتایی،...&

٢ـ ئاوەڵناو + /ـایی/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

نزمایی، قوڵایی، بەرزایی، سەوزایی، تەختایی، ...&

/ـانی/: ئەم پاشگرەش، تارادەیەک نزیکە لە پاشگری /ـایی/ و هەمان واتا دەبەخشێت و زۆرجار شوێنی یەکتریش دەگرنەوە، هاوکات دەچێتە سەر بناغەی (ئاوەڵناو)، هەروەها لەڕووی بەرهەمیشەوە پاشگرێکی سست و کەمبەرهەمە، هاوکات پێشمانوایە ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەردوو پاشگری /ـایی، -انی/، پەیوەستە بە ئاخێوەر و توانای گونجاندنی هەرکامێکیان لەکاتی درکاندن و ئاسان بێژتن بۆ قسەکەر، چونکە جیاوازیی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو گیرەکەدا نابینرێت:

ئاوەڵناو + /ـانی/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

دەشتانی/دەشتایی، تەختانی/تەختایی

ڕەقانی، نەرمانی، زورگانی ...&

/ـوو/: ئەم پاشگرە لە داڕشتنی ناوی شوێندا زۆر سستەو تەنها لەگەڵ چەند ناوێکی شوێندا دێت، کە ئاوەڵکردارئاسا ڕەفتار دەکەن، یاخود ناوی ئاوەڵکردارین و دەرکردەکەشیان ناوی شوێنی ئاراستە دەگەیەنێت. وەک:

ناوی ئاوەڵکرداری + /ـوو/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

سەروو، خواروو، ژوروو، ژێروو، ...&

/ـەوانی/: ئەم پاشگرە، کە تەنها لە ناوی داڕێژراوی (چۆڵەوانی)دا، دەبینرێت، یەکێکی ترە لە گیرەکە داڕێژە بێبەرهەم و سستەکانی ناوی شوێن، هاوکات لەگەڵ پاشگری /ـایی/دا، دەتوانین بڵێین هاوواتایە و دەتوانێت بە هەمان واتا لە بری بەکاربهێنرێت، وەک: (چۆڵەوانی / چۆڵایی).

/ـەتی/: ئەم گیرەکە، یەکێکە لەو گیرەکانەی، کە زیاد لە ئەرکێکی هەیە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کە دەچێتە سەر " ناو و دەیکات بە ناوی شوێن." (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٥٨)، واتە ئەمیش یەکێکە لە پاشگرە داڕێژەکانی ناوی شوێن و ئەو بناغانەی، کە وەریشیدەگرێت، بریتین لە چەند بناغەیەکی دیاریکراو، کە زیاتر دەربڕی شوێنی عەشیرەتێک، یاخود ناوچەی هۆزێک ناودەنێت و لە ڕووی بەرهەمیشەوە کەمبەرهەم و سستە.

ناو + /ـەتی/ = ناوی داڕێژراوی شوێن

جافەتی، بەرانەتی، خۆشناوەتی، زرارەتی، ....&.

/ـایەتی/: ئەم پاشگرەش، بە هەمان شێوەی پاشگری /ـەتی/، جگە لەوەی، کە ئەرکی تریشی هەیە، بەڵام لە نموونەکانی: (مەنگوڕایەتی، شینکایەتی)، دەربڕی چەمکی شوێنە و هەمان تایبەتمەندیی پاشگری /ـەتی/، هەیە، بەڵام لە هەموو نموونەکاندا ناتوانین لە بری یەکتر بەکاریان بهێنین. وەک:

جافەتی/ جافایەتی

بەرانەتی / بەرانایەتی*

مەنگوڕایەتی / مەنگوڕەتی*

/ـار/: گیرەکێکی ناچالاکە، لە دروستکردنی ناوی شوێندا، لەگەڵ چەند نموونەیەکدا دەبینرێت و ناوی شوێنی گشتی دروستدەکات. کە زیاتر بەشێک لە شوێنێک ناودەنێت. (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١٠٧)، بۆنموونە وەک: (کەنار، لێوار، بنار،...&)

خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە داڕێژەکانی ناوی شوێن، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٢١٩) وشە.

ژ	گیرەک	ژ.نموونەی بەشداربوو	ڕێژەی چالاکیی و سستیی
١	/ـگە، گا/	٥٠	%٢٢,٨٣

٢	/ـخانە/	٣٨	%١٧,٣٥
٣	/ـستان/	٢١	%٩,٥٨
٤	/ـان/	٢٠	%٩,١٣
٥	/ـدان/	١٥	%٦,٨٤
٦	/ـاوا/	١٤	%٦,٣٩
٧	/ـەڵان، ەلان/	١١	%٥,٠٢
٨	/ـایی/	٨	%٣,٦٥
٩	/ـەن/	٦	%٢,٧٣
١٠	/ـانی/	٥	%٢,٢٨
١١	/ـزار/	٤	%١,٨٢
١٢	/ـیان/	٤	%١,٨٢
١٣	/ـەتی/	٤	%١,٨٢
١٤	/ـوو/	٤	%١,٨٢
١٥	/ـجاڕ/	٣	%١,٣٦
١٦	/ـەوار/	٣	%١,٣٦
١٧	/ـدێن، دین/	٣	%١,٣٦
١٨	/ـار/	٣	%١,٣٦
١٩	/ـایەتی/	٢	%٠,٩١
٢٠	/ـشەن/	١	%٠,٤٥
٢١	/ـمان/	١	%٠,٤٥
٢٢	/ـەوانی/	١	%٠,٤٥

٢/٢ پۆلی پاشگرە داڕێژەکانی ناوی خاوەن پیشە:

چەپکێک مۆرفیمن، لە زمانی کوردیدا ڕۆڵیان لە زەنگینکردنی گەنجی وشەکانی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری کوردزماندا هەیە. هاوکات ئەم پۆلە لە مۆرفێمی بەند دەتوانن لە ڕووی کەتیگۆرییەوە بناغەی جیاواز هەڵبیژێرن و وشەی نوێ دابڕێژن. " بە زۆریش یارمەتی دارشتنی ناوێک دەدەن، کە پیشە و ئیشی یەکێکی پێ دیاری بکەن." (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٦٩). واتە ئەم گروپە مۆرفیمە لە ڕووی واتاییەوە سیمای سەرەکییان (+پیشە)یە، بەڵام لە جۆری پیشەکان و هەڵبژاردنی بناغەکاندا جۆرێک لە ئازادییان هەیە. ئەمە جگە لەوەی. کە جاری واشە ئاڵوگۆڕ لە نێوان مۆرفیمەکانی یەک بناغەشدا ڕوودەدات، وەک (یاریکەر / یاریچی)، (پینەدۆز / پینەچی)، واتە لەم شوێنانەدا وەک سینۆنیمی یەکتر مامەڵە دەکەن. هەروەها لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە دەتوانین پلەکانی (بەرهەمدار، ناوەندەبەرهەم، کەمبەرهەم)یان بۆ دیاریبکەین.

/-کەر/: ئەم مۆرفیمە لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین مۆرفیمێکی ناسادەیە و لە دووبەش پێکهاتووە: (ڕەگی کرداری (کردن) + پاشگری /-ەر/، واتە (کە + /-ەر/ = کەر)،دیارە ئەمیش بە تیاچوونی یەکێک لە دوو دەنگە بزوێنە کورتەکەی [ە]، بەڵام لە ئێستادا وەک یەک مۆرفیم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و یەکێکە لە گیرەکە دێرینەکانی داڕێژی ناوی خاوەنپیشە، هەروەها لەڕووی چالاکیی و بەرهەمەوە دەتوانین بڵێین " یەکێکە لە گیرەکە چالاک و بە تواناکانی ناوی پیشە، چونکە دەتوانێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا دەربکەوێت." (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٠). بەڵام لە ئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمێکی مامناوەندی هەیە، کە ئەمەش لە کۆندا دەشێ بەرهەمی زیاتر بووبێت، دیارە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەوەی، کە بەرهەمی سنورداربوە، پەیوەندی بە لایەنی سیمانتیکی و تابووی گیرەکەکەوە هەیە، چونکە هاوبێژە لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، بۆیە زۆرجار قسەکەر هەوڵدەدات تا یاساکانی زمان ڕێگەی پێبدەن ئەو وشەیەی، کە بەم گیرەکە ڕۆنراوە بیگۆڕێت بە وشەیەکی هاوواتای وەک وشەکانی: (نوێژکەر: نوێژخوێن، کارەکەر: خزمەتکار، یاریکەر:یاریزان، قسەکەر: ئاخێوەر، ...&).

ناو + /-کەر/ = ناوی داڕێژراوی خاوەن پیشە

دارکەر، یاریکەر، ڕاوکەر، نانکەر، سواڵکەر، سەماکەر، قسەکەر، ...&

/-گەر/: ئەم پاشگرە زۆر چالاک نییە، تەنیا دەچێتە سەر (ناو)و واتای پیشە ڕادەگەیەنێت. (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠١٣)، هاوکات پاشگری /-گەر/، بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتادا لەگەڵ ناوی چەند کانزایەکدا هاتووە و ناوی خاوەنپیشەی گەیاندووە، بەڵام لە ئێستاداو بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ بناغەی چەند ناوێکی تردا بەکاردەهێنرێت، کە ناوی کانزا نین، بۆ نموونە وەک: (جادوگەر، ڕۆژنامەگەر).

١- ناو + /-گەر/ = ناوی داڕێژراو

مسگەر، ئاسنگەر، زەڕەنگەر، جادوگەر، ڕۆژنامەگەر، ...&

هاوکات پاشگری /-گەر/ لەگەڵ بناغەی چەند ئاوەڵناو و ناوێکدا، بە یارمەتی پاشگری /-ی/، داڕێژی ناوی ئەبستراکتی و لە فۆرمی /-گەری/دا پێکەوە دەچنەسەر چەند بناغەیەک و ناوی واتایی ڕۆدەنێت، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە ناوی ئەبستراکتیی ڕووت، یان ناوی ئەبستراکتیی پیشەیە. وەک:

ڕۆژنامەگەری، تازەگەری، نوێگەری، سۆفیگەری، ناوچەگەری، خێڵگەری،...&

/-کار/: یەکێکە لە فۆرمە چالاکەکانی داڕێژی ناوی خاوەنپیشە لە ئێستای زمانی کوردیدا و لە بنەڕەتدا بە هەردوو فۆرمی سەربەخۆ و گیرەک لە ئێستای زمانەکەدا لەکاردایە، بۆ نموونە بە شێوەی فۆرمی سەربەخۆ، وەک وشەیەکی ئاسایی لە نموونەی: (کارکردن، کارنامە، کاربەجێ، کارگوزار، کارخاس، کارگە، کارخانە، کارمەند، ...&)، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک گیرەک بەرهەم و دەرکردەی زیاتری بۆ فەرهەنگی زمان دەبێت، چونکە یەکێکە لەو کەرەسانەی، کە دەتوانین وەک گیرەک زیاتر سوودی لێوەربگرین و لەگەڵ بناغەی دەیان وشەی جیاوازدا ناوی خاوەنپیشەی پێڕۆبنێن، کەواتە ئەم گیرەکە، یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە بەکارهێنانی مەودایەکی فراوانی هەیە و پیشە و کاری کەسێک، یان شتێک دەردەخات. هاوکات لەگەڵ بناغەی جیاوازدا دەتوانێت لەکاردابێت. بۆ نموونە وەک:

١- ناو + /-کار/ = ناوی خاوەنپیشە.

کرێکار، داواکار، ستەمکار، سەرکار، شوێنکار، بریکار، خزمەتکار، شەوکار، تەماعکار، کاسبکار، پێشکەشکار، شانۆکار، نمایشکار، ...&

٢- ئاوەڵناو + /-کار/ = ناوی داڕێژراو

جوانکار، نوێکار، ...&

٣- کردار + /-کار/ = ناوی داڕێژراو، وەک: (خوێندکار، ...&).

هەروەها لەگەڵ پاشگری /-ی/ی داڕێژی ناوی ئەبستراکتییدا، لە فۆڕمی /-کاری/دا، بەشێوەیەکی فراوان ناوی ئەبستراکتیی پیشە ڕۆدەنێت لە نموونەی:

(گەچکاری، سپیکاری، ستەمکاری، داواکاری، خزمەتکاری، کرێکاری، هاوکاری،...&)

/-ساز/: یەکێکی ترە لە مۆرفیمە داڕێژەکانی ناوی خاوەنپیشە، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە، بەرهەمدار نییە و تا ڕادەیەک پاشگرێکی سستە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، هەرچەندە لە ئێستای زمانی کوردیشدا بەهۆی ئەم گیرەکەوە توانراوە لە بواری زاراوەسازییدا سوودیلێوەربگیرێت و چەند زاراوەیەکی پێدابڕێژرێت، بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمی هەر کەموسنووردارە، هەروەها لەگەڵ پاشگری داڕێژی /-ی/ی ناوی ئەبستراکتیدا لە چەند زاراوەیەکی زمانەوانیدا دەبینرێت لە شێوەی پاشگری /-سازی/دا، وەک: (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی، ..&)، " بەڵام ناتوانین بڵێین وشەساز یان ڕستەساز، چونکە کەسی پسپۆڕ لەو بوارەدا خۆی یاساکان دروستناکات، تەنها لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا دەکات و پسپۆڕە تیایدا." (نەرمین عومەر: ٢٠١٠: ٣٥).

١- ناو + /-ساز/ = ناوی داڕێژراو: چەخماخساز، فلیمساز، دەرمانساز، ددانساز، زاراوەساز، ڕەخنەساز،...& (جەمال عەبدول: ٢٠٠٨: ٨٢).

/-چی/: یەکێکە لە مۆرفیمە چالاک و بەرهەمدارەکانی ناوی خاوەن پیشە لە ئێستای زمانەکەدا، هەرچەندە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە " پاشگرێکی تورکییەو دەربازی زمانی کوردی بووە." (فازڵ عومەر: ٢٠٠٥: ٦٥). هاوکات پاشگری /-چی/ لە ڕووی سیمانتیکییەوە زیاتر هەڵگری سیماکانی (+پیشە، +بەردەوامی)یە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش بناغەی ئەم پاشگرە، لە کەتیگۆری ناوە. وەک:

١- ناو + /-چی/ = ناوی داڕێژراو

فیتنەچی، قومارچی، کەڵەکچی، کلاوچی، ساختەچی، قوڵچی، ئاژاوەچی، ماستاوچی، پینەچی، بۆیاخچی، توتنچی، سەعاتچی، بۆریچی، پەنچەرچی، خانچی، چایچی، کوشنچی، جامچی، تەنەکەچی، لەحیمچی،کارەباچی، شووشەچی، جاڕچی،*

/-ەوان، -وان/: یەکێکە لە مۆرفیمە بە تواناکانی داڕشتنی ناوی پیشە، بەزۆری دەچێتە سەر ناو، بەڵام جیاوازی لە سیمای لاوەکیدا هەیە، کە بە زۆری سیمای {+پیشە}، {+پارێزگاری} تێدایە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکجاریش سیمای {+ئەزموون و شارەزایی} هەڵدەگرێت. " (شیروان حوسێن: ٢٠١٤: ١١٢)، هاوکات ئەم مۆرفیمە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بناغەی ئەو وشانەدا دێت، کە لەبواری ئاژەڵداری و پیشەی کشتوکاڵیدا لەکاردایە. ئەمە جگە لەوەی، کە لەم سەردەمەی زمانەکەماندا بۆ داڕشتنی چەند زاراوەیەک لە بواری جیاوازدا سوودیلێبینراوە. هەروەها جاری واشە بەهۆی فاکتەری فۆنۆلۆژییەوە فۆڕمەکەی لە /-ەوان/ەوە دەگۆڕێ بۆ /-وان/، کە دەبێتە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمە سەرەکییەکە. وەک:

١- ناو + /-ەوان، وان/ = ناوی داڕێژراو

فڕۆکەوان، کەشتییەوان، باخەوان، شاخەوان، زمانەوان، کارەوان، گاوان، بەرغەلەوان، باژێروان، پاسەوان، دەرگاوان، دەریاوان، مەلەوان، گۆلکەوان، پاکەوان، هەنگەوان، دارەوان، قازەوان، ڕەزەوان، توتنەوان، ...&

* پێویستە خوێنەر ئەوەی لاڕوون بێت، کە ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە، کە وشەکانی وەک: (ساختەچی، کلاوچی، ماستاوچی، کەڵەکچی، قومارچی،...&) ئەمانە پیشەیەکی دیاریکراو و بەرجەستەی مرۆڤ نین، بەڵام لە ڕاستیدا خووپێوەگرتنی و ئەوەندە دووبارەکردنەوەی بۆ خاوەنەکەی دەبێتە جۆرێک لە پیشە و وەک سیفەتێکی لێدێت بۆ هەڵگری ئەم کاروکردەوانە.

/-دار/: یەکێکە لە گیرەکە سست و ناچالاکەکانی داڕێژی ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە داڕشتنی (ئاوەڵناوی بکەری)دا بە توانایە و هەڵگری واتای (خاوەنێتی و هەبوون)ە.

ناو + /-دار/ = ناوی داڕێژراو: دوکاندار، مەڕدار، ئاژەڵدار، چەکدار، ...&

/-باز/: ئەم پاشگرە لە داڕشتنی ناوی خاوەن پیشەدا سستە و بەرهەمێکی کەمی هەیە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەرک و ڕۆڵی تریشی هەیە بۆ نموونە وەک داڕشتنی ئاوەڵناو (فێڵباز)، هەروەها بناغەی ئەم پاشگرە بریتییە لە ناو، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە.

ناو + /-باز/ = ناوی خاوەنپیشە

جامباز، سەرباز، کۆترباز، مێباز، نێرباز، هەتیوباز،*...&

/-بەند/: یەکێکی ترە لە پاشگرە سست و ناچالاکەکانی داڕێژی ناوی خاوەنپیشە، هاوکات وەک هاوبێژ دەچێتە سەر بناغەی جیاواز و ئەرک و واتای جیاوازی هەیە.

هەر لەم ڕووەوە (سەباح ڕەشید)، ئەم پاشگرەی بۆ چەند هاوبێژێک جیاکردووەتەوە. (٢٠٠٠: ٧٨):

١- دەچێتە سەرناو، پیشە لەو ناوە دروستدەکات. ناڵ + /-بەند/ = ناڵبەند.

٢- دەچێتە سەر ناو داپۆشینی ئەو شوێنە دەگەیەنێ، وەک: ڕوو + /-بەند/ = ڕووبەند. (ڕووپۆش).

٣- دەچێتە سەرناو بەستنی ئەو شوێنە دەگەیەنێ، وەک: کەمەر + /-بەند/ = کەمەربەند (کەمەربەست).

خشتەی ژمارە (٢) ڕێژەی چالاکیی و سستیی مۆرفیمە بەندە داڕێژەکانی ناوی خاوەنپیشە، لەسەر بنەمای نموونە بەکارهێنراوەکان، کە سەرجەم نموونەکان بە ژمارە بریتین لە: (٨٨) وشە.

ژ	گیرەک	ژ.نموونەی بەشداربوو	ڕێژەی چالاکیی و سستیی
١	/-چی/	٢٣	%٢٦,١٣
٢	/-ەوان، -وان/	٢٠	%٢٢,٧٢
٣	/-کار/	١٦	%١٨,١٨

* لە بنەڕەتدا وشەکانی: (مێباز، هەتیوباز، نێرباز)، ئەمانە پیشە نین، بەڵکو هەڵسوکەوت و خویەکی کۆمەڵایەتین، بەڵام بە بەردەوامیەتیێدان و دووبارەکردنەوەی لەلایەن بکەرەکەیەوە، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک خویەکی دووبارە، کۆمەڵ بە پیشەی ئەو مرۆڤەی دەناسێنێت. ئەمەش هەمان تایبەتمەندیی پاشگری /-چی/ هەیە لە وشەکانی (ماستاوچی، قومارچی، ...)دا.

٤	/ـکەر/	٧	%٧,٩٥
٥	/ـساز/	٦	%٦,٨١
٦	/ـباز/	٦	%٦,٨١
٧	/ـگەر/	٥	%٥,٦٨
٨	/ـدار/	٤	%٤,٥٤
٩	/ـبەند/	١	%١,١٣

ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گرنگترین ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا پوختدەکەینەوە:

١- مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی (دارشتن)، یەکێکە لە پرۆسە گرنگە مۆرفۆلۆژییەکان و پایەیەکی بنەڕەتیی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی هەر زمانێکە.

٢- گیرەک (affix)ەکان دەورێکی بەرچاویان لە پرۆسەی دارشتن و ڕۆنانی داتای نوێی زمانییدا هەیەو لەم ڕووەوە ئاخێوەر دەتوانێت وەک کەرەستەی بنەڕەتیی (أساسی)، چاویلێبکات، لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەیدا.

٣- پاشگرە دارێژەکانی پۆلەرەگەزی ناو، کەرەستەی زمانیی بە پێزو چالاکن لە هەڵگواستن و دارشتن و بەرهەمهێنانی ناوی نوێدا، بۆ فەرهەنگی زمانی کوردیی.

٤- چالاکیی و سستیی مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژ (گیرەک)ێک، بەندو پەیوەستە بە ڕێژەی پێزو بەرهەم و توانای دارشتنی لە بەرهەمهێنان و هەڵگواستنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان و تواناو لەبارێتی بۆ خستنەبەردەستی کەرەستەی پێویست بۆ ئاخێوەرەکانیی.

٥- گیرەکە دارێژەکانی پۆلەرەگەزی ناو لە شێوەی (دەستە/چەپک)ە مۆرفیمدا، لەسەر بنەمای هاوچەمکی، یاخود بە تاک تاک دەردەکەون، لە ڕووی شوێنیشەوە پێش و دوای بناغە دەگرن، بەڵام بە ڕێژەیەکی بەرچاو پێشگرەکان لە ڕۆنانی ناودا دیارو چالاکترن و ڕۆڵیان ئاشکراو دیارە لە زەنگینکردنی فەرهەنگی زماندا.

لیستی سەرچاوەکان:

١- ئەورەحمانی حاجی مارف: (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی – (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا.

٢- : (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی – بەشی پێنجەم (کردار)، چاپی دووەم، هەولێر.

٣- ئالفرینکۆ: (٢٠١٢)، تیۆری زمان، پێنجەم چاپ، مۆسکۆ.

٤- جەمال عەبدول: (٢٠٠٨)، بەرکوڵێکی زاراوەسازیی کوردی، دووەم چاپ، کوردستان - هەولێر.

٥- هدسن: (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، و: هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی – دهۆک.

٦- سەباح ڕەشید قادر: (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، ماستەر، ک. زمان – زانکۆی سلێمانی.

٧- ح.س.سۆران: (٢٠٠٩)، زمان، وێژەو فۆلکلۆری کوردی، چاپەمەنی ئێلیکترۆنیک.

8- Lieber, (2009), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York.

٩- محەمەدی مەحوی: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم – سلێمانی.

١٠- محەمەد مەعروف فەتاح: (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زامانەوانییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١- محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید: (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون.

١٢- نەرمین عومەر: (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، ماستەر، ک. زمان – زانکۆی سلێمانی.

١٣- فاروق عومەر سدیق: (٢٠١٥)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

١٤- فازڵ عومەر: (٢٠٠٥)، گیرەکێن زمانێ کوردی، چاپی ئێکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردەێ - هەولێر.

١٥- فاتیمه سادات تالاری: (١٣٩٣)، ساخت زبان فارسي، گرداوردی وتنظیم (سابی زا – دانشگاه مفید.

١٦- ڕۆژان نوری عبدالله: (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم. چوارچرا.

١٧- ڕەفیق شوانی: (٢٠١٢)، دیاریکردنی گیرەکی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (الاستاذ)ی کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد، ژمارە (٢٠٢)، زانکۆی بەغدا.

١٨- شیروان حوسێن حمد: (٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان – زانکۆی سلێمانی.

١٩- شحده فارغ و أخرون: (٢٠٠٦)، مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر، عمان – الاردن.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 140 – 152
http://www.ijoks.com

Freedom in Kurdistan Society – In the light of social contract theory John Locke

***Asrin Zrar QADER*[1]**

Received: Feb 01, 2017 **Reviewed**: Nov 21, 2017 **Accepted**: Dec 07, 2017

Abstract

The notion of freedom as reaction against oppression and injustice returns to Seventeen and eighteen century. At that time European philosophy concerned with individual rights, particularly after France revolution freedom was a concept which was placed in the constitutions, besides of America independence revolution and writing constitution based on the individual freedoms. Because freedom is related to law, therefore, free society is a society in which ruling law, human rights and freedom are respected. (Hegal) said that the only thing I am not free from it is my freedom.This makes clear that fact there is nobody who surrenders willingly to his inextricable and essential right which is freedom. Free individual means free thought, free thought and behavior lead to invention and change toward progress and civilization. (John Locke) who is considered as forefather of the idea of civil society believes that it is necessity for creating a civil society human rights and public freedoms should be guaranteed.

Keywords: Kurdistan Society, Freedom, Human Rights, Law, Social Contract.

Recommended citation:

Qadeer, A.Z. (2018). Freedom in Kurdistan Society - In the light of social contract theory John Locke. *International Journal of Kurdish Studies 4 (1),* 140 – 152. DOI: 10.21600/ijoks.383393

[1] Lecture, Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq. E.mail: asrin.qader@su.edu.krd

ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا- لەبەر رۆشنایی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی جۆن لۆك[2]

م. ئەسرین زرار قادر

پێشەکی

ئازادی مافێکی بنچینەیی و بەهادارە، پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤ، بۆیە هەمیشە پاراستنی بە پرسێکی گرنگ و هەستیار دادەنریت لەسەر ئاستی تاك، گرووپ و کۆمەڵگەکان. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە جیایەیە کە خاوەن عەقڵ و زمانە بۆئەوەی بیربکاتەوە و بۆچوونەکانی دەربرێت. واتە ئازادە لە گوتار و کردارەکانی وەك مافێکی سروشتی بنچینەیی. مرۆڤایەتی بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان تا گەیشتن بە رۆژگاری ئێستا لە هەوڵی سەلماندنی ئەو راستییە دایە کە مافی ئازادی بە هەموو جۆرەکانییەوە، بابەتێکی تیۆری رووت نییە بە بەخشین یان بەدەستهێنان گوزارشتی لێبکرێت، بەڵکو بەشێکی جیانەکراوەی پێکهاتەی رۆحی و کرداری خودی کەسەکانە؛ بەو مانایەی لەدایکبوونی ئازادانەی کەسێك، ئازادی دەکاتە جەوهەری بوون. واتە بوون و ئازادی تەواوکەری یەکترن. مرۆڤی ئازاد خاوەنی هزری نوێ و ئازادە، ئەمەش بۆخۆی هەوێنی ئەفراندن و داهێنانە کە دواجار کۆی هزر و توانا ئازادەکان بەدیهێنەری گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەن. لە سەدەکانی کۆن و ناوەڕاست ئەوروپا بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی، تیایاندا مافی ئازادییە گشتییەکان پێشێلکراو بوو کە تەنها هەندێك چین و توێژی تایبەتی کۆمەڵگە مافی پیادەکردنی ئازادییەکانیان هەبوو، بەڕادەیەك توێژەکانی منداڵان و ژنان لە ریزی کۆیلەکان دادەنران و لە سادەترین و سەرەکیترین مافەکان کە ئازادی یەکێکیانە بێبەشکرابوون، بۆیە فەیلەسوف و تیۆرڤانانی ئەو سەردەم و بەتایبەتیش بیرمەندانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە لە تیۆرەکانیاندا زیاتر پێداگیرییان لەسەر پێویستێتی دەستەبەرکردن و پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کردبوو. بیرمەند و تیۆرڤانی بەریتانی (جۆن لۆك) لە تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) بە روونکردنەوە و شیکردنەوەی ژیانی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ئازادی و رزگاربوونی تاکەکەس لە ستەمەکانی سیستمی فەرمانڕەوایی رەها خستۆتەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شیکرنەوە بۆ رەوش و بارودۆخی هەنووکەیی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بکرێت، بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی (لۆك) سەبارەت بە مافی ئازادی و چۆنییەتی گەیشتنی مرۆڤ بە ئازادی مەدەنی هەروەها رۆڵی حکومەت لە پاراستنی ئەو مافەدا بەو شێوەیەی کە لە ناوەڕۆکی تیۆری گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکەیدا هاتووە. جێی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی پێکهاتووە لە رەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوەکە هەروەها تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك) و شیکردنەوەی رەوشی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەگرێتەخۆ، لە کۆتاییشدا دەرئەنجام و راسپاردە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

1/ رەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوەکە

چوارچێوەی میتۆدۆلۆژیا و رەگەزە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

1-1 کێشەی توێژینەوەکە

خاڵی دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەو بابەتەیە کە وەك کێشەیەك یان پرسێکی ئاڵۆز لە هزر و خەیاڵی توێژەردا گەڵاڵەدەبێت و دواجار بە چەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. پرسی مافی ئازادی ئەو کێشە جیهانییە بەردەوامەیە کە بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵکردووە. لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا کێشەی بنەڕەتی ئازادی لە چۆنییەتی پیادەکردن، رادە و ئاستی ئەو مافە دایە، سەرەڕای بە یاساییکردنی وەکو مافێکی سەرەکی مرۆڤ، کەچی سستی دەستەبەری یاسایی و بێهێزی رێ و شوێنەکانی پاراستنی، ئاستی پێشێلکارییەکانی زیاتر کردووە. دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارە سەرەکییانەوە دەست پێبکات، لە کاتێکدا ئازادی مافێکی بنچینەیی

---

[2]- ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتورا بەناونیشانی (رۆڵی دامەزراوە نیشتیمانییەکان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ) بەسەرپەرشتی (پ.ی. د. سەلیم پەتروس ئیلیاس)، وەک مەرجێک بەر لە تەواوکردنی تێزەکە پێویستە بڵاوبکرێتەوە.

مرۆڤە ئایا هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بەپێی سنووربەندە یاساییەکان دەتوانن پیادەی مافی ئازادی بکەن بە هەموو جۆرەکانییەوە؟ ئایا لە مافی ئازادیدا یەکسانن؟ ئایا بۆچی و چ جۆرە ئازادییەك بە یاسا رێکخراوە؟ ئایا هاووڵاتییان بەرادەی پێویست هۆشیارن و لە مانای ئازادی تێگەیشتوون؟ ئایا حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی توانا و هزری ئازاد پەسنددەکەن؟ بە پشتبەستن بەو بنەمایەی کە ئازادی مافێکی یەکسانە بۆ هەمووان، هەر بەو شێوەیەی کە (لۆك) لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە روونکرنەوەی پێویست بۆ ئەم پرسیارانە بخرێتەڕوو.

١-٢گرنگی توێژینەوەکە

تیشك خستنەسەر رەوش و بارودۆخی هەنووکەیی سەبارەت بە مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانی، بە پشتبەستن بە تیۆری زانستی و شیکرنەوەی کۆمەڵایەتی و یاساییانە بۆ ئەو بارودۆخە گرنگی زانستییانەی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات.

١-٣ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوەن:

•ئایا هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەتوانن پیادەی مافی ئازادی بکەن؟

• ئایا هەموو هاووڵاتییان یەکسانن لە مافی ئازادیدا؟

•ئایا بۆچی و چ جۆرە ئازادییەك بە یاسا رێکخراوە؟

•ئایا دەسەڵاتی سیاسی هزری ئازاد پەسنددەکات؟

١-٤میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی شیکاری رەخنەگرانە بە پشتبەستن بە میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆك) رادە و ئاستی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانی هەڵسەنگاندووە، بە گەڕانەوە بۆ تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) لەلای (جۆن لۆك)، بە تیشك خستنەسەر بنەمای یەکسانی لە مافی ئازادیدا بۆ هەمووان. میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆك) بۆ توێژینەوە لە رەفتاری مرۆیی، دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە رێگای پشتبەستن بە بەڵگەنامە، بیرەوەری، گوتار و ئەرشیف...تد. زانایان (ولیەم کوود و بی هات) لە کتێبی (طرق البحث ألإجتماعي) پێناسەی ئەم میتۆدەیان کردووە بەوەی لە لێکۆڵینەوەی وتار و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت بە شێوازی شیکاری بە گەڕانەوە بۆ دەستەواژە، زاراوە، بیروبۆچوون و وشەکان کە توێژەر لە رێگای لێکۆڵینەوەی ئەمانە دەگاتە هۆکار و تەوەرە بنچینەییەکان و ئاشنا دەبێت بەو بارودۆخ، هۆکار و پاڵنەرانەی وای لە توێژەر کردووە بگاتە دەرئەنجامی توێژینەوەکەی. (الحسن، 2005، ص162،163)

١-٥چەمکەکانی توێژینەوەکە

دەکرێت لە چەند پێناسەیەکدا چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە روون بکەینەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

•مافەکانی مرۆڤ

مافەکان کۆمەڵێك بەهای دیاریکراو و جێگیرن کە سروشتی یان دانراون بەپێی یاسا، بەشێکی دانەبڕاون لە سروشت و بوونی مرۆڤ. بیرمەندی سیاسیی بەریتانی(هارۆڵد لاسکی)پێی وایە ماف حاڵەتێکی یامەتیدەرە لە دروستکردنی کەسێتی مرۆڤ، وایلێدەکات ببێتە شێوە و رووخسارێکی تەواو.(یحیی، 2009، ص17) مافەکانی مرۆڤ بریتین لە دەستەبەرکردن و پاراستنی مانای مرۆڤایەتی لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری.(قرقور، 2010، ص27) لە گۆشەنیگای تیۆری مافی تاکەکەسی، مافەکانی مرۆڤ بریتین لە کۆمەڵێك مافی سروشتی کە تاك هەیەتی پێش دروستبوونی دەسەڵات، بەڵکو بنەمای بوونی دەسەڵات بریتییە لە پاراستنی ئەو مافانە و لەناوبردنی ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکان لە کاتی پیادەکردنی مافەکانیان هەروەها رێگریکردن لە بەرهەڵستی و دژێکی کە لە رێگای بەکارهێنانی ئەو مافانەدا روودەدەن کە لە گرنگترینیان مافی یەکسانی و ئازادی تاکەکەسییە.(خالد، 2012، ص22،23) پێناسەی رێکاری بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیە: مافەکانی مرۆڤ ئەو پابەندییە

یاساییە نێودەوڵەتیانەن کە پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق و دەسەڵاتی سیاسیی کوردی پەرەپێدراو و پارێزراوبن بۆ هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، بەچاوپۆشین لە جیاوازییەکانی جێندەری، کولتووری، نەتەوەیی، بیروباوەڕی تد... کە دەستەبەربوونی ئەو مافانە بنەمای ڕێزگرتن و بەهاداری مرۆڤ لەسەر هەمووان بسەپێنێت.

•ئازادی

ئازادی ئەو مافە بەهادارەیە کە مانای بوونی مرۆیی تەواودەکات، بەبێ ئازادی مرۆڤ ناتوانێت گوزارشت لە کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی بکات، هەروەکو (بیرگسۆن) وایدەبینێت مرۆڤ ئازاد نابێت تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە کردارەکانی مۆرکی کەسێتی خۆی پێوەبێت.(ئیبراهیم، 2013، ص35) ئازادی یەکێکە لەو چەمکانەی کە پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە و لە نێوەندە فەلسەفی و هزرییەکاندا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. فەیلەسوف و بیرمەندی فەڕەنسی (مۆنتسکیۆ) لە سادەترین و پڕماناترین پێناسەدا بۆ ئازادی پێی وایە ئازادی بریتییە لەوەی تاکەکان ئەوەی دەبێ بیانەوێت، بیانەوێ و ئەنجامی بدەن و ئەو شتانەی نایانەوێت ناچارنەکرێن بە ئەنجامدانی. بەو مانایەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێ هەر کارێك ئەنجامبدات کە یاسا مۆڵەتی پێداوە و ئەوەشی یاسا قەدەغەی کردووە و لەبەرژەوەندی ئەوی نەزانیوە ناچار بە ئەنجامدانی نەکرێت.(مونتسکیو، 1953، ص225،226) بە بۆچوونی (ڤۆڵتێر) ئازادی بریتییەلە وابەستەبوون بە یاسا و بەجێهێنانی. لەلای (هیگڵ) ئازادی مرۆڤ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە پێویستییەکی بنچینەیی تاکەکانە و لە ڕێگای هەوڵی بە کۆمەڵییەوە دەستەبەردەبێت.(جەهانبەگلوو، 2009، ل113،185) ئازادی بەهایەکی کۆمەڵایەتی ئەرێنییە، مافی هەڵسوکەوتکردنی بێ کۆت و بەند دەبەخشێت بە تاك و گرووپەکان، بەمەرجێك ئەم مافانە زیان بە مافەکانی ئەوانی دیکە نەگەیەنن و لەگەڵ دیسپلین، یاساکانی کۆمەڵگە، ڕێنمایی، نموونە و داب و نەریتەکانیدا یەکترنەبڕن.(ئەلحەسەن، 2012، ل12) دەکرێت پێناسەی ڕێکاری لەم توێژینەوەیەدا بۆ چەمکی مافی ئازادی بریتیبێت لەو مافە بنچینەییەی کە هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بە شێوەیەکی یەکسان، بەپێی سنووربەندە یاساییەکان، بۆیان هەیە پیادەی بکەن بەبێ هیچ جۆرە ڕێگری و ناچارکردنێك کە نەبێتە هۆکاری ئازار گەیاندن و بەرتەسکردنەوەی ئازادی ئەوانی دیکە.

•کۆمەڵگە

گردبوونەوەی کۆمەڵایەتییانەی بەردەوامی کۆمەڵێك خەڵك لەسەر پارچە زەوییەکی دانپێنراو و دیاریکراودا، بە کۆمەڵگە ناودەبردرێت. پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ ناساندنی کۆمەڵگەی مرۆیی کراوە بۆ نموونە، کۆمەڵگە بریتییەلە سستمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە نێوان تاکەکەسەکاندا هەیە یاخود کۆمەڵە کەسێکن بەشێوەیەکی کەم تا زۆر ڕێکخراون و ئەندامەکانی بەیەکەوەبەستراون هەروەها خاوەن کولتووری تایبەتن.(موحسنی، 2006، ل86) دەکرێت کۆمەڵگە بریتیبێت لە سستمێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە مانەوەدا کە خاوەن هێزی تایبەتە و جۆری ڕەگەزی و پێکهاتەی جیاوازی تەمەنی، پیشەیی و چینایەتی جۆراوجۆر دەگرێتەوە.(الصقور، 2009، ص270) بەپێی بابەتی ئەم توێژینەوەیە چەمکی کۆمەڵگەی کوردستانی بریتییەلە نیشتەجێبوون و پێکەوە ژیانی کۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز، لە سنوورێکی جوگرافی- سیاسی دیاریکراودا کە کولتووری تایبەت و کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە.

٢/ تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك) و شیکردنەوەی ڕەوشی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا

لەم بەشەدا لەسەر بنەمای خستنەڕووی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك) خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ بارودۆخی مافی ئازادی هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا کراوە.

تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای ئەوروپی لە سەدەی حەڤدە. بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و ڕێنماییەکانی قوتابخانەی یاسای سروشتی کاریگەری هەبوو لەسەر بیرمەندانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە کە لەسەر دوو بیرۆکەی سەرەکی وەستابوون: یەکەمیان- خاوەندارێتی تاك بۆ مافە سروشتییەکانی بەهۆی سروشتە مرۆڤایەتییەکەی، دووەمیان- بوونی دۆخی سروشتی کە مرۆڤ تیایدا بە ئازادی ژیاوە پێش درووستبوونی دەوڵەت. تیۆرڤانانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەو بیرۆکەیە ووردبوونەتەوە و پرسیاریان کردووە، چۆن مرۆڤ لە دۆخە سروشتییەکەی دەرچووە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی دەوڵەت؟(مجذوب، 2014، ص47،48) لە دۆخی سروشتیدا کە تاك ئازادی ڕەهای هەبووە، بە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نەیتوانیوە بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵگە بدات. ئەم تیۆرڤانانە گفتوگۆیان لەسەر ئەوەبوو کە تاکەکان ناتوانن بەشێوەیەکی

هەماهەنگی لەگەڵ یەکدیدا بژین بەبێ سنووردارکردنی ئازادییەکانیان و پەیڕەوکردنی ڕێکخستنێکی مەدەنی بۆ کارلێکی ئاشتییانەی نێوانیان کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی جۆرێك دەسەڵات لە شێوەی دەوڵەت.(Welch, 2012, p.3) ئەوان باوەڕیان وابووە دەوڵەت دروست نەبووە، بەڵکو ئەنجامی ڕێککەوتنی گرێبەستێکە لە نێوان خەڵك کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، لە دۆخی سروشتی دەرچوونە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی، واتە دەوڵەت.(جرار،2012، ص155) کەواتە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بریتییەلە ڕێککەوتنی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەرکراو کە لایەنی یەکەم کار لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی لایەنی دووەم دەکات لە بەرامبەر پابەندبوون بە ئەرکەکانیان و ملکەچبوون بۆ بڕیارە گشتییەکان.(الربیعی، 2011،ص29) دەکرێت بڵێین تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی، وەك ئەنجامی پەرچەکردار بەرامبەر بە (تیۆری مافی خودایی) دەرکەوت؛ ئەو تیۆرەی مافی رەهای بەخشیبووە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و سستمی پاشایەتی ئەورووپاش بە دەرفەتێکی زانیبوو بۆ پەرەپێدانی مافی رەهای دەسەڵاتەکانی.

۲-۱ پوختەی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك 1632- 1704)

تێڕوانین و بیرۆکەکانی فەیلەسوف و بیرمەندی بەریتانی (جۆن لۆك) دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، یاسا و سستمی فەرمانڕەوایی کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی و بارودۆخی سیاسی بەگشتی. (لۆك) بە یەکێك لەو فەیلەسوفە دیارانە دادەنرێت کە بەشداری گرنگی هەبووە لە مێژووی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەخنەگرتن لە سستمی فەرمانڕەوایی پاشایەتی رەها، پێی وابوو دەسەڵاتی خەڵك لەسەرووی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییە. (لۆك) لە کتێبی (دوو نامە دەربارەی فەرمانڕەوایەتی-1690) تێڕوانینەکانی بۆ دۆخی سروشتی، یاسای سروشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، چۆنییەتی دروستبوونی دەوڵەت و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی خستۆتەڕوو. پێی وابوو دۆخی سروشتی حاڵەتی جەنگ و ململانێ نەبووە، بەڵکو تاکەکان چێژیان لە ئازادی، یەکسانی و ئارامی وەرگرتووە، چونکە لە سروشتدا کەس مافی لە کەسێکی دیکە زیاتر نەبووە هەروەها عەقڵی سروشتییش وا فێریکردوون، لەبەرئەوەی هەموویان ئازاد و یەکسانن، نابێت کەس زیان بە ژیان و ئازادییەکانی ئەوانی دیکە بگەیەنێت. (Locke, 1977,P.4)

(لۆك) لەم تێڕوانینانەی بۆ دۆخی سروشتی، تیشك دەخاتەسەر کۆمەڵێك بابەتی گرنگ. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە

مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێك مافی سروشتییە وەك ژیان، ئازادی، یەکسانی، پارێزراوی جەستەیی و خاوەندارێتی تد..... . ئەو مافانە پارێزراو دەبن ئەگەر هەمووان پابەندی یاسای سروشتی بن، سەرەڕای ئەوەش پێی وابووە بوونی یاسای سروشتی بەس نەبووە بۆ ئەوەی دۆخی سروشتی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی گونجاوبێت، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوە دروستنەبووە بەتەنهایی بژییێت، بۆیە لەبەر هەندێك پابەندی بەهێز تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵگە بووە. کۆمەڵگەی سیاسی (مەدەنی) ئەو کاتە دەستەبەردەبێت کە تاکەکان دەستبەرداری مافە سروشتییەکانیان بن لە بەرامبەر یاسایەکی گشتی و دەسەڵاتێکی دادوەری کە ئەرکی پاراستنی ئەو مافانە و سزادانی سەرپێچیکاران بگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا لە دۆخی سروشتیدا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی چەند کەسێك بووە.(Locke, 1967, sec.77-78)

ناوەڕۆکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەڕای (لۆك) ڕێککەوتنی واژووکراوی نێوان دوو لایەنە، هاووڵاتییان لەلایەك و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا (حکومەت) لەلایەکی دیکە؛ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە پێناو دروستکردنی ڕێکخستنێك کە بتوانێت یاسا پراکتیزە بکات، بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان. ملکەچی کۆمەڵگە بۆ ئەو دەسەڵاتە و پابەندبوون بە برگەکانی ڕێککەوتنەکە، حکومەت (دەوڵەت) ناچاردەکات بە پابەندبوون بە دەستەبەرکردنی مافەکانی تەواوی هاووڵاتییان. ئەگەر حکومەت برگەکانی گرێبەستە واژووکراوەکەی پێشێلکرد، ئەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و هاووڵاتییان (گەل) مافی ئەوەیان هەیە لایبەن و حکومەتێکی دیکە دروستبکەن کە پابەندی پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکان بێت.(Locke, 1967, sec.96)

ئەو خاڵە گرنگەی (لۆك) لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، مافی بڕیاردان و بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە ژیانی سیاسیی و دروستکردن و هەڵبژاردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی، ئەمەش سستمی دەسەڵاتدارێتی رەها رەتدەکاتەوە. بۆیە پێداگیری لەوە کردووە کە دەسەڵاتی یاسادانان بە تەنها بەرزترین دەسەڵاتی دەوڵەت نییە، بەڵکو پیرۆزە و بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بگۆڕدرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگە ئەو ئەرکەیان پێدەسپێرێت. دەسەڵاتی باڵا ناکرێت ستەمکار و رەها بێت لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هاووڵاتییانی، چونکە هەر کەسێك دەسەڵاتێکی لەم شێوەیەی هەبێت بۆ وێرانکردنی ژیان و دەستبەسەرداگرتنی خۆی یان کەسانی دیکە بەکاریدێنێت، بەڵکو دەسەڵاتی یاسایی

تەرخانكراوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگە و پێویستە ڕەچاوی بەندەكانی یاسای سروشتیش بكات. (Locke,1967,sec. 134)

سەبارەت بە مافی ئازادی (لۆك) پێی وابوو مرۆڤ خاوەنی دوو جۆر ئازادییە كە ئەوانیش ئازادی سروشتی بەوەی مرۆڤ ئازادە لە هەر دەسەڵاتێك و ئازادی مەدەنی كە لەسایەیدا تەنها ملكەچی ئەو دەسەڵاتە دەبێت كە ڕەزامەندی پێبەخشیوە. ئەوەی روونكردۆتەوە كە پابەندی هاووڵاتییان بۆ پەیڕەوكردن لە یاسادا تەنها دەتوانرێت لە ڕێگای ڕەزامەندی كەسی هاووڵاتی بۆ دەسەڵاتی یاسا دروستبكرێت. واتە هەوڵیداوە ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی دەوڵەت ببەخشێت، ئەنجامی ئەمەشی لە تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتی بۆ دەركەوت كە پاساوەكانی بوونی دەوڵەت و پابەندی دوو لایەنەی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییانی تێدا خستەڕوو.(Dunfee et al, 1999, pp.14-33) سەبارەت بە ئازادی ئایین و بیروباوەر(لۆك) پێی وابوو دەوڵەت و كڵێسا لەیەكتردابڕاو نین، بەڵام هەریەكەیان لە بواری تایبەتی خۆیاندا دەبێت كاربكەن، دەسەڵاتی سیاسیش نابێت لە دوو سەرچاوە دەربچێت، پێویستە دەوڵەت ئایین بەڕێوەبەرێت. كەس ناتوانێت باوەڕ بە ئایین و ئایینزایەكی بەزۆر سەپێنراو بێنێت. بۆیە هەموو ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەكان ڕێگەپێدراون. لێبووردەیی لە نێوان ئەو كەسانەی ئایینیان جیاوازە، عەقڵ پێی ڕەزامەندە، كێشەكان لە جیاوازی بیر و بۆچوونەكان نییە كە ئایینەكان ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن، بەڵكو لە نەبوونی لێبووردەییە بەرامبەر ئەوانەی كە بۆچوونیان جیاوازە.(لۆك، 2011، ل59،40)

٢-٢ شیكردنەوەی ڕەوشی مافی ئازادی لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا

دوای خستنەڕووی پوختەی ناوەڕۆكی تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتی لەلای (لۆك) لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایەی كە پێی وایە (خەڵكی هەموویان ئازادن، لەژێر ڕۆشنایی یاسادا، لە مافی ئازادیشدا یەكسانن) بارودۆخی ئازادی هاووڵاتییان لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا دەخەینەڕوو.

(لۆك) لە تیۆرەكەیدا جەخت لەسەر مافێكی بنچینەیی دەكات كە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤ و پێكهاتەیەكی جەوهەری بوونی مرۆییە، بەهۆی مرۆڤبوونەوە، ئەویش بریتییەلە مافی (ئازادی)، بەڵام سنووردار و لە هەمان كاتدا یەكسان بۆ هەمووان. ئەو ئاماژەیەی (لۆك) بۆ ئازادی سنووردار بەپێی یاسا، ڕۆڵێكی كاریگەر و گەورەی گێڕاوە لە دەركەوتن و گرنگیدان بە دەستوور لە سەرەتاكانی سەدەی هەژدە لە ئەوروپا و ئەمریكا بەتایبەتی بە تیشك خستنەسەر بیرۆكەكانی یاسای سروشتی، گرێبەستی كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ؛ لە وابەستەیی نێوان دەستوور و سستمی دیموكراسی لە فەرمانڕەواییدا.

ڕێبازی دەستووری كۆن، كاریگەربووە بە دەستووری ساڵی (1787) ی ئەمریكا كە لەسەر بنەمای ئازادی تاكەكەسی دانرابوو هەروەها ڕاگەیەنراوی فەرەنسی بۆ مافەكانی مرۆڤ و هاووڵاتی (1789) پشتبەستوو بووە بەهەمان بیرۆكەی پەیوەندی نێوان دەستوور و سستمی دیموكراسی كە لە ماددەی (16)دا جەختی لەوە كردۆتەوە؛ هەر كۆمەڵگەیەك نەتوانێت مافی تاكەكانی دابینبكات و سوود لە بنەمای جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان نەبینێت، ئەوە كۆمەڵگەیەكی بێ دەستوورە. ئەم تێگەیشتنە كە بە درێژایی سەدەی نۆزدە بەردەوامبووە، ئەو دەرئەنجامە هزریەی لێكەوتۆتەوە كە ڕەهایی و بە پیرۆزدانانی ئازادییەكان بەبێ بوونی دەسەڵاتێك كە پیادەكردنی ڕێكبخات، دەبێتە هۆی ڕوودانی گێرەشێوێنی. هەربۆیە زانای فەڕەنسی (مۆریس هۆریۆ Maurice H.) دەستووری ناساندووە بەوەی كە بریتییەلە ((هونەر یان ڕێسای ڕێكخستنی ئازادی)). لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم بیرۆكەیە گۆڕانی بەسەرداهات، بە واتایەكی دی دەستوور پێویستییەك بوو بۆ هەر وڵاتێك جا سستمە سیاسییەكەی فەرمانڕەوایەتی دیموكراسی بووبێت یان ڕەها، بەپێی ڕێبازی دەستووری نوێ، چونكە دەستوور بریتییەلە ڕێكخستنی دەسەڵات. لە كۆی ئەو دوو بیرۆكەیە (ئەندریە هۆریۆ Andre H.) بەو بڕوایە گەیشت كە چییەتی و گرنگی سەرەكی ڕێسای دەستووری، دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەكی گونجاوە لە نێوان دەسەڵات و ئازادی، لەبەرئەوە پیادەكردنی دەسەڵات مەبەستێك نییە، بەڵكو بریتییەلە ئامرازێك بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی هاووڵاتییان هەروەها ئازادی مافێكی ڕەها و بێ سنوور نییە، بەڵكو كۆنترۆڵی دیاریكراوی هەیە بۆ پیادەكردنی بە ڕێگای دەسەڵاتێكی ڕێكخراو، ئەگەر وانەبێت دەگۆڕێت بۆ گێرەشێوێنی.(الطهراوی، 2007، ص297،296،295) كەواتە دەستوور نە بۆ سنووربەندی ئازادی و نە بۆ ڕێكخستنی دەسەڵاتە بەتەنها، بەڵكو كۆمەڵێك ڕێسای یاساییە بۆ دروستكردنی هاوسەنگی و ڕێككەوتن لە نێوان دەسەڵات و ئازادی.

ئەم بۆچوونانە لەژێر كاریگەری بیرۆكە سەرەكییەكەی (لۆك)ە، لەبارەی ئازادی سنووردار و ڕێكخراو بە یاسایەكی دیاریكراو، چونكە پێچەوانەی ئەو بارودۆخە مافەكانی مرۆڤ و ئاسایشی ژیان و گیانی هاوولاَتییان بۆی هەیە بكەوێتە مەترسییەوە. ئەم بیرۆكەیەی (لۆك) لە (ڕاگەیەندراوی جیهانی مافەكانی مرۆڤ-1948) جەختی لەسەر كراوەتەوە كە لە بەندی (1)دا هاتووە ((هەموو مرۆڤەكان بە ئازادی لە دایك دەبن و یەكسانیشن لە كەرامەت و مافدا....))(حكومەتی هەرێمی كوردستان،2006، ل1). بە بۆچوونی (لۆك) مرۆڤ ئازادی سروشتی گۆڕیوەتەوە بە ئازادی مەدەنی، كاتێكیش باس لە ئازادی مەدەنی دەكرێت، دەبێت كۆمەڵگەیەكی مەدەنی- دیموكراسی بوونی هەبێت كە یاسا فەرمانڕەوایەتی بكات؛ ژیان، ئازادی و تەواوی مافەكانی هاوولاَتییان تیایدا بە یاسا دیاریكراو، دەستەبەر و پارێزراوبن. هەروەكو (ئیلیاس مەرقس) وای بۆ چووە ناكرێت قسەیەك لەبارەی ئازادییەوە بكرێت بەبێ قسەكردن لەبارەی عەقڵ، ماف، یاسا، كۆمەڵگە، دەوڵەت، تاك، نەژاد، شوناس، كار و بەها هەروەها ناكرێت لەبارەی دیموكراسییەوە بدوێین بەبێ چەمكی دەوڵەت و دەوڵەتی دیموكراسی بەبێ قسەكردن لەبارەی پێشكەوتن و گوزەرانی خەڵك...(الربیعی، 2011، ص54،53) ئاخۆ لەو گۆشەنیگایەوە ئازادی لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا بوونێكی بەرجەستەكراوە، یان تەنها وەهمێكە و دوورە لە ڕاستییەوە؟

فەیلەسوفی فەڕەنسی (لاڤێل Lavelle) پێی وایە ئازادی نە دیاردە و ڕووداوە، نە تایبەتمەندی و جۆرێتییە، بەڵكو كردارە. بەومانایەی ناكرێت هەست بە ئازادی بكرێت، تەنها لە ڕێگای ئەو كردارەوە نەبێت كە پێی دێتەدی.(ئیبراهیم، 2013، ل45) ئەگەر ئازادی تەنها كردار بێت، ئەوە بنەمای سەرەكی هەر كردەوەیەك بیرۆكەیەكە. لە كاتێكدا هیچ كەسێك بۆی نییە ڕێگا لە مافی بیركردنەوەی مرۆڤ بگرێت و سنووورداری بكات، بەڵام مەبەست لە سنووورداركردنی مافی ئازادی دیاریكردنی ئەو ئاستەیە كە هەست، ویژدان، بەها و ڕێزی مرۆڤایەتی بپارێزێت. كەواتە نە دەسەڵاتی سیاسی و نە یاساكان مافی ئەوەیان نییە مرۆڤ لە مافی ئازادی ژیان، ڕادەربڕین و بیروباوەڕ بێبەشبكەن یان بەرتەسكی بكەنەوە، تەنها لەو بارودۆخە نەبێت كە ببێتە هۆكاری بێ ڕێزی و پێشێلكردنی ئازادی ئەوانی دی یان پێچەوانەی ئادابی گشتی بێت بەپێی یاسا.

وەك ئاشكرایە دەستوور بەڵگەنامەیەكە كۆی ئەو ڕێسا دانراوانە لەخۆدەگرێت كە ڕێگا و شێوازی پیادەكردنی دەسەڵات لە وڵاتدا ڕێكدەخات. هەروەكو (جۆرج سڵ G.Scelle) پێی وابوو ڕێسای یاسای دەستووری بەواتای ڕێسای هاوسەنگی سیاسییە.(الشاوی، 2013، ص104،103) لە كاتێكدا كە بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی كوردستان- عێراقدا بە قەیراندا تێپەڕدەبێت، لەپاڵ نەبوونی دەستووردا؛ كۆنترۆڵ و چاودێریكردنی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی كارێكی ئاسان نابێت. بۆیە پرسی مافەكانی ئازادی هاوولاَتییان هەمیشە لە هەندێك بابەتدا هەستیار و ڕێگە پێنەدراوە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ڕێكخراو و سنووردار نەكرێت بە ڕێسای دەستووری، ئەوە ئازادی ڕەهای دەبێت بۆ لەناوبردن و پێشێلكردنی مافی هاوولاَتییانی لە هەر پرس و بابەتێك كە بە مەترسی بزانێت بۆ سەرخۆی؛ لە بارودۆخێكی ئاواشدا مافی ئازادی پارێزراو نابێت و یاسا و دەسەڵاتی دادوەریش ڕۆڵیان سست دەبێت. بۆیە پێویستە بەپێی یاسا ئازادییەكان پارێزراوبن و هەمووان یەكسان بن تیایدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندەری، نەتەوەیی، ئایینی، كولتووری و پێگەی كۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، بەواتایەكی دی كاتێك ئازادی و دەسەڵات بە كۆمەڵێك ڕێسای یاسایی هاوسەنگ دەكرێن، بوارێك نامێنێتەوە بۆ جیاوازیكردن لە مافی ئازادییە گشتییەكانی نێوان دەسەڵاتدارێك و هاوولاَتییەكی ئاسایی. ئایا لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا، یاسا توانیویەتی ئەو هاوسەنگییە ڕابگرێت؟ بەواتایەكی دی ئازادی كە مافێكی بنچینەیی مرۆڤە، بەو شێوەیەی كە لە یاسادا پارێزراوە بەكردەوە بۆ هەموو هاوولاَتییان وەكو یەكە بەبێ جیاوازی؟

ئازادی بەبێ دەستەبەری یاسایی و ڕێ و شوێنی دیاریكراو بۆ وەرگێڕانی ئەو مافە لە تیۆرەوە بۆ كردار، گرنگییەكی نییە لە ژیانی مرۆڤدا. لە ماددەی (9) بڕگە (1) ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەكان (1966) هاتووە ((هەموو كەسێك مافی ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە... نابێت كەس لە ئازادی بێبەش بكرێت تەنها بەو هۆكارانە نەبێت كە بە یاسا دیاریكراون.))(UNITED NATIONS, 2016, p.44) لە دەستووری عێراقیدا (2005) لە ماددەی (15)دا هاتووە كە ((هەموو تاكێك مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە)).(دستور جمهوریە العراق، 2005) لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراقدا، ئەگەرچی تا ئێستا پەسند نەكراوە، بەڵام سەبارەت بە مافی ئازادی لە ماددەی (19) بڕگەی (2)دا هاتووە ((هەموو كەس مافی ژیان و ئازادی هەیە و بە یاسا

نەبێت هیچ كەس لێیان بێبەش ناكرێت یان بەرتەسك ناكرێتەوە.))(پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق، 2009)

ئازادی مافێكی فرەلایەنە، بە كۆمەڵێك كردەوەی جۆراوجۆر گوزارشتی لێدەكرێت، ئەو ئازادییانە بەپێی ماددەی (38) بڕگەكانی (1,2,3)ی دەستووری عێراق و ماددەی (19) بڕگەكانی (9,10,11)ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق، پارێزراو، دەستەبەر و ڕێكخراون بەپێی یاسا بەم شێوەیە:

•ئازادی ڕادەربڕین، بیروباوەڕ، ئایین و ویژدان.

•ئازادی ڕۆژنامەگەری، چاپكردن، ئاگاداری، ڕاگەیاندن، بڵاوكردنەوە و مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

•ئازادی كۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندانی هێمنانە.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی كە لە سەرەوە ئاڕاستەمان كرد دەكرێت بڵێین، ئەگەر لە بنەڕەتدا ئازادی بەپێی ڕاگەیەنراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان و لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراق و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراقدا؛ مافێكی سنووردار بێت بۆ هاووڵاتییان و بە یاسا ڕێكخرابێت، ئەوە لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا ئەو مافە دووجار سنووردارکراوە لە نەبوونی دەستوور و سستی ڕۆڵی یاساكان لە بەرامبەر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی. لە واقیعدا بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی ئەو دەسەڵاتە وایكردووە، پڕۆسەكانی چاودێری گشتی و لێپرسینەوەی یاسایی لە دەسەڵاتی سیاسی و شێوازی ڕۆڵبینینی ئەرك و بەرپرسیارێتییە یاسایی و ئاكارییەكانی سست بن. بۆیە ئازادە لە پێشێلكردن و بەرتەسككردنەوەی مافی ئازادی هاووڵاتییان.

یەكێك لەو ئازادییانەی كە لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی كوردستاندا، كەمترین بواری پیادەكردنی هەبێت، ئازادی ڕادەربڕینە، بەتایبەتیش لە بواری كاری ڕۆژنامەگەریدا. سەرەڕای بوونی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) كە لە ماددەی (2) بڕگەی (1)دا ئاماژە كراوە بە ئازادی كاری ڕۆژنامەگەریی و دەستەبەركردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوكردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتییەك.(بڕیاری پەرلەمانی كوردستان- عێراق، 2007) ئامارەكان ڕاستی ئەو بارودۆخە دەسەلمێنن كە پیادەكردنی ئەو مافە بەپێی پێویست نییە و پەسندكردنی یاساكە و گونجاوی لەگەڵ پێوەرە

نێودەوڵەتییەكان بۆ كاری ڕۆژنامەگەری، نەبۆتە هۆكارێك بۆ كەمكردنەوە یان نەهێشتنی پێشێلكارییەكانی ئازادی ڕادەربڕین و فراوانتركردنی مەودای پیادەكردنی ئەو مافە. بۆ نموونە، ساڵی (2013) بەپێی ڕاپۆرتەكانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، پێشێلكارییەكی زۆر بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستاندا ئەنجامدراوە؛ لە كوشتن، زیندانیكردن، لێدان، سوكایەتی پێكردن و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە و ئامرازە ڕۆژنامەگەرییەكان. لەو ڕاپۆرتانەدا هاتووە كە لە شەش مانگی یەكەمی (2013) دا (20) ڕۆژنامەنووس دوچاری (30) جۆری پێشێلكاری بوونەتەوە و لە شەش مانگی كۆتاییدا (42) ڕۆژنامەنووسی دیكە (27) جۆری پێشێلكارییان بەرامبەر ئەنجامدراوە.(ابو الكرم، 2014، ص28) ئاماری ئەم پێشێلكارییانە لە ساڵی (2016)دا بەرزبۆتەوە بۆ (73) حاڵەت.(عومەر، 2016، ل13،9)

لە ڕێزمانی دێریندا، چەندین فۆڕم بە ئاوەڵناو دانراون. هۆکاری ئەمەش ئەوە بووە، کە پێناسەی ڕێزمانی دێرین بۆ ئاوەڵناو لە ڕوانگەی ئەرکەوە بووە. بۆ نمونە دەوترا: (ئاوەڵناو وشەیەکە بۆ وەسفکردن و دیاریکردنی وشەیەکی تر بەکاردەهێنرێت.) (5: 2005: Nidham sheet). هەر ئەمەش وای کردبو، کەرەستە زمانییەکانی وەك: (ئامرازی نیشانە، ژمارە، ئامرازی نادیار، ئامرازی پرس، ئامرازی هەیی، ئامرازی سەرسوڕمان، ...تاد) بە ئاوەڵناو دابنرێن، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاوەڵناوەوە نییە و بە یەکێك لەو هەڵە وەسفییانە دادەنرێت، کە دێرینەکان لەبارەی ئاوەڵناوەوە دەیانکرد. بۆ نمونە لەبەرئەوەی کە ئاوەڵناو ئەرکە سەرەکییەکەی (دیارخەر)ە، بۆیە هەر کەرەستەیەك بو بە دیارخەر بە ئاوەڵناو دانراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەم کوڕە - دوو کوڕ

کام کوڕ - کوڕەکە

کوڕێکی تر - کوڕێك

فراوانکردنی سنوری ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا تەنها لە زمانی کوردیدا نەبووە، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا چەندین کەرەستە بە ئاوەڵناو دانراون، کە پەیوەندییان بە ئاوەڵناوەوە نەبووە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (my, his, her,…etc) دەوترا ئاوەڵناوی خاوەندارێتی (possessive Adjective)[1]، کە سیفەتەکانی ئاوەڵناویان تێدا نییە. دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا لەگەڵ ئەو پێناسانەدا نەدەگونجا، کە خودی ڕێزماننوسە دێرینەکان بۆ ئاوەڵناویان دەکرد، بۆ نمونە دەوترا، ئاوەڵناو وشەیەکە دەبێت واتای پەسنی/وەسفی تێدابێت، کەچی ئەو کەرەستانەی بە ئاوەڵناو دانرابون، واتای پەسنییان تێدا نەبو. بۆیە (جۆرە تێکەڵییەك لەنێوان ئاوەڵناو و بەشەکانی تری ئاخاوتن دەکرا، وەك (ئارتیکڵەکان، ئامرازی نیشانە، ئامرازی پرس، سەرسوڕمان و ژمارە.)[2] [Fatima Hassan: 2009: 49]

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی مەبەستەکەمان، چەند پێناسەیەکی ئاوەڵناو دەخەینەڕو:

(((صفت) اسمێکە حال و شان اسمەکەی پێش خۆی بیان دەکا بەو اسمە دەڵێن موصوف، بە هەردوکیان دەڵێن: ترکیب توصیفی.)) [سەعید صدقی کابان: 1928: 25]

((سیفەت کەلیمەیەکە بۆ تەواوکردنی مەعنای ناو، یان بۆ ناو بەکاردەهێنرێت.))[توفیق وەهبی: 1929: 61]

((ئاوەڵناو شتێکە، تاریفی ناو، یان ڕاناو دەکا.)) [محەمەد ئەمین هەورامانی: 1973: 163]

((واژەیەکە، یا بۆ وەسفی ناوێك، یا ڕاناوێ، یا فرمانێکی بێهێز بەکارئەهێنرێ.)) [نوری عەلی ئەمین: 2014: 120]

ئەمەو چەندین پێناسەی تر لە بەردەستایە، زۆربەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە (ئاوەڵناو) وشەیەکە دەبێت واتای (وەسف)ی تێدابێت بەبێ گوێدانە تایبەتییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکییەکانی ئاوەڵناو. چونکە پێناسە پوختەی دەرئەنجامی ڕاستی ئەو چەمکانەیە، کە لێکۆڵینەوە ئەیگاتێ.

1 - 2) جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا:

بۆ ئەوەی لە ئێستای زمانەکەماندا جۆرەکانی ئاوەڵناو زانستییانە دیاریبکەین، سەرەتا بەباشی دەزانین، تێڕوانینی ڕێزمانی دێرینی کوردی لەبارەی جۆرەکانی ئاوەڵناوەوە بزانین، هەروەها کەموکورتی ئەو بۆچونانە بخەینەڕو بە مەبەستی دانانی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ جۆرەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا. لەبەر مەودای توێژینەوەکەمان ناتوانین بۆچونی هەمو زمانەوانە کوردەکان، یان ئەو پۆلێنکردنانەی کە بەتەواوی لەیەکەوە نزیکن، بخەینەڕو، بۆیە هەوڵدەدین لەم خشتەیەدا بۆچونی هەندێکیان لەم بارەیەوە پیشانبدەین:

ناوی نوسەر	جۆرەکانی ئاوەڵناو

سعید صدقی کابان (سەعید صدقی کابان: 1928: 25-27)	1- سماعی 2- قیاسی
توفیق وەهبی (توفیق وەهبی: 1929: 61-81)	1- چۆنی 2- نیشانی 3- ژمارەیی 4- موبهەم 5- پرسی
نوری عەلی ئەمین (نوری عەلی ئەمین: 2013: 120-130)	1- خەبەری 2- ئیشاری 3- فرمانی 4- چەندی 5- پرسیاری
جگەر خوێن (جگەرخوێن: 1961: 29-30)	1- پەسنا ڕاستی 2- چیکروخی کیماسی ← تام ← زێدای ڕەنگ
صادق بەهادین (صادق بەهائەدین: 1976: 112-113)	1- چۆنیەتی 2- ژمارەیی 3- نیشانە 4- هەیی 5- پرسیاری 6- نەبەن
ك.ك. كوردۆییێف (ك.ك.كوردۆییێف: 1982: 101)	1- نیسبی 2- چۆنی
ئەوڕەحمانی حاجی مارف[3] (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 119-138)	1- چۆنیەتی 2- نیسبی 3- نادیار 1- چۆنیەتی ← نادیاری دیاریکردن ← ڕەنگ ← جۆری سیفەت ← شێوەی مرۆڤ ← چەمکی دەوروبەر 3- نادیار ← جیاکردنەوە ← خاسیەت
احمد حسن احمد (احمد حسن احمد: 1976: 129)	1- سادە 2- لێکدراو 3- کۆژ یان ڕستە

خشتەی ژمارە (1)

1 - 3) کەموکورتی پێناسە و جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا:

ئەو هەمو جۆرەی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا سنوری ئاوەڵناوی فراوانکردبو، بەجۆرێك دەربڕینی هەندێك لەو بیرانەی کە دراونەتە پاڵ ئاوەڵناو هەرگیز ئاوەڵناو توانای نییە، دەریانببڕێت. یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردبو، ڕێزمانی دێرین چەندین کەرەستەی زمانی بە ئاوەڵناو دابنێن، بریتیبو لە پشتبەستن بە شوێنی هاتن، یان ئەرکی کەرەستەکان لە ڕستەدا. بۆیە ((بنەمای خوێندنەوەی پەیڤێك بەگوێرەی شوێنەکەی لە (گرێ و ڕستە)دا، سنوری ئاوەڵناوی هێندە فراوانکردبو، وایکردبو، هەر یەك لە ئامرازی (نەناسین، ناسین، نیشانە، هەتا ژمارە و جۆرەکانی، ...تاد) بە ئاوەڵناو دابنرێت.)) [سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو: 2010: 74]. کەواتە وەك دەردەکەوێت، لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا پشت بە بنەمای ئەرك بەسترابو. بەم پێیەش هەر یەکەیەکی زمانی لە ڕستەدا ئەرکی دیارخەری ببینیبایە، بە ئاوەڵناو دادەنرا. دیارە ئەمەش هەڵەیەکی ڕێزمانی دێرین بو لە

دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا. دەتوانین، گرنگترین ئەو کەموکورتیانەی لە پێناسە و دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا لە ڕێزمانی دێریندا هەن، لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕو، پاشان بەپێی ئاستەکانی زمان و هەڵسوکەوتی ئێستای زمانەکەمان جۆرەکانی ئاوەڵناو دیاریبکەین، هەروەها پێناسەیەکی گونجاوتر لەوانەی پێشوتر بۆ ئاوەڵناو بکەین:

یەکەم/ ئەگەر بڕوانینە جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا، هاوبەشییان لەگەڵ ئاوەڵناودا تەنها ئەوەیە، کە هەندێکیان دەتوانن ببنە دیارخەری ناو، بۆ نمونە:

- ئاوەڵناوی ژمارە: یەك ، یەکەم ، یەکلەسەردو،...تاد . واتە بە هەر سێ جۆرەکەیەوە (بنجی، پلەیی، کەرتی)
- ئاوەڵناوی نیشانە: ئەمە، ئەم، ئەمانە،...تاد
- ئاوەڵناوی نادیار: هەر، فلان، هیچ،...تاد
- ئاوەڵناوی جیاکەرەوە: تر، کە، دیکە، دی،...تاد
- ئاوەڵناوی پرس: کام، کەی، چی، چۆن،...تاد.

دیارە ئەمانە هیچ یەکێکیان هەڵگری تایبەتێتی ئاوەڵناو نین، بەڵکو هەموویان وشەی سەربەخۆن، پۆلێکی ئەرکین و ئامرازی پرسن نەك ئاوەڵناوی پرس، بۆیە پێویستە سنوریان لەگەڵ ئاوەڵناودا جیابکرێتەوە[4].

دووەم/ لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە هیچ ئەدگارێکی ئاوەڵناویان تێدا نییە. بۆ نمونە: هەر دو مۆرفیمی /تر/، /ترین/ کە دو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ئاوەڵناون لە زمانی کوردیدا وەرناگرن، وەك:

*ئەمتر ، *ئەمترین، *دوتر، *دوترین، *هیتر، *هیترین، *ئاوتر، *ئاوترین، .....تاد.

سێیەم/ لەڕوی سیمانتیکەوە کە گرنگترین خاڵە بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناو[5] هیچ یەکێك لەم کەرەستانە کە لە ڕێزمانی دێریندا بە ئاوەڵناو دانراون، ئەو ناوچە بیریانە پڕناکەنەوە، کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا پڕیان دەکاتەوە. وەك (دوری، تایبەتی فیزیکی، بەها، تەمەن، ڕەنگ، ...تاد).

چوارەم/ لە ئاستی سینتاکسدا زۆربەی ئەم کەرەستانە دەتوانن ببنە دیارخەری ناو، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین. کە ((ئەرك - Function لە ساغکردنەوەی ئاوەڵناودا هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نییە.)) [سەلام ناوخۆش: 2008: 75].

هەروەها ئەو کەرەستانە ناتوانن ببنە تەواوکەری بەشەکردار - predicate واتە تەواو کەری کرداری بیهێز، کە دەکرێت وەك ئەرکێکی سەرەکی ئاوەڵناو لە ئاستی سینتاکسدا لەپاش ئەرکی دیارخەری دابنرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەم کەرەستانە ئاوەڵناو نین، بەڵکو دەبێت بەناوی خۆیانەوە ناوبنرێن، وەك (ئامرازی نیشانە، ژمارە،...تاد).

پێنجەم/ ئەو کەرەستانەی کە ڕێزمانی دێرین بە ئاوەڵناوی داناون، هەموویان سەر بە پۆلی فەرهەنگی و سینتاکسی ترن. دەتوانین، لەم خشتەیەدا ڕونی بکەینەوە:

ئاوەڵناو لە ڕێزمانی تەقلیدی	پۆلی فەرهەنگی	پۆلی سینتاکسی (ئەرکی)

	—	ئاوەڵناوی ژمارە
—		ئاوەڵناوی نیشانە
—		ئاوەڵناوی جیاکەرەوە
—		ئاوەڵناوی پرس
—		ئاوەڵناوی نادیار

خشتەی ژمارە (2)

شەشەم/ دێرینەکان واتایان دەکردە بنەما بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو. وەك ئەو پێناسانەی کە جەخت لەسەر وشەی (وەسفییە) دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر چی (واتا) بنەمایەکە بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو، بەڵام بە تەنها لەبەرچاوگرتنی واتا یەکێکە لە سیمای کاری ڕێزمانی دێرین. بۆیە پێویستە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی (واتا)، هەر دو بنەمای (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)یش لەبەرچاوبگیرێت، هەروەها زۆربەی ئەو پێناسانەی لە ڕێزمانی دێریندا بۆ ئاوەڵناو کراون، گشتگیر نین و ناتوانن هەمو لایەنەکانی ئاوەڵناو بناسێنن. بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئاوەڵناو واتای پەسنی/وەسفی تێدابێت، کەواتە تەنها لایەنی واتایی ئاوەڵناو دەردەخەن بەبێ ئاماژەدان بە ئەرك و شوێنی هاتن و ...تاد ، واتە پێناسەکانی ڕێزمانی دێرین گشتگیر نین و تەنها جەخت لەسەر واتای ئاوەڵناو دەکەنەوە.

حەوتەم/ هەندێك زمانەوان لە باسی جۆرەکانی ئاوەڵناودا، باسیان لە جۆرەکانی ئاوەڵناو لەڕوی داڕشتنەوە کردوە، کە دابەشدەبنە سەر (1- سادە، 2- داڕێژراو، 3- لێکدراو)(6)، بەڵام وەك دەزانین، زۆربەی وشەکانی زمان دەکرێت بەم شێوەیە دابەشبکرێن. بۆیە ناکرێت، تەنها فۆرمی وشەکان ببنە پێوەر بۆ دیارکردنی جۆرەکانی وشەیەك، بەپێچەوانەوە دەبێت بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی وشەیەك هەمو لایەنەکانی وشەکە (فۆڕم، ئەرك، واتا،...تاد) لەبەرچاوبگرێن.

هەشتەم/ لە دابەشکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا، تێکەڵییەك دەبینرێت. بۆ نمونە: ئاوەڵناو لە هەمو زمانەکاندا سێ پلەی هەیە، کە بریتین لە: (1-پلەی چەسپیو، 2-پلەی بەراورد، 3- پلەی باڵا). پلەکانی ئاوەڵناو پەیوەندییان بە جۆری ئاوەڵناوەوە نییە، واتە هەردو مۆرفیمی /تر/، /ترین/ دو مۆرفیمی ڕێزمانین و دەچنە سەر ئاوەڵناو و جۆری جیاواز دروستناکەن، بەڵکو تەنها باری ڕێزمانی ئاوەڵناوەکە دەگۆڕن. بەڵام لە ڕێزمانی دێریندا لای هەندێك زمانەوان پلەکانی ئاوەڵناو بەجۆری ئاوەڵناو دانراون، وەك لای (سادق بەهادین، نەسرین فەخری، نوری عەلی ئەمین) دەبینرێت. بۆیە ((ڕاست نییە، وەك وشەی جیاجیا تەماشابکرێن، واتە وشەی نوێ ڕۆنانێن، بەڵکو فۆرمی جۆربەجۆری یەك وشە دەردەبڕن.)) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 107:2014].

نۆیەم/ کە دەڵێین جۆرەکانی ئاوەڵناو، مەبەستەکەمان ڕون نییە و جۆرە لێڵییەك دروستدەبێت، کە نازانرێت مەبەستمان لە جۆری ئاوەڵناوە لە چی ڕویەکەوە. بۆیە بۆ ڕەوینەوەی ئەم لێڵییە لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا، بە باشی دەزانین ئاوەڵناو لە سێ ڕووەوە دابەشبکەین، کە ئەوانیش بەپێی هەر سێ ئاستی زمان (مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك) دەبێت.

دەیەم/ لە ڕێزمانی دێریندا چەندین جۆری ئاوەڵناو دیاریکراون، واتە پۆلینێکی یەکگرتو لای زمانەوانەکان نابینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ورد جۆرەکانی ئاوەڵناویان پۆلێن نەکردوە، بۆ نمونە دەوترا (ئاوەڵناوی

چۆنیەتی)، دیارە زۆربەی جۆرەکانی ئاوەڵناو لەخۆیدەگرێت، وەك (بەها، ڕەنگ، ڕواڵەتی شت،...تاد). بۆیە ئەو دابەشکردنانە وردنەبوون. بۆ ئەوەی زانستیتر و ئاسانتر جۆرەکانی ئاوەڵناو دەستنیشانبکەین، پێویستە ئەو ئاوەڵناوانەی واتای هاوبەشیان هەیە، لەژێر ناوێکدا پۆلێنبکرێن.

1 - 4) جۆرەکانی ئاوەڵناو لای دیکسۆن:

(دیکسۆن) یەکێکە لەو زمانەوانە هاوچەرخانەی کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەی ئاوەڵناوەوە کردوە. هەوڵیداوە لە ڕوی واتاوە پۆلێنی ئاوەڵناو بکات. لە پۆلێنکردنەکەشدا ویستویەتی گشتگیر بێت، واتە توێژینەوەکانی تیۆرین و لەبارەی ئاوەڵناون لە هەمو زمانەکاندا. بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1977) لە کتێبی (Where have all adjective gone)دا، دابەشکردنێکی گشتی واتایی بۆ جۆرەکانی ئاوەڵناو کردوە و پێی وابووە، کە حەوت ناوچەی بیریی لە هەمو زمانەکاندا هەن، کە ئاوەڵناو پڕیان دەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لە [R.M.W. Dixon: 1977: 31] :

1. دووری - Dimension-
2. تایبەتی فیزیکی - PHESICAL PROPERTY -
3. ڕەنگ - Color -
4. تایبەتی کەسی - Human propensity -
5. تەمەن - Age-
6. بەها - Value -
7. خێرایی - Speed -

پاشان لە کتێبی (Adjective classes in typological perspective)دا بە پۆلێنکردنەکە دا چووەتەوە و هەشت جۆری تری دەستنیشانکردوە، کە بریتیین لە: (1-دوری، 2-بەها، 3-چەندێتی، 4-ژمارە، 5-شوێن، 6-ڕواڵەتی شت، 7-کات، 8-خێرایی.)[R.M.W. Dixon: 2004: 30]. هەروەها دابەشکردنێکی تری (دیکسۆن) بۆ ئاوەڵناو لەڕوی واتاوە بریتییە لەو دابەشکردنەی کە ئاوەڵناو دابەشدەکاتە سەر سێ کۆمەڵەی واتاییەوە، پاشان هەریەك لەو سێ کۆمەڵەیەش لە چەند جۆرێك ئاوەڵناو پێکدێن، کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

ئـ: جۆری ناوەڕۆکی واتایی- Core Semantic Type -

1- بارستایی، 2- تەمەن، 3- بەها، 4- ڕەنگ.

ب: جۆری لایەنگیری واتایی - Peripheral Semantic Type -

1- تایبەتی فیزیکی، 2- تایبەتی مرۆیی، 3- خێرایی.

پ: جۆری واتایی لە گروپێکی گەورە لە ئاوەڵناو- Semantic Type In Large Adjective Classes-

1- سەختی، 2- چونیەکی، 3- چۆنیەتی، 4- ژماردن، 5- شوێن، 6- ژمارە(پلەیی، بنجی) [R.M.W. Dixon: 2004: 3-4]. ئەوەی جێگەی سەرنجە هەمو ئەو جۆرانەی دیکسۆن جیایکردونەتەوە، لە زمانی کوردیشدا هەن، بەڵام ئەوەی زمانی کوردی تایبەتمەنددەکات، ئەوەیە کە جۆری (ژماردن) لە زمانی کوردیدا بە ئاوەڵناو دەرنابڕدرێت، بەڵکو ژمارە لە زمانی کوردیدا پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگییە. بۆ یەکەمجار لە زمانی کوردیدا (محەمەد مەعروف فەتاح) لەژێر کاریگەریی بۆچونەکانی (دیکسۆن)دا بە دەستکارییەکی کەمەوە جۆرەکانی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا پۆلێنکردوە. زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لە پاش ئەو لەسەر ئاوەڵناو کراون، هەمان دابەشکردنیان بەبێ دەستکاری وەرگرتوە. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە، کە هەمو ئەو تیورە

زمانیانەی دەیانەوێت لایەنی گشتێتی بخەنەڕو، ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت، کە مەرج نییە، هەمو زمانەکان بچنە ژێر باری ئەو تیورەوە. بۆیە لە دابەشکردنەکەی دیکسۆندا دەبینین، کەموکورتی سەرەکی ئەوەیە، مەرج نییە، هەمو زمانەکان ئەو بیرۆکانە بە ئاوەڵناو دەرببڕن، بۆ نمونە زمانی کوردی بیرۆکەی (ژمارە) بە ئاوەڵناو دەرنابڕێت، یان (تەمەن) ئەگەر بە ژمارە دەربڕدرا، ئەوا نابێتە ئاوەڵناو، وەك (بیست ساڵ، شەش مانگ، دو ڕۆژ،...تاد)، هەر ئەمەش وامان لێدەکات، بڵێین پێویستە بەپێی هەڵسوکەوتی زمانی کوردی و تایبەتێتی ئاوەڵناو لە زمانەکەدا لە ئاوەڵناو بکۆڵینەوە و پۆلێنی بکەین.

1 - 5) چەمك و پێناسەی ئاوەڵناو:

لەبارەی چەمکی ئاوەڵناوەوە، زمانەوانی ئوستورالی (دیکسۆن) پێی وایە، سێ چەمکی گرنگ هەن، کە هەمو زمانەکان پێویستیان بەوە هەیە، ئەم سێ چەمکە دەربڕن، ئەوانیش بریتین لە:

1.بەشدار - Participant- : مرۆڤ، ئاژەڵ ، شت ،...تاد.

2.تایبەتێتی بەشدار- Properties- : درێژ، باش، تازە،...تاد.

3.چالاکی- Activities - : دەبارێ، دێت، دەخواتەوە،...تاد [Pernilla Hallonsten: 2009: 8] .

بەپێی ئەم بۆچونە بێت، چەمکی (ئاوەڵناو) چەمکێکی گەردونییە-Universal - هەمو زمانێك وەك چۆن ناو لە شتە (بەرجەستە، واتایی)کان دەنێت و ناو بۆ ڕودان و کردار دادەنێت، پێویستە وشەی هەبێت بۆ وەسفکردن و دەرختستنی تایبەتێتی ناوەکان. بەڵام ((ئاساییە بیرۆچکەیەك لە زمانێکدا بەهۆی بەشێکی ئاخاوتنەوە دەرببڕدرێ، لە زمانێکی تردا بەهۆی بەشێکی ترەوە.))[محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 309]. وشە ناولێنەری شتە، ئەو وشەیەی ناوی شتەکان دەنێت (ناو)ە، هەروەها ئەو وشەیەی ناو لە ڕودان و کردارەکان دەنێت (کردار)ە. دیارە شتیش خاوەنی خاسیەتە، ئەو وشەیەی ناو لە خاسیەتی وشەکان دەنێت (ئاوەڵناو)ە، بەم پێیە خاسیەت لە شت جیانابێتەوە، بۆیە هەمیشە ئاوەڵناو لە ناو جیانابێتەوە. کەواتە ئاوەڵناو (وشەیەکە بەتایبەتی لەگەڵ ناودا بەکاردێت، بۆ پێدانی زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو شتەی کە دەگەڕێتەوە بۆی.) [Gorge Yule: 1979: 88]. بێگومان پێناسەکەی (یۆل) سینتاکسییە و مەرجی سیمانتیکی نەخستوەتەڕو، کە بریتییە لە بونی واتای پەسنی لە هەر وشەیەکدا بۆ ئەوەی بە ئاوەڵناو دابنرێت. بەم پێیەش ئاوەڵناو چەمکێکە لە هەمو زمانێکدا هەیە و زمانەکان وشەی تایبەتیان بۆ دەربڕینی چەمکی خاسیەت و تایبەتێتی شتەکانی دەوروبەر هەیە، بەڵام ئەوەی زمانەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە مەرج نییە، هەڵسوکەوتی زمانەکان لەگەڵ چۆنیەتی دەربڕینی ئەو چەمکانە وەکیەك بێت.

دیارە هەر زمانەوانەو لە ڕوانگەی ڕێبازی توێژینەوەکەیەوە پێناسەی بۆ ئاوەڵناو کردوە، بۆ نمونە:

ئەوانەی لە ڕوانگەی سینتاکسەوە لە ئاوەڵناویان ڕوانیوە، دەڵێن: (ئاوەڵناو وشەیەکە، کە زیاتر ڕۆڵێکی سینتاکسی هەیە، بریتییە لە دیاریکردنی ناوێك یان جێناوێك و دانی زانیاریی زیاتر لەبارەی (ناو و جێناو)ی پێشو.)[Roger stone: 2010: 107].

ئاوەڵناو لە ڕوانگەی واتاوە دەکرێت، بەم شێوازانە پێناسەبکرێت: (ئاوەڵناو بەشێکی سەرەکی پۆلە وشەکانە. پێکهاتەی ئەم وشەیە وەسفی وردەکاری و چۆنیەتی دەکات.)[Pernilla Hallonsten: 2009: 8]

یان (ئاوەڵناو پۆلێکی کراوەیە. لە ڕوی واتاوە دەبێت بە چەند گروپێکەوە، وەك: ڕەنگ، قەبارە، تەمەن، کێش، بەها) [Gramley & kurt-michael: 1992: 132]

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی لەبەر دەستماندان و بەپێی ئاراستەی توێژینەوەکەمان دەتوانین، بەشێوەیەك

پێناسەی ئاوەڵناو بکەین، کە لایەنی کەم لەو پێناسانە پەسەندتربێت، کە پێشتر بۆ ئاوەڵناو کراون، بەشێوەیەك کە لە پێناسەکانی تر گشتگیرتر بێت، واتە تەنها یەك لایەن نەکرێتە بنەما بۆ پێناسەی ئاوەڵناو: ئاوەڵناو پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگییە[7]، لە ڕستەدا بەتەنها نایەت، یان شوێنی (ناو و جێناو) دەکەوێت و تایبەتێتی ئەو ناوە یان جێناوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، یان دەچێتە چوارچێوەی بەشەکردارەوە بۆ تەواوکردنی واتاکەی. لە ڕوانگەی (شوێنی هاتن، ڕوخسار، واتا)وە دابەشدەبێتە سەر چەند جۆرێکەوە.

1 - 6) جۆرەکانی ئاوەڵناو:

کە دەڵێین (جۆرەکانی ئاوەڵناو) دەربڕینێکی گشتییە و نازانرێت، مەبەستمان لە کام جۆری ئاوەڵناوە، چونکە دەکرێت ئاوەڵناو لە چەند ڕویەکەوە جیابکرێتەوە. بۆیە پێویستە لە کاتی جیاکردنەوەی جۆری ئاوەڵناودا ئەوە دەستنیشانبکرێت، کە لە چی ڕویەکەوە جیادەکرێتەوە. لێرەدا چەند جۆرێك دەستنیشاندەکەین:

ئـ/ ئاوەڵناو لە ڕوی ڕەسەنایەتییەوە[8]:

1- ئاوەڵناوی ڕەسەن: ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە فەرهەنگدا وەك وشە (مۆرفێم)ی سەربەخۆ دەردەکەون. واتە لە ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە نەکراون بە ئاوەڵناو، وەك: سور، پیر، باش،...تاد.

2- ئاوەڵناوی ناڕەسەن: ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە ڕێگەی پرۆسەی مۆرفۆلۆژییەوە دروستبون. واتە وەك مۆرفێمی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا دەرناکەون، بەڵکو لە پۆلە فەرهەنگی و سینتاکسییەکانی ترەوە هەڵگوێزراون، وەك: فێلباز، دەستبڕ، خەمناك،...تاد.

بـ/ ئاوەڵناو لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە:

1.ئاوەڵناوی سادە: لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکدێت: جوان، تاڵ، گەورە،...تاد.

2.ئاوەڵناوی داڕێژراو: لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی داڕێژەر بە شێوەی پێشگر یان پاشگر پێکدێت: فێڵباز، بێکەڵك،..تاد.

3.ئاوەڵناوی لێکدراو: ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە دو مۆرفێمی سەربەخۆ، یان دو مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی بەند یان زیاتر پێکدێت: گەورەکچ، پیرەپیاو، دەمبەخێر، چاولەدەر،...تاد.

پـ/ ئاوەڵناو لە ڕوی سینتاکسەوە:

1. ئاوەڵناوی دیارخەری: ئەو ئاوەڵناوانەن لە چوارچێوەی فرێزی ناویدان و دەبنە دیارخەر بۆ (ناو و جێناو).
2. ئاوەڵناوی بەشەکرداری: ئەو ئاوەڵناوانەن کە لەگەڵ کرداری (بون)ی بێهێزدا دێن.

تـ/ ئاوەڵناو لە ڕوی سیمانتیکەوە:

دابەشدەبێتە سەر چەند جۆرێك، وەك: (ڕەنگ، بەها، تەمەن، تام، کێش، دوری، ڕواڵەتی شت،...تاد).

دەتوانین جۆرەکانی ئاوەڵناو لە شێوەی هێلکارییەکدا بخەینەڕو:



خشتەی ژمارە (3)

1 - 7) جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە:

1-7-1) ئاوەڵناوی ڕەنگ - Color:

ئەو ئاوەڵناوانەن کە ڕەنگی کەرەستەیەك، شتێك، گیانداریك...تاد دیاریدەکەن. ڕەنگەکان هەمویان کەرەستەی لێڵن (Ambiguity)، واتە لە ڕستەدا ڕوندەبێتەوە، کە ڕەنگەکان وەك ناو یان وەك ئاوەڵناو بەکارهاتون، ئەمەش بەو واتایە دێت. کە ((ڕەنگەکان ئاوەڵناون، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ناون بۆ ڕەنگەکانیان.))[مصطفى محمد كريم: 2001: 26]. ئەگەر چی لە فەرهەنگدا ناون بۆ ڕەنگەکانی سروشت، بەڵام لە ئاستی سینتاکسدا ئەگەر لە فرێزێکدا بون بە دیارخەر وەك ئاوەڵناو ڕەفتاردەکەن. هەروەها مۆرفیمەکانی /تر/ و /ترین/ وەردەگرن، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڕەنگەکان زیاتر لە کەتیگۆریی ئاوەڵناو نزیکدەبنەوە، کەمتر بەتەنها بەکاردەهێنرێن، بەڵکو زۆرجار وەك دیارخەر ڕەنگی شتێکمان بۆ دەردەخەن، واتە پیشاندانی چۆنێتی شتەکان، ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی ئاوەڵناوە. وەك دەبینین وشەی [سەوز] لەم دو ڕستەیەدا بووەتە ئاوەڵناو و ناو، بۆ نمونە:

(1) کراسێکی سەوزم کڕی. (ئاوەڵناو)

(2) سەوز ڕەنگێکی جوانە. (ناو)

ڕەنگەکان لە زمانی کوردیدا زۆرن، ڕەنگە دیارەکان ئەمانەن (سەوز، سور، زەرد، ڕەش، سپی، مۆر، شین، پرتەقاڵی،...تاد)[9]، وەك وتمان جگە لەو وشانەی سەرەوە، ڕەنگەکان لە فەرهەنگدا ژمارەیان زیاترە و چالاکانە وەك ئاوەڵناو ڕۆڵدەبینن. لە ڕوی واتاوە ئاوەڵناوە ڕەنگەکان دوانیان لە فرێزێکدا یان ڕستەیەکدا بەیەکەوە نایەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە ڕەنگەکان لە یەکتری جیاوازن، کە شتێکمان بە سەوز دانا، ئیتر ئەو شتە ڕەش نییە، یان هەر ڕەنگێکی تر نییە، بۆ نمونە:

(3) کراسێکی سەوزم کڕی.

(4) *کراسێکی سەوز و ڕەشم کڕی

بەڵام ئەو ڕەنگانەی وەك وشەیەکی فەرهەنگی (Lexeme) مامەڵەدەکەن، واتە قاڵبێکیان وەرگرتوە و کەرتەکانیان پێش و پاش ناخرێن، دەتوانن بەیەکەوە بێن، بۆ نمونە:

(5) تەلەفزیۆنێکی ڕەشو سپیم کڕی .

(6) نازادار کچێکی سورو سپییە.

بەڵام ناتوانین بڵێین:

(7)*نازدار کچێکی سەوزو سورە.

ڕەنگەکان نابنە دژواتا، واتە گەرم و سارديان نییە و هیچ یەکێك لە ڕەنگەکان نابنە دژی ڕەنگێکی تر، بەڵکو ڕەنگەکان هەریەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕەنگی شتەکان لە سروشتدا، کە چاوی مرۆڤ لێکیان جیادەکاتەوە، بۆیە بەرامبەر یەکتر ناوەستن، هەندێك جار تێڕوانینی کۆمەڵگا وای کردوە، هەندێك لە ڕەنگەکان وەك دژ دەربکەون، ئەوەش دەکرێت، لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا لێکبدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگەکان دەبنە دیارخەری ناو،

هەندێك جار وشـەیەكی تر دەبێتە دیارخەری ڕەنگەكان بەتایبەتی ئەو وشانەی ڕادەی تۆخی و كاڵی و چۆنێتی ڕەنگەكان دەردەخەن: شینی كاڵ، سەوزی تۆخ، شینی ئاسمانی،...تاد، تایبەتییەكی تری ئاوەڵناوی ڕەنگ ئەوەیە لە باری چەسپیودا دەكەوێتە دوای ناوەوە، بەڵام لە باری پلەی باڵادا دەكەوێتە پێش ناو: چاوی سەوز، سەوزترین چاو،...تاد. هەندێك لە ڕەنگەكان لەگەڵ چەند چاوگێكی دیاریكراودا كرداری لێكدراو دروستدەكەن، بەڵام لە ڕستەدا وەك تەواوكەر دەردەكەون. لە ڕاستیدا ((ڕەنگەكان لەگەڵ هەمو چاوگێكدا ڕیزنابن و لایەنی هەڵبژاردنیان لەژێر دەسەڵاتی خودی وشەكاندایە.)) [مصطفى محمد كريم: 2001: 43]. هەریەك لە چاوگەكانی (چونەوە، كردن، بونەوە، هەڵگەڕان، بون) لەگەڵ هەندێك ڕەنگدا وشەی لێكدراو دروستدەكەن: زەردكردن، سوربونەوە، زەردهەڵگەڕان، سەوزبون،...تاد. تایبەتییەكی تری ئاوەڵناوی ڕەنگ ئەوەیە، تەنها لەگەڵ ناوی بەرجەستەدا دێت (+بەرجەستە) واتە نابێت، شتێك بونی فیزیكی نەبێت و ڕەنگی هەبێت:

*خەونی سەوز، *خۆشەویستی قاوەیی، *هێمنی سپی،...تاد.

2-7-1) ئاوەڵناوی تەمەن- Age :-

ئەو ئاوەڵناوانەن كە تەمەن، یان كۆن و تازەیی شتێك، گیانلەبەرێك دەردەخەن. هەمو سیفەتێكی ئاوەڵناویان تێدایە، بۆ نمونە هەر سێ پلەی (چەسپیو، بەراورد، باڵا) وەردەگرن:

پیر پیرتر پیرترین

ئاوەڵناوی تەمەن یەكێكە لەو ئاوەڵناوانەی كە دەچنە چوارچێوەی ئەو حەوت بیرەی كە لە هەمو زمانەكانی جیهاندا سەرچاوەی ئاوەڵناون، واتە ئاوەڵناو دەریاندەبڕێت(10). ئاوەڵناوەكانی تەمەن لە زمانی كوردیدا ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بڕوانینە وشەكانی (پیر، گەنج، تازەپێگەیشتو، كەنەفت، بەساڵاچو،...تاد) وەك ئاوەڵناو دەبنە دیارخەری ناو: پیاوی پیر، ژنی بەساڵاچو، كوڕی گەنج،...تاد. هەریەك لەو وشانەی سەرەوە لایەنێكی ناوەكەمان بۆ دەردەخەن، كە ئەویش تەمەنە. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەو وشانە وەك ئاوەڵناو دەردەكەون. ئەگەرچی ئەم وشانە لە ڕوی فەرهەنگەوە بە كەرەستەیەكی لێڵ دەژمێردرێن، چونكە لە ڕستەدا هەندێك جار وەك ناو دەردەكەون، یان دەكرێت بڵێین، لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ناوێك هەبووە و لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەكەوتوە، وەك لەم ڕستانە دا دەردەكەوێت:

(8) پیاوی پیر دەبێت ڕێزی لێبگیرێت. (ئاوەڵناو)

(9) پیر دەبێت ڕێزی لێبگیرێت. (ناو)

لە زمانی كوردیدا ئەگەر تەمەن بە ژمارە دەربڕا، نابێتە ئاوەڵناو: بیست ساڵ، دو ڕۆژ، هەشت مانگ،...تاد. ئاوەڵناوەكانی تەمەن بەرامبەر بەیەك دەوەستن، واتە دانەیەكیان گەرمە و ئەویتریان ساردە، بۆیە لە ڕوی پەیوەندی واتاییەوە دژواتا پێكدەهێنن:

پیر × گەنج

بەساڵاچو × تازەپێگەیشتو

تازە × كۆن

لەگەڵ كرداری (بون)دا هەندێكیان وشەی لێكدراو دروستدەكەن، لەم بارەدا وەك تەواوكەری كردارەكە دەردەكەون، بەڵام لە ڕاستیدا كرداری لێكدراون، وەك: پیربون، نوێبون، كۆنبون،...تاد. تایبەتییەكی تری ئاوەڵناوی تەمەن ئەوەیە، كە پێكەوە نایەن، چونكە لە ڕوی لۆژیكەوە نابێت، شتێك كۆن بێت و نوێش بێت، یان پیر

بێت و گەنجیش بێت، بە پێچەوانەوە ئەو پێکهاتەیە ناڕاست دەبێت:
*کوڕێکی پیر و گەنج، *ئۆتۆمبیلێکی کۆن و نوێ،...تاد، بەڵام دەکرێت لە سیاقێکدا دوانیان بێن بە مەرجێك دژواتای یەکتر نەبن: پیاوێکی پیری بەساڵاچوی،...تاد.

3-7-1) ئاوەڵناوی بەها- Value -:

(دیکسۆن) بە یەکێك لەو حەوت بیرەی دادەنێت، کە دەربڕینیان لە زمانەکانی جیهاندا دەخرێتە ئەستۆی ئاوەڵناو، بە مەرجێك ئەو زمانە ئاوەڵناوی هەبێت. لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك وشە بەها دەردەبڕن و وەك ئاوەڵناو دەردەکەون، وەك: (گران، هەرزان، بەنرخ، بێنرخ، باش، خراپ، نایاب، پەسەند، چاك، گرنگ، بێکەڵك، بەکەڵك،...تاد)، هەندێك لەو ئاوەڵناوانە بە ئاوەڵناوی چۆنیەتیش ناودەبرێن، وەك (باش، خراپ،...تاد). ئاوەڵناوەکانی بەها هەمو تایبەتییەکی ئاوەڵناویان تێدایە، وەك وەرگرتنی مۆرفیمی /تر/ و /ترین/، واتە پلەدارن:

گران گرانتر گرانترین

((سیمایەکی ئەم ئاوەڵناوانە ئەوەیە، کە لەگەڵ هەمو ناوێکدا دێن (± بەرجەستە)))[ڤیان ئیبراهیم عەلی: 2008: 36]. بۆ نمونە: سەفەرێکی گرنگ، تاقیکردنەوەیەکی گران، پرسیارێکی ئاسان،...تاد. هەندێك لەم ئاوەڵناوانە لەگەڵ کرداری بیهێزدا دێن بۆ تەواوکردنی بەشەکردار، واتە ڕۆڵی تەواوکەر دەبینن:

(10) ئۆتۆمبیلەکە هەرزانە.

(11) خانوەکە گرانە.

(12) هیوا کوڕێکی باشە.

هەروەها لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن: باشبون، خراپبون، گرانبون، بێکەڵکبون،...تاد، زۆربەیان سارد و گەرمیان هەیە، بەم شێوەیە:

گران × هەرزان

خراپ × باش

چاك × خراپ

نایاب × خراپ

بەکەڵك × بێکەڵك

ئەگەر هەمو ئەو وشانەی کە واتای هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان تێدایە، بە ئاوەڵناوی بەها دابنێین، ئەوا بە بەراورد بە جۆرەکانی تری ئاوەڵناو ژمارەیان لە زمانی کوردیدا زۆرە. (دیکسۆن) هەر دو وشەی [باش، خراپ] و ئەو وشانەی تر، کە دەبنە هایپۆنیمی ئەو دو وشەیە بە ئاوەڵناوی بەها دادەنێت[بڕوانە: ڤیان ئیبراهیم عەلی: 2008: 36]. ئاوەڵناوی بەها وەکو زۆربەی ئاوەڵناوەکان دەکەوێتە دوای سەرەی فرێزی ناوی وەك: (شتی بەکەڵك، کتێبی بەسود، بەردی بەنرخ،...تاد). هەروەها ئەو وشانەی بەها دەردەبڕن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، هەمویان ئاوەڵناون، بە پێچەوانەی جۆرەکانی تری ئاوەڵناوەوە کەمتر بە کەرستەی لێڵ دەژمێردرێن، چونکە هەرگیز ئەم ئاوەڵناوانە ناتوانن بە تەنها لە ڕستەدا بێن بەبێ یاریدەی ناوێك یان کردارێك.

4-7-1) تایبەتیی کەسی - Human propensity -:

ئەو ئاوەڵناوانەن کە تایبەتی مرۆڤ دەردەبڕن و وەسفی لایەنێکی فیزیکی، یان لایەنێکی واتایی مرۆڤ دەکەن،

دەكرێت ئەم ئاوەڵناوانە بكەین بە دو بەشەوە:

1- تایبەتی فیزیكی.

2- تایبەتی واتایی.

1-4-7-1) تایبەتیی فیزیكیی مرۆڤ:

ئەو ئاوەڵناوانەن، كە وەسفی لایەنێكی فیسۆلۆژی مرۆڤ دەكەن. واتە ((چۆنیەتی هەڵكەوتنی لەش و لار و فیسۆلۆژی مرۆڤ دەردەبڕن.))[شنە جەبار فەتاح: 2006: 14]. هەریەك لەم وشانە لایەنێكی فیسۆلۆژی مرۆڤ دەردەخەن: (باڵابەرز، قەڵەو، لاواز، توكن، ورگن، قژبژ، قەزەم، كورتەباڵا، حۆل، كەچەڵ، كۆسە، چاوسەوز، قژزەرد، قەدباریك،...تاد) هەمویان پلەدارن، واتە دەتوانن مۆرفیمی /تر/ و /ترین/ وەربگرن:

قەڵەو قەڵەوتر قەڵەوترین

لە فەرهەنگدا وەك ئاوەڵناو تۆماردەكرێن، واتە كەرەستەیەكی لێڵ نین، بەڵكو هەمو سیفەتێكی ئاوەڵناویان تێدایە و دەتوانن ئەركەكانی ئاوەڵناو ببینن. دەتوانن بەیەكەوە لە سیاقێكدا بێن، بە مەرجێك (سارد و گەرم) نەبن: پیاوێكی قەڵەوی باڵابەرز، *پیاوێكی قەڵەوی لاواز، بە هەمان شێوەی جۆرەكانی تری ئاوەڵناو لەگەڵ كرداری (بون)دا هەندێكیان كرداری لێكدراو دروستدەكەن: قەڵەوبون، لاوازبون، كەچەڵبون،...تاد. هەروەها دەبنە تەواوكەری كرداری بێهێز:

(13) پیاوەكە كەچەڵە.

(14) كوڕەكە لاوازە.

(15) ژنەكە باڵابەرزە.

تایبەتییەكی ئەم پۆلە ئاوەڵناوە ئەوەیە، كە تەنها لەگەڵ ناوێكدا دێن، بەرجەستە بێت. واتە نیشانەی واتایی - Semantic future - ئەو ناوە [+بەرجەستە] بێت، چونكە وەسفی لایەنی فیزیكی ناو دەكات، بە پێچەوانەوە لەگەڵ ناوە واتاییەكاندا پێكهاتەی مانادار دروستناكات: *خۆشەویستی قەڵەو، *خەونی لاواز، *ئاشتی كوێر، *بەزەیی درێژ،...تاد، هەروەها لە ئاستی پەیوەندییە واتاییەكاندا دژواتا پێكدەهێنن، واتە گەرم و ساردیان هەیە و بەرانبەر بەیەك دەوەستن:

قەڵەو × لاواز

كورت × درێژ

توكن × كۆسە (بێتوك)

توكن × كۆسە

قەزەم × درێژ

بەشداری پێكهاتەی فرێزی ناوی دەكەن و وەك هەمو ئاوەڵناوێكی تری زمانی كوردی ڕەفتاردەكەن، واتە لە پلەی باڵادا دەكەونە پێش سەرەی فرێزە ناوییەكە، بەڵام لە پلەی (چەسپیو و بەراورد)دا دەكەونە دوای سەرەوە، وەك: قەڵەوترین منداڵ، منداڵێكی قەڵەو، منداڵێكی قەڵەوتر،...تاد.

2-4-7-1) ئاوەڵناوی تایبەتیی واتایی مرۆڤ[11]:

ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە تەنها تایبەتن بە مرۆڤەوە و وەسفی لایەنێكی واتایی-Abstract- مرۆڤ دەكەن، وەك: هۆشیاری، دەرونی، هۆش، ڕەفتار، چالاكی و ژیری،...تاد. واتە ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە بە پێچەوانەی ئاوەڵناوی

تایبەتیی فیزیکی مرۆڤەوە، تەنها لایەنی واتایی مرۆڤ دەردەخەن. نمونەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە، وەك: (ژیر، هێمن، ئارام، ڕێکوپێك، بەشەرم، بێشەرم، کەمئەقڵ، شێت، زانا، دانا، زیرەك، تەمبەڵ، لەسەرخۆ، شەڕەت، خۆشەویست، دڵپاك، دڵپیس، دڵسۆز، خەمخۆر، بێخەم، تێکدەر،...تاد).

تایبەتییەکی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە ئەوەیە، کە خۆیان هەڵگری نیشانەی [- بەرجەستە] ن، بەڵام دەگەڕێنەوە بۆ ناوێك کە هەڵگری نیشانەی [+بەرجەستە] بێت، هەرگیز نابنە دەرخەری ناوێکی واتایی وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت: *خەونی شێت، *خۆشەویستی، *ئاشتی دڵپاك، *نیشتیمانپەروەری ئارام،..تاد.

بە هەمانشێوەی ئاوەڵناوەکانی تر بەشداری لە پێکهاتەی فرێزی ناوی دەکەن و دەکەونە دوای ناوی سەرەوە، ئەگەر لە پلەی (چەسپیو و بەراورد)دا بن، ئەگەر لە پلەی باڵاشدا بن، دەکەونە پێش ناوی سەرەوە: مرۆڤی دڵپاك، مرۆڤی دڵپاکتر، دڵپاکترین مرۆڤ،...تاد. ئەمجۆرە ئاوەڵناوانە لەگەڵ کرداری(بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن، وەك: ژیربون، تەمبەڵبون، زیرەکبون، ئاقڵبون،...تاد. هەروەها دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز:

(16) خوێندکارەکە زیرەکە.

(17) منداڵەکە ژیرە.

(18) پیاوەکە کەمدووە.

ئەم ئاوەڵناوانە لە فەرهەنگدا وەك ئاوەڵناو تۆماردەکرێن و کەرەستەی لێڵ نین. هەمو زمانەکانی دنیا ئەو جۆرە وشانەیان هەیە، کە وەسفی لایەنی واتایی مرۆڤی پێبکەن، بەڵام مەرج نییە، لە هەمو زمانێکدا ئاوەڵناو بەم ئەرکە هەڵبسێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا وەك دەیبینین، ئەم ئەرکە لە ئەستۆی ئاوەڵناودایە. ئەم ئاوەڵناوانە تاکێکیان گەرمە و ئەویتریان ساردە و بەرامبەر بەیەك دەوەستن، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

زیرەك × تەمبەڵ

ئاقڵ × بێئەقڵ

فرەوێژ × کەمدو

وریا × گێل

دڵپاك × دڵپیس

خەمخۆر × بێباك (بێخەم)

بە هەمان شێوەی ئاوەڵناوی تایبەتی فیزیکی دەتوانن، دوانیان لە سیاقێکدا بێن، بە مەرجێك ئەو دو ئاوەڵناوە گەرموسارد نەبن، بۆ نمونە:

(19) کۆسار کوڕێکی خوێنگەرم و لەسەرخۆیە.

(20) *نازدار کچێکی زۆربڵێی کەمدوە.

5-7-1) بارستایی و قەبارە - Size -:

ئاوەڵناوی بارستایی ئەو ئاوەڵناونەن، کە بارستایی و قەبارەی شتەکانمان بۆ دەردەخەن، واتە ئاوەڵناوی قەبارە دەرخەری سیمای قەبارە و بارستایی شتەکانن. نمونەی ئەم ئاوەڵناوانە وەك: (پان ، درێژ ، بەرین ، فراوان ، تەسك ، باریك ، کورت ، گەورە ، بچوك ، بەرز ، نزم ، تەنك ، قوڵ ، ئەستور ، قەبە ، گچکە ،... تاد). وەك دەردەکەوێت، ژمارەیان زۆرە و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەن و وەك ئاوەڵناو تۆمارکراون، واتە نابنە

کەتیگۆرییەکی تر و کەرەستەیەکی لێڵ نین.

((یەکێ لە ئاوەڵناوەکان گەرمە و (ئیجابییە)، ئەویتریان ساردە)) [محەمەد مەعروف فەتاح:2010 : 311]. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەون:

ئەستور × باریك

کورت × درێژ

بچوك × گەورە

قوڵ × تەنك

قەبە × گچکە

بەرز × نزم

پانوپۆڕ × تەسکوتروسك

بەرین × تەسك

دەتوانن پلە دەرببڕن و بەراورد لە نێوان دو شتدا ئەنجامبدەن:

فراوان فراوانتر فراوانترین

دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز لە ڕستەدا، بۆ نمونە:

(21) شەقامەکە پانە.

(22) کۆڵانەکە تەسکە.

فرێزی ناوی فراواندەکەن و لە پلەی باڵادا دەکەونە پێش سەرە و لەو دو پلەکەی تردا دەکەونە پاش ناوی سەرەوە، وەك: شەقامی فراوان، شەقامی فراوانتر، فراوانترین شەقام. بە هەمان شێوەی جۆرەکانی تری ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن، وەك: درێژبون، پانبون، ئەستوربون، قوڵبون،... تاد. هەروەها دەتوانن لە سیاقێکدا بەیەکەوە بێن، بە مەرجێك گەرموسارد نەبن، بۆ نمونە:

(23) دەریاچەکە پان و قوڵە.

(24) *دەریاچەکە پان و تەسکە.

(25) *دەریاچەکە قوڵ و تەنکە.

تەنها لەگەڵ ناوێکدا دێن، هەڵگری نیشانەی [+بەرجەستە] بێت، واتە شتێك بونی نەبێت، ناکرێت قەبارە و بارستایی هەبێت، بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوانە لەلایەن کۆمەڵەوە دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا بەکاردێن، کەواتە دەکرێت بڵێین، لەگەڵ هەردو ناوی (بەرجەستە و واتایی)یشدا [± بەرجەستە] بەکاردێن، بەم شێوەیە: ناوی بەرجەستە/ شەقامی درێژ، کۆشکی بەرز، کۆڵانی تەسك، دەریاچەی قوڵ،...تاد. ناوی واتایی/ خەونی کورت، خەیاڵی فراوان، ئەندێشەی قوڵ، درۆی گەورە،...تاد.

(6-7-1) دوری – Dimension :-

بریتین لەو جۆرە ئاوەڵناوانەی کە دوری و نزیکی شتێك دەردەبڕن. (دیکسۆن) ئاوەڵناوەکانی وەك (بچوك، گەورە، قوڵ، فراوان،...تاد) بە ئاوەڵناوی دوری دادەنێت[12]. بەڵام دەکرێت، هەردو ئاوەڵناوی (دور ، نزیك) بە ئاوەڵناوی دوری دابنێین و ئەوانەی سەرەوە بە ئاوەڵناوی بارستایی و قەبارە دابنێین، بەپێی ئەم جیاکردنەوەی ئێمە ژمارەی ئاوەڵناوی دوری کەمە و بەزۆری ئەو دو وشەیە دەگرێتەوە. ئەم ئاوەڵناوانە هەڵگری هەمو تایبەتییەکانی

ئاوەڵناون، وەك مۆرفێمی / تر/ و / ترین/ وەردەگرن:

دور دورتر دورترین

دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز، بۆ نمونە:

(26) ڕێگاکە دورە.

(27) ماڵی ئێوە نزیکە.

لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا بەشداردەبن و وەك ئاوەڵناوەکانی تر ڕەفتاردەکەن، وەك: ڕێگای دور، ڕێگای دورتر، دورترین ڕێگا.

لەگەڵ ناوێکدا دێن، هەڵگری نیشانەی واتایی [+بەرجەستە] بێت، هەرچەندە لە چەند بارێکی کەمدا دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا دێن، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان هەر لەگەڵ ناوە بەرجەستەکاندا دێن، وەك: شاری دور، وێستگەی نزیك، خەونی نزیك، خەونی دور، *خۆشەویستی نزیك، *برایەتی دور،...تاد.

لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروست ناکەن، بەو پێیەی: دوربون، نزیکبون،...تاد ناتوانن وەك کردارێکی لێکدراو لە ڕستەدا بەیەکەوە بێن، بەڵکو لە ڕستەدا دەبنە تەواوکەری کرداری (بون) کاتێکیش دەبنە تەواوکەر وشە نین، بەڵکو فرێزن. واتە وەك وشەیەکی لێکدراو قاڵبیان وەرنەگرتوە، بەڵکو چاوگی (بون) لەم بارەدا لەگەڵ بکەری کەسی سێیەمی کۆ ڕێکدەکەوێت، نوسەکی /ن/ بۆ بکەری کەسی سێیەمی کۆ دەگەڕێتەوە، (دور و نزیك)یش وەك دو ئاوەڵناو دەبنە تەواوکەری کردارەکە، وەك: ئەوان دوربون، ئەوان نزیکبون،...تاد.

هەروەها ئەم دو ئاوەڵناوە دەبنە دژواتای یەکتر: دور × نزیك.

7-7-1) تام – Taste -:

بریتین لەو جۆرە ئاوەڵناوانەی کە تام و چێژی خواردن و خواردنەوە دەردەخەن. ئەو تامانەی کە لە ڕێگەی زمانەوە لێکجیادەکرێنەوە، هەمویان دەچنە نێو ئاوەڵناوی تامەوە، وەك (سوێر، ترش، تاڵ، شیرین، تون، مەزەدار، بێمەزە، توند، تیژ، مزر، بەتام، بێتام، ...تاد).

ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە کەرەستەی لێڵ نین، لە فەرهەنگدا وەك ئاوەڵناو تۆمارکراون، لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر نییە. ((ئەم پۆلە ئاوەڵناوە چێژییە سروشتیانە لەگەڵ ئەو ناوانەدا ڕێکدەکەون، کە ئاشنایەتییان لەگەڵ هەستی چێژکردندا پێەوە.)) [هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد: 2003: 113]. جگە لەوەی ئەو ناوە دەبێت هەڵگری نیشانەی [+بەرجەستە] بێت، لانی کەم دەبێت، ئەم نیشانانە لەخۆی بگرێت، بە پێچەوانەوە پێکهاتەیەکی واتادار دروستناکات، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

چای شیرین، چێشتی سوێر، بیبەری توند، *ئاسنی سوێر، *خۆشەویستی شیرین،.... تاد.

[± بەرجەستە، ± خواردن، + خواردنەوە، +چەشتن]

واتە ئەم ئاوەڵناوانە بەپێی نیشانە واتاییەکانی خۆیان چەند ناوێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن ، بە پێچەوانەشەوە هەرگیز دروستەیەکی خاوەن واتا پێکنایەت. ئەم پۆلە ئاوەڵناوە پلەدارن، دەتوانن هەڵکەوتنی شتێك لە نێو کۆمەڵێك شتدا دەربخەن و بەراوردیش لەنێوان شتەکاندا بکەن:

سوێر سوێرتر سوێرترین

بە هەمان شێوەی ئاوەڵناوەکانی تر، فرێزی ناوی فراواندەکەن، وەك: چای گەرم، چای گەرمتر، گەرمترین

چا،...تاد.

لەگەڵ کرداری بێهێزدا دێن و دەبنە تەواوکەری کردار لە بەشەکرداردا، بۆ نمونە:

(28) شوتییەکە شیرینە.

(29) بیبەرەکە تونە.

لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن، بۆ نمونە: شیرین بون، تاڵبون، سوێربون،...تاد.

هەندێکی کەمیان دەبنە دژواتا، واتا کەمتر گەرموساردیان تێدایە، وەك: تاڵ × شیرین. هەرچەندە زۆر بەکەمی دژواتا پێکدەهێنن، بەڵام هەمویان ناتوانن بە جوت بێن، چونکە لە ڕوی لۆژیکەوە ناکرێت بەیەکەوە بێن، بەو پێیەی ئەگەر شتێك تامێکی هەبو، ناکرێت لە هەمان کاتدا تامێکی تریشی هەبێت، جگە لەو ئاوەڵناوە تامانەی کە ئیدیەمن، وەك (ترش و تاڵ ، ترش و سوێر،....تاد)، بۆ نمونە:

(30) *چایەکی شیرن و سوێرم خوارد.

(31) *چێشتەکە زۆر سوێر و شیرن بو.

هەروەها بەپێی نیشانەی واتایی خۆیان چەند ناوێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن و لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون، بۆ نمونە:

(32) *چایەکی زۆر تون بو.

(33) *زەلابێیەکی تاڵ بو.

لەبەرئەوەی چاوەڕوان ناکرێت، چا (تون) بێت، بەڵکو چاوەڕوان دەکرێت، کە چا (شیرین) یان (تاڵ) بێت. هەروەها وا چاوەڕوان دەکرێت، زەلابێ شیرین بێت، هەرگیز زەلابێ تاڵ نییە.

8-7-1) ڕواڵەتی شت - Physical properties - :

ئەو پۆلە ئاوەڵناوەن، کە سیما و خەسڵەتی دەرەوەی شتمان بۆ دەردەخەن. واتە ئەو لایەنانەی، کە دەبینرێن و دەستیان لێدەدرێت. ((ئەمانە بەزۆری خاسیەتی شت دەردەخەن، بەڵام وەك خوازە بۆ باسکردن لە کەس و گیانلەبەریش بەکاردێت.)) [محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 314]. (دیکسۆن) و ئەو زمانەوانە کوردانەی دابەشکردنی ئاوەڵناویان لەوەوە وەرگرتوە پۆلی (تام ، بەها ، تەمەن ، کێش ،...تاد)، یان لە چوارچێوەی ڕواڵەتی شت داناوە[13]، بەڵام ئێمە تەنها ئەو وشانەی تایبەتی دەرەوەی شت دەردەخەن، بە ئاوەڵناوی ڕواڵەتی شت دادەنێین، ئەمەش وادەکات، کە جۆرەکانی ئاوەڵناو وردتر دابەشبکەین، چونکە ئەگەر هەمو ئەو جۆرە جیاوازانەی ئاوەڵناو بخەینە چوارچێوەی ڕواڵەتی شتەوە، وا دەکات دابەشکردنەکەمان ورد نەبێ. نمونەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە وەك: (نەرم، ڕەق، شل، توند، زبر، خەست، ساف، لار، ڕاست، کون، تەڕ، وشك، لوس،...تاد).

هەروەها مۆرفێمی /تر/ و /ترین/ وەردەگرن:

نەرم نەرمتر نەرمترین

دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز، بۆ نمونە:

(34) شلەکە خەستە.

(35) کێکەکە نەرمە .

دەبنە دیارخەری فرێزی ناوی و وەك هەر ئاوەڵناوێکی تر ڕەفتاردەکەن: دارێکی تەڕ، دارێکی تەڕتر، تەڕتین دار، ...تاد.

لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن: تەڕبون، لاربون، ڕەقبون،...تاد.

لەگەڵ ناوێکدا دێن، کە هەڵگری نیشانەی واتایی (+ بەرجەستە) بێت، هەندێك جار دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا دێن، بەڵام لەگەڵ هەمو ناوێکی واتایدا نایەن، بەڵکو تەنها لەگەڵ هەندێکیاندا ڕێکدەکەون، وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت لەگەڵ هەردو جۆری ناوی واتایی و بەرجەستەشدا دێن: شلەی خەست، دۆی تەڕ، جێگەی زبر، دڵی ساف، زمانی زبر، قسەی ڕەق، *خۆشەویستی نەرم، *ئازایەتی ساف، *کوردایەتی وشك،...تاد.

وەکو پێشتر وتمان لەگەڵ ناوی (+ شت)دا دێن، بەڵام وەك خوازە لەگەڵ ناوی مرۆڤیشدا دێن: مرۆڤی وشك، منداڵی لار، پیاوی ڕاست،...تاد. هەروەها بەرامبەر بەیەك دەوەستن واتە دژواتا پێکدەهێنن:

ساف × زبر

تەڕ × وشك

شل × توند(ڕەق)

ڕەق × نەرم

دەتوانن بە جوت بێن، بە مەرجێك ئەو دو ئاوەڵناوەی بەیەکەوە دێن، دژواتای یەکتر نەبن: تەختەیەکی ساف و ڕەق، چیمەنێکی نەرمی تەڕ، *تەختەیەکی نەرمی ڕەق،...تاد.

9-7-1) کێش - weight - :

ئەو پۆلە ئاوەڵناوەن، کە کێشی شت دیاریدەکەن. واتە هەر شتێك قورسایی هەبێت، ئەم پۆلە ئاوەڵناوە ئەو قورساییە دیاریدەکەن. ژمارەی ئەو وشانەی بۆ دەربڕینی قورسی بەکاردێن، سنوردارن، بەزۆری هەردو وشەی (قورس، سوك) وەك ئاوەڵناوی کێش ڕەفتاردەکەن. زمانەوانەکان پۆلی (ئاوەڵناوی کێش)یان لە چوارچێوەی ئاوەڵناوی ڕواڵەتی شتدا داناوە[14]، بەڵام ڕواڵەت تەنها دیوی دەرەوەی شت دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر بوترێت تایبەتی شت پەسەندترە. ئێمە بە باشمان زانی پۆلی کێش جیابکەینەوە، چونکە لە ڕوی واتاوە تەواو جیاوازن لە پۆلی (ڕواڵەت، بەها، تەمەن،...تاد). ئەم دو ئاوەڵناوە هەر دو مۆرفیمی پلەی بەراورد و باڵا وەردەگرن:

قورس قورستر قورسترین

وەك تەواوکەری کرداری بێهێز دەردەکەون، بۆ نمونە:

(36) کێشی ئۆتۆمبیلەکە قورسە.

(37) کێشی پوش سوکە .

بە هەمان شێوەی ئاوەڵناوەکانی تر دەبنە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی و لە پلەی باڵادا پێش سەرەی فرێزی ناوی دەکەون، بەڵام لە دو پلەکەی تر پاشی دەکەون، بۆ نمونە:

(38) شوتییەکی قورسم بۆ بکێشە .

(39) شوتییەکی قورسترم بۆ بکێشە.

(40) قورسترین شوتیم بۆ بکێشە.

لەگەڵ (بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن، وەك: قورسبون، سوکبون،...تاد. دەبنە دژواتای یەکتر: سوك × قورس. هەرگیز لە یەك سیاقدا بە یەکەوە کۆنابنەوە بۆ گوزارشت لە شتێك، چونکە شتێك ئەگەر قورس بێت، ئەوا نابێت سوك بێت، بۆ نمونە:

(41) *شوتییەکی قورس و سوکم بۆ بکێشە.

بەزۆری لەگەڵ ناوێکدا دێن، کە خاوەنی ئەم دو نیشانەیە (+ بەرجەستە، + شت) بێت، بەڵام وەك خوازە لەگەڵ ناوی واتاییدا دێن و لە چەند بارێکیشدا لەگەڵ ناوی مرۆڤدا دێن، بە مەرجێك دەبێت ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر هەبێت، یان بۆ مەبەستی خوازە بێت، ئەگینا دروستەکە مانادار نابێت: مرۆڤی قورس (بەڕێز، سەنگین)، مرۆڤی سوك (بێڕێز، کەسایەتی لاواز)، شەڕێکی قورس، شەڕێکی سوك، *هێمنیی سوك، *ئارامیی قورس،...تاد.

10-7-1) خێرایی - Speed- :

پۆلێکی ئاوەڵناون، کە پێوانە و ڕادەی ڕۆشتن و بەسەرچون و خێرایی کەسێك، یان شتێك، یان دیاردەیەکمان بۆ دەردەخەن. واتە ((ئەو ئاوەڵناوانەن، کە خێرایی دەردەبڕن.))[ڤیان ئیبراهیم عەلی: 2008: 37]. وەك دەردەکەوێت، زمانی کوردی لە ئاست دەربڕینی چەمکی خێرایی زۆر دەوڵەمەند نییە لە فەرهەنگدا، ئەو وشانەی زیندون و بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن: (هێدی، لەسەرخۆ، خێرا، پەلە، زو، تیژڕەو، توند، تیژ، هێواش، خاو،...تاد). وەك دەبینین لەنێو ئەو ئاوەڵناوانەدا، ئاوەڵناوەکانی سەر بە پۆلی (تایبەتی واتایی مرۆڤ، ڕواڵەتی شت،...تاد) دەبینرێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاوەڵناوەکان زیاد لە واتایەك دەگەیەنن، ئەگەر چی هەمو واتاکان فەرهەنگی نین، هەندێکیان واتای بارکراون، بەڵام زیاد لە واتایەکیان هەیە و فرەواتان. بۆیە (فرەواتایی دەکرێت بەوە پێناسەبکرێت، کە بریتییە لە وشەیەك واتای جۆراوجۆری هەبێت.)[Gorge Yule: 1979: 121]. بۆ نمونە: وشەی [توند] لە پۆلی ڕواڵەتی شتدا بەشداریدەکات، وەك: پەتی توند، هەروەها لە پۆلی ئاوەڵناوی تامدا بەشداردەبێت، وەك: چێشتی تون، لەگەڵ پۆلی خێراییشدا واتای خێرا دەگەیەنێت، وەك:

ڕاکردنی توند.

مۆرفیمی پلەی بەراورد و باڵا وەردەگرن: توند توندتر توندترین

لەگەڵ کرداری بێهێزدا وەك تەواوکەر دەردەکەون، بۆ نمونە:

(42) ئۆتۆمبیلەکە خێرایە.

(43) یاریزانەکە لەسەرخۆ بو.

دەبنە دیارخەری فرێزی ناوی، واتە لە فراوانکردنی سەرەی فرێزی ناویدا بەشداری دەکەن: یاریزانی خێرا، یاریزانی خێراتر، خێراترین یاریزان،...تاد. لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن: خێرابون، توندبون، تیژبون،...تاد.

دەبنە دژواتای یەکتر:

توند × لەسەرخۆ

خێرا × هێواش

لەگەڵ ناوێکدا دێن ،کە هەڵگری نیشانەی واتایی (+ بەرجەستە) بێت، دەکرێت بەم یاسایە نیشانی بدەین:

ناوی مرۆڤ ، گیاندار ، دیاردە سروشتییەکان + ئاوەڵناوی خێرایی

واتە لانی کەم ئەو ناوانە دەبێت، هەڵگری ئەم نیشانانە بن:

(± بینیین ، ± گیاندار ، + دیاردە ، + هەستی بەرکەوتن ، + جوڵە ، ± مرۆڤ)

وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت: ئۆتۆمبیلی خێرا، ڕەشەبای توند، یاریزانی خاو،...تاد.

بەڵام وەکو زۆربەی ئاوەڵناوەکانی تر، ئەمانیش دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا بەکاردەهێنرێن، دیارە ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ خواستنی ئەم ئاوەڵناوانە لەلایەن کۆمەڵەوە، وەك: پەیوەندیی بەهێز، ڕەفتاری لەسەرخۆ، ...تاد.

زۆربەیان دەبنە هاوواتای یەکتر، چونکە چەمکی خێرایی لە زماندا بە چەند وشەیەك دەردەبڕدرێت. هەرچەندە بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت، لە زمانی کوردیدا زیاتر هەر دو وشەی [خێرا ، توند] گوزارشت لە بیری خێرایی دەکەن و وشەکانی تر دەبنە هاوواتا، یان ئەگەر چی هاوواتای تەواویش نەبن، بەڵام واتای ئەم ئاوەڵناوانە لەیەکترەوە زۆر نزیکن:

خێرا = تیژ = تیژڕەو ، پەلە = زو، ...تاد.

لەسەرخۆ = هێدی = هێواش = خاو، ...تاد.

8-1) هەندێك پۆلی نابنجی ئاوەڵناو:

1-8-1) پۆلە ئاوەڵناوی کراو و کردو - Verbal Adjective - :

ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە بە نابنجی و ناڕەسەن دادەنرێن، هەمویان لە کردارەوە هەڵدەگوێزرێن- Derivation - واتە سەر بەو (9) جۆرە بنەڕەتییە نین، کە پێشتر جیامانکردونەتەوە، لە ڕێزمانی دێریندا بە کۆمەڵەی یەکەم دەوترا ناوی بکەر - اسم فاعل - و بە کۆمەڵەی دووەمیش دەوترا ناوی بەرکار - اسم مفعول- ، بەو پێیەی پۆلی یەکەم هەڵگری سیفەتی بکەرین، بۆ نمونە: مردو، نوستو، هاتو، ڕۆشتو،...تاد، هەروەها پۆلی دووەمیان هەڵگری سیفەتی بەرکارین: سوتاو، نوسراو، سکسوتاو، دەستبڕاو، گیراو،...تاد. (نوری عەلی ئەمین) پێی وایە، کە ئاوەڵناوی فرمانی: ((ئێسکێکی فرمانە و تام و بۆی ناو ئەدا.)) [نوری عەلی ئەمین: 2014: 124]. هەروەها (ڕەفیق شوانی) لەبارەی ناوی بکەرییەوە دەڵێت: ((ناوی بکەر بەو وشانە دەوترێت، کە لە چاوگەوە وەردەگیرێن. واتای ڕوداوێك لەلایەن ئیشکەرەوە دەگەیەنن و توانا تایبەتییەکەیان سیفەتێکی بەردەوام و هەمیشەییان پێدەبەخشێت.))[ڕەفیق شوانی: 2008: 74]. هەروەها هەمان بۆچون بۆ پۆلی کراویش ڕاستە، واتە لە کردارەوە هەڵگوێزراون و سیفەتی بەرکاریان تێدایە، بەو شێوەیە دەردەکەون، وەك ئەوەی ڕودانی کرداریان کەوتبێتە سەر. لەبارەی تایبەتێتی ئەم دو پۆلە تاکە سیفەتێك کە تێیاندا هەبێت، لە ئاوەڵناو بچن، ئەوەیە وەسفی لایەنێکی ناوە دیارخراوەکەمان بۆ دەکەن: دایکی سکسوتاو، نامەی هاتو، پیاوی مردو، کەسی گیراو،...تاد، بەڵام هیچ سیفەتێکی تری ئاوەڵناویان تێدا نییە، وەك: ناتوانن بەراورد لەنێوان دو شتدا بکەن، هەروەها ناتوانن هەڵکەوتنی شتێکمان بۆ دەربخەن لەنێو هاوپۆلەکانیاندا، کە دو ئەرکی سەرەکی ئاوەڵناون. بە واتایەکی تر هەر دو مۆرفێمی پلەی بەراورد / تر/ و مۆرفێمی پلەی باڵا / ترین/ وەرناگرن، مەگەر بەشێوەی میتافۆر بێت، ئەویش بۆ چەند بارێکی کەم دەخوازرێن. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

*مردو	مردوتر	مردوترین
*گیراو	گیراوتر	گیراوترین

ئەگەر لەگەڵ کرداری بێهێزدا بەکارمان هێنان، ئەوا دەبنەوە بە کردار و ڕێژەی کرداری هەواڵی تەواو وەردەگرن، واتە ناتوانن ببنە تەواوکەری کرداری بێهێز، بۆ نمونە:

(44) ئازاد لە دوێنێوە نوستوە.

(45) نامەیەکمان بۆ هاتوە .

(46) پیاوەکە لەشی هەموی سوتاوە.

(47) دزەکە گیراوە.

لەگەڵ کرداری (بون)دا ناتوانن، کرداری لێکدراو دروستبکەن، وەك: *هاتوبون، *مردوبون، *خەوتوبون، *سکسوتاوبون، *جەرگبڕاوبون، *گیراوبون،...تاد.

خاڵێکی زۆر گرنگی تر ئەوەیە، زۆربەیان نابنە دژواتای یەکتر، واتە دوانیان بەشێوەی دو وشەی جیاواز نادۆزینەوە، کە دژواتا بن، چەند دانەیەکی کەمیان نەبێت. کاتێکیش دەیانکەین بە دژواتا لە ڕێگەی مۆرفێمی /نە/ی نەرێکردنی کردارەوە واتاکانیان پێچەوانەدەبنەوە:

مردو × نەمردو (زیندو)

سوتاو × نەسوتاو

نوستو × نەنوستو (بێدار)

بڕاو × نەبڕاو

کەوتو × نەکەوتو

گیراو × نەگیراو

لە فەرهەنگدا هەریەك لە (هاتن، گرتن، سوتان،...تاد) وەك کردار تۆماردەکرێن. واتە لە فەرهەنگدا هەن و واتایان بەرامبەر دانراوە، بەڵام پۆلەئاوەڵناوی (کراو و کردو) لە فەرهەنگدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی (سادە) نابینرێن، چونکە هەمویان هەڵگوێزراون.

2-8-1) ئاوەڵناوی ڕێژەیی - نیسبی - :

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە ڕێگەی پەیوەندی بە شتێکەوە سیفەتێك دەگەیەنن. واتە: ((ڕاستەوخۆ دەلالەتی شتێك ڕاناگەیەنێت)) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 125]. هەمو ئاوەڵناوە نیسبییەکان ناسادەن، واتە لە ڕێگەی هەڵگواستنەوە دروستدەبن، ئەم ئاوەڵناوانە لە ناوێك و پاشگرێك دروستدەبن، بەم شێوەیە:

ناو + / ی ، ین ، انە ، ەکی ، ە/ = ئاوەڵناوی ڕێژەیی

کوردی، ئینگلیزی، دێهاتی، شاری[15]، خوێنین، ئاسنیین، پیاوانە، ژنانە، کوردانە، دەشتەکی، خێڵەکی، بەهارە، زستانە، هاوینە، ...تاد. ئەم وشانە دەتوانن وەکو ئاوەڵناوە بنجییەکان ببنە دیارخەری ناوێك، وەك: زمانی کوردی، پیاوی شاری[16]، مادەی ئاسنیین، جلی ژنانە، خێڵی دەشتەکی، پۆشاکی زستانە،...تاد. هەروەها ناتوانن مۆرفێمی /تر/ و /ترین/ وەربگرن: *کوردیترین، *ئاسنینترین، ...تاد[17]. ئاوەڵناوە ڕێژەییەکان دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز، بەم شێوەیە:

(48) ئەو پیاوە دەشتەکییە.

(49) ئەو جلە زستانەیە.

(50) زمانی من کوردییە.

بەڵام ناتوانن لەگەڵ کرداری (بون)دا وەك ئاوەڵناوە بنەڕەتییەکان کرداری لێکدراو دروستبکەن: *ئاسنیین بون، * زستانەبون، *کوردانەبون،...تاد. هەروەها هەمویان دژواتا پێکناهێنن، بۆ نمونە ئەم وشانە هیچ دژواتایەکیان نییە: ئاسنیین، شاری، بەهارە، کوردانە،...تاد. هەندێکیشیان دەبنە دژواتای یەکتر:

ژنانە × پیاوانە

زستانە × هاوینە

لادێیی × شاری

ئەگەر دژواتـای یەکتـر نەبـن، لەچوارچێـوەیەکی زمانیـدا بە ئاسـانی دەتـوانن بەیەکەوە بـێن، وەك لەم ڕسـتانەدا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

(51) قاتێکی کوردیی پیاوانەم کڕی.

(52) پۆشاکی پیاوانەی زستانە بازاڕی گەرمە.

(53) *پیاوێکی شاریی لادێییم بینی.

ئەم ئاوەڵناوانە لە فەرهەنگدا بەبێ پاشگرەکانیان وەك نـاو تۆمـارکراون، ئاوەڵنـاوی ڕێژەیـی وەك لێکسیمێکی سـادە نابینرێـت، چـونکە هەمویـان ناسـادەن. کەواتە ئەم جـۆرە ئاوەڵنـاوانە لە ڕێـگەی نـاوەوە هەڵـدەگوێزرێن، بـۆیە ڕاستەوخۆ نـاتوانن سیفەت و چۆنێتی شـتێك دەربـخەن. هەر ئەم هۆکـارەش وای کـرد، بەیەکێـك لەو (10) بیـرە بنەڕەتییەی دانەنرێت، کە زمانی کوردی لە ڕێگەی ئاوەڵناوەوە دەریاندەبڕێت.

9-1) بەکارهێنانی ئاوەڵناویی هەندێك ناو:

هەندێك ناو لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانێکی پەسنکەرانەیان هەیە، هەرچەندە لە فەرهەنگی زمانەکەدا وەك نـاو تۆمـاردەکرێن. تـاکە سیفەتێکی ئاوەڵنـاو کە لەم وشـانەدا هەبێـت، ئەویش پیشـاندانی چۆنێتییە. چـونکە (پیشـاندانی چۆنیەتی ئەرکێکی ئاوەڵناوە)[David Crystal: 2004: 199]. هەریەك لەم وشانە دەتوانن چۆنییەتی دەربڕن:

- دەنگی ئاژەڵ: جیکە ، گمە ، حیلە ، زیکە ، جیرە ،...تاد.
- دەنگی مرۆڤ: ورتە ، چپە ، بۆڵە ، خشە ،...تاد.
- ئەندازە: چوارگۆشە ، سێگۆشە ، لاکێشە ، بازنە ،...تاد.
- تایبەتی گیانلەبەر: خشۆك ، ئاوی ، گۆشتخۆر ، شیردەر ،...تاد.
- ناوی ئاژەڵ: کەر ، شێر ، حوشتر ، مار ، مانگا ، بەراز ،...تاد.

ئەگەر هەریەك لەم وشـانە وەك ئاوەڵنـاو تـاقیبکەینەوە، دەبینین، تەنهـا یەك تـایبەتیی ئاوەڵناویـان تێدایە، کە ئەویـش بریتییە لە دانی زانیاریی زیاتر لە بارەی ناوێکەوە. چونکە (ئاوەڵناو وشەیەکە بەتایبەتی لەگەڵ ناودا بەکاردێت، بۆ پێدانی زانیـاریی زیـاتر لەبـارەی ئەو شـتەی کە بـۆی دەگەڕێتەوە)[Gorge Yule: 1979: 118]. بۆ نمونە ئەم پۆلەوشانە لەم نمونانەی خوارەوە لایەنێکی ناومان بۆ دەردەخەن:

- ئەندازە: خانوی چوارگۆشە، پاکەتی لاکێشە، ڕاستەی سێگۆشە،...تاد.
- دەنگی گیانلەبەر: حیلەی ئەسپ ، جیکەی باڵندە ، زەڕەی کەر،...تاد.
- دەنگی مرۆڤ : ورتەی مرۆڤ ، بۆڵەی پیرەژن، ...تاد.
- تایبەتی گیانلەبەر: گیانلەبەرە خشۆکەکان ، ئاوییەکان ، شیردەرەکان ،...تاد.
- ناوی ئاژەڵ: پیاوی کەر ، منداڵی سەگ ، کوڕی بەراز ،...تاد

بەم جۆرە نـاوانە دەوترێت نـاوی نیشانەکراو - Marked Nouns - . واتە ((وشـەیەك کە سـەر بە پۆلەڕەگەزی نـاوە دەشـێت، ئەدگـاری ئاوەڵنـاویی هەبێـت و لە بەکارهێنـانی ئاوەڵناویـدا ئەو ئەدگـارەی دەربکەوێـت.))[محەمەد عەبدولفەتاح سەعید: 2014: 110]

هیچ جۆرێکیان مۆرفیمی بەراورد و باڵا وەرناگرن: *چوارگۆشەتر/ گۆشەترین، *ورتەتر، *شیردەرتر، *زەڕەتر،...تاد. ئەمە لە کاتێکدا ((بۆ جیاکردنەوەی ناو لە ئاوەڵناو دەتوانین پشت بە پاشگری بەراوردکردن /تر/ ، /ترن/ ببەستین)) [محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 301]. هەروەها ((زۆرینەی ئاوەڵناو دژواتای هەیە و

دژواتاكانیش زۆربەی خەسڵەتەكانیان لە یەكەوە نزیكە و لەوانەیە یەك دو خەسڵەت لەیەكیان بترازێنێ و پێچەوانەی یەكتر بوەستن)) [هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد: 2003: 96]. بەڵام ئەم وشانە لەنێو خۆیاندا هەرگیز نابنە دژواتای یەكتر. لەگەڵ كرداری (بون)دا كرداری لێكدراو دروست ناكەن. لە كاتێكدا ((ئاوەڵناوی چۆنێتی زۆر چالاكە لەم بوارەدا و ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت، بەتایبەتی لەگەڵ كرداری (بون) و (كردن)دا)) [یوسف شەریف سەعید: 2013: 40]. وەك:

*زەڕەبون، *سێگۆشەبون، *خشۆكبون، *ورتەبون، ...تاد.

هەروەها ناتوانن ببنە تەواوكەری كرداری بێهێز لە هەمو دەمێكدا، بۆ نمونە:

(54) *ئەوە دەنگی ورتەیە.

(55) مار گیانلەبەرێكی خشۆكە.

(56) *مار گیانلەبەرێكی خشۆكبو.

(57) *مار گیانلەبەرێكی خشۆك دەبێت.

(58) ئەو یاریگایە لاكێشەیە.

لە نمونەكانی سەرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە، كە ئەو وشانە تەنها دەتوانن ببنە تەواوكەری كرداری بێهێز لەگەڵ كرداری بێهێز بۆ دەمی ئێستا، بەڵام بۆ دەمەكانی تر دەبێت ببنە دیارخەری ناوێك و پاشان ببنە تەواوكەری كرداری بێهێز، واتە لە چوارچێوەی فرێزە ناوییەكەدا دەبنە تەواوكەری كرداری بێهێز. لە ڕوی نیشانەی واتایی و ڕێككەوتنیان لەگەڵ ناودا وەك ئاوەڵناوەكان ڕەفتارناكەن، بۆ نمونە ناوی دەنگی گیانلەبەر تەنها لەگەڵ ناوێكدا دێن و ناتوانن لەگەڵ ناوی تردا بێن، هەرچەندە نەبونەتە لێكسیم و لە فەرهەنگدا وەك پێكهاتەیەكی واتادار تۆمارنەكراون، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ناوی تردا نایەن و وەك كۆمەڵەوشە- Collocation - دەردەكەون، وەك لەم نمونانەدا دەردەكەوێت: حیلەی ئەسپ، گمەی كۆتر، باعەی مەڕ، زەڕەی كەر،....تاد.

هەرگیز ئەو وشانەی دەنگ دەردەبڕن، ناكرێت، لەگەڵ ناوێكی تردا بێن، واتە پەیوەندییەكی وتایی ناچارییان لەگەڵ یەكتردا هەیە، بەپێچەوانەوە پێكهاتەكە واتادار نابێت، وەك: *زەڕەی چۆلەكە، *باعەی بەراز، ....تاد.

لە فەرهەنگدا ئەم وشانە كەرەستەیەكی لێڵن، بۆ نمونە ناوی دەنگی گیانلەبەران بەئاسانی دەبنە كردار: دەحیلێنێ، دەجیكێنێ، دەزەڕێنێ، ...تاد، بەڵام لە فەرهەنگدا وەك ناو تۆماردەكرێن، بۆیە ئەم وشانە تەنها یەك سیفەتی ئاوەڵناویان تێدایە، كە ئەویش دەرخستنی (دەنگ، شێوە، تایبەتی، ...تاد)یە، بەڵام هیچ تایبەتییەكی تری ئاوەڵناویان تێدا نییە وەك لە تایبەتیی جۆرەكانی ئاوەڵناودا خستمانەڕو.

2) ئاوەڵناو و دیاردەی پێكداچونی پۆلەوشەكان:

2-1) دیاردەی پێكداچونی پۆلەوشەكان - Overlap -:

دیاردەی پێكداچون و تێكەڵبونی وشەكان بریتییە لەوەی وشەیەك لەیەك كاتدا بتوانێت سەر بە دو یان زیاتر لە پۆلەفەرهەنگی و سینتاكسییەكان بێت. ئەم دیاردەیە بە ڕای زمانەوانەكان دیاردەیەكی گشتییە - Universal- و لە هەمو یان زۆربەی زمانەكانی جیهاندا دەبینرێت[18]. بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا هەریەك لە وشەكانی (قائل، سامع، مذیع،...تاد) لە هەمانكاتدا (ناو و كردار)ن، یان ناوەكانی وەك (احمد، یشرب، یزید،...تاد) ڕێژەی ڕۆنانەكەیان لەسەر ڕێژەی (كردار)ە[19]. لە زمانی ئینگلیزیدا كردارەكانی وەك (Open, Fast,…etc)[20]. لەم دو ڕستەیەدا وەك (ئاوەڵناو) ڕەفتاردەكەن:

(59) He left the door <u>open</u>. (Adjective)

(60) He made the machine <u>fast</u>. (Adjective)

هەربۆیە ((گوێزانەوە و گۆڕانی وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، دیاردەیەکی هەمیشەییە لە زماندا. لەبەرئەوە دابەشکردنی وشە بەسەر بەشەکانی ئاخاوتندا کارێکی گرانە.))[ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 69].

بەپێی سروشتی زمانی کوردی لە ئێستادا دیاردەی پێکداچون دەبینرێت و ئاوەڵناویش لەم بوارەدا بەشدارییەکی چالاك دەكات، ئاوەڵناو دەبێت بە ناو، هەروەها دەبێت بە ئاوەڵکردار، هەندێك جاریش دەبێت بە کردار، بەڵام پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ هەمو پۆلە فەرهەنگییەکانی تر وەکو یەك نییە، بەڵکو لەگەڵ هەندێکیاندا زیاتر پێکدادەچن. مەرج نییە، دیاردەی پێکداچون تەنها لەنێوان دو کۆمەڵەی سەر بە هەمان پۆلدا ڕوبدات، وەك (ناو و ئاوەڵناو)، بەڵکو دەکرێت لەنێوان پۆلەسینتاکسی و فەرهەنگییەکانیشدا ڕوبدات، بۆ نمونە پریپۆزەیشن دەبێت بە پێشگری مۆرفۆلۆژی، یان فرێزی پێشناوی دەبێت بە پریپۆزەیشن، بێگومان ئەم دیاردەی پێکداچونە تەمومژی فەرهەنگی دروستدەکات. بۆیە ((لەم جۆرە تەمومژییەدا زیاتر جەخت لەسەر بەشەکانی ئاخاوتن دەکرێتەوە. وشە هەیە، دەکرێت لە ڕستەیەکدا (ناو) بێت، لە ڕستەیەکی تردا (ئاوەڵکردار) بێت، لە ڕستەیەکی تردا (ئاوەڵناو) بێت.)) [همزە حسين حمە: 2011: 45] . لەگەڵ ئەوەشدا هەر وشەیەك لە کێڵگەواتاییەکەیدا سەر بە پۆلێکی دیاریکراوە، بەڵام لەبەر پێویستی وشەکان لە کێڵگەی خۆیانەوە دەپەڕنەوە بۆ کێڵگەیەکی تر. واتە بە بۆچونی ئێمە هەریەك لە ئاوەڵکردارە چۆنێتییەکانی وەك (جوان، پەلە، خێرا،...تاد) لە فەرهەنگدا ئاوەڵناون، بەڵام لە ڕستەدا وەسفی کردار دەکەن و دەبنە ئاوەڵکردار، یان وشەکانی وەك (زانا، دانا، زیرەك،...تاد) لە بنەڕەتدا ئاوەڵناون، بەڵام کۆمەڵ بەکاریهێناون بۆ ناوی تایبەتی، بۆیە لە ئێستادا وەك ناوی تایبەتیش دەردەکەون. هەروەها کردارێکی وەك (ئەژی) وەك ناوی تایبەتی بەکاردەهێنرێت، بەڵام وەك دەزانین ئەم وشەیە لە کێڵگەی واتایی خۆیدا سەر بە پۆلە فەرهەنگی کردارە. وەك پێشتریش خستمانەڕو، ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت، بەڵام هەر زمانەو بەپێی تایبەتێتی خۆی دیاردەی پۆلگۆڕینەکە ئەنجامدەدات. بۆ نمونە وشەکانی وەك (سەر، بن، پێش، لا، بەر،...تاد) لە بنەڕەتدا ناون و بۆ ئەو شوێنانە دەگەڕێنەوە، کە لە واتاکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە ڕستەدا ئەگەر شوێنی ڕودانی کردارەکە ڕونبکەنەوە دەبنە ئاوەڵکردار. هەروەها هەندێك جار دەبنە پێشگریش وەك لەم وشانەدا دەبینرێت: بەرماڵان، بەرچاو، بەرگوێ،...تاد[21]. لە ڕوی تایپۆلۆژییەوە ((زمانی کوردی تایبەتمەندی زمانی نوساو و تێکچڕژاو هەڵدەگرێت)) [محەمەد مەعروف فەتاح و صباح ڕەشید: 2006: 90]. هەر بۆیە وشەی سادە لە زمانی کوردیدا بە بەراورد بە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان زۆر کەمترە. بۆ نمونە ((دەوترێت: زمانی کوردی نزیکەی (6000) کرداری سادەی تێدایە، بەڵام بەهۆی مۆرفێمە داڕێژەرەکانەوە ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (60000-70000) کردار)) [فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، چاوپێکەوتن، 2015/12/20]. ئەم ڕاستییە وامان لێدەکات بڵێین، کە وشەکانی زمان لە ڕوی داڕشتنەوە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیە. واتە (ئاوەڵناو) لە (ناو، کردار،...تاد) دروستدەبێت، هەروەها بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

ناو = ناو + ئاوەڵناو /ڕەگ/: (دڵگەش، برازا، دارتاش،...تاد).

ئاوەڵناو = ژمارە + ناو: (دوودڵ، چوارچاو،...تاد).

کردار = ئاوەڵناو + چاوگ: (سەوزبون، شینبون،...تاد).

(دیکسۆن) پێی وایە، کە دیاردەی پێکداچونی هەر سێ پۆلی فەرهەنگی (ناو، ئاوەڵناو، کردار) بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت. زمانی کوردی لەم ڕووەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە نزیکە، بەو پێیەی کە پێکداچونی (ئاوەڵناو) لەگەڵ (ناو)دا فراوانترە بە بەراورد بە پێکداچونی (ئاوەڵناو) لەگەڵ (کردار)دا، بەو پێیەی کە هاوڕییەتی ئاوەڵناو و ناو فراوانترە بە بەراورد بە هاوڕێیەتی ئاوەڵناو لەگەڵ پۆلەفەرهەنگییەکانی تر. دەتوانین ئەم پەیوەندییە لەم هێڵکارییەدا ڕونبکەینەوە[22]:



2-2) ئاوەڵناو و ناو:

خواستنی ئاوەڵناو بۆ ناوی تایبەتی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان دەبینرێت، ئەم دیاردەیەش ڕاستی دیاردەی پێکداچونی ئەم دو پۆلە فەرهەنگییەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، بۆ نمونە: دانا، زانا، زیرەك، دڵسۆز، ڕوخۆش، ئازاد،...تاد. لە یەك کاتدا (ئاوەڵناو و ناو)ن، بۆیە بۆ ڕەوینەوەی ئەم لێڵییە دەبێت، وشەکان لە ڕستەدا بەکاربهێنرێت، ئەو کات ڕوندەبێتەوە، کە وەکو ناو یان ئاوەڵناو بەکاهێنراون، بۆ نمونە:

(61) <u>دانا</u> هات. (ناو)

(62) هیوا کوڕێکی <u>دانا</u>بو. (ئاوەڵناو)

(63) مرۆڤی <u>دانا</u> سود بە دەوروبەرەکەی دەگەیەنێت.(ئاوەڵناو)

ئەو وشانە لە فەرهەنگدا بە ئاوەڵناو دادەنرێن، بەڵام کۆمەڵ بۆ ناوی تایبەتی بەکاریان دەهێنێت، بۆیە لە هەمان کاتدا بونەتە ناوی تایبەتیش.

لایەنێکی تری پێکداچونی ئاوەڵناو و ناو، بریتییە لە بابەتی (میتافور)، زۆرجار ناو وەکو ئاوەڵناو بەکاردێت، واتە هەندێك ناو دەخوازرێن و وەکو ئاوەڵناو بەکاردەهێنرێن. بۆ نمونە هەریەك لە وشەکانی (پیاو، کوڕ، کچ، مرۆڤ،...تاد) دەکرێت وەك ناو و ئاوەڵناویش دەربکەون، وەك لەم دو ڕستەیەی خوارەوە وشەی (پیاو) لە هەمان کاتدا (ئاوەڵناو و ناو)یشە بۆ نمونە[23]:

(64) <u>پیاو</u> کاری وا ناکات.

(65) تۆ زۆر <u>پیاویت</u>.

لەگەڵ ئەوەی وشەکان پێکدادەچن، بەڵام لە کێڵگەی واتایی خۆیاندا سەر بە پۆلێکی دیاریکراون، قسەکەری هەر زمانێك بەئاسانی دەتوانێت وشەکان بناسێتەوە.

3-2) ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار:

پەیوەندی (ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار) لەوەدا دەردەکەوێت، کە کاتێك ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا پەسنی کردار دەکەن و دەبنە ئاوەڵکردار. لەم کاتەشدا وشەکان لە هەمان باری (ڕەگ)دا دەبنە ئاوەڵناو لە ئاستی فەرهەنگدا، بۆ نمونە:

(باش، خێرا، جوان، خراپ،...تاد) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵناون، بەڵام لەم ڕستانەدا دەبنە ئاوەڵکردار، بۆ نمونە:

(66) ئازاد باش یاریدەکات.

(67) ئۆتۆمبیلەکە خێرا دەڕۆشت.

(68) من جوان دەنوسم.

هەروەها ئەو ئاوەڵناوانەی کە لە ڕێزمانی دێریندا پێیان دەوترا (ئاوەڵناوی چۆنیەتی) دەبنە ئاوەڵکردار، ئەویش بە زیادکردنی مۆرفیمی /بە/ی ڕێزمانی و مۆرفیمی /ی/ی وشەداڕێژی واتایی، کە لە ڕستەدا فرێزی ئاوەڵکرداری دروستدەکەن. بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئاوەڵناو	فرێزی ئاوەڵکرداری
خێرا	بە خێرایی
جوان	بە جوانی
توند	بە توندی
پاك	بە پاکی

جۆری ئەو ئاوەڵکردارانەش کە بەم شێوەیە دروستدەبن، ئاوەڵکرداری چۆنیەتین، واتە چۆنیەتی ڕودانی کردار ڕوندەکەنەوە.

4-2) ئاوەڵناو و کردار :

کردار و ئاوەڵناو وەك دو پۆلی سەربەخۆی فەرهەنگی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە. لە کۆندا (ئاوەڵناو لەلایەن (ئەرستۆ) و (پرتۆ)وە بە بەشێك لە کردار دانراوە، پێیان وابووە، کە ئاوەڵناو و کردار سەر بە پۆلێکی فەرهەنگین، کە پێی دەوترێت پۆلی کردار)[Nidham sheet: 2005: 81]. بەڵام زمانەوانەکان لە ئێستادا وەك دو پۆلی فەرهەنگی جیا دایاندەنێن. (جۆن لیۆنز) پێی وایە کە: (ئاوەڵناو و کردار دو پۆلی فەرهەنگی جیان، چونکە ئاوەڵناوەکان دەکەونە ناو بەشەکردارەوە، هەروەها مۆرفیمەکانی کردار وەرناگرن. جگە لەوەش (کات، ئەسپێکت، دەمکات)یان تێدانییە)[Jon Lyons: 1968: 324].

لە زمانی کوردیدا هەندێك وشە هەن، لە یەك کاتدا (ئاوەڵناو و کردار)ن، ئەگەر ببنە دیارخەری (ناو)ێك، ئەوا دەبنە ئاوەڵناو، بەڵام ئەگەر ئەرکی دیارخەریان نەبینی، ئەوا جێگەوتەی کردار پڕدەکەنەوە و دەبنە کردار، بەم شێوەیە:

(69) خۆری <u>درەوشاوە</u> هەڵهات. (ئاوەڵناو)

(70) خۆر <u>دەدرەوشێتەوە</u>. (کردار)

(71) فرمێسکی <u>بریسکاوەی</u> چاوەکانیم بینی. (ئاوەڵناو)

(72) فرمێسکی چاوەکانی <u>دەبریسکایەوە</u>. (کردار)

(73) گوڵێکی <u>گەشاوەم</u> بە دیاری وەرگرت. (ئاوەڵناو)

(74) گوڵی باخەکەمان <u>گەشایەوە</u> (<u>دەگەشێتەوە</u>). (کردار)

ئەمە و چەندین وشەی تر هەن لە زمانی کوردیدا، کە دەتوانن بەر هەردو پۆلەفەرهەنگی (ئاوەڵناو و کردار) بکەون، جیاکردنەوەشیان تەنها لە ڕستەدا دەبێت، بە سەرنجدان لە ئێستای زمانی کوردی دەبینین، پێکداچونی

(ئاوەڵناو) لەگەڵ (ناو)دا فراوانترە بە بەراورد بە پێکداچونی (ئاوەڵناو و کردار).

1-3) ئاوەڵناو و چەمکی ئۆنریفکس - Honorifics -:

ئەو وشە و فرێز و پارچە (ڕستیلە) - Clause - و ڕستانەن، کە چەمکی ڕێز لە زماندا دەردەبڕن، نزیکایەتییان لەگەڵ ئاوەڵناودا هەیە. بەو پێیەی ئاوەڵناو وشەیەکە پەسنی شتێك دەکات، ئۆنریفکس یان ڕێزگرتن لە هەمو زمانێکدا دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم نزیکایەتییەی نێوان چەمکی ئاوەڵناو و ئۆنریفکس وای لە هەندێك زمانەوان کردوە، کە ئەم دو بابەتە تێکەڵ بەیەك بکەن. (د. بائیز) سێ جۆر ئاوەڵناو دەستنیشاندەکات، کە ئەوانیش بریتین لە: 1- ئاوەڵناوی ڕێزگرتن، 2- ئاوەڵناوی پیشە، 3- ئاوەڵناوی لەقەب [بڕوانە: بائیز عومەر ئەحمەد: 42-44)]. هەریەك لە وشەکانی (خاتون، کاك، هێژا، بەڕێز، تەنەکچی، دوکاندار، مامۆستا، ئەندازیار،...تاد) بە ئاوەڵناو دادەنێت، بەڵام هیچ یەکێك لەو وشانە ئاوەڵناو نین، بەڵکو (ناو، نازناو، بریناو)ن و چەمکی ئۆنریفکس لە زماندا دەردەبڕن. لەم ڕووەشەوە دەکرێت لە چوارچێوەی (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)دا لێکۆڵینەوە لەسەر چەمکی ڕێزگرتن[24] لە زمانی کوردیدا بکرێت، بەپێچەوانەوە (ئاوەڵناو) پۆلێکی فەرهەنگییە، دەکرێت لە چوارچێوەی ئاستەکانی زمانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، واتە وەك بابەتی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوەوەی زمان، بەڵام لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێزگرتن لە زماندا ((وەك سۆسیۆپراگماتیك شرۆڤەدەکرێت.))[سەلام ناوخۆش: 2008: 80]. ئەو وشانەی کە بە (ئاوەڵناوی پیشە) ناودەبرێن، هیچ تایبەتمەندییەکی ئاوەڵناویان تێدانییە، بەڵکو بەو وشانە دەوترێت، ناوی پیشە. هەروەها ئەوانەشی (ئاوەڵناوی لەقەب)یان پێدەوترێت، دیسانەوە ئاوەڵناو نین، بەڵکو ئەوانە پێیان دەوترێت (نازناو - Nick Name)، نازناویش ((ناوێکی نافەرمییە، کە ئاسایی لەجیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆی لەلایەن هاوڕێ و خێزانەوە بەکاردێت.))[ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید: 2013: 239].

2-3) ئاوەڵناو و چەمکی ئاوەڵناوئاسا - Morphological Adjective -:

لەم ساڵانەی دواییدا، ئەم چەمکە هاتە نێو زمانەوانی کوردییەوە، مەبەست لە چەمکی ئاوەڵناوئاسا بەپێی بۆچونی زمانەوانەکان دەگۆڕێت، هەندێکیان پێیانوایە، کە ئاوەڵناوە داڕێژراو و لێکدراوەکان هەموویان (ئاوەڵناوئاسا)ن[25]، تەنها ئاوەڵناوە سادەکان ئاوەڵناوی بنەڕەتین. بەڵام هەندێکی تریان سنوری ئاوەڵناوئاسا بە فراوانتر دەزانن و هەر وشەیەك لە چوارچێوەی فرێزی ناویدا ئەرکی دیارخەری بینی، ئەوا بە (ئاوەڵناوئاسا)ی دادەنێن[26]. مەبەست لە ((ئاوڵناوئاسا ئەو کەرەستە و وشانەن، کە لە جێی ئاوەڵناو دێن، یان ئەو کەرەستانەن کە لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن.))[ڤیان ئیبراهیم عەلی: 2008: 37]. بە بۆچونی ئێمە ئەم زاراوەیە پەسەند نییە، چونکە ناکرێت لە زماندا دو کەرەستە یەك ئەرکیان بینی، ئیتر بە دو کەرەستەی هاوپۆل یان نزیك لە یەك ئەژماربکرێن. بە بۆچونی ئێمە زاراوەی (ئاوەڵناوئاسا) دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی دێرینەکانە، کە هەوڵیان دەدا، لەسەر بنەمای ئەرك وشەکان پۆلێنبکەن. ئەگەر بەپێی ئەم بۆچونە بێت، هەمو ئەو کەرەستانەی ڕۆڵی دیارخەر دەبینن، دەبنە (ئاوەڵناوئاسا). ئەو زمانەوانانەی ئەم زاراوەیە بەکاردێنن بۆ نەهێشتنی تێکەڵبونی بەشەکانی ئاخاوتنە. بۆ ئەم مەبەستەش ((جارێك لە وشەکە دەدوێن وەك (لێکسیم)، جاری دووەم لە فۆرمێکی جیاوازی وشەکە (شێوەکانی وشە)، واتە ئەگەر وشە لە شێوە جیاوازەکانی جیابکەینەوە، ئیتر توشی ئەم تەنگ و چەڵەمە و تێکچڕژانە نابین لە دابەشکردن و جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن. هەر لێکسیمێك دەچێتە بەشێکی دیاریکراوەوە و بواری تێکەڵبون نامێنێت.)) [محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 304]. بەپێی ئەم بۆچونە بێت ،

هەمو ئاوەڵناوە سادەکان بە ئاوەڵناو دابنرێن و داڕێژراو و لێکدراوەکانیش بە ئاوەڵناوئاسا دابنرێن، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە دیاردەی پێکداچونی بەشەکانی ئاخاوتن بەم ڕێگەیە چارەسەرناکرێت، چونکە لە وشە سادەکانیشدا پێکداچون ڕوودەدات، وەك خواستنی ئاوەڵناوەکان بۆ ناوی تایبەتی. بۆیە هیچ یاسایەکی زمانی ناتوانێت بەر بە تێکچڕژانی وشەکان بگرێت، چونکە لەلایەن کۆمەڵەوە ئەم کارە ئەنجامدەدرێت و وشەکانیش هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەن. بەپێی بۆچونی (ئاوەڵناوئاسا) لە زمانی کوردیدا هەریەك لەم وشانە بە ئاوەڵناوئاسا دادەنرێن:

1- ناو: کوڕی سیروان ، داری ترێ،...تاد.

2- بریناو: مامۆستا ئازاد ، مەلا ئەحمەد،...تاد.

3- ژمارە: دوو کوڕ ، سێ لەسەرچواری کتێبەکان،...تاد.

4- ئامرازی نادیار: کوڕێکی تر ، کتێبێکی دیکە،...تاد.

5- ئامرازی نیشانە: ئەم کوڕە، ئەو کوڕانە،...تاد.

ئەگەر بەپێی ئەم بۆچونە بێت، دەبێت (جێناو) بە (ناوئاسا) ناوبەین، چونکە (جێناو) زۆربەی ئەرکەکانی ناو دەبینێت. بۆیە بەڕای ئێمە پێویستە ئەو کەرەستە زمانییانەی لە پێش یان پاش سەرەی فرێزی ناوی دێن، بەناوی خۆیانەوە ناوبنرێن، وەك (ژمارە، نازناو، بریناو، ئامرازی نیشانە، ئامرازی نادیار،...تاد)، بەپێچەوانەوە زاراوەی (ئاوەڵناوئاسا) زاراوەیەکی پەسەند نییە، چونکە ئەو وشانەی بە ئاوەڵناوئاسا دانراون، ئەگەر یەك ئەدگاری ئاوەڵناویان تێدابێت، کە ئەویش ئەدگاری (دیارخەری)یە، ئەوا چەند ئەدگارێکی تری ئاوەڵناویان تێدا نییە، وەك:

1- مۆرفیمی / تر/ و / ترین/ وەرناگرن.

2- لە ڕوی سیمانتیکەوە نیشانە واتاییەکانی ئاوەڵناویان تێدا نییە.

3- لە ڕوی سینتاکسیشەوە هەمو ئەرکەکانی ئاوەڵناو نابینن، وەك ئەرکی تەواوکەری کرداری بێهێز. بۆیە دەبێت ئەم وشانە بەپێی تایبەتییەکانی خۆیان ناویان بۆ دابنرێت و جیابکرێنەوە، چونکە ئەم وشانە تایەتی و ئەدگاری ئاوەڵناویان تێدانییە.

3-3) ئایا ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە؟

زمانەوانەکان بۆچونی جیایان هەیە لەبارەی ئەوەی، کە ئایا ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە؟ یان بەشێکە لە پۆلەفەرهەنگی ناو؟ (لە ڕێزمانی دێرینی عەرەبیدا ئاوەڵناو بەشێك بووە لە ناو، چونکە زمانەوانە عەرەبەکان پێیان وابوە، ئاوەڵناو هەمو مۆرفیمەکانی ناو وەردەگرێت، واتە ئاوەڵناو بەشێکە لە ناو)[بڕوانە: محمد محی الدين : 2008: 167]. لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیشە ئاوەڵناو بە پۆلێکی سەربەخۆ دانراوە، لە دواین ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئاوەڵناو کراون، بە پۆلێکی سەربەخۆ دانراون. تەنانەت (دیکسۆن دان بە هەر سێ پۆلی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)دا دادەنێت وەك سێ پۆلی فەرهەنگی)[بڕوانە: R.M.W. Dixon: 2004]. لە زمانی کوردیدا دو بۆچونی جیاوازمان هەیە، بۆچونێکیان پێی وایە، ئاوەڵناو بەشێکە لە ناو، بۆچونێکی تر پێی وایە، ئاوەڵناو پۆلێکی سەربەخۆیە[27].

بە بۆچونی ئێمە (ئاوەڵناو) لە زمانی کوردیدا پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە، بەڵگەشمان بۆ بۆچونەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

1.لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵناو هەیە، ئەگەرچی ژمارەیان لە (ناو و کردار) کەمترە، بەڵام ئاوەڵناوەکان لە فەرهەنگدا وەك پۆلێکی سەربەخۆ تۆمارکراون.

2.ئاوەڵناو خاوەنی (پلە)یە، کە ناو هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە نییە.

3.ئاوەڵناو ئەرکی بەراوردکردن لەئەستۆدەگرێت، کە دیاردەیەکی زمانیی گشتییە و لە هەمو زمانەکاندا بەراوردکردن هەیە، بەڵام مەرج نییە، ئاوەڵناو لە هەمو زمانێکدا بەم ئەرکە هەڵبسێت.

4.مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (ناو و کردار) وەك /ەکە، یێك، ان/ ، /بـ، دە، را، رێ، وە، نە، نا،...تاد/ هەرگیز ناچنە سەر ئاوەڵناو، ئەگەر مۆرفیمەکانی ناو بچنە سەر ئاوەڵناوێکیش ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ ناوێك، کە دەکرێت دەرنەبڕابێت، یان قرتێنرابێت، بۆ نمونە کە دەڵێین: (جوانێك هات.) لە بنەڕەتدا ناوێك پێش ئاوەڵناوی (جوان) لە دروستەی ژێرەوەی فرێزە ناوییەکە هەبووە، بەڵام قرتێنراوە، واتە بەم شێوەیە بووە (کچێکی جوان هات).

5.هەندێك مۆرفیمی وشەدارێژ ئاوەڵناو سازدەکەن، ناو سازناکەن بە پێچەوانەشەوە.

6.ناو لە ڕوی (واتا)وە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان دیاردەیەك،...تاد، بەڵام ئاوەڵناو تایبەتێتی ئەو ناو و دیاردەیەمان بۆ دەستنیشاندەکات، بۆیە (پیشاندانی چۆنێتی لەگەڵ بەراوردکردنی چۆنێتی شتەکان ئەرکی ئاوەڵناوە.)[David Crystal: 2004: 199]

7.ئەو ناوچە بیریانەی کە ئاوەڵناوەکان پڕیان دەکەنەوە، وەك (بەها، بارستایی، تەمەن، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی،...تاد)، ناوەکان ناتوانن پڕیان بکەنەوە.

8.ئاوەڵناوەکان کێڵگەی واتایی خۆیان هەیە و پەیوەندییەکی بیری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، کە جیاوازە لە کێڵگەی واتایی ناوەکان.

9.شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی ئاوەڵناوەکان، ئەو ڕاستییە پیشاندەدات، کە ئاوەڵناو خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتاییە، کە ناو هەڵگری ئەو نیشانانە نییە، بە پێچەوانەشەوە ناوەکان خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایین، کە ئاوەڵناوەکان هەڵگری ئەو نیشانانە نین.

3-4) ئاوەڵناو و پێکەوەهاتن (هاوڕێیەتی زمانی) – Collocation -:

(پێکەوەهاتن) دیاردەیەکی زمانییە، کە لە هەر دو ئاستی (واتا و دەق)دا گرنگی پێدەدرێت. پێکەوەهاتن بریتییە لەوەی کە دو وشە پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەبێت، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە زۆرەی وشەکان بە بینینی یەکێك لەو وشانە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای وشەکەی تر بچێت. ئەوەی وادەکات، بیرمان بۆ وشەکەی تر بچێت، ئەوەیە کە لە زمانەکەدا وشەکان زۆر لەگەڵ یەکدا بەکاردەهێنرێن. بۆیە ((هەندێك لە وشەکان ئەوەندە هاوڕێیەتییان بەهێزە لە کاتی بەکارهێناندا بە ناوهێنانی یەکێکیان ئەوی تر دێتەوە یاد))[تابان محەمەد سەعید: 2014: 59].

(دیبوگراند) لە زانستی زمانی دەقدا - Discourse analyses- پێکەوەهاتنی لە بەشی ڕێکخستن - Cohesion و لە ڕێکخستنیشدا لە بەشی ڕێکخستنی فەرهەنگی دایناوە، بەم شێوەیە: [ڕوبرت دی بوجراند: 1998: 103]



خشتەی ژمارە (4)

گرنگی پێکەوەهاتن لە زماندا لەوەدا دەردەکەوێت، کە واتای هەندێك لە وشەکانی زمان بەهۆی ئەو وشانەوە ڕوندەبێتەوە، کە زۆر لەگەڵیدا دێن، ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وشەکاندا بەدیدەکرێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وشەکە سەر بە چی پۆلێکی فەرهەنگی و سینتاکسییە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە پێکەوەهاتن لە (ئیدیەم) جیاوازە، بەو پێیەی ئیدیەمەکان وەك وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەدەکەن، بەڵام (پێکەوەهاتن) تەنها بریتییە لە پەیوەندیی بەهێزی دو وشە کە لە ئەنجامی زۆر بەیەکەوەهاتنیاندا دروستبووە. لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوەکان پێکەوەهاتنیان لەگەڵ ناودا زۆر بەهێزە، بەشێوەیەك هەندێك ئاوەڵناو ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ چەند ناوێکدا بەهێزە، بە ناوهێنانی ئاوەڵناوەکە ڕاستەوخۆ پێشبینی ناوەکە دەکرێت. هۆکاری ئەم پەیوەندییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاوەڵناوەکان بەزۆری وەسفی لایەنێکی ئەو ناوەیان کردوە، کە لەگەڵیدا هاتون.

بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاستییەش چەند نمونەیەك دەهێنینەوە، کە پێکەوەهاتنی ئاوەڵناوەکانمان لەگەڵ ناوەکاندا بۆ ڕوندەکاتەوە:

گەڵای دار	ڕۆژی ڕوناك
زۆنگی زەرد	مۆبایلی هۆشمەند (زیرەك)
پێستی ئەسمەر	باڵای بەرز
دەموچاوی جوان	ڕێگای دور (نزیك)
ناوچەی خۆڵەمێشی	دەنگی خۆش (بەرز ...تاد)
ئاوی قوڵ (تەنك)	چای شیرین (تاڵ)
بارانی بەخوڕ	پیاو (ژن)ی پیر
یاریزانی گۆڵکار	کچی جوان
شەوی تاریك	کوڕی قۆز

وەك دەردەکەوێت، ئاوەڵناوەکان خواستی هاوڕێیەتییان لەگەڵ ناوەکاندا زیاترە وەك لە کردارەکان. لە نمونەکانەوە ئەومان بۆ ڕوندەبێتەوە، لە ئەنجامی زۆر پێکەوەهاتنی ئەو ئاوەڵناوانە لەگەڵ ناوەکاندا، بە ناوهێنانی ئاوەڵناوەکان ئاخێوەری زمانی کوردی ڕاستەخۆ پێشبینی ناوەکان دەکات.

ئەنجامەکان

1. ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە و سەر بە هیچ پۆلێکی تر نییە، چونکە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵناوەکان تۆماردەکرێن و واتاکانیان لێکدەدرێتەوە، ئەگەرچی ژمارەیان لە (ناو ، کردار) کەمترە.

2. لە ڕێزمانی دێرینی کوردی و زمانانی تریشدا چەندین کەرەستە بە ئاوەڵناو دانراون، کە هیچ تایبەتییەکی ئاوەڵناویان تێدا نییە، وەك (ئاوەڵناوی نادیاری، نیشانە، خاوەندارێتی، ژمارە، لەقەب، پیشە، جیاکردنەوە، پرس،...تاد). بەڵکو ئەمانە سەر بە پۆلی ترن.

3. لە زمانی کوردیدا (9) جۆری ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە هەیە، کە هەریەکەیان تایبەتێتی خۆیان هەیە، هەروەها هەندێك پۆلی نابنجی ئاوەڵناو هەن، کە هەمو تایبەتییەکانی ئاوەڵناویان تێدا نییە، بۆیە لە چوارچێوەی ئەو (9) جۆرە بنەڕەتییە دانەنراون، کە ئەوانیش بریتین لە (ئاوەڵناوی کراو و کردو، ئاوەڵناوی ڕێژەیی)، بۆ نمونە: ئاوەڵناوی کراو و کردو هەمو پێشگر و پاشگرەکانی کردار وەردەگرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا لە کردارەوە هەڵگوێزراون.

4. هەندێك ناو هەن، کە نیشانەکراون لەلایەن کۆمەڵەوە، بە هەندێك لە نیشانە واتاییەکانی ئاوەڵناو، ئەم ناوانە نابنە ئاوەڵناو، چونکە هیچ تایبەتییەکی ئاوەڵناویان تێدانییە، جگە لەوەی بەکارهێنانێکی پەسنکەرانەیان هەیە، کە ئەرکێکی سەرەکی ئاوەڵناوە.

5. ئاوەڵناوەکان لەگەڵ پۆلە فەرهەنگی و سینتاکسییەکاندا پێکدادەچن، هەروەها لەگەڵ ناودا زیاتر پێکدادەچن وەك لە کردار و ئاوەڵکردار.

پەراوێزەکان

1.لەبارەی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێرینی ئینگلیزیدا، بڕوانە: [Nidham sheet: 2005: 6].

2.(مەسعود محەمەد) ئاماژەی بە ئەوە داوە، کە ناکرێت، ئامرازی نیشانە بە ئاوەڵناو دابنرێت، چونکە واتای پەسنی تێدا نییە و لەگەڵ پێناسەکانی ئاوەڵناودا ناگونجێت، بەڵام بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ ئەم بابەتەی نەخستوەتەڕو، بەڵکو وەکو دەمڕاستی (لیژنەی زمان و زانستەکانی) لە (کۆڕی زانیاری کورد) لە پەراوێزێکدا ئەمەی ڕونکردوەتەوە.

3.دیارە (ئەورەحمانی حاجی مارف) جۆرەکانی ئاوەڵناوی لە ڕوی (واتا و ڕۆنان) جیاکردوەتەوە، بەڵام ئەوەی لەنێو خشتەکەدایە، جۆرەکانی ئاوەڵناون لە ڕوی (واتا)وە.

4.لە زمانی ئینگلیزیدا چەند جۆرێکی ئاوەڵناو دیاریکراوە، کە لە ڕێزمانی دێرینی کوردیدا نین، وەك (ئاوەڵناوی خۆیی - intensifying، ئاوەڵناوی سەرسوڕمان - Exclamatory). بڕوانە: [Nidham sheet: 2005: 7-8].

5.وردترین دابەشکردنی ئاوەڵناو، دابەشکردنی ئاوەڵناوە لەڕوی (واتـا)وە، کە (دیکسۆن)ی زمـانەوانی ئوسـترالی یەکەمجار ئەم کارەی کرد، ئەم زمانەوانە لەساڵی (1979) کتێبێکی بەنـاوی (ئەو هەمـو ئاوەڵنـاوە بۆ کوێ چون؟) دەنوسێت، لە دابەشکردنەکەدا پێنج جۆر ئاوەڵنـاو لەڕوی واتـاوە دەستنیشـاندەکات، وەك دیـاردەیەکی یونڤێرسـاڵ کە بـریتین لە: 1- دووری. 2- تـایبەتی فیزیکـی. 3- بەهـا. 4- تەمەن. 5- خێرایـی. بـۆ زانیـاریی زیـاتر لـەم بـارەیەوە بڕوانە:

A. [FATIMA Hassan: 2009: 4].

B. [R.M.W. Dixon: 1979: 31].

6. (ئەحمەد حەسەن) لە باسی جۆرەکانی ئاوەڵناودا ، ئاوەڵناو دابەشدەکاتە سەر (سادە، لێکدراو، کۆژ یـان ڕسـتە)، بـڕوانە: (ئەحـمەد حەسـەن: 1976: 129). بەڵام (ئەوڕەحمـانی حـاجی مـارف) لە باسـی جۆرەکـانی ئاوەڵنـاودا لە ڕوانگەی (واتا و ڕۆنـان)ەوە جۆرەکـانی ئاوەڵنـاوی جیـاکردوەتەوە، بڕوانە: (ئەوڕەحمـانی حـاجی مـارف: 2014: 119-140).

7. هەندێك زمانەوان (ئاوەڵناو) بە پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگی دانانێن، ئەمە لە کاتێکدا کە لە فەرهەنگی زمـانی کوردیدا (ئاوەڵناو) وەك (ناو، کردار، ژمـارە) بە سـەربەخۆیی لە فەرهەنگدا دەبینرێت و بە سـەرنجدان لە زمـانی کوردی دەردەکەوێت، کە ئاوەڵنـاو لە زمـانەکەدا هەیە و لەدوای (نـاو و کـردار) لە پلەی سێیەم لە ڕوی ژمـارەوە دێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە:

ئـ: (محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 303).

بـ: (هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد: 2003: 96).

8. هیـدایەت عەبـدوڵڵا زاراوەی (ئاوەڵنـاوی ڕەسـەن) و (ئاوەڵنـاوی نارەسـەن ، ئاوەڵناوئاسـا)ی بەکارهێنـاوە، بەڵام شنە جەبار هەردو زاراوەی (بنجی و نابنجی) بەکارهێناوە، بڕوانە:

ئـ: (هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد: 2003: 104-123).

بـ: (شنە جەبار فەتاح: 2006: 5-17).

9. دەوترێت ڕەنگە سەرەکییەکان تەنها سیانن، کە بریتین لە: 1- شین، 2- زەرد، 3- سور. هەمو ڕەنگەکانی تر بە تێکەڵبـونی ئەو سیانە دروسـتبون. بـۆ زانیـاریی دەربـارەی ژمـارەی ڕەنگەکـان، بـڕوانە: (مصـطفی محمـد کـریم: 2001: 26).

10. (دیکسۆن) پێی وایە، کە حەوت بیر لە هەمو زمانەکانی جیهاندا سەرچاوەی ئاوەڵنـاون، کە بـریتین لە: (بەهـا ، تەمەن ، ڕەنگ ، تایبەتی کەسی ، تایبەتی مرۆڤ ، بارستایی ، خێرایی).

11. ئەو سەرچاوانەی کە باسیان لە جۆرەکانی ئاوەڵناو کردوە، بەم شێوەیە جیایان نەکردوەتەوە، بەڵکو بە تێکەڵـی باسیان لە ئاوەڵناوی تایبەتی کەسی کردوە.

12. بۆ زانیاری لەبارەی پۆلێنکردنەکەی دیکسۆن بۆ جۆرەکـانی ئاوەڵنـاو، بڕوانە: [R.M.W. Dixon: 2004: 4].

13. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

ئـ: [R.M.W. Dixon: 2004: 4].

بـ: (محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 314).

14. شایەنی باسە (محەمەد مەعروف فەتاح) دابەشکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناوی لە (دیکسۆن)ەوە وەرگرتوە، زۆربەی زمانەوانە کوردەکانیش لە (محەمەد مەعروف فەتاح)ەوە وەریانگرتوە، بۆیە وەرگرتنەکە زۆر جار بەبێ دەستکاری بووە.

15. ئەو ئاوەڵناوە ڕێژەییانەی کە لە ڕێگەی پاشگری /ی/ ڕێژەییەوە داڕێژراون، واتای ئەسڵ و بنج و بناوان دەگەیەنن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ك.ك. كوردۆیف: 1986: 108).

16. پێویستە جیاوازی لەنێوان مۆرفیمی /ی/ی واتایی و /ی/ی ڕێژەییدا بکرێت، یەکەمیان ناوی واتایی دروستدەکات و دووەمیان ئاوەڵناوی ڕێژەیی.

17. لە زۆر زماندا ئاوەڵناوی ڕێژەیی پلەی بەراورد و باڵا وەرناگرێت، لەم بارەیەوە بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 128).

18. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: [Pernilla Hallonsten: 2009]

19. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ابراهیم انیس: 1957: 193- 195).

20. بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

a- (Nidham sheet: 2005: 6).

b- (FATIMA Hassan: 2009: 8).

21. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پۆلگۆڕینی وشەکان، بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1979: 8- 9).

22. هێڵکارییەکە بە دەستکارییەوە لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە: [R.M.W. Dixon: 2004: 39]

23. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 216).

24. بۆ زانیاریی لەبارەی چەمکی ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: (عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2009: 121-132).

25. محەمەد مەعروف فەتاح لەگەڵ ئەو بۆچونەدایە، کە ئاوەڵناوە داڕێژراو و لێکدراوەکان (ئاوەڵناوئاسا)ن، تەنها وشەسادەکان بە ئاوەڵناو دادەنێت. بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 307).

26. ڤیان ئیبراهیم هەمو ئەو کەرەستانەی لە شوێنی ئاوەڵناو بەکاردێن، بە ئاوەڵناوئاسا دادەنێت. بڕوانە: (ڤیان ئیبراهیم عەلی: 2008: 37).

27. ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێی وایە ئاوەڵناو بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، لەم ڕووەشەوە پێی وایە، ئاوەڵناو ئەگەرچی لە ڕوی ژمارەوە لە ناو کەمترە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە ناویش جودادەبێتەوە، چونکە ئاوەڵناو خاوەنی پلەیە، هەروەها هەندێك مۆرفیمی وشەداڕێژ ئاوەڵناو سازدەکەن، کەچی ناو سازناکەن، لە ڕوی واتاشەوە ناو و ئاوەڵناو دو بەشەئاخاوتنی جیاوازن، ناو بۆ شتێك دەگەڕێتەوە، بەڵام ئاوەڵناو بۆ ناوێك دەگەڕێتەوە. لە بەرامبەر ئەم بۆچونەدا (محەمەد مەعروف فەتاح) پێی وایە، کە ئاوەڵناو بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لە ناو، چونکە ژمارەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە، جگە لەوەش (ناو) هەمو تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو وەردەگرێت وەك (پلە). پێشی وایە هەندێك بیر هەن لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو دەریاندەبڕێت، وەك (بارستایی، بەها، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، خێرایی، تەمەن، بەها). بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە:

ئـ: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1988: 138-139).

بـ: (محەمەد مەعروف فەتاح: 1990).

هەروەها (محەمەد مەحوی) لەم بارەیەوە پێی وایە، ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکی سەربەخۆیە و بە هیچ جۆرێك بنەمای بونی وشە بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا ناکرێت، لەبەرچاو بگیرێت، چونکە زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی هەڵگوێزراو و لێکدراون، بەمجۆرەش ژمارەی ئاوەڵناوەکان بە ڕادەیەك کەمدەبنەوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ڕەنگە هەندێك لەو بیر و ناوەڕۆکانەش دەرنەبڕن، کە پێویستە ئاوەڵناو دەریانببڕێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (محەمەد عەبدولفەتاح سەعید: 2014).

سەرچاوەکان

ا- بە زمانی کوردی:

1. احمد حسن احمد (1976)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، دار الجاحظ، بەغدا.
2. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید (2013)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.
3. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (2014)، ئاوەڵناو، چاپی دووەم، هەولێر.
81 .... (1988)، ئاوەڵناو بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (118).
5. .... (1979)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم - ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
6. بائیز عومەر ئەحمەد، تێکەڵی د ناڤبەرا هاڤەلناڤێن، ڕێزگرتن و پیشە و لەقەب د زمانی کوردیدا - کرمانجیا سەری، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە (46).
7. تابان محەمەد سەعید (2014)، کێڵگەواتاییەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
8. توفیق وەهبی (1929)، دەستوری زمانی کوردی ،جزمی یەکەم، بەغدا.
9. جگەر خوێن (1961)، اوا را دستورا زمانی کوردی، بەغداد.
10. ڕەفیق شوانی (2008)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپخانەی (خانی)، دهۆك.
11. سەعید صدقی کابان (1928)، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا.
12. سەلام ناوخۆش (2005)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر.
13. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (2010)، زمانناسی، بەرگەکانی (3-2-1)، هەولێر.
14. صادق بەهادین (1976)، ڕێزمانا کرمانجی، بەغدا.
15. شنە جەبار فەتاح (2006)، ئاوەڵناو وەك کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
16. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2009)، واتاسازی، هەولێر.
17. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (2015/12/20)، چاوپێکەوتن.
18. ڤیان ئیبراهیم عەلی (2008)، تایبەتێن هەڤالناڤی د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆك، دهۆك.
19. ك.ك. کوردۆیێڤ (1982)، ڕێزمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی)، و/ لە ڕوسییەوە: د. کوردستان موکریانی، هەولێر.

20. محەمەد ئەمین هەورامانی (1973)، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا .

512 محەمەد مەعروف فەتاح (1990)، هەندێك تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(125).

22. محەمەد مەعروف فەتاح (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

23. محەمەد مەعروف فەتاح و صباح ڕەشید (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

24. محەمەد عەبدولفەتاح سەعید (2014)، ئاوەڵناوی کوردیی لەنێوان تیۆری و تایبەتییەکانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (B).

25. مصگفی محمد کریم زەنگەنە (2001)، ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

26. نوری عەلی ئەمین (2014)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

27. همزە حسین حمە (2011)، تەمومژی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

28. هیدایەت عەبدوڵڵا محەمەد (2003)، ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

29. یوسف شەریف سەعید (2013)، کرداری لێکدراو، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ب- بە زمانی عەرەبی:

30. ابراهیم انیس (1957)، من اسرار اللغة، المكتبه انجلو المصرية، القاهرة.

31. روبرت دی بوجراند (1998)، النص والاخطاب والاجراء، ت/تمام حسان، الطبعة الاولى، القاهرة.

32. محمد محی الدين (2008)، التحفة السنية.

پ- بە زمانی ئینگلیزی:

33. David Crystal (2004), Encyclopedia of the English Language, Second Edition .Uk.

34. R.M.W. Dixon (2004), Adjective Classes in Typological Perspective, Oxford University Press .

35. .... (1977), Where Have All Adjective Gone, Berlin.

36. Fatima Hassan Pirot (2009), Adjective Complementation in English and Central Kurdish, M.A, Salahaddin University.

37. Gorge Yule (1979), The Structure of Language, Second Edition, Cambridge University Press.

38. Jon Lyon (1968), Introduction to Theoretical Linguistics, Cambridge, Cambridge University Press.

39. Nidham Sheet H-Altaee (2005), The Syntax and the Semantic Of the Adjective in English.

40. Pernilla Hallonsten (2009), On the Universality and Variation of the Adjective Category.
41. Roger Stone (2010), An Automated Template Approach to Morphology and Syntax Description for Ayta Abellen (Using Flex and Paws), M.A. In Applied Linguistics, Faculty of the Graduate Institute of Applied Linguistics.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 233 – 253
http://www.ijoks.com

Morphosyntactical Representation in Kurdish Language

***Abduljabar Mustafa MAROOF* [1] *& Sazan Zahir SAEED* [2]**

Received: Nov 30, 2017 **Reviewed**: Dec 31, 2017 **Accepted**: Jan 08, 2018

Abstract

This study entitled (Morphosyntactical Representation in Kurdish Language) is an attempt to identify those mechanisms that produce morphosyntactic units. This is by showing the the steps of building the project and how they are applied based on theories that govern syntactic connections. From this perspective, the study uses the examples and their analyses as experimental evidence to answer these questions: does morphosyntax as a pre-sentence manifestation project need to pass all the syntactic and semantic components the way a sentence project needs to? Or is it a different syntactically produced project? By syntactic and semantic components, it is meant those that are there within Projection Principle and Extended Projection Principle.

Keywords: Morphosyntax, Projection, Deletion Rules, Copy, Movement, Semantic Selection

Recommended citation:

Maroof, A. M. & Saeed, S. Z. (2018). Morphosyntactical representation in Kurdish Language. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 233 –253. DOI: 10.21600/ijoks.383403

[1] Asst. Prof. Dr., Department of Kurdish Language/ College of Language/ Language & Humanities/ University of Sulaimani. Kurdistan Region - Iraq. E-mail: **abduljabar.maroof@univsul.edu.iq**

[2] Teacher- Phd Student. Department of Kurdish Language/ College of Language/ Language & Humanities/ University of Sulaimani. Kurdistan Region - Iraq. E-mail: **sazan.mohammad@univsul.edu.iq**

نواندنی مۆرفۆسینتاکسیی لە زمانی کوردییدا

پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف_سەرپەرشت
زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان
بەشی کوردی

م. سازان زاهیر سەعید_خوێندکاری دکتۆرا
زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان
بەشی کوردی

پێشەکیی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، تایبەتە بە (نواندنی مۆرفۆسینتاکسیی لە زمانی کوردییدا)، تێیدا ئەو هەنگاوانە تیشکیان دەخرێتەسەر، کە لە بەرهەمهێنانی پرۆژە پاش_ڕستەییەکانی زمانی کوردییدا وەك لێکەوتەی پرۆژەیەکی ڕستەیی، دەگیرێنەبەر. لەمەشەوە پەیوەندیی دروستەیی نێوان سەرو تەواوکەرەکان پەیوەست بە (پێدانی دۆخ، ئاڕاستەی دۆخ، جێکەوتە، پارامیتەر)ەوە دیاریدەکرێن، بەوپێیەی لە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسدا، پێشبینیی گۆڕانی پەیوەندییەکان دەکرێت بەبەراورد لەگەڵ پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەدا، لەبەرئەوەی لە مۆرفۆسینتاکسدا، گشت هەنگاوەکان لە چوارچێوەی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕوودەدەن، بەوەش کردارەکان نواندنێکی سینتاکسیی جیاوازیان دەبێت. گرنگە ئەوەش بگوترێت، لێکۆڵینەوەکە بەپێی یاساکانی گواستنەوەو کۆپیکردن، کردەی لابردن Deleteو جوڵاندنەکان Movement بەسەر ئارگومێنتە خورتییەکانی ڕستەدا جێبەجێدەکات، چونکە ئەو یاسایانە سەنگی مەحەکن‌و جڵەوی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسیان گرتووە.

1/1 پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسیی:

دروستەی مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسەو بەشێکە لە مۆرفۆلۆژیی کرداری سینتاکسیی، بەوپێیەی بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات[i]. مۆرفۆسینتاکس نواندنی پێکهاتە سینتاکسییەکانە، واتە لە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی دیکە دەکەوێتەوە، نەك ئەوەی خودی خۆی، کەرەستەکانی ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەربگرێت، هەربۆیە هەنگاوەکانی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی نابڕێت، بەڵکو لە پێواژۆکانی پاش سینتاکس/ ڕستەوە بەرهەمدێت، بەجۆرێك بەرهەمی سەرە ئەرکییەکانەو لە چێوەی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕۆدەنرێت. بۆ نموونە هەریەك لە نیشانەکانی (م_مان)، کە لە پرۆژەکانی ڕێککەوتندا دەردەکەون، لە مۆرفۆسینتاکسدا نواندنێکی بچووکتری ئەو جێناوە سەربەخۆیانەن، کە لە سینتاکسدا گۆکردنی بکەرییان هەن‌و لە پێکهاتەی (3)دا دەخرێنەگەڕ، بڕوانە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی پێکهاتە سینتاکسییە جیاوازەکان لە هێڵکاریی(1)دا، کە خۆی لە شکانەوەی سینتاکسییانەی توخمە فەرهەنگییەکان X^0 دا دەبینێتەوە.

بەپێی هێڵکاریی (1)، سەرە ئەرکییەکان، کە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنن، پاش گواستنەوەی کەسی بکەریی بۆ Spec ی فریزی ڕێککەوتن، دەردەکەون، بەهۆی ئەو گواستنەوەیەشەوە، کە پەیکاڵی a بجوڵێنەیە بۆ زمانی کوردیی، ڕستەی کوردیی بەرهەمدێت. ڕستە، کە هەنگاوی سینتاکسیی پەیوەست بە دروستەوە هەروەها قۆناغی واتایی تایبەت بە خۆی بڕیوە، دەبێتە دوا نواندنی خورتیی پێکهاتە سینتاکسییەکان (بڕوانە نواندنی خورتیی سینتاکسیی پێکهاتەی (5))، بەڵام هەرچیی نواندنێك لە پاش ئەو دروستە خورتییەوە دەربڕدرێت، دەبێتە نواندنێکی سەرپشکیی سینتاکسییانە، کە توێژینەوەکە خۆی بە نواندنی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە خەریکدەکات (بڕوانە هێڵکاریی (4))، کە تێیدا جێکەوتە سینتاکسیی‌و مۆرفۆسینتاکسییەکانی ئارگومێنت‌و ئارگومێنت_داواکەرەکان پەیوەست بە دوو نواندنی جیاوازەوە، دەستنیشانکراون.

هێڵکاریی (1)





مۆرفۆسینتاکس پڕۆژەی مۆرفیمی ڕێککەوتنە[ii]. مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن هاوسەنگیی نێوان سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس پەیوەست بە پارامێتەرو دۆخ‌و دروستەی ئارگومێنتەوە ڕادەگرن (بڕوانە پارەکانی دواتر)و واشدەکەن، هەردوو پڕۆژەکە بەرهەمبێن‌و بەوەش سەرەوەی پڕۆژەکە دەگرن (بڕوانە هێڵکاریی(2)). واتە گەر زمانی کوردیی، پێڕەوی ڕێککەوتنی نەبووایە، ئەوا هەریەك لە گواستنەوە خورتیی‌و سەرپشکییەکانی بەرهەمنەدەهاتن. دروستەی مۆرفۆسینتاکس، بە بوونی دروستەیەکی سینتاکسیی لە چەشنی ڕستەوە پەیوەستە، کە تێیدا هەر ئارگومێنت/ کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی، بەپێی ڕۆڵە واتاییەکانیان لە جێکەوتەی سینتاکسیی خۆیاندا گۆکردنیان دەبێت، بەوەش وەك پێشتر خرایەڕوو، ڕستە لەڕووی پێداویستییە سینتاکسیی‌و سیمانتیکییەکانەوە (بڕوانە پاری (5/1))، دروستەیەکی تێرو بێکەموکوڕییە، هەربۆیە خاوەنی پێکهاتەی سینتاکسیی‌و واتایی خۆیەتی. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسە؟ یان بە پێڕەوێکی سەربەخۆو جیاواز دادەنرێت؟

دەستخستن‌و گەیشتن بە وەڵامێکی دروست‌و گونجاو بۆ پرسیارێکی لەو جۆرە، پێویست بە هێنانەوەی نموونەو داتاو پاشان شیکردنەوەیان دەکات. لەم ڕووەوە، ئەگەر کار بەو بۆچوونە بکەین، کە مۆرفۆسینتاکس نواندنی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی ڕستەیە بە مۆرفیم[iii]، ئەوا بۆچوونەکە ئەو مەرجە دەسەپێنێت، کە دەبێت لەبری هەر کەتیگۆرییەکی دەرنەبڕراو، مۆرفیمێك لەجێگەی دابنرێت/ کۆپیبکرێت[iv] (بڕوانە (1)). پەیوەست بەمەوە، بەوپێیەی ڕەگی کردار V^0، سەری ڕێزمانیی حوکمکەرەو لە سینتاکسدا هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی‌و پۆلەڕەگەزیی بۆ تەواوکەرەکەی دەکات، بوون‌و هێشتنەوەی لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا خورتییە. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە ڕەگ V^0 هەڵگری واتای سیمانتیکیی کردارە، وەك توخمێکی فەرهەنگیی، جڵەوی هەردوو پڕۆژەی سینتاکسیی ڕستەو مۆرفۆسینتاکسیشی گرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی V^0 بەتەنها پڕۆژەسازدەری ڕستە نییە، بۆیە نەك ڕەگ، تەنانەت فرێزی کرداریی بێ تاف VPیش، کە پڕۆژەی ڕەگە، بە تەنها ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو بۆ TP، گۆکردنی تەواوکەرێکی سینتاکسیی دەبێت، کەواتە TP یش لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا، هاوشێوەی پڕۆژەی سینتاکس، فرێزێکی هەبووەو ڕوودەداتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەیە، هەرچیی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکانی بکەرو بەرکارە، پاش کۆپییکردن‌و جوڵاندنیان[v]، بە فرێزی تافەوە دەلکێنرێن، نەك بە فرێزی کردارییەوە، بەوەش مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی سینتاکسییە لە ئاستی پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا بەرهەمدێت، چونکە ڕێککەوتن، کە سەرێکی ئەرکییە، بونیاتیدەنێت.

1. ئەوان وانەکەیان خوێند. ← خوێندیان Ø.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە جەخت لە ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە هەرچەندە ڕەگ هەڵگری واتای کردارەو وەك بنەڕەتی پێکهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس گۆدەکات، بەڵام لەبەرئەوەی بەپێی ئەو ویست‌و ناواخنە فەرهەنگییەی، V^0 وەك توخمێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر هەیەتی، تەواوکردن‌و دەستەبەرکردنی واتاکەی، وابەستەی تەواوکەر_ئارگومێنتەکان_یەتی، بۆیە هەبوونی کۆپیی ئارگومێنت_داواکراوەکان لەتەك سەرە ڕێزمانییەکەی ڕەگدا،

مەرجی سینتاکسییانەو سیمانتیکییانەی ڕوودانی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە دەبێتو تێردەکات.

دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان وەك قۆناغێکی پاش_ڕستەیی (pre-sentence)، لێکەوتەی پڕۆژە سینتاکسییە_ڕستەییەکانن‌و لەوانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بەوەش "مۆرفۆسینتاکس ئاستێکی ڕووکەشی دروستەی ڕستەیە، ئەوەش وادەکات توخمەکانی پەیکاڵی دروستەی ڕستە/ AGRP بن"[vi]، واتە هاوشێوەی ڕستەی سینتاکسیی، مۆرفۆسینتاکسیش پڕۆژەی ڕێککەوتنەو ڕێککەوتن حوکمیدەکات/ سەرەوەی پڕۆژەکە دەگرێت (بڕوانە هێڵکاریی (2)). ئەوەش دەیسەلمێنێت، کە (ا) مۆرفۆسینتاکس نواندنی پڕۆژەی سینتاکسە، واتە نواندنی ئەو کەتیگۆرییانەی، هەبوونیان لەناو وەچەپێکهاتەکانی ڕستەدا گرنگەو خورتیین[vii]، لەمەشەوە وا گریمانەدەکرێت، هەردوو پڕۆژەکە لەڕووی پۆلەڕەگەزو هەبوونی جێکەوتەو پارامیتەریشەوە، چوونیەکو هاوتابن. (ب) ناتوانرێت پێشبینیی ڕاڤەکردنێکی واتایی دروست بۆ دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی بکرێت، ئەگەر سینتاکسییانەو سیمانتیکییانە بۆ کەتیگۆرییە سینتاکسییە دەربڕراوەکان نەگەڕێنرێنەوە (بڕوانە پاری (5/1))، هەربۆیە سینتاکس بە بنەماو مەرجەعی بەدەستهێنانەوەی تەواوی واتاو زانیارییە هەڵگیراوەکانی نێو دروستەی مۆرفۆسینتاکس هەژماردەکرێت. بە دەربڕینێکی دیکە، هەڵهێنجانی واتای مۆرفۆسینتاکس بە ئەو زانیارییانەوە بەندە، کە لە دروستەی ڕستەدا بەهۆی پۆلەڕەگەز/ کەتیگۆرییە سەربەخۆکانەوە دەگەیەنرێن، بەوەش دروستەی مۆرفۆسینتاکس سیمانتیکییانە پەیکاڵی ڕستە لێبەرهەمهێنراوەکەی دەبێت، بەپێچەوانەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشینەی زانیارییەکانی پڕۆژە سینتاکسییەکەی ڕستە، چاوەڕواندەکرێت، چەند وێناو ئەگەرێگ بۆ لێکدانەوەی واتایی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە لەئارادابێت، بڕوانە (2)و ئەگەرە واتاییەکانی لە (3)دا.

2. بینیمن[viii].

3_ ا. من ئێوەم بینی.

ب. من ئارامو شیرینم بینی.

پ. من تۆو ڕۆژانم بینی.

ت. من مامۆستاکانم بینی.

ج. من هاوڕێکانم بینی.

ح. من خزمەکانم بینی.

4_ ا. خواردتان؟

ب. ئێوە مزرەسێوەکانتان خوارد؟

هێڵکاریی(2)



(4_ا)، دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسییەو بەهۆی دەرنەبڕینی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانەوە، واتاکەی تەمومژاوییەو ناڕوونە، بۆیە ڕاڤەکردنی واتاکەی بۆ گوێگر، جارێکی دیکە پێویستی بە داڕشتنەوە، یان گەڕانەوە بۆ بونیاتی ئەو دروستە سینتاکسییە هەیە، کە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لێبەرهەمهێنراوە، هەروەك ناتوانرێت بێ بوونی (4_ب)، پەی بە ئەو زانیارییە واتاییە ببرێت، کە لەناو دروستەی (4_ا)دا هەڵگیراوە، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە مۆرفۆسینتاکس ئەگەرچیی بنەماکەی دروستەیەکی سینتاکسییە، بەڵام بەهۆی نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی کەتیگۆرییەکانەوە، لەڕووی سیمانتیکەوە دروستەیەکی کەمزانیارییەو نرخو بەهای واتایی، بە ئەندازەی دروستە سینتاکسییەکە تێر نییە، مەگەر بە پێشینەی زانیارییە سینتاکسییەکەوە گرێبدرێتەوە، بۆ نموونە دروستەیەکی وەك (5_ا) لەڕووی بەهای واتاییەوە پەیکاڵی (5_ب) نییە، بەڵکو لە (5_ا)دا زانیارییەکان دیسپلینکراون، واتە هەر زانیارییەکی

ئاشكرای پۆلەڕەگەزیی، بە شاراوەیی لەناو مۆرفیمێكدا هەڵگیراوەو نوێنراوە، ناڕوونییەكەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە كۆپییكردنی هەر كەتیگۆرییەكی سینتاكسیی، بەهۆی هەمان فۆڕمی وەكیەكو لەیەكچووی نیشانەكانی ڕێككەوتنی (م_مان)، (م_ین)ەوە ڕوودەدات، كە جگەلە فیچەرەكانی كاتو كەس، بواریان بۆ گرتنەوەو خستنەڕووی جۆراوجۆریی فیچەرو زانیارییەكانی ناواخنی ئارگومێنتە بنەڕەتییەكەیان نییە.

5_ ا. ڕواندمن.

ب. من نەمامەكانم ڕواند.

سەرنجدان لە نموونەكانی (2_5)، ڕێگە بۆ هەڵهێنجانی ئەو ئەنجامە خۆشدەكەن، كە واتای دروستەیەكی مۆرفۆسینتاكسیی، لەڕێی ماركەلێدانی سینتاكسییەوە بەدەستدەهێنرێتەوە. بەجۆرێك ئەم كردەیە، ماركەلێدانی پۆلەڕەگەزیی بۆ نیشانەكانی ڕێككەوتن دەستەبەردەكات، كە بە بەرجەستەكردنەوەی ئارگومێنت/ كەتیگۆرییە سینتاكسییەكە هەبووەكەیەوە پەیوەستە، بەوەش ئەمجۆرەی ماركەلێدان، وەك (5_ب) نیشانیدەدات، لەڕێی دووبارە دەربڕینەوەی دروستەی DP یە دەرنەبڕراوەكانەوە جێبەجێدەكرێت، چونكە نیشانەكانی ڕێككەوتن، دەبنە كۆد بۆ پۆلەڕەگەزی جیاواز بە فیچەری جیاوازەوە، بۆیە هەر بەهۆی ماركەلێدانی سینتاكسیی كەتیگۆرییە جیاوازەكانیشەوە ئەو كۆدانە دەكرێنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە هەر نیشانەیەكی ڕێككەوتن، خاوەنی پێشینەیەكی زانیاریی دیاریكراوە لە فۆڕمی دروستەیەكی سینتاكسیی_واتاییدا، بەوپێیەی لە پێكهاتە سینتاكسییو سیمانتیكییەكاندا هەڵاوێركردنی سینتاكسییو واتاییش بڕێنرانەوە، هەربۆیە "كۆدەكە، ئەگەر لای قسەكەر ماركەلێدراو بێت، ئەوا لای گوێگر لێكدانەوە واتاییەكەی یەكسان دەبێت"[ix]، بەمەش لەلایەك DP یە بەرجەستەكراوەكە لەسینتاكسدا هاوتاو پەیكاڵی نیشانە مۆرفۆسینتاكسییەكەی دەبێتو لەلایەكی دیكەشەوە، سینتاكسییانە هەمان نیشانەیان دەبێت/ هاونیشانە دەبن.

2/1 پێكهاتەی سینتاكسیی پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە:

ئەگەر مۆرفۆسینتاكس نواندنێكی مۆرفۆلۆژییانەی كەتیگۆرییە سینتاكسییەكان بێت، ئەوكات وەك لە پاری پێشوودا خرایەڕوو، بۆ دەستخستنی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاكس، هەبوونی دروستەی ڕستەیەكی بێكەموكوڕیی، گرنگو خورتییە، كە تێیدا پێداویستیی ڕەگی كردار وەك سەرێكی فەرهەنگیی پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە جێبەجێبووبێت، بەوەش بەپێی چەشنی كردارەكە، بۆ هەر پۆلەڕەگەزێك، گۆكردنێكی جیاواز لەئارادایە، لەلایەك پەیوەست بە جێكەوتەوەو لەلایەكی دیكەشەوە پەیوەست بەو دۆخە ڕێزمانییەوە، كە پێیدەدرێت. بەمۆرفیمكردنی ئەو پۆلەڕەگەزانە بەهۆی نیشانەكانی ڕێككەوتنەوە، بەواتا گۆكردنی مۆرفیم/ نیشانەكانی ڕێككەوتن وەك ئەلتەرناتیڤی پۆلەڕەگەزە سینتاكسییە دەرنەبڕراوەكان لە ڕستەدا، ئەمەش وادەكات پۆلەڕەگەزەكانو مۆرفیمە لەبریدانراوەكانیان لە دابەشبوونێكی تەواوكەرانەدا بن، چونكە هەردووكیان بۆ گەیاندنی هەمان ناوەڕۆكو واتا، لە دروستەی ناوەكیی جیادا[x] گۆدەكەن.

لەم ڕوانگەیەوە، بۆ جێبەجێبوونی پێویستییەكانی دروستەیەكی مۆرفۆسینتاكسییو بونیاتنانی، هەنگاوی یەكەم بە دەرنەبڕینی ئارگومێنت/ كەتیگۆرییە سینتاكسییە خورتییەكان لەناو هەردوو وەچەپێكهاتەی بكەرو كرداردا دەنرێت، ئەم هەنگاوەش بەپێی یاساكانی دەرنەبڕین Deletion Rules، ڕوودەدات. لە هەنگاوی دووەمیشدا پەیوەست بە تیۆری كۆپییەوە، لەبری هەر كەتیگۆرییەكی سینتاكسیی دەرنەبڕراو، مۆرفیم _نیشانەی ڕێككەوتن_ لەجێكەوتەكەی دادەنرێت (بڕوانە (6))، واتە "دەبێت لە شوێنی فرێزەناوییە لابراوەكە كۆپییەك بەجێبهێڵرێت، مۆرفۆسینتاكسی زمانی كوردیی پەیكاڵی ئەو وەچەتیۆرەیەو لابردنەكانی لە ڕێگای مۆرفیمەكانی ڕێككەوتنەوە جێبەجێدەكات"[xi]. كۆپییكردن لە جێكەوتەی كەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەكان، بەهۆی نیشانەكانی (م_مان)، (م_ین)ەوە ڕوودەدات، بەوپێیەی نیشانەی دیسپلینكراون بەو ئەدگارە سینتاكسییە جۆراوجۆرانەی، بەهۆی فیچەرە واتاییەكانەوە لە (7)دا دەردەخرێن. لەو نێوەندەشدا، وەكیەكییو پەیكاڵیی كەتیگۆریی بكەریی[xii] و بەركاریی لەگەڵ نیشانەكانیاندا، بەهۆی ناوكۆیی فیچەرەكانی [كەس، ژمارە] وە بواریان بۆ دەڕەخسێت، بە دەربڕینێكی دیكە "جێناوە سەربەخۆكانی زمانی كوردیی هاوپێڕستی ئەو دوو دەستە كلیتیكەن، كە بەپێی جێكەوتە سینتاكسییەكان دەشكێنەوە"[xiii]، یان لە ڕاستیدا دەرفەتی دەرنەبڕینی ئارگومێنتەكانو دواتر جوڵاندنی جێگرەوەكانیان، لە دەستی كلیتیكەكان/ مۆرفێمەكانی ڕێككەوتندان، ئەویش بۆ پاراستنی پارامێتەرو ئاڕاستەكانی دۆخن. كەواتە نیشانەكانی ڕێككەوتن، بوار بۆ كردەی دەرنەبڕینی كەتیگۆرییەكان دەڕەخسێنن، چونكە بەپێی تیۆری كۆپیی، "فرێزێكی ناویی/ دیارخەریی لە ڕستەدا، لەڕووی سیما ڕێزمانییەكانی (كەسو ژمارە، یان ڕەگەز)ەوە كۆپی دەكرێتو لە جێكەوتەیەكی تردا دەردەكەوێت، كە دەبێتە جێگری فرێزەكە"[xiv]، ئەوەش لەسەر بنەمای زانیاریی كۆن/ پێشتر ڕوودەدەن، ئەگینا مۆرفێمەكانی ڕێككەوتن لەدروستەی مۆرفۆسینتاكسدا پەیوەست بەو زانیارییانەوە، لەڕووی واتاوە ناڕوونن. پاشان جوڵاندنی[xv] نیشانەی كەتیگۆرییە كۆپییكراوەكان لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپی فرێزی تاف ڕوودەداتو بە TP یەكەدا هەڵدەواسرێن، ئەویش لەبەرئەوەی مۆرفێمەكانی ڕێككەوتن لە زمانی كوردییدا دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی كردارەكانن. بڕوانە هێڵكاریی (3)، كە هەنگاوەكانی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاكس پێشنیازدەكات.

6_ ا. <u>مـن</u> <u>جـلــەكانـ</u>ـــــم شت.

ب م ن شت
کۆپیی کەتیگۆریی کۆپیی کەتیگۆریی
دەرنەبڕراوی بکەریی دەرنەبڕراوی بەرکاریی

پ. trace pro شتمـــــن. (لکاندنی نیشانە)
j i j i

7. /م_مان/، /م_ین/
+ سەری ئەرکیی
+ نیشانەی کەس
+ نیشانەی دۆخ/ نیشانەی ڕێککەوتن
+ پارێزەری ئاڕاستەی دۆخ
+ ژمارە
+ پارێزەری پارامیتەر

هێڵکاریی (3)



من سێوەکان

خواردم (ف. ئەرکیی)

من سێوەکانم خوارد.

بەپێی هێڵکاریی (3)، دروستەی ڕووکەشی ڕستە[xvi]، کە دوا نواندنی سینتاکسییە (بڕوانە نواندنی خورتیی سینتاکسیی (5)ی هێڵکارییەکە)، دەستپێکی هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس دەبێت، چونکە پاش ڕوودانی گواستنەوەکان لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش و بونیاتنانی پرۆژەی ڕستە، بە چەند هەنگاوێك نەخشە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی پاش_ڕستەیی post sentence مۆرفۆسینتاکس دەکێشرێت. بنەڕەتی بەرهەمهێنانی دروستەکەش، پاش دەرنەبڕینی کەتیگۆریی خورتیی لە سینتاکسدا، پابەندی جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆری جوڵەی کۆپیی[xvii] دەبێت لای چۆمسکیی Chomsky's copy theory of movement، کە تیۆرەکە، جوڵە بە ئۆپەراسیۆنێکی ئاوێتە لە هەردوو وەچە ئۆپەراسیۆنی دەرنەبڕین و کۆپییکردن دادەنێت[xviii]. هاوکات جوڵاندن "کردەیەکە تێیدا پێکهاتەیەك بەهۆی کۆپییکردنییەوە، لەجێکەوتەکەی خۆی لادەبرێت _دەجوڵێنرێت_ displaced و جێکەوتەیەکی تر لە دروستەکەدا دەگرێت"[xix]، بۆ ئەم بنەمایەش، ئەو مەرجە سینتاکسییە لەئارادایە، کە دەبێت نیشانە لەبریدانراوەکان/ کۆپییکراوەکان لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیی ئارگومێنتە دەرنەبڕراوەکانیاندا (pro، trace)[xx]، هاونیشانەبن (بڕوانە (8))، لەمەوە جوڵەی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکان بە نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە پەیوەستن، چونکە نیشانەکانی ڕێککەوتن ئەلتەرناتیڤی ئەو کەتیگۆرییانەن و هەر ئەوانیش دەرفەتی دەرنەبڕین و جوڵاندنیان بۆ دەڕەخسێنن.

8_ ا. من هاوڕێکانم بینی.
ب. trace pro بینیـــمــــن.

j i j i

وێڕای جیاوازیی سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس لەڕووی دروستەی ناوەکیی‌و جێکەوتەوە، دەتوانرێت دروستەکان بەهۆی هاونیشانەکردنەوە هاوتابکرێنەوە، تاوەکو ڕێککەوتن لەنێوان جێکەوتەی کەتیگۆرییە سینتاکسییە دەرنەبڕراوەکەو کۆپییەکەیدا ڕووبدات. لەلایەکی دیکەشەوە بەو هۆیەوە، کە لە سینتاکسدا کرداری فەرهەنگیی، ئارگومێنت_داواکەرەو ئارگومێنت_داواکراوەکەش جێکەوتەی ڕاستی کرداره فەرهەنگییەکە دەگرێت، پارامێتەری هاوسێیەتیی Subjucency Parameter لەنێوان کرداری فەرهەنگیی‌و بەرکاردا دروستدەبێت، کەچیی لە مۆرفۆسینتاکسدا وەك لە سەرەوە خرایەڕوو، جوڵاندنی کۆپیی ئارگومێنتە دەرنەبڕراوەکان بۆ جێکەوتەی چەپی کرداره تافدارەکە، دەبێتەهۆی تێکچوونی پارامێتەری هاوسێیەتیی نێوان سەرو تەواوکەر، تێکچوونی ئەم پەیوەندییەش، لەڕێگای هاونیشانەکردن‌و ڕێککەوتنەوە چارەسەردەکرێت/ ڕێگادانی بۆ دەستەبەردەکرێت، چونکە بەهۆیانەوە دەستەبەری بنەمای سینتاکسیی زمانی کوردیی دەکرێت، کە خۆی لە ئاڕاستەو پارامێتەری سەری ڕێزمانییدا دەبینێتەوە.

ڕوونکردنەوەی داتا سینتاکسیی‌و مۆرفۆسینتاکسییەکان ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە هەردوو پڕۆژەی سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس، بەرهەمی هەمان توخمی فەرهەنگیی ڕەگن، چونکە لە هەردوو پڕۆژەکەدا ڕەگ بە هەمان فۆڕمەوە پارێزراوە، بەڵکو پێواژۆی لەبرییدانان لەڕێی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە، جێکەوتەی ئارگومێنتەکانی (بکەر)، یان (بکەر، بەرکار) دەگرێتەوە، هەروەکچۆن لە دروستە سینتاکسییەکەدا ڕەگ V^0 بەرکار هەڵوێردەکات‌و دواتریش کرداره سینتاکسییەکەی TP بکەری ڕستەکە دیاریدەکات، ئاڕاستەی هەردوو هەڵوێرکردن Selection ەکەش پەیوەست بە تیۆری دروستەی ئارگومێنتەوە، بەرەو لای ڕاست دەبێت، لە مۆرفۆسینتاکسیشدا وابەستەیی نیشانەکان بە جێکەوتەی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکانیانەوەو ڕێککەوتنیان، هەر بەرەو لای ڕاست دەبێت.

3/1 پارامیتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا:

ئەگەر ڕوودانی مۆرفۆسینتاکس ئەنجامی دەرنەبڕین‌و دواتر جوڵاندنی کەتیگۆرییە سینتاکسییە بەمۆرفیمکراوەکان/ نیشانەکانی ڕێککەوتن بێت، ئەوا پێشبینییدەکرێت بەهۆی کردەی جوڵاندنەکەوە، دروستە بەرهەمهاتووەکە دروستەیەکی پارامێتەر_جیاواز بێت، ئەگەرهاتوو چارەسەرنەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرەوڕیزبوونی مۆرفیمەکان لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسداو پەیوەست بە کرداره تافدارەکەوە، گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەوپێیەی لە سینتاکسدا کەتیگۆریی بەرکار، ئارگومێنت_داواکراوی ناوەکیی فرێزی کرداریی‌و بەوەش مەودای ڕوودانی، چوارچێوەی VP دەبێت، کە پەیوەندیی هاوسێیەتیی لەگەڵ فرێزی تافداردا دروستدەکات، هەرچیی ئارگومێنتی دەرەکیی بکەریشە، جێکەوتەی دەرەوەی فرێزی کرداریی دەگرێت، کەچیی پارامێتەری دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە بەو جۆره دەبێت، کە نیشانەی ڕێککەوتنی بکەریی، ڕاستەوخۆ بەدوای فرێزی تافداو نیشانەی بەرکاریش، جێکەوتەی دوای نیشانەی بکەریی _جێکەوتەی کۆتایی دروستەکە_ دەگرێت[xxi]. چۆنێتیی سەرەوڕیزبوون‌و بەدوایەکداهاتنەکەش، لە (1)دا شێوازبەنددەکرێت.

(1)_ کرداری تافدار (فرێزی تاف) + نیشانەی ڕێککەوتنی بکەریی + نیشانەی بەرکار

شیکردنەوەکان لەلایەك ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە نیشانەکانی ڕێککەوتن لەبەرئەوەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیین، دەبێت سروشتێکی لکاویان هەبێت، چونکە وەك گوترا، کرداره تافدارەکە ناتوانێت بەبێ بوونی نیشانەی بکەر، یان بکەرو بەرکار (ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بوو) گۆکردنی هەبێت، لەبەرئەوەی پێداویستییە جێبەجێبووەکەی لە سینتاکسدا بۆ نەگوێزراوەتەوە، بۆیە دروستەکە کەموکوڕیی دەبێت‌و ڕێپێنادرێت، تا ئەو کاتەی بۆ تەواوکردنی واتاکەی، لەگەڵ نیشانەکانی ڕێککەوتندا لەسنوری دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا ڕوودەدەن، بەمەش نیشانەکانی ڕێککەوتن دروستەکە تێردەکەن‌و دەرفەتی ڕوودان/ گۆکردنی بۆ دەڕەخسێنن. (بڕوانە هێڵکاریی (4))، کە تێیدا پارامێتەرو سەرەوڕیزبوونەکانی لە سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکسیشدا، خراونەتەڕوو.

هەر لەم ڕووەوە، گرنگە پەیوەست بە پارامیتەرەوە ئەوەش بگوترێت، جێکەوتەی ڕیزبوونی مۆرفیمەکان لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا جێگیرو نەگۆڕن، لەگەڵئەوەدا، کە دەتوانرێت لە سینتاکسدا ئاڵوگۆڕ لە جێکەوتەی ئارگومێنتەکاندا بکرێت، هەروەك لە دروستەی ڕستەی ترۆپکدا ڕوودەدات (بڕوانە (9_ب))، کە ترۆپکی ڕستەی (9_ا)ە، کەچیی مۆرفۆسینتاکسیی هەردوو ڕستەی (9_ا،ب)، هەمان دروستەی (9_پ)یان دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەریەك لەو مۆرفیمانەی، دەبنە نوێنەری ئارگومێنت/ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان، هاونیشانە نیین، بەڵکو دوو دەستە کلیتیکی لەیەکجیان‌و پەیوەست بە نیشانەی دۆخی ڕێزمانییەوە، گۆکردنی جیاوازیان هەن، بۆیە پارێزگاریی لە جێکەوتەی ڕوودانیان دەکەن.

هێڵکاریی (4)



9_ا. من کتێبەکانم کڕی.
ب. کتێبەکان، من t کڕیمن.
پ. کڕیمن.

بەگوێرەی نموونەکان، لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا کرداری تافدار لە دوای خۆیەوە_ئاڕاستەی چەپی کردارەکە_، جێکەوتەی بەتاڵی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن دەبێت، کە پاش جوڵاندنیان، دەبێتە جێکەوتەی گیرسانەوەیان، چونکە "بەبێ بوونی جێکەوتەی بەتاڵ، گواستنەوە ڕوونادات"[xxii]. ئەمەش لەکاتێکدایە، کە ڕستەی زمانی کوردیی، پەیڕەوی ڕێسای سەرکۆتایی دەکاتو بەوەش ڕەگی کردار بەپێی ویستە فەرهەنگییەی، لەپێش خۆیەوە جێکەوتەی بەتاڵی بۆ ئارگومێنت_داواکراوەکانی هەیە، بەمە جێکەوتەکانی لای ڕاستی کردارە فەرهەنگییەکە پڕدەکرێنەوە، کەچیی لە مۆرفۆسینتاکسدا بەهۆی جوڵاندنی کەتیگۆرییە بەمۆرفیمکراوەکانەوە، جێکەوتە بەتاڵەکانی چەپی TP یەکە بە نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانیی ئارگومێنتە دەرنەبڕراوەکان پڕدەکرێنەوە، لێرەدا بۆئەوەی دروستەکە لەگەڵ سەرەوڕیزبوونی ڕستەی کوردییدا پێچەوانەنەبێتەوە، هاوکات جیاوازیی جێکەوتەی ئارگومێنت لەنێوان سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسدا کاریگەریی لەسەر پارامێتەری مۆرفۆسینتاکسو لەوەشەوە ئاڕاستەی پێدانی دۆخ دروستنەکات، نیشانەکانی ڕێککەوتن وەکیەکییو هەمان ئاڕاستەیی بۆ کۆپیی کەتیگۆرییەکان دەڕەخسێنن، بەجۆرێك، کە ڕستەی زمانی کوردیی، سەرەوڕیزبوونەکەی پەیڕەوی ڕێسای سەرکۆتایی (بکەر_ بەرکار_ کردار) دەکات، کاتێکیش بەهۆی پێواژۆی کۆپییکردنەوە کردەی لەبریدانان بۆ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی ڕستە دەکرێت، ئەوا مۆرفیمە لەبریدانراوەکان بەهەمان شێوەی ڕیزبوونی کەرەستە بۆدانراوەکانیان، لە دوای کردارە تافدارەکەوە بەدوای یەکدا دێن، واتە هەمان سەرەوڕیزبوونیان دەبێت، بەمەش هەروەك لە سەرەوە خرایەڕوو، سەرەتا نیشانەی ڕێککەوتنی بکەر، پاشان نیشانەی بەرکاری بەدوادا دێت (بڕوانە (10))، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەتیگۆرییەکانی (بکەر، بەرکار)ی ڕستە، بەشێوەی کەتیگۆریی سەربەخۆ بن، یان مۆرفۆلۆژییانە نوێنرابن، هەمان ئاڕاستەی ڕیزبوونیان هەن[xxiii]، بەمەش لەبەرئەوەی مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی پاش_ڕستەیی سینتاکسە، کەواتە نیشانەکانی ڕێککەوتن تێیدا پارێزەری پارامیتەری ڕێککەوتن دەبن، بەو بەڵگەیەی، کۆتایی کردارەکە دەگرنو یاسای سەرکۆتایی پەیڕەودەکەن.

10. مـــن نامەکانـــم نووسی. ← نووسیـــمــــــن.
بکەر بەرکار TP TP ن.بکەر ن.بەرکار

جێکەوتەی ڕاستی TP جێکەوتەی چەپی TP

نیشانەکانی ڕێککەوتن ڕێگەنادەن دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان بە کەموکوڕییەوە ڕووبدەن، بەڵکو ئەم نیشانانە دەبنە هۆکاری گۆکردنی دروستەیەکی پڕو تێروتەسەل، لەبەرئەوەی: (ا) پارێزەری پارامیتەرن، (ب) پارێزەری ئاڕاستەی پێدانی دۆخن، (پ) نیشانەی دۆخن. کەچیی وێڕای گۆکردنی نیشانەکانی ڕێککەوتن، گەر بڕوانینە مۆرفۆسینتاکسی ڕستەکانی (11)، کە کردارەکانیان ڕابردووی تێپەڕن، تێبینییدەکەین، دروستەیەکی جیاوازیان لەڕووی پارامیتەرەوە دەستخستووە، کە تێیدا گۆڕانکاریی لەسەرەوڕیزبوونی کۆپیی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکاندا ڕوویداوە، بەشێوەیەك چۆنێتیی بەدوایەکداهاتنی/ پارامیتەری مۆرفیمە لەبریدانراوەکانی ناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە، هاوشێوەی سینتاکس لەجۆری (بکەر_بەرکار) نیین، بەڵکو بۆ (بەرکار_بکەر) گۆڕاون، بەمەش لەگەڵ سەرەوڕیزبوونە بنەڕەتییە سینتاکسییەکەیاندا پەیکاڵو وەکیەك نیین، بەڵکو پێچەوانەبوونەتەوە[xxiv]، چونکە سەرەتا نیشانەی ڕێککەوتنی بەرکاریی، پاشان نیشانەی ڕێککەوتنی بکەریی بە TP یەکەوە لکاوە، لەمبارەشدا پێچەوانەبوونەوەکە، پارامێتەری هاوسێیەتیی لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا بەبەراورد بە سینتاکس، بە پارێزراویی ناهێڵێتەوە، وەك دەبینین ئەم گۆڕانە تەنها لەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەدا ڕوودەدات، کە لە ڕستەیەك کەوتوونەتەوە، بکەرەکەی کەسی سێیەمی تاك، یان کۆ بێت[xxv].

هەروەها بۆ ئەو کردارانەش، کە ڕانەبردووی تێپەڕن، هەمان سەرەوڕیزبوونیان دەبێت (بڕوانە (12)). پێویستە ئەوەش بگوترێت، پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بۆ هەموو ڕستەیەکی بکەر جیاواز هەر بەو جۆرە دەبێت، کاتێك کردارەکانیان ڕانەبردووی تێپەڕبن (بڕوانە (13)).

11_ا. ئەو موڵکەکانی فرۆشت. ← فر۶شتنـــی.
i j j i

ب. ئەوان منیان گەیاند. ← گەیاندمـــیان.
i j j i

12_ا. باخەوانەکە زەوییەکە دەکێڵێت. ← دەیـکێڵێت.
i j j i

ب. ئەوان دارەکان دەبڕنەوە. ← دەیـــانبڕنـــەوە.
i j j i

13_ا. من چا دەخۆمەوە. ← دەیــــخۆمـــەوە.
i j j i

ب. تۆ کتێبەکان دەخوێنیتەوە؟ ← دەیانخوێنیتەوە؟
i j j i

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە پاش ڕوودانی جوڵاندنەکان، وێڕای جیاوازیی پارامێتەری هاوسێیەتیی نێوان پرۆژەی سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس، هەردوو پرۆژەکە هەمان پارامێتەری ئەگریمێنتیان هەن، چونکە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن لەمۆرفۆسینتاکسیشدا، کۆتایی کردارەکە، واتە جێکەوتەی پاش مۆرفیمی تاف دەگرن، بەوەش لە مۆرفۆسینتاکسی کوردییدا، مۆفیمەکانی تاف‌و ڕێککەوتن هاوشێوەی دروستەی ڕستەی سادە، لە هەمان دەوروبەردا پێکەوە ڕوودەدەن[xxvi].

4/1 مۆرفۆسینتاکس‌و دروستەی ئارگومێنت:

ئەو ڕاستییەی، کە کرداره لێکدراوەکان لە زمانی کوردییدا بەهۆی پرۆسەی بەلێکسیمبوونەوە[xxvii] فۆرم‌و ناوەرۆکیان گۆڕانی بەسەردا دێت‌و دەبنە لێکسیمی سەربەخۆ، کاریگەرییان لەسەر دروستە‌و واتای مۆرفۆسینتاکس دەبێت، بەجۆرێك تەنها ئەو کردارە فەرهەنگییانەی، پەیڕەوی یاسای $[y]+V^0$ دەکەن‌و لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا ئارگومێنت_داواکەرن، ڕێگەیانپێدەدرێت تەواوکەرەکەیان دەرنەبڕرێت، چونکە تەواوکەرەکە ئارگومێنتێکی سینتاکسیی داواکراوە، واتە ئازادیی ڕوودانی هەیەو نەبووەتە بەشێك لە کردارەکە، بۆیە دەکرێت ببێتە کەتیگۆرییەکی دەرنەبڕراوو بە نیشانەیەکی ڕێککەوتن جێگەبیگیرێتەوە (بڕوانە (14_ا،ب))، کە تێیدا /خوار/، V^0ی فرێزە کردارییەکەیە، چونکە ناوە کردارییەکەی /خواردن/ بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی ڕستەکە شکاوەتەوە، لەمیشەوە مۆرفۆسینتاکسی (14_ا) لە (14_ب)دا دەرخراوە، کەچیی ناوی کرداریی ڕستەی (15_ا)، لێکسیمی /نانخواردن/ە، بەوەش کرداری فەرهەنگیی /نانخوار/ دەبێتە V^0و سەری ڕێزمانیی فرێزە کردارییەکەی پێکدەهێنێت.

لەو جۆرە کردارانەدا، کە دروستەی لێکسیمیان هەن وەك /نانخواردن، یارییکردن، نوێژکردن، شووکردن، ژنهێنان....هتد/، لەبەرئەوەی واتای کردارەکە بە کەرتی یەکەمی دروستەکەوە بەندەو تەنانەت واتایەکی جیاوازیشی پێداوە، هاوکات لەو ڕووەشەوە، کە "سەگمێنتە وابەستەکەی کرداری فەرهەنگیی_لێکدراو لە ڕستەدا جێکەوتەی ئارگومێنت_داواکراو ناگرێت، بەڵکو سەگمێنتە وابەستەکە لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا بەشێوەی کردارێکی لێکدراو لە ڕستەکەدا پێکەوە دەبن بە ئارگومێنت_داواکەر..."[xxviii]، بۆیە دەرکەوتن‌و هەبوونی لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا خورتییە، بەوەش بوار بە دەرنەبڕین‌و بەمۆرفیمکردنی نادرێت (بڕوانە (15_ب))، بەڵکو کردارە بەلێکسیمبووەکە بە هەمان ئەو فۆڕمەوە، کە لە سینتاکسدا شکاوەتەوە، لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا ڕوودەداتەوە، بەپێچەوانەوە دەرنەبڕینی کەرتی یەکەم، دەیکات بە دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی جیاواز، کە نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی پرۆژەی ڕستەیەکی دیکە دەبێت، نەك ئەو ڕستەیەی، کە کردارەکەی، شکانەوەی فۆڕمێکی بەلێکسیمبووە (بڕوانە (15_پ)).

14_ ا. من نانم خوارد. /خواردن/

ب. خواردم Ø.

پ. من سێوم خوارد.

ت. من کێکم خوارد.

ج. من کولیچەم خوارد.
15_ ا. من نانمحوارد. /نانمخوارد/
ب. نانمخوارد.
پ. خواردم Ø.

بە پشتبەستن بەو شیکردنەوانەی سەرەوە، دروستەی (15_پ) بۆ نواندنی پاش_ڕستەیی مۆرفۆسینتاکسییانەی (15_ا) نادروستە، چونکە پڕۆژەی هەمان کردار نیین، بەڵکو ناوە کرداریيەکە لە (15_ا)دا /نانخواردن/و لە (15_پ)یشدا /خواردن/ە، بەوەش دروستەکانی (15_ا،پ) سینتاکسییانەو سیمانتیکییانە پەیکاڵی یەك نیین. بۆ لێکسیمی /نانخواردن/، کەرتی /نان/ واتایەکی جیاوازی لە /خواردن/ دەداتێ، کە هەڵگری واتایەکی گشتییەو فۆڕمەکەی بۆ کردەی (نانخواردن) داڕێژراوە، هەربۆیە کەرتەکانی، هاوشێوەی یەك فۆڕمی چەسپاوی مۆرفۆلۆژیی، ڕەفتاردەکەن، پێکەوەلکاندنیشیان لەڕووی فۆڕمەوە ئەوە مسۆگەردەکات، کە بە یەك کەتیگۆریی فەرهەنگیی دادەنرێن. بەپێچەوانەوە لە ناوی کرداریی /خواردن/دا، کە دەروازە فەرهەنگییەکەی لە /نانخواردن/ جیاوازە، ویستەکەی، ئارگومێنت_بەڵگەیی_و داواکراوەو بەپێی کۆتوبەندی واتایی کردارەکە هەڵاوێردەکرێت. بەڵگەیبوونی ئارگومێنت_داواکراوی /نان/ لە /خواردن/دا، ڕێگەدەدات تەواوکەری فرەچەشن لەلایەن کردارەکەوە پەیوەست بە دروستەی ئارگومێنتەوە هەڵاوێربکرێت، بەجۆرێك کۆتوبەندی واتایی کردارەکەی تێدا ڕەچاوکرابێت، بەوەش دەشێت ناواخنی فەرهەنگیی /خواردن/، بۆ هەر فۆڕمێکی دیکەی وەك /سێو، هەنار، نان، گوڵەبەڕۆژە، کێك،.....هتد/ بگۆڕدرێت، بەمپێیە دەشێت دروستەی >خواردمØ<، نواندنی مۆرفۆسینتاکسییانەی یەکێك لە دروستەکانی (14_پ،ت،ج) بێت، کەچیی لە /نانخواردن/دا نائارگومێنتییو نابەڵگەیی /نان/، گۆڕینی کەرتی یەکەمی لێکسیمەکە بلۆکدەکات، چونکە کەرتێکی نائازادەو بەوەش کردارەکە بەهەمان فۆڕمو ناوەڕۆکەوە بووەتە لێکسیمی سەربەخۆو لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە. لەمەوە دەردەکەوێت، (15_پ) نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی (15_ا) نییە، چونکە دروستەکان لەڕووی دروستەی ئارگومێنتو هاوکات لە ڕووی واتاشەوە چوونیەك نیین، بەڵکو کردارەکەی (15_ا) پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی V^0+[...] دەکات، بۆیە بە کردارێکی تێنەپەڕ هەژماردەکرێت، هەر لەبەرئەوەشە فۆڕمی /نانخوار/ پریدیکاتۆرەو تەنها یەك جێکەوتەی بۆ بکەری ڕستەکە هەیە، پەیکاڵی ئەمەش، مۆرفۆسینتاکسی (15_ب) تەنها یەك جێکەوتەی بۆ نیشانەی بکەریی هەیە، کەچیی بەپێچەوانەوە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (14_ب)، بۆیە دوو جێکەوتەی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتنی بکەرییو بەرکاریی هەیە، چونکە کردارەکەی لەجۆری تێپەڕەو لە (14_ا) کەوتووەتەوە، کە لەڕووی توخمی فەرهەنگییەوە، پەیکاڵی ئەوە.

لەنموونەکاندا نواندنی مۆرفۆسینتاکسییانەی کردارە بەلێکسیمبووەکان ئەوە دەردەخەن، کە (ا) دروستەکانی >خواردم Ø < و >نانمخوارد<، پێکهاتەی واتایی جیاوازیان هەن، چونکە لێکسیمی /نانخواردن/ فۆڕمێکی نوێیەو دەروازەی زانیارییەکەی لە /خواردن/ جیاوازە، جیاوازییەکەش لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا دەردەخرێت، هەروەك {نانخوار} هیچ تەواوکەرێکی ناوەکیی داواناکات، بەڵکو لەدروستەی ئارگومێنتەکەیدا تەنها ئارگومێنتی دەرەکیی داوادەکات، کەچیی بۆ کرداری {خوار}، هەردوو ئارگومێنتی ناوەکییو دەرەکیی، پێویستیی دروستەی ئارگومێنتی کردارەکە تەواوو تێردەکەن. (ب) ئاخێوەری زمانی کوردیی، پەیوەست بە زانیاریی پێشوەختەوە دەتوانێت لە سینتاکسدا لێکسیمە سەربەخۆکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەوەش پێشبینییدەکرێت لە قۆناغێکی تردا کەرتە نائارگومێنتەکانی کردارە لێکدراوەکەش، بکرێنە مۆرفیمی ڕێککەوتن (بڕوانە (16)).

16_ا. نەوزاد ژنیهێناوە. /ژنهێنان/
ب. ژنی هێناوە، یان کچ؟ /هێنان/
پ. ژنی هێناوە.
ت. ژنێکی جوانی هێناوە.
ج. ژنێکی باشو خانەدانی هێناوە.
ح. هێنا Ø ی؟

کرداری (16_ا)، شکانەوەی لێکسیمی /ژنهێنان/ە، بۆیە /ژن/ کەرتێکی نائارگومێنتەو بەشێکە لە دروستەی فەرهەنگیی کردارەکە، دروستە/ لێکسیمەکەش، سیمانتیکییانە زانیاریی گشتیی دەداتو هەر بەهەمان فۆڕمیشەوە گۆکردنی سینتاکسیی دەبێت، کەچیی پەیوەست بە هەبوونی زانیاریی پێشوەختەوە سەبارەت بە جیاوازیی فیچەرە واتاییەکانی/ژن، کچ/ لای گوێگر، لە سینتاکسدا هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمی /ژنهێنان/ ڕێگەپێدراوە، بەوەش ناوی کرداریی (16_ب)، بریتی دەبێت لە ناوی کرداریی /هێنان/، کە دەکرێت بەهۆی جۆراوجۆریی هەڵاوێرکردنی ناواخنەکەیەوە، زانیاریی تایبەت بۆ گوێگر بەرجەستەبکات، هەر بۆ نموونە پرسیارکردن لە کەرتی یەکەمی لێکسیمەکە لە (16_ب)دا، دروستەکەی لە کەرتێکی نائارگومێنتییەوە کردووە بە کەرتێکی ئارگومێنتیی، لەبەرئەوەی دەستخستنی وەڵامەکە بۆ گوێگر، پێویستی بە بژاردەکردنی یەکێك لە ئارگومێنتەکانی /ژن، کچ/ هەیە، هاوکات (16_پ) لە (16_ب) وەرگیراوە، بۆیە کەرتی یەکەمی کردارەکە هەر بە ئارگومێنت دەمێنێتەوە، بەمەش چاوەڕێدەکرێت بەم قۆناغانە، دەرفەتی دەرنەبڕین بۆ کەرتە نائارگومێنتەکەی لێکسیمی /ژنهێنان/ لە (16_ا)دا بڕەخسێتو بە مۆرفیمی ڕێککەوتن جێگەبیگیرێتەوە، وەك مۆرفۆسینتاکسی (16_ح) نیشانیدەدات.

لێکدانەوەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە (ا) هەڵوەشاندنەوەکە، سینتاکسییانە گۆڕان لەناواخنی فەرهەنگیی لێکسیمەکەدا دروستدەکات، بەجۆرێك دەبێتەهۆی ئەوەی، لە کردارێکی تێنەپەڕەوە وەك کردارێکی تێپەڕی ئارگومێنت_داواکەر ڕەفتاربکات. (ب) هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمەکە، لە بەسینتاکسبوونی کردارەکەدا بەرجەستەدەبێت، چونکە بەپێی دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەکەی کردار، مۆرفیمی ڕێککەوتن لەناو فرێزە کردارییەکەدا بە بەرکارەوە دەلکێنرێت (بڕوانە (16_پ،ت،ج))، هەروەك {جوان، باش، خانەدان}، زانیاریی زیادەن‌و پەیوەست بە بەرکاری {ژن}ەوە لەسینتاکسدا دەدرێن، کەچیی لە (16_ا)دا وەرگرتنی مۆرفیمی ڕێککەوتن لەناو دروستەی کردارەکەدا، پەیوەست بە ڕەفتاری مۆرفۆلۆژیی کردارەوە ڕوویداوە.

5/1 پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس‌و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی:

لەبەشەکانی پێشوودا بەبەڵگەوە سەلمێنرا، کە گشت پڕۆژە ناوەندییەکانی لەجۆری دەستەواژێلەو دەستەواژەکان، بەهۆی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پڕۆژەسازدانەوە بەرهەمدەهێنرێن‌و دواتریش لە قۆناغی پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا پڕۆژەکان بۆ AgrP فراواندەکرێن. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بۆ دەستخستنی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس، هەمان ئەو هەنگاوانە دەگیرێنەبەرو پەیڕەودەکرێن، کە لە بەرهەمهێنانی پڕۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکاندا جێبەجێکردنیان خورتیی‌و پێویست بوو، یان پڕۆژە سینتاکسییەکان دەبنە بنەماو بناغە بۆ بەرهەمهێنانی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی؟

گەڕانەوە بۆ هێڵکاریی (1)، کە پەیوەست بە پێکهاتە سینتاکسیی‌و واتاییەکانەوە بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی سەر خرایەڕوو، دەستەبەری وەڵامی ئەم پرسیارە دەکات. بۆ ئەمەش ئەگەر وەهای گریمانەبکەین، لە بەرهەمهێنانی پڕۆژە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا هەمان ئەو هەنگاوانە دەنرێن، کە بۆ بونیاتنانی پڕۆژە ڕستەییەکان لەئارادان، ئەوا دەبێت هەنگاوی یەکەم بەپێی یاساکانی پڕۆژەسازدان، سەری فەرهەنگیی ڕەگ، تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵاوێربکات، بەڵام کارکردن بەو بۆچوونەی، دەرنەبڕین‌و کۆپییکردنی کەتیگۆرییە سینتاکسییە خورتییەکان، لێکەوتەی مۆرفۆسینتاکسیی دەبێت، بنەمای ڕێسای پڕۆژەسازدان بۆ تێرکردنی پڕۆژەی فرێزی کرداریی پێشێلدەکات، چونکە ڕەگ بەپێی زانیاریی ناواخنەکەی، هەڵاوێری سیمانتیکیی تەواوکەر دەکات، هەڵاوێرکردنەکەش، وابەستەی ڕێککەوتنی واتایی نێوان سەرو تەواوکەرە، بە دەربڕینێکی دیکە، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی جۆری تەواوکەر، بەپێی ئەو فیچەرە واتاییانەی سەر دیارییاندەکات‌و دەیانسەپێنێت، سنوردارو مەرج بۆدانراوە، بەوەش ئازادانە ڕوونادات. بۆ نموونە کرداری فەرهەنگیی /خوار/، هەڵاوێری سیمانتیکیی بۆ ئارگومێنتێك دەکات، کە [+خواردن]بێت، بۆیە دەبێت ئارگومێنتەکە هەبوو و لەئارادابوو بێت‌و لەتەك سەرە هەڵاوێرکەرەکەیدا دەرببڕدرێت، بەڵام لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، ڕەگ ناتوانێت هەڵاوێری سیمانتیکیی‌و تەنانەت پۆلەڕەگەزییش ئەنجامبدات، هۆو پاساوی ئەمەش لەبنەڕەتدا، بە هەبوونی کلیتیکەکانەوە _دەرنەبڕینی ئارگومێنتەکانەوە_گرێدراوە، چونکە ناتوانن دەربڕی کۆی ئەو فیچەرە واتاییانە بن، کە پۆلەڕەگەزە دەرنەبڕراوەکەی لەڕووی مەرجی ڕاستەقینەوە هەیبووە، بەڵکو سیمانتیکییانە نادیارن‌و تەنها دەربڕی کەس‌و ژمارەن، بەجۆرێك وەك پێشتر گوترا، کلیتیکەکان نیشانەی ئاخنراون بە زانیاریی مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسیی، کە جگەلە کەس‌و ژمارە، زۆرینەی زانیارییە ئەبستراکتەکانی ناواخنی مۆرفیمەکان، نانوێنرێن، سەرباری ئەوەی، بەهۆی ئەم نیشانانەوە، ڕێککەوتنی سینتاکسیی بۆ پاراستنی پارامیتەرو ئاڕاستەی پێدانی دۆخ دەستەبەردەکرێت، هەربۆیە ڕەگ بەپێی زانیاریی ناواخنەکەی، دەسەڵاتی ئەوەی نییە مەرجە واتاییەکانی بۆ دیاریکردن‌و هەڵاوێرکردنی ئەو نیشانانە بسەپێنێت‌و بخاتەڕوو، بەوەش لە مۆرفۆسینتاکسدا بنەماکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی، کە بە ڕێککەوتنی فیچەری واتایی نێوان سەرو تەواوکەرەوە بەندە، جێبەجێناکرێت. وێڕای ئەوەش، لە مۆرفۆسینتاکسدا کرداری تافدار TP، جێکەوتەی بەتاڵی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن هەیە، نەك ڕەگ، لەکاتێکدا لە سینتاکسدا TP وەك تەواوکەری Agr^0 بۆ بونیاتنانی پڕۆژەی AgrP گۆدەکات، بۆیە هاوشێوەی ڕەگ، دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی کلیتیکی نییە.

هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن، ڕێساکانی پڕۆژەسازدان بۆ پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس چالاك نین‌و بەوەش ڕوودان‌و جێبەجێکردنیان پێشبینییکراو نیین، ئەمە ئەو مانایە دەردەبڕێت، کە هیچ کام لە پێکهاتە سینتاکسییەکانی (1،2)، لەوانیشەوە پێکهاتەکانی (3)و (4)یش لەئارادا نیین، بەو هۆیەشەوە مۆرفۆسینتاکس لە قۆناغی پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕوودەدات، کە قۆناغی پاش بونیاتنانی پڕۆژە ناوەندییەکانە بۆ بەرهەمهێنانی پڕۆژەی ڕستە. هەموو ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییەی، مۆرفۆسینتاکس پڕۆژەیەکی پاش_ڕستەیی دروستەی ڕووکەشەو جێبەجێکردنی هەنگاوەکانیشی لە پێکهاتەی سینتاکسیی (نواندنی سەرپشکییانە)دا بەهۆی ئەو میکانیزمانەوە، کە خرانەڕوو، ڕوودەدات. ئەمەش پەیوەست بە وەڵامی پرسیارەکەوە، بوونی وەها گریمانەیەك ڕەتدەکاتەوە، کە لە سەرەوە پێشکەشکرا، هاوکات هێنانەوەی بەڵگەکانیش، وادەکەن خستنەڕووی هێڵکاریی (5) پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە بۆ پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس، ناپەسەندو ڕێپێنەدراو بێت.

*هێڵکاریی (5)



6/1 دۆخ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا:

لە بەشی یەکەمدا پەیوەست بە تیۆری دۆخەوە باس لە ئەوە کرا، کە فلتەری دۆخ وەك بنەمایەکی تیۆرەکە ئەوە مسۆگەردەکات، هەموو فرێزێکی دیارخەریی ئاشکرا ئەو جێکەوتانە دەگرن، کە دۆخیان تێدا دەدرێت، بەوەش پاڵێوەرەکە ئەوە دەکاتە مەرج، کە هەر DP یەك لەناو ڕستەدا دەرکەوتنی هەبێت، دەبێت دۆخێکی ڕێزمانیی پێبدرێت، ئەم مەرجە بەخشکەیی دەربڕی ئەوە دەبێت، کە دەبێت بەرامبەر هەر کەرەستەیەکی دۆخدەر، دۆخ_وەرگرێك لەئارادابێت.

لێرەدا پەیوەست بە ئەو زانیارییەوە، کە لەسینتاکسدا کەتیگۆرییەکانی (کرداری فەرهەنگیی، کرداری سینتاکسیی، کرداری تافدار)[xxix] کەرەستەی دۆخدەرن‌و هەریەکەیان لە پڕۆژەو نواندنی جیادا دۆخ بە تەواوکەرەکەیان دەبەخشن، هاوکات بەوپێیەی مۆرفۆسینتاکس نواندنی سینتاکسە بە مۆرفێم، ئارگومێنتەکان بوونێکی بەرجەستەیان نییەو ڕێککەوتن بەرهەمیاندێنێت، کەواتە دەبێت مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن ببنە نیشانەی دۆخ بۆ کەتیگۆرییەکی دۆخ_وەرگری دەرنەبڕراوو ئەو جێکەوتانە بگرن، کە دۆخیان هەن، ئەمەش دەریدەخات، کە لەکاتی دەرنەبڕینی هەر ئارگومێنتێکی دۆخداردا، دەبێت نیشانەیەکی دۆخ ڕوودات، بەو واتایەی، هەبوونی نیشانە، بەڵگەیە بۆ بوونی دۆخی کەتیگۆرییەکی گۆنەکراو. لەم ڕووەوە "بوونی فۆرمی جیاوازی کلیتیکەکان لە زمانی کوردییدا، بۆ بوونی دۆخی ڕێزمانیی جیای فرێزەناوییەکان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هەریەك لە بەرکارو بکەر لەکاتی کرتاندنیاندا فۆرمی جیای کلیتیکەکانیان وەردەگرن...."[xxx]، هەروەك لەزمانی ئینگلیزییدا شکانەوەی ناوەکیی لە جێناوە سەربەخۆکاندا بۆ وەرگرتنی دۆخ ڕوودەدات، لەو ڕووەوە، کە دۆخ فرەچەشنیی ئەو فۆرمانەن، کە DP یەکی دۆخ_وەرگر بەپێی جۆری گۆکردنەکەی لە سینتاکسدا وەریاندەگرێت. بۆ نموونە وەرگرتنی دۆخ لەڕێی شکانەوەی دروستەی ناوەکیی جێناوی سەربەخۆوە بۆ کەسی دووەمی تاك بەرجەستەدەبێت، هەروەك فۆرمی He بۆ دۆخی نۆمینەتیڤیی، His بۆ دۆخی خستنەپاڵ، Him یش بۆ وەرگرتنی دۆخی ئەکوزەتیڤیی، دەشکێنەوەو بەوەش وەك نیشانەی دۆخ گۆدەکەن، بەمپێیەش "دۆخ، ئەدگارێکی مۆرفۆسینتاکسییە، چونکە جێناوەکان لە ئینگلیزییدا فۆرمی مۆرفۆلۆژیی جیایان هەن‌و بەگوێرەی دۆخەکەشیان، جێکەوتەی سینتاکسیی جیاواز دەگرن"[xxxi]، هەروەك لەزمانی کوردییشدا شکانەوەی کلیتیکەکان بۆ دۆخی ڕێزمانیی ڕوودەدات‌و فۆرمەکەشیان بەپێی جۆری دۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش بەڕوونیی لە دەستەی کلیتیکەکانی (م_مان)، (م_ین)دا دیارە، کە بەگوێرەی گۆکردنە جیاوازەکانیان لە سینتاکسدا دەشکێنەوە، بەوەش بە نیشانە دەرکەوتووەکانی بەرجەستەکردنی دۆخ لە کوردییدا هەژماردەکرێن. لەبەرامبەر ئەمەدا، پێشبینییناکرێت شکانەوەی ناوەکیی لە دروستەی کەرەستە دۆخ_وەرگرەکانی (فرێزی دیارخەریی/ جێناو)دا ڕووبدات.

لێکدانەوەی ئەو نموونەو بەڵگانەی هێنرانەوە، دەبنە وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی پێشتر سەبارەت بە سەربەخۆیی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس ئاڕاستەکرا، هەروەك ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە لە زمانی کوردییدا پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس پەیکاڵی پڕۆژەی ڕستەیەو لەویشەوە وەردەگیرێت، بە بەڵگەی ئەوەی (ا) هەموو ئەو بنەماو ڕێسایانەی لە بەرهەمهێنانی پڕۆژەی ڕستەدا پەیڕەودەکرێن، بە هەمان شێوە لە مۆرفۆسینتاکسیشدا هەبوو و پارێزراون، (ب) هەروەکچۆن لە سینتاکسدا بکەرو بەرکار دوو ئارگومێنتی سەربەخۆو جیان، بەو شێوەیەش لە مۆرفۆسینتاکسدا نیشانەکانی دۆخی نۆمینەتیڤ‌و ئەکوزەتیڤ، کە نیشانەن بۆ کەتیگۆرییە دۆخ_وەرگرەکان لەسینتاکسدا، لەیەکجیاوازن (j,i)، لەبەر ئەم دوو هۆکارە، ناتوانرێت مۆرفۆسینتاکس بە پێڕەوێکی سەربەخۆی جیاواز لە سینتاکس هەژماربکرێت.

ئەو کردارانەی بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەڵگوێزراون، وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەیانپێکرا، دەروازەی زانیارییەکەیان لە دەروازەی زانیاریی کردارە بنەڕەتییەکەیان جیاواز دەبێت، هاوکات ئەوەش خرایەڕوو، کە ئەم پێشناوە فەرهەنگییانە لە سینتاکسدا فۆرمەکەیان بۆ پێشناوی سینتاکسیی دەشکێنەوە، بەوەش دروستەی PP بەرهەمدێنن، کە تێیدا پێشناوە سینتاکسییەکە وەك سەری ڕێزمانیی حوکمکەر گۆدەکات‌و دۆخی ڕێزمانییش بە

تەواوکەرەکەی دەدات. لەم ڕوانگەیەوە گرنگە ئەو ڕاستییە بزانرێت، بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس لەو ڕستانەوە، کە بەهۆی ئەم کردارانەوە بونیاتنراون، پەیوەست بە سەری حوکمکەرو پێدانی دۆخەوە لێکدانەوەی جیاوازیان دەبێت، وەك لە (17)دا ئەزموونبەنددەکرێت.

17_ا. من لە بابەتەکانم کۆڵییەوە.

ب.   م   ن   کۆڵییەوە

پ.   pro   trace   لێمکۆڵینەوە.

گەر بڕوانینە (17)، تێبینیدەکەین کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی دروستەی (17_ا) هاوتاو پەیکاڵی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (17_پ) ن، تێیدا نیشانەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئارگومێنتە دەربڕراوەکانی (بکەر، بەرکار)ی (17_ا)دا ڕێککەوتنیان هەیە، بۆ ئەوەش کرداری فەرهەنگیی /کۆڵی_ەوە/، دۆخی ئەکوزەتیڤ بە PP ی {لە بابەتەکان} دەدات، PP یەکەش لەناوەوە دۆخی ئەکوزەتیڤی هەیە، کە پێشناوی سینتاکسیی /لە_/دەیداتێ، نەك کردارە فەرهەنگییەکە، چونکە پڕۆژە گەورەکەی PP، بەربەست بۆ پێدانی دۆخ لەلایەن کردارەکەوە بە تەواوکەری ناوەوەی PP یەکە دروستدەکات، بەڵام کاتێك (17_ا) مۆرفۆلۆژییانە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (17_پ)دا دەنوێنرێت، ئەوا پێشناوە سینتاکسییەکە بۆ پێشناوی فەرهەنگیی /لێ_/ دەگۆڕێتەوە[xxxii]، کە کەرەستەیەکی دۆخدەر نییە، لەمبارەشدا هەبوونی نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤیی /ن/، کە لە سینتاکسدا لەڕێگای پێشناوە سینتاکسییەکەوە دراوە، لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا لەڕێگای ڕەگەکەوە دەدرێت _کە بەهەمان فۆڕمەوە لەناو دروستەکەدا گۆدەکات_، چونکە بەهۆی هەبوونی تەنها یەك نیشانەی دۆخەوە، پێشناوی فەرهەنگیی /لێ_/ لەسەردەکەوێتو بەوەش توانای پێدانی دۆخی نامێنێت. ئەمەش بە ئەوەوە پەیوەستە، کە هەر سەرێکی ڕێزمانیی تەنها یەك دۆخ دەداتو لەبەرامبەریشدا هەر دۆخ_وەرگرێك، تەنها یەك دۆخ وەردەگرێت، هەربۆیە /ن/، کە نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤیی تەواوکەری PP یەکەیە، تەنها یەك جار دۆخ لە ڕەگەکەوە لەبری پێشناوە فەرهەنگییە لەسەرکەوتووەکەی، وەردەگرێت، بەوەش ڕەگەکە وەك سەرێکی دۆخدەر دەبێتە ئەلتەرناتیڤی پێشناوەکە بۆ پێدانی دۆخ، چونکە مەرجە هەموو نیشانەیەکی دۆخ لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا لەلایەن سەرێکەوە حوکمی دۆخی ڕێزمانیی بکرێت.

بەپشتبەستن بە لێکدانەوەی نموونەی (17)، پرسیارێکی گرنگ دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا مەرجە لە هەموو دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسدا، نیشانەکانی ڕێککەوتن پەیکاڵی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوە بەمۆرفیمکراوەکان بن؟ بە دەربڕینێکی دیکە، بۆ بونیاتنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس لە سینتاکسەوە، مەرجە گشت ئارگومێنتە سینتاکسییەکان نیشانەی ڕێککەوتن لەجێی خۆیان کۆپییبکەنو لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا دەرکەوتنی خورتییان هەبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بە چەندێتیی ئەو سەرە ڕێزمانییانەوە پەیوەستە، کە دۆخدەرنو لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا هەبوو و دەرکەوتوون، بەجۆرێك، کە بنەماکانی تیۆری دۆخیان تێدا پارێزراو بێت، بەوپێیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان سەری دۆخدەرو ئارگومێنتی دۆخ_وەرگردا هەیە، بۆیە هەوڵدەدرێت بەرجەستەکردنی وەڵامی پرسیارەکە، بە هێنانەوەی بەڵگە لە (18) دا تاقیبکرێتەوە.

18_ا. من جلەکانم لە تەنافەکـــە کردەوە.

ب.   م   ن   نیشانەی نییە کردەوە

پ.   pro   trace   لێمـکردنـــەوە.

i   j   i   j

لە (18_ب)دا، نیشانەکانی ڕێککەوتنی /م، ن/، پەیکاڵی هەردوو ئارگومێنتی بکەریی {من}و بەرکاریی {جلەکان}ن لە (18_ا)دا، کە پاش دەرنەبڕینیان، بەو نیشانانە جێگەیان گیراوەتەوە، کەواتە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (18_پ)دا، /ن/ پەیکاڵی بەرکاری ڕاستەوخۆی {جلەکان}ە، کە دۆخی ئەکوزەتیڤیی هەیەو لە سینتاکسدا لەڕێی کرداری سینتاکسیی V^- ەوە پێیدراوە، کەچیی لەبەرئەوەی فرێزی {تەنافەکە}، کە تەواوکەری فرێزە پێشناوییەکەیە، بەهۆی فیچەرەکانی [-کەس، -ژمارە، -توخم]ەوە، ئارگومێنتێکی بەمۆرفیمنەکراوەو نیشانەی نییە، بۆیە ڕەگی کردارەکە، کە پێشتر لە سینتاکسدا دۆخی بە دروستەی PP یەکە دەدا، لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا وەك سەرێکی ڕێزمانیی هەبوو، لەبری PP، حوکمی بەرکاری ڕاستەوخۆی {جلەکان} دەکاتو بۆ ئەوەش دۆخ بە نیشانەکەی دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەست بەم نموونەیەوە، لە سینتاکسدا هەردوو سەری دۆخدەری V^0، V^- هەبوون، کەچیی لە مۆرفۆسینتاکسدا تەنها یەك سەری دۆخدەری V^0 ماوەتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکاتەوە، کە V^0 توخمێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر X^0 ە، بۆیە لە هەردوو پڕۆژەی سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسدا فۆڕمێکی هەبووەو ڕوودەداتەوە. نەبوونی نیشانەی دۆخی تەواوکەری PP یەکە _{تەنافەکە}_ش وادەکات، پێشناوە سینتاکسییەکە لە (18_پ)دا لە فۆڕمە

فەرهەنگییەکەیدا دەربکەوێتەوە، بەوەش توانای پێدانی دۆخی نامێنێت، کە لە سینتاکسدا بە DP ی تەواوکەری PP یەکەی دەدا، بۆیە وا چاوەڕواندەکرێت، ئەم هۆکارە، پاساوی سینتاکسیی بۆ دەرنەکەوتنی PP لە مۆرفۆسینتاکسدا بهێنێتەوە، هەروەك وەڵامەکەش دەبێتە بەڵگەیەکی ئەزموونبەند بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیەی، لە سەرەوە پێشنیازکرا[xxxiii].

19_ا. من فەرشەکانـــــم بە ئەوان شت.

ب. م نیشانەی نییە ن شت

پ. pro trace پێمـــشتن.
i j i j

لە (19_ب)یشدا هاوشێوەی نموونەی (18)، تەنها نیشانەی بکەرو بەرکار لە پێواژۆی کۆپییکردنی ئارگومێنتەکانی (19_ا)دا دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (19_پ) لە (18_پ) جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لە (19_پ)دا، /ن/ نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤییە بۆ فرێزی {ئەوان}ی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، نەك بەرکاری ڕاستەوخۆی {فەرشەکان}، کە هەمان دۆخی هەیەو لە سینتاکسدا لەڕێی V^{-} ەوە دراوە، بەڵام وەك گوترا لەبەرئەوەی لە مۆرفۆسینتاکسدا تەنها سەری دۆخدەری ڕەگ ماوەتەوە، بەپێی بنەماکانی تیۆری دۆخیش، هەر سەرێکی ڕێزمانیی دۆخدەر تەنها یەك دۆخ دەدات، هەربۆیە ڕەگیش توانای پێدانی یەك دۆخی ئەکوزەتیڤیی هەیە، لەو ڕووەشەوە، تەواوکەری PP یەکە لە سینتاکسدا، کە فرێزی {ئەوان}ە، لەڕێی پێشناوی /_بە/وە دۆخی پێدراوە، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا لەبەرئەوەی خاوەنی فیچەرەکانی [+کەس، +ژمارە، +توخم]ە، بۆیە نیشانەیەکی ڕێککەوتن لەجێی خۆی کۆپییدەکات، کە نیشانەی دۆخە، ئەویش بەهۆی لەسەرکەوتنی پێشناوی فەرهەنگیی /پێ_/وە، ڕەگی کردارەکە حوکمیدەکاتو دۆخی دەداتێ.

ڕاڤەکردنی سینتاکسییانەی نموونەکانی سەرەوە بە ئەو ئەنجامەمان دەگەیەنن، کە هەبوونی سەری دۆخدەر، مەرجی هەبوونی تەواوکەرەکەیەتی، هەر کاتێکیش تەواوکەرەکە گۆنەکرا، ئەوا دەبێت نیشانەکەی هەبێت، بەواتا چەندێتیی ژمارەی نیشانە هەبووەکانی دۆخ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، دەبێت تەنها لەگەڵ ئەو ئارگومێنتانەی ناو دروستە سینتاکسییەکەدا بەرامبەرو وەکیەك بوەستنەوە، کە بەمۆرفیمکراون، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، مەرج نییە بتوانرێت گشت ئارگومێنتە دەربڕراوەکان لەسینتاکسدا، بەمۆرفیمبکرێنو بە نیشانەی ڕێککەوتن جێگەیان بگیرێتەوە، هۆکاری ئەمەش لەلایەك بە جۆری فیچەرە بنەڕەتیی/ زگماکییەکانی ئارگومێنتەکانەوە پەیوەستە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ژمارەی سەری ڕێزمانیی دۆخدەر لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا دەگەڕێتەوە، چونکە دەبێت سەری حوکمکەری دۆخو کۆپیی ئارگومێنتەکان/ نیشانەکانی ڕێککەوتن، هاوتاو پەیکاڵی یەك بن.

ئەنجام

1. شیکردنەوەکان دەستەبەری ئەو ئەنجامە دەکەن، کە دروستەی مۆرفۆسینتاکس، نواندنێکی پاش_ڕستەیی پڕۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکانە، بۆیە لە دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەداتو مەوداکەشی، ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراوە، کە گشت پێویستییە سینتاکسییو سیمانتیکییەکانی تێربوونی پڕۆژەی ڕستەیی فرێزی ڕێککەوتنی تێدا تێرکراوە، بەوەش پڕۆژەکە لێکەوتەی دوا نواندنی خورتیی سینتاکسیی دەبێت، بەپێچەوانەشەوە هەنگاوەکانی ڕێسای پڕۆژەسازدان، بەوپێیەی بە پڕۆژە ناوەندییەکانەوە پەیوەستن، نابنە ڕێوشوێنو میکانیزمی بونیاتنانی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس.

2. پێواژۆی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی، پێڕەوبەندانە لە چەند هەنگاوێکی زنجیرەیی یەکلەدواییەکدا جێبەجێدەکرێت، هەنگاوەکانیش پەیوەست بە تیۆری جوڵەی کۆپییەوە لای چۆمسکیی، بەهۆی وەچە ئۆپەراسیۆنەکانی (دەرنەبڕین Deletion، کۆپییکردن)ەوە ڕوودەدەن، کە لەلایەك ئارگومێنتە خورتییەکانی ڕستە بە نیشانەکانی ڕێککەوتن جێگەیان دەگیرێتەوەو ئەم هەنگاوانەش، نواندنێکی جیای کردارەکان بەرجەستەدەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگریمێنت، پەیوەندیی هاونیشانەکردن لەنێوان جێکەوتەی ئارگومێنتە دەرنەبڕراوەکەو نیشانەکەیدا دروستدەکات، بەوەش بنەمای دۆخو پارامیتەری هاوسێیەتیی لە دروستەکەدا پارێزراو دەبن، هەر ئەوەش بنەمای سینتاکسیی زمانی کوردیی دەستەبەردەکات.

3. دروستەی مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی سینتاکس پڕۆژەی ڕێککەوتنە، بەوپێیەی نیشانەکانی ڕێککەوتن، پەیکاڵییو وەکیەکیی نێوان هەردوو پڕۆژەکە پەیوەست بە پۆلەڕەگەزو دۆخو پارامیتەرەوە مسۆگەردەکەن، بەوەش ڕێککەوتن دەبێتە مەرجو پێویستیی حەتمیی بونیاتنانی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس، هەروەك ڕستەش هەڵگرو وابەستەی هەمان مەرجی خورتیی سینتاکسییە.

4. پەیوەست بەخاڵی (3)وە، پێشبینییناکرێت لێکدانەوەیەکی واتایی دروست بۆ دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی بکرێت، ئەگەر مۆرفیمەکانی، سیمانتیکییانە بۆ پۆلەڕەگەزە سینتاکسییە دەربڕراوەکان نەگەڕێنرێنەوە، ئەمەش بە ئەدگاری

سیمانتیکیی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە بەندە، کە بڕی زانیارییەکەیان سنوردارەو جگە لە فیچەرەکانی [+کەس، +ژمارە، +توخم]، پەیوەست بە ناواخنی پۆلەڕەگەزە دەرنەبڕراوەکانەوە، توانای بەرجەستەکردن‌و پێدانی زانیاریی زیاتریان نییە، هەربۆیە سەریش بەپێی زانیاریی ناواخنەکەی، دەسەڵاتی ئەوەی نییە مەرجە واتاییەکانی بۆ هەڵاوێرکردنی کلیتیکەکان بسەپێنێت، بەوەش لە مۆرفۆسینتاکسدا بنەماکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی، کە بە ڕێککەوتنی فیچەری واتایی نێوان سەرو تەواوکەرەوە بەندە، جێبەجێناکرێت.

5. بەوپێیەی ڕێککەوتن پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس بەرهەمدەهێنێت، کەواتە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن دەبنە نیشانەی دۆخ بۆ ئارگومێنتێکی دۆخ_وەرگری دەرنەبڕراوو بەپێی جۆری دۆخەکەشیان، جێکەوتەی سینتاکسیی جیاواز دەگرن. هەروەك شکانەوەی کلیتیکەکان بۆ گۆکردنە جیاوازەکان ڕوودەدات‌و بەوەش فرە فۆرمیی کلیتیکەکان لە کوردییدا، دۆخی ڕێزمانیی جیای فرێزە ناوییەکان دەگەیەنن. کەواتە هەبوونی سەری دۆخدەر، مەرجی هەبوونی تەواوکەرەکەیەتی، هەر کاتێکیش تەواوکەرەکە گۆنەکرا، ئەوا دەبێت نیشانەکەی هەبێت، هەروەك لەمۆرفۆسینتاکسدا نیشانەکانی دۆخی نۆمینەتیڤ‌و ئەکوزەتیڤ، نیشانەی کەتیگۆرییە دۆخ_وەرگرە دەرنەبڕراوەکانن.

6 . ئەنجامەکانی (1_5) بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییەی، کە لە زمانی کوردییدا پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس پەیکاڵی پرۆژەی ڕستەیە، بۆیە بە پێرەوێکی سەربەخۆ دانانرێت، چونکە هەموو ئەو بنەمایانەی لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەدا پەیڕەودەکرێن، لە مۆرفۆسینتاکسیشدا هەبوو و پارێزراون.

لیستی زاراوەکان

	پ
Agreement parameter	پارامیتەری ڕێککەوتن
Subjucency parameter	پارامیتەری هاوسێیەتیی
Post sentence	پاش ڕستەیی
Projection Principle	ڕێسای پرۆژەسازدان
Extended Projection Principle	ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو
Syntactical Sub categorization	پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی
Lexical Sub categorization	پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی
Pre sentence	پێش_ڕستەیی
	ت
Copy theory of movement	تیۆری جوڵەی کۆپیی
Copy theory	تیۆری کۆپیی
	ج
Movement	جوڵاندن
	د
Morphosyntax structure	دروستەی مۆرفۆسینتاکس
	س
Functional heads	سەرە ئەرکییەکان
Lexical head	سەری فەرهەنگیی
	ف
Functional phrase	فرێزی ئەرکیی
	گ
Transformation	گواستنەوە
	م
Syntactic marker	مارکەلێدانی سینتاکسیی
Agreement morphemes	مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن
	ن
Representation	نواندن
Syntactic representation	نواندنی سینتاکسیی
Case marker	نیشانەی دۆخ
	ە
Categorical selection	هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی
Semantic selection	هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی

	ی
Deletion rules	یاساکانی دەرنەبڕین

لیستی کورتکراوەکان

نیشانه	ن
Agreement	Agr.
Agreement phrase	AGRP
Determiner phrase	DP
Object	Obj.
Object agreement	Obj agr
Subject	Sub.
Subject agreement	Sub agr
Tense	T^0
Tense phrase	TP
Lexical Verb	V^0
Syntactic Verb	V^-
Verb phrase	VP

سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:

ا کتێب:

1.ئازاد ئەحمەد حسەین (2009)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان، چاپخانەی یاد.

2.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (2014)، ناکردن لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

3.محەمەد مەعروف فەتاح (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

4.محەمەدی مەحویی (2006)، ئاوەزدارییو ڕێزمانی ناوەرۆك_وابەستە، زانکۆی سلێمانی.

5.__________(2001)، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.

6.وریا عومەر ئەمین (2004)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

7.__________(2016)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ب نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):

8. ئاوات ساڵح قادر (2015)، ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییو فارسییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

9. ئەبوبەکر عومەر قادر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

10. ئومێد بەرزان برزۆ (2010)، مۆرفۆسینتاکسو دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

11. پێشڕەو ساڵەح عەلی (2015)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

12. تارا موحسن قادر (2004)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

13. عرفان مستەفا حمە ڕحیم (2003)، ڕستەی ئاوێتە لەزاری سلێمانیو هەورامیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

14. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (1995)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی

سەڵاحەدین.
15. محەمەد مەجید سەعید (2015)، فەرهەنگو پرۆسەی بەلێکسێمبوون، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
16. نازەنین جەلال ئەحمەد (1995)، ڕستە لە ڕووی داڕشتنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا.

<u>پ. گۆڤار:</u>

17. ئازاد ئەحمەد حسەین (2012)، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا_شێوەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (22).
18. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (2011)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الاستاژ، جامعە بغداد، العدد (186).
19. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف(2013)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکانو دروستەی فۆڕمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (38).
20. ___________(2014)، زانیاریی زمانییو پێڕەوی نیشانەکردن لەزمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (45).

<u>بە زمانی ئینگلیزیی:</u>

<u>ا_ کتێب:</u>

21.Cook. V. & Newson, M. (1997), <u>Chomsky's Universal Grammar</u>, second edition, Blackwell Publishers.
22. Bobaljik, J. D. (1995), <u>MORPHOSYNTAX: THE SYNTAX OF VERBAL INFLECTION</u>, Massachusetts Institute of Technology .
23. Bussmann, H. T: Trauth, G. & Kazzazi, K. (2006), <u>Routledge Dictionary of Language and Linguistics</u>, Taylor & Francis
24.Kang, D. (2005), <u>Scrambling in Universal Grammar: an analysis of scrambling as optional movement in Korean and other languages</u>, Institut fuer Linguistik/Anglistik der Universitaet Stuttgart.
25. Radford, A. (2012), <u>AN INTRODUCTION TO ENGLISH SENTENCE STRUCTURE</u>, First published, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

<u>ب_ پێگەی ئەلیکترۆنیی:</u>

26. Kobele, G. M / http://home.uchicago.edu/~gkobele/files/Kobele10AAbar.pdf
27-Bošković, Ž. & Nunes, J. / http://web.uconn.edu/boskovic/papers/Boskovic Nunes-2007.pdf

پەراویزەکان:

---

[i] بەپێی هەندێك بۆچوون، "مۆرفۆسینتاکس پرۆسەی کۆپیکردنی ڕەگەزەکانی ڕستە (بەتایبەتی بەرکار)ە". ئازاد ئەحمەد حسەین (2012: 242)

[ii] ا. ئاوات ساڵح قادر (2015: 53)

ب. ئومێد بەرزان برزۆ (2010: 132) بۆچوونی وایە، کە "ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی لەجێکەوتەکانی بەرکارو تەواوکەرو سەربارو دیارخەردا پاش گوێزانەوەیان بەجێناوی لکاو (نووسەك) لە دروستەی ڕووکەشدا جێگیردەکرێنو بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە دەلکێن".

[iii] "مۆرفۆسینتاکس هەموو ئەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە کە ئەرکی سینتاکتیکیان هەیەو چەمکەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە_تاكو کۆ، ڕەگەز، دۆخ، کەسو دەمکات...تد دەگرێتەوەو مۆرفیمە ڕێزمانییە وشەگۆڕەکان (Inflectional morphemes) دەیان نوێنن". ئەبوبەکر عومەر قادر (2003: 28). هاوکات پێشڕەو ساڵەح عەلی

(2015: 90)یش لەمبارەیەوە دەڵێت: "مۆرفۆسینتاکس دارِشتەیەکی تێکچڕژاوی ئاڵۆزی مۆرفیمەکانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی‌و سینتاکسە، بەهۆی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە بەیەکەوە بەستراون".

[iv] کۆپیکردن (لەبەرگرتنەوە): یاسایەکی گواستنەوەیە، جێبەجێکردنی بەسەر ڕەگەزەکانی ڕستە، لە شێوەزاری سلێمانیدا، بە یاسایەکی گواستنەوەی بەئارەزووەوە بەندە. ئازاد ئەحمەد حسەین (2012: 231).

[v] ئومێد بەرزان برزۆ (2010: 149) لەتێزی دکتۆراکەیدا بۆچوونی وایە، دروستەی ڕستە پاش بەرهەمهێنانی، لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش دەگوێزرێتەوە، لەئەنجامی ئەم گوێزانەوەیەدا بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە Transformational rules، کۆمەڵێك پرۆسە جێبەجێدەکرێن، وەك پرۆسەی بەکلیتیککردن‌و پرۆسەی بەلووتکەکردن !

[vi] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف‌و کاروان عومەر قادر (2011: 432)

[vii] کەتیگۆرییە سەربارەکان بەمۆرفیمناکرێن، چونکە لەگەڵ هیچ نیشانەیەکدا ڕێککەوتنیان نابێت. بۆ نموونە مۆرفۆسینتاکسی ڕستەکانی <ئێمە خانووەکەمان کڕی> و <ئێمە دوێنێ خانووەکەمان کڕی >، هەمان دروستەی <کڕیمان Ø> یان هەیە، کە تەنها کەتیگۆرییە خورتییەکانیان بە مۆرفیم نوێنراون.

[viii] ا. هەندێك لێکۆڵەر، دروستەکانی (سوتام، دێ، خواردمان، نوسییان، بردت، هێنای.....) بە سادەترین ڕستە، یان ڕستەی وشەیی، ناودەبەن. بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (2014: 48)

ب. عرفان مستەفا حمە رحیم (2003: 42) پێیوایە، مۆرفۆسینتاکس خاوەنی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی‌و دروستەیەکی سینتاکسییە، هەروەك دروستەکەش بە ڕستەیەکی ناوکەوتوو/ بەناویەکدا شکاوە ناودەبات.

[ix] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2014: 98)

[x] لە هەندێك توێژینەوەدا ئەو بۆچوونە خراوەتەڕوو، کە هەموو کردارێك لە کوردییدا ڕستەیە، کاتێك بە تەنها دەردەکەوێت، بەوپێیەی ڕستە بریتییە لە کردارو پێویستییەکانی. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (1995: 78)، هەروەك ئەو بۆچوونەش لەئارادایە، کە پێیوایە، دەشێت ڕستەی سادە لە کوردییدا لە تاکە وشەیەکدا بێت، بەجۆرێك سادەترین ڕستەی کوردیی، لە کردارێکی گەردانکراو پێکدێت، کە چەمکی بکەرو کردارو هەندێکجار بەرکاریشی تێدا بێت. نازەنین جەلال (1995: 51)، بەڵام بەپێچەوانەوە بەپێی شیکردنەوەو بەڵگەکانی ئەم توێژینەوەیە، سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس لەڕووی پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی (دروستەی ئارگومێنت)و سیمانتیك‌و تەنانەت پارامێتەریشەوە، دوو پرۆژەی ئەلتەرناتیڤی یەکترن.

[xi] ئاوات ساڵح قادر (2015: 53)

[xii] محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (2001: 339) پێیوایە، جێناوی لکاوی بکەریی زمانی کوردیی، بەشێکی فەرهەنگیی کردارەکەن، بەواتا لەڕێی جێبەجێکردنی یاسای جێگۆڕکێوە پەیدا نابن، بەڵکو خۆیان لە بنەڕەتدا هەن. هەر لەم ڕووەوە، تارا موحسن قادر (2004: 55_59)یش وایبۆدەچێت، کلیتیکی بکەریی، بەرهەمی گواستنەوە نەبێت، بەڵکو بەرهەمی دروستەی قوڵ بێت، هەمبەر بەمە، کلیتیکی بەرکاریی، بەرهەمی سینتاکسیی بێت، کە لە پاش بەکلیتیککردن‌و گواستنەوە لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا بەرهەمدێت، بە بەڵگەی ئەوەی، کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە فۆرمی تەواوی فەرهەنگیدا، چونکە ئەگەر کلیتیکی بەرکاریی، وەك بکەریی، بەرهەمی دروستەی قووڵ بووایە، نەدەبووە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنیدا. لەڕاستیشدا ئەم لێکدانەوانە، لەگەڵ بۆچوون‌و شیکردنەوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا یەکناگرنەوە، چونکە ئاڕاستەی کارکردن تێیدا بەو جۆرەیە، کە هەردوو کلیتیکی بکەریی‌و بەرکاریی لە دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدەن، هەروەك هێنانەوەی نموونەو بەڵگەی پێویست، دروستیی بۆچوونەکە پشتڕاستدەکەنەوە.

[xiii] سەرچاوەی پێشوو، 54

[xiv] ئازاد ئەحمەد حسەین (2009: 104)

[xv] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی جوڵاندنەوە، بڕوانە:

Kobele, G. M/ http://home.uchicago.edu/~gkobele/files/Kobele10AAbar.pdf

[xvi] پێشڕەو ساڵەح عەلی (2015: 112) بۆچوونی وایە "لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا، کەرەستەکانی دروستەی ڕستەی تەواو لە ئاستی قووڵەوە DS بۆ ئاستی ڕووکەش SS بچووکدەکرێنەوەو ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لێدروستدەکرێت".

[xvii] بۆ دەستخستنی زانیاریی لەبارەی تیۆری جوڵەی کۆپییەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

(a) Baltin, M. (2010: 1) / https://as.nyu.edu/content/dam/nyu-as/faculty/documents/baltin_copytheoryofmovement.pdf

(b) Bošković, Ž. & Nunes, J. / http://web.uconn.edu/boskovic/papers/Boskovic-Nunes-2007.pdf

---

[xviii] Radford, A. (2012: 125)

[xix] ibed, 394

[xx] بەلای چۆمسکیی 1981 ەوە، پێویستە شوێنپێ لە جێکەوتەی بنەڕەتیدا، بەهۆی پەیوەندیی ئاماژەبۆکراوی شوێنپێکەوە، حوکمبکرێت. Kang, D. (2005: 17)

[xxi] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی شوێنی کلیتیکی بکەریی‌و بەرکاریی لە ڕستەدا، بڕوانە: تارا موحسن قادر (2004: 54_55)

[xxii] Cook, V. & Newson, M. (1997: 194)

[xxiii] مەبەست لە سەرەوڕیزبوونی ڕستەیەکی ئاساییە، نەك دروستەی ترۆپك، کە تێیدا بەرکاری ڕستە دەهێنرێتەپێشەوە، سەرباری ئەوەش، لەم توێژینەوەیەدا کردارە ڕابردووەکان کراونەتە پێوەری شیکردنەوەو دەستخستنی ئەنجامەکان، نەك کرداری ڕانەبردوو.

[xxiv] وریا عومەر ئەمین (2016: 24_25) بە ناونیشانی (شوێنی ڕاناوی لکاو لەناو داڕشتەی کاردا)، بەپێی جۆری بکەر، ئاماژەی بە سەرەوڕیزبوونی هەردوو دەستەی (1)و (2)ی جێناوەکان/ کلیتیکەکان کردووە.

[xxv] محەمەد مەعروف فەتاح (2010: 246) بۆچوونی وایە، پێشبینیی ئەوە ناکرێت، کە نیشانەکانی ڕێککەوتنی (بکەریی‌و بەرکاریی) لەناو دروستەی هەمان کرداردا، کامیان پێشتر دێت، هەمبەر بەم بۆچوونە، وریا عومەر ئەمین (2004: 101) چۆنێتیی ڕیزبوونی پێکەوەهاتنیانی دیاریکردووە.

[xxvi] مەرج نییە ڕوودانی نیشانەی ڕێککەوتن‌و مۆرفیمی تاف لە هەموو زمانێکدا هەر بەمجۆرە بێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییدا نیشانەی تافی ڕابردوو /_ed/و نیشانەی ڕێککەوتنی ئاشکرای کەسی سێیەم /_s/ لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، کەچیی لە زمانی ئایسلەندییدا، نیشانەکانی تافی ڕابردوو /_ðuð, _i/ لەگەڵ نیشانەکانی ڕێککەوتندا، ئازادانە پێکەوە ڕوودەدەن. Bobaljic, J. D. (1995 :28). کەواتە ئەگەر دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژیی تاف، دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژیی ئەگریمێنت بلۆکبکات، ئەوکات پێویستە هەردوو چەمکەکە، لە مۆرفیمە دەرکەوتووەکەدا بەرجەستەببن.

[xxvii] پڕۆسە بەلێکسیمبووەکان لە سینتاکسەوە نەخشەیان بۆ دەکێشرێت، ئەویش بەوپێیەی یاساو دروستە سینتاکسییەکان لە بنیاتی فۆرمە مۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکاندا ڕۆڵیان هەیە. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2013: 73). بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پڕۆسەی بەلێکسیمبوون، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (2006: 108_114)، محەمەد مەجید (2015: 45_50). هەروەها سەبارەت بە پڕۆسە بەلێکسیمبووەکانی کرداریش، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف‌و کاروان عومەر قادر (2011: 19_23)

[xxviii] ئارام ڕەشید مەجید (2016: 63)

[xxix] شایانی گوتنە لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، هاوشێوەی سینتاکس، سەرە حوکمکەرەکانی V^0، V^-، T^- ڕوودەدەنەوە، بەپێچەوانەوە بۆ نواندنی مۆرفۆسینتاکس، هەندێك لە ئارگومێنتە حوکمکراوەکان، ئەوانەی لە سینتاکسدا هەبوو و دەرکەوتوون، نیشانەی ڕێککەوتنیان نابێت، بەواتا کۆپییناکرێن. هۆو پاساوی ئەم سنوور بۆدانانەش، بە جۆری فیچەری واتایی پۆلەڕەگەزە سینتاکسییەکانەوە پەیوەستە.

[xxx] ئاوات ساڵح قادر (2015: 54)

[xxxi] Radford, A. (2012: 394)

[xxxii] وریا عومەر ئەمین (2004: 99) بۆچوونی وایە، گەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوی لکاو جێگیرکرا، ئەوا پریپۆزیشنی /بە_/ دەبێت بە /پێ_/و /لە_/ش دەبێت بە /لێ/.

[xxxiii] بڕوانە: وەچەپاری (1/1)ی توێژینەوەکە.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 254 – 268
http://www.ijoks.com

The Role of Term in Enriching Kurdish Dictionary

Bakr Omar ALI[1]& Suzan Saadulla ABDULKANY[2]

Received: Dec 05, 2017 **Reviewed**: Dec 30, 2017 **Accepted**: Jan 11, 2018

Abstract

This study is a part of my PhD dissertation entitled (The Role of Term in Enriching Kurdish Dictionary), This study is an attempt to approach a basic method of Kurdish lexicon development, namely terminology, which has a vital role in its enrichment process especially to bring the language up to date. To catch up with modern life which has been witnessing unlimited number of inventions and new concepts, new technical terms are coined and later become a deep-rooted part of the language. Consequently, new entries find their way to the language dictionary. Terminology covers terms that are technically used in different domains like science, literature, policy, etc.The present descriptive study aims at depicting how terminology enriches Kurdish lexicon. The examples provided in the study are terms which are of technical uses in various special domains. The study is of two sections. The first is theoretical and explicates the concept of terminology and what is relevant to the term. The second part includes two sections: one sheds light on lexicography and the general and specific importance of dictionary; and other deals with coining technical terms and the foreign terminology in Kurdish language with special investigation to the ways they have entered the Kurdish dictionary. In the conclusion, the results are manifested and tailed with the list of the references used in the study.

Keywords: Term, Dictionary, Lexicalization, Foreign Term.

Recommended citation:

Abdulkany, S.S. & Ali, B.O. (2018). The role of term in enriching Kurdish dictionary. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 254 –268. DOI: 10.21600/ijoks.383406

[1] Prof. Dr, Department of Kurdish language, College of language, Sulaimani University ,Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq .

[2] A lecturer , Department of Kurdish language , College of Education and Natural Sciences , Charmo University ,Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq . Email: suzan.saadulla@charmouniversity.org .

پێشەكی :

توێژینەوەكە پوختەی بەشێكە لە بەشەكانی نامەی دوكتۆراكەمان ، كە پێشكەشی سكولی زمانی زانكۆی سلێمانی كراوەو، ئەم بەشە بۆ یەكێك لە ڕێگە بنەڕەتییەكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردی تەرخانكراوە ، كە ئەویش زاراوەیە . (زاراوە) ڕۆڵێكی باڵا دەگێڕێت لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ ، چونكە لەگەڵ پێشكەوتنی خێرایی ژیان و سەرهەڵدانی چەمك و داهێنانی نوێ وشەو زاراوەی نوێ دێتە ئاراوە ، كە بە تێپەڕبوونی كات هەندێكیان ڕەگ دادەكوتن و دەبنە بەشێك لە فەرهەنگی زمان و دەروازەكانی فەرهەنگی زمان لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەرۆكەوە دەگۆڕێت . زاروەكانیش ئەو وشانەن ، كە لەبوارە تایبەتییەكاندا بەكاردەهێنرێن ، وەكو بوارەكانی زانست و ئەدەب و ڕامیاری و... هتد .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، كە ڕۆڵی (زاراوە) لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردیدا بخاتەڕوو، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە ڕێبازی پەسنی - (وەسفی) بەستوە و نموونەكانیش ئەو زاراوانەن ، كە لە بوارە تایبەتییەكاندا بەكاردەهێنرێن .

توێژینەوەكە لە دوو بەش پێكهاتووە ، بەشی یەكەم : تیۆری و ڕوونكردنەوە بۆ چەمكی (زاراوە)و پێویستی زاراوە و ئەو بابەتانەی كە پەیوەندیدارن بە (زاراوە) ، بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێكهاتووە ، لە تەوەرەی یەكەمدا هەندێ لە لایەنەكانی فەرهەنگمان خستوتە ڕوو ، وەكو گرنگی و سوودەكانی فەرهەنگ و چۆنێتی گواستنەوەی وشە و زاراوە لە نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتیدا ، لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی دوو لایەنمان كردووە ، لایەنێك تایبەتە بە لێكسیمبوونی زاراوە و لایەنەكەی تریشیان تایبەتە بەو زاراواە و كەرەستە بێگانانەی ناو زمانی كوردی ، كە بەكاردەهێنرێن و چوونەتە ناو فەرهەنگەكەیەوە ، لە كۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان ، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

1/1) تیۆری و ڕوونكردنەوە:

١-١/١) پێناسەو ڕوونكردنەوە:

زاراوە:

زانایانی ڕۆژئاواو عەرەب، چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ زاراوە داناوە، كۆنتربنیان دەڵێت: " زاراوە وشەیەكە لە بوارێكی پسپۆڕیدا واتاو دارشتنێكی دیاریكراوی هەیە هەركاتێك لە زمانی ئاساییدا بەكارهات مرۆڤ هەست بەوە دەكات كە ئەم وشەیە سەر بە بوارێكی دیاریكراوە." (ممدوح محمد خسارە:٢٠٠٨: ١١). لەوبارەیەشەوە ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ پێوانە (ئیزۆ iso)، پێی وایە " زاراوە ڕەمزێكە ئاماژە بۆ چەمكێكی دیاریكراو دەكات و لە چەند دەنگێك پێكهاتووە وەك وشەیەك یان دەستەواژەیەك خۆی دەنوێنێت لە بوارێكی پسپۆڕییدا بەكاردەهێنرێت." (جوانە ئەحمەد حسەین:٢٠١٤: ٧).

هەر لەمبارەیەشەوە، (مەحمود فەهمی حیجازی) لە كتێبەكەیدا، ئاماژە بۆ باشترین پێناسەی زاراوە دەكات لە لای زمانەوانە ئەورووپییەكان، كە ئەو پێناسەیەش ئەوەیە: " زاراوە یاخود دەستەواژەی زاراوەیی، چەمكێكە یان دەستەواژەیەكی لێكدراوە، واتاو بەكارهێنانێكی چەسپاو و دیاریكراوی هەیەو، دەربڕینێكی تایبەتە لە بوارێكی تایبەتدا بەكاردەهێنرێت و لە زمانەكانی تردا هاوواتای هەیە." (١٩٩٣: ٩-١٠).

ئەوەی جێی سەرنجە لەو پێناسانەی، كە خستمانەڕوو، بە هیچ جۆرێك ئاماژە بۆ واژەی (ڕێكەوتن) نەكراوە، پێویستە لە پێناسەی (زاراوە)دا، ئاماژە بە واژەی (ڕێكەوتن) بكرێ، لەبەرئەوەی كۆمەڵێك پسپۆڕ لە بوارێكی تایبەتدا لەسەر زاراوەیەكی دیاریكراو ڕێكدەكەون. بەجۆرێك بگونجێ لەگەڵ چەمكەكەو بەشێوەیەك هیچ ئاڵۆزییەك لای كەسەكانەوە ڕوونەدات. لە لای شارەزایانی عەرەبی ئەم بوارە، جەخت كراوەتەوە لەسەر (ڕێكەوتن) و لە زۆربەی پێناسەكانیشیاندا، ڕەچاوی ئەم واژەیەیان كردووە، بۆ نموونە (الشریف الجرجانی)، بۆ پێناسەی زاراوە دەڵێت: " زاراوە ڕێكەوتنێكە لە نێوان كۆمەڵێكدا دەربارەی چەمكی شتێك یان ڕووداوێك بە وشەیەك، كە لە واتایەكەوە بۆ واتایەكی تر گواسترابێتەوە." (١٩٧١: ١٦). هەرلەمبارەیەوە (أحمد فارس الشدیاق) بۆ پێناسەی (زاراوە) نوسیویە: " زاراوە ڕێكەوتنی گروپێكی تایبەتمەندە لە بوارێكی تایبەتدا." (١٩٧٩: ٤٣٧).

دیدوبۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارە لە زمانی كوردیدا، ئەگەرچی جیاوازییەكی زۆر بەدیناكرێت، بەڵام سەرنجیان لەسەر پێناسەی (زاراوە) گۆشەنیگایەكی وەرگرتووە، كە بگوترێ شارەزایانی زمانی كوردیش بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەسەر پێناسەی (زاراوە) هەبێت و سەرنج و تێڕوانینەكانی خۆیان هاوشێوەی ئەورووپی و عەرەبەكان هەبێت. بۆ نموونە:

- شەهاب شێخ تەیب تاهیر: " زاراوە ناوێكی ڕەسەنە لە فەرهەنگی نەتەوایەتی كوردییەوە بەپێی ڕێبازێكی وشەسازی كوردی، بۆ مەبەستێكی دیاریكراو لە كۆڕی پسپۆڕێتیدا سازكراوە." (٢٠١٢: ٢٢٦).
- كامل حەسەن ئەلبەسیر: " زاراوە وشەیەكی تازەبەكارهێنراوە لەلایەن تاقمێكی تایبەتیەوە بۆ مەبەستێكی تایبەتی سازدەكرێت و بەكاردەهێنرێت." (١٩٧٩: ٢٤).
- جەمال عەبدول: " ناوێكی ڕەسەنە، لە فەرهەنگی نەتەوایەتی كوردییەوە، بەپێی ڕێبازێكی وشەسازیی كوردی، بۆ مەبەستێكی دیاریكراو، لە كۆڕی پسپۆڕیدا سازكراوە." (٢٠٠٨: ١٨٥).

- کەمال جەلال غەریب: " مەبەست لە زاراوە هەر وشەیەک (کلمە word)، یان دەستەواژەیەک یان دەربڕینێک (تعبیر expression) کە مانایەکی وردو دەستنیشانکراوی هەبێت، ئەگینا دەبێتە وشەیەکی زمانەوانیی ئاسایی و هەموو کەسێک تێی دەگات، کۆمەڵێک لە کەسان یان نەتەوەیەک یان جیهان بڕیاری لەسەر دابێت و لە هەندێک مەیدانی زانستی (scientific) یان هونەری و کارپێکردن (تقنی technical) یان پیشەیی (مهنە- profession) یان بابەتی یاساییدا (قانونی، شەرعی legal) بەکاربهێنرێت." (٢٠١٢: ١١).

لە دوای دەرخستنی پێناسەکانی (زاراوە) لە لایەن پسپۆڕانی زمانەوانییەوە دەردەکەوێت، کە (زاراوە) ئەو وشەیەیە بۆ واتاو چەمک و مەبەستێک دادەنرێت لە بوارێکی پسپۆڕیداو ئەو زاراوانە لە فەرهەنگی گشتی زمانەکە وەردەگیرێن و بۆ چەمکێکی دیاریکراو لە بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن. واتە ئەو وشانە واتایەکی نوێ وەردەگرن، کە لە زمانی ئاساییدا بەکارهاتووە، لێرەدا دەتوانین بڵێین پێناسەی زاراوە پشت بە سێ بنەما دەبەستێت: وشەو گواستنەوەی واتاو ڕێکەوتن.

٢-١/١) پێویستی زاراوە:

زاراوەکان کلیلی زانستەکانن و کۆڵەکەی زمانی پسپۆڕین و لە بوارەکانی " وەرگێڕان و گواستنەوەی زانیاری و چەمکە نوێیەکان و تۆمارکردنیان و پاشان لە قۆناغەکانی فێرکردندا بە گشتی و قۆناغی خوێندنی باڵا بە تایبەتی". (أحمد بن محمد المعتوق :٢٠٠٠: ٣٥٠). بایەخێکی بێ سنووریان هەیە، بۆیە بەپێی دەربڕینی خوارزمی دەگوترێت تێگەیشتنی زاراوە نیوەی زانستەکەیە، لە کاتێکدا ژیان بەرەوپێشەوە دەڕوات و واتاکان بێ سنوور دەبن و وشەکانی زمان بەشیان ناکات، زاراوە بووەتە چارە ڕێگەیەک بۆ کێشەی ناولێنانی چەمکە نوێیەکان بە مەرجێک، کە بگونجێ لەگەڵ واتای ئەو چەمکانە، واتە زاراوە فۆڕمێکە دەبێتە دەربڕی چەمکێک.
بۆ ناسینی زاراوە پێویستە چەند خاڵێک ڕەچاوبکرێت:
١- بواری زانیاری زاراوە دیاربێت.
٢- پەیوەندی زاراوەیەک بە زاراوەکانی ترەوە دیاربێت.
٣- چەمکی زاراوەکە هیچ جۆرە ئاڵۆزییەکی تێدا بەدی نەکرێت.
٤- بۆ دیاریکردنی زاراوە دەبێت لە سەرەتادا چەمکەکە دیاریبکرێت و دواتر زاراوەکەی بۆ دابنێرێت. (جواد حسنی سماعنە:٢٠٠٠: ٩٨٠).

بۆ هەر گەشەو پێشکەوتن و داهێنانێکیش، پێویستمان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی زاراوەی نوێ دەبێت، کە پێشتر بوونی نەبووە لە فەرهەنگی زانست و زمانی تایبەتدا. بە جۆرێک " وشەکانی زمان زیاددەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێکیان لەبەکارهێنان دەکەون بەڵام بزوتنەوەیەکی بێ ووچانو بەردەوام لە زماندا هەیە وشەی نوێ دروست دەبێت لەسەر بنچینەی ئەو ووشانەی لە زووەوە لە زمانەکەدا هەن ووشەی نوێ دروست دەبێت." (محەمەد وەسمان: ٢٠١٢: ٢٤٥-٢٤٦).

کەواتە زاراوە گرنگی خۆی هەیە لە نزیککردنەوەی دیالێکتەکان و ستانداردکردنی زمانی نەتەوەکان و یەکخستنی دەربڕین و دەوڵەمەندکردنیان، فەرهەنگی زمانەکەیش بە وشەو چەمکی نوێ زەنگین دەکات .

هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەستنەوەی پەیوەندی نێوان نەتەوەو گەلەکان و گواستنەوی زانست و تەکنەلۆجیاو زانیاریی نوێ " بۆیە پێوستمان بە زاراوە هەیە لە گشت بوارەکانی ژیانداو ئەو پێویستییەش هیچ کاتێک کۆتایی نایەت و بازنەکەشی هیچ کاتێک داناخرێت بوارەکانیشی دیاری ناکرێن، چونکە زانستێکی تازەیەو پەرەسەندنی بەردەوامە، لەبەرئەوەی بە پەرەسەندنی زانیاری مرۆڤایەتی و فراوانی بازنەیی و بوارەکانی بەندە." (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٣: ١٨٦). هەربۆیە کاتێک، کە زانیاری لەسەر بوارەکان بەردەوام دەبێت، واتە پرۆسەی پەیدابوونی زاراوە وەستانی نییەو هەمیشە لە پەرەسەندندایەو خاڵێک بۆ دەستپێک، کە دەستپێدەکات لە بەرانبەردا ناتوانین خاڵی کۆتایش دابنێین، بەهۆی تازەگەرییەکان و بەردەوامی گەشەی زانست بازنەکان فراوان دەبن و زاراوەی نوێ لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەدۆزینەوە.

زمانی کوردیش بۆ وەرگێڕانی زاراوەکان دەبێت پەنا بۆ گونجاندن ببات، بەڵام ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکات، کە پێشتر خستمانەڕوو، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە توانراوە، بە بەردەوامی بایەخ بە زمان بدرێت و دەوڵەمەند بکرێت بە زاراوەی نوێ، کە سەرئەنجام لە بوارە زانستییەکاندا زمان دەستەوسان نەبێت و لەگەڵ گەشەی دەوروبەردا هەنگاو بنێت و نەوە لەدوای نەوەش ئەم ڕێچکەیە بگوازنەوە لەسەر بنەما زانستییەکانی زمانەوانی لە پێناوی بوژانەوەی زمان و ئاوێتەبوونی هەموو ئەو زاراوە نوێیانەی، کە زۆرجار زانست و تەکنەلۆجیا دەبێتە داهێنەری، زمانی نەتەوەکانیش بۆ جێکردنەوەی بە واتا هاوشێوەکەی بەهای زاراوەی خۆی یان هاوواتاکەی یان وەک خۆی دەدۆزێتەوە.

٣-١/١) وشەو زاراوە:

زمانەوانەکان بۆ باسکردن لە وشەو زاراوە چەندین ڕاوبۆچوونیان بۆ جیاکردنەوەیان پێشکەشکردووە لە بواری زاراوەسازیدا، ئەم بایەخدانەش ئەڵبەتە بۆئەوەیە، کە جیاوازییەکانی وشەو زاراوە لەیەک جیابکرێنەوەو لە ئاخاوتن و نوسینیشدا هەست بە واتاو چەمکەکان دەکرێن، کە سەرئەنجام وەڵامدانەوەی پرسیاری (ئایا جیاوازی لە نێوان وشەو

زاراوەدا هەیە؟)، یان (وشە لە زاراوە جیادەکرێتەوە؟) بدرێتەوە.

بە بیروبۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارە، (وشە) تاڕادەیەک سەربەخۆیە، بەڵام (زاراوە) سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. " سنورێکی (واتایی) بە دەوردا کێشراوەو پەرژینێکی بە دەوری زاراوەکەو تەنانەت نوسەرەکەیشیدا کێشراوەو لە بواری نوسیندا بەکاردەهێنرێت." (عوسمان کەریم: ٢٠١٤: ٢١).

(زاراوە) دەربڕینێکە مانایەکی وردو دەستنیشانکراوی هەیە گروپێک لەسەری ڕێکدەکەون و لە بوارێکی تایبەتدا بەکاریدەهێنن.

(زاراوە) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە وشەوە هەیەو جۆرێکە لە جۆرەکانی وشە " بەڵام ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەیەو لە زانستەکانی وشەسازیدا، چەند باسێکی تایبەتی لە بەشەکانی ئاخاوتن جیای دەکاتەوە." (کامل حسن بصیر:١٩٧٩: ١٠)، (وشە) موڵکی هەموو کۆمەڵە، (زاراوە) " وشەیەکی فەرهەنگی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵک نییە، بەڵکو وشەیەکی نوێباوە بۆ واتایەکی نوێ لە کۆڕێکی زانستی، یان ڕۆشنبیری سەردەمدا سازکراوە." (سەرچاوەی پێشوو:٢٥).

هەندێ جار تێبینی ئەوە دەکرێ، کە زاراوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا خەڵکی ئاسایی وەک وشەیەکی ئاسایی بەکاریدەهێنێ، ئەوەش لەبەرئەوەی " بە تێپەڕبوونی کات و زۆر بەکارهێنانی ئاسان دێتە بەردەست، خۆ سەرەتا هەر زاراوەیەکی نوێ، یان وشەیەکی نوێ بە سەیر دێتەبەرگوێ، بەڵام پاشان خەڵکەکە ئاشنایی لەگەڵدا پەیدادەکەن و ئاسایی دەبێت." (شەهاب شێخ تەیب:٢٠١٢: ١٧٤)، بۆ نموونە (زاراوەی خڕۆکەی سوور، ڤیتامین، بودجە، قەیران، لێزەر، چاندنی قژ، ...هتد).

هەندێ جاریش ئاشنایی لەگەڵ ئەو زاراوانە پەیداناکەن، بۆ نموونە زاراوەی (هەستیار)، کە بۆ زاراوەی (شاعیر)ی عەرەبی لە لایەن هەندێ نووسەر بەکارهێنرابوو، ئەو زاراوەیە نەتوانرا شوێنی وشەی (شاعیر) بگرێتەوە، تەنانەت ڕۆشنبیرو ئەکادیمییەکانیش هەر وشەی (شاعیر) بەکاردەهێنن.

هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە، زاراوە " بە یەکێک لە ڕێگاکانی گۆڕینی واتای وشە لە زماندا بووە بە پسپۆڕو سنوری بەکارهێنانی تەسکبۆتەوە." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٢٤).

زاراوە لە گەنجینەی وشەکان هەڵدەهێنجرێت و لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت، کاتێک وشە بوو بە زاراوە دەبێت بارودۆخی بۆ هەڵبکەوێت و لە واتایەک زیاتر نەگەیەنێت، چونکە وشەکان لەگەڵ دەوروبەرەکانیان واتاکانیان دەگۆڕێت و " واتای فەرهەنگی خۆیان وون دەکەن و بە پێی دەوروبەر واتای نوێی خۆیان وەردەگرن." (عبدالواحید موشیر دزەیی:٢٠١٤: ٩٤)، بۆیە وشە، کە بوو بە زاراوە واتاکەی تایبەت و تەسکتردەبێتەوە.

(زاراوە) گوزارشت لە چەمکێک دەکات، کە لە یەک کێڵگەی زانستی بێ، وشە گوزارشت لە واتا دەکات، هەروەها دەتوانین بڵێین (وشە) سەر بە زمانی گشتییەو (زاراوە) سەر بە زمانی پسپۆڕییە، واتە زمانی زانستی یاخود تەکنیکی لە بوارێکی تایبەتدا.

" ئەرستۆتالیس بۆ دەستکاریکردنی واتای وشە، بە مەبەستی زاراوەسازیی چوار بنەمای داناوە، کە ئەمانەن:

١- گواستنەوەی واتای وشە، لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر.

٢- گواستنەوەی واتای وشە، لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز.

٣- گواستنەوەی واتای وشە، لە جۆرەوە بۆ جۆر.

٤- گواستنەوەی واتای وشە، بەپێی ڕادەی پێوەندی." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٧٩-١٨٠).

زمانەوانە هاوچەرخەکان بەپێی ئەو ڕێگایانەی، کە ئەرستۆ دیاریکردووە بۆ گۆڕینی واتای (وشە) لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە بۆ واتایەکی تر، چەند ڕێگایەکی تر دیاریدەکەن:

١- فراوانکردنی واتای وشەو گواستنەوەی لە چەمکێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی فراوان، بۆ نموونە زاراوەی (سەرچاوە) لە فەرهەنگدا بۆ واتای (سەرچاوەی ئاو)ە، بەڵام لە بوارەکانی زانست و مەعریفەتدا، بووە بە زاراوەیەکی ژیاریی بەربڵاو.

٢- تایبەتمەندکردنی واتای وشەو سنووردارکردنی بەکارهێنانی و گواستنەوەی لە بوارێکی بەربڵاوو فراوانەوە بۆ ئەرکێکی دیاریکراو، بۆ نموونە وشەی (پاڵاوتە) وشەیەکی فەرهەنگی ئاساییە بە تێپەڕبوونی کات بووە بە زاراوەیەکی کیمیایی.

٣- " گواستنەوەی (وشە) لە (واتا)یەکەوە بۆ (واتا)یەکی تر، لەبەر جۆرە پەیوەندی و لێکچوونێک، (ڕێنووس)، واتا ڕاستەقینەکەی بەهۆی لێکچوونەوە بووە بە (زاراوە)یەک بۆ دەربڕینی ڕێ و شوێن و شێوازی نووسین." (جەمال عەبدول:٢٠٠٨ : ١٨١-١٨٢).

٤-١/١) وشەو زاراوە پەیوەست بە پرەنسیپەکانی واتاوە:

١- وشە بە پێی ئەو دەوروبەرە زمانییەی، کە تێیدا دەردەکەوێ واتاکەی ئاشکرادەبێ و لەگەڵ بەکارهێنانی لە دەربڕینی جیاوازدا واتاکەی دەگۆڕێ، واتە (وشە) توانای ئەوەی هەیە هەڵگری چەند واتایەک بێ بە پێی دەرکەوتنی لە دەوروبەری جیاوازدا، بەڵام زاراوە واتاکەی ناگۆڕێ و یەک واتای هەیە، لەو بوارە پسپۆڕییەی، کە تێیدا دەرکەوتووە، چونکە گوزارشت لە چەمکێکی دیاریکراو دەکا، لە بوارێکی تایبەتدا، بەڵام ئەگەر بوارەکە گۆڕا ئەوا واتای (دەلالەت)ی

زاراوەکەش دەگۆڕێ. (قەیس کاکل و دانا تەحسین:٢٠١٣: ١٠٧).
٢- وشە لە هێماو هێمابۆکراوێک پێکدێ (أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية:٢٠٠٥: ٣٠). وشە نیشانەیەکە (هێما) بۆ نیشاندەرێک (هێمابۆکراو)، ئەم وێنە گۆکراوەی خوارەوە، کە پێکدێت لەم دەنگانە (م، ر، ۆ، ڤ) وێنەی هزریی لە ئاوەزدا دروستکردووە، ئاماژەکردنە بۆ گیاندارێکی ناسراو (مرۆڤ).



زاراوە بەرهەمی لکاندنی ناوێکە بە چەمکێکەوە، وەک لەم وێنەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:



زاراوەسازەکان بۆ دانانی ناوێک بەرانبەر بە چەمکێکی دیاریکراو دوو بنەمایان دیاریکردووە:
ا- دەبێ ناونانی چەمک، لەلایەن چەند کەسێکی شارەزاو پسپۆڕەوە لە بوارێکی تایبەتدا دابنرێت، واتە ئەو کەسانە دەبێ شارەزاییەکی باشیان لە بوارەکەو چەمکەکەدا هەبێت.
ب- هەبوونی پێوەندییەک یان لێکچوونێک لە نێوان ناو و چەمکەکەدا، بۆ نموونە لکاندنی ناوێک بە شێوەی چەمکەکە، یان قەوارە، یان ڕەنگ، جوڵە، شوێن، ژمارە، یاخود ناوی داهێنەر، بۆ نموونە:
کرمی گەدە ⟵ پەیوەندی هەیە بە شوێنەکەیەوە.
" وشە گوتەو واتایە. واتە وشە لە ڕێگای شیکردنەوەی زمانی و داتایی شیدەکرێتەوە، کەچی زاراوە ناولێنان و چەمکە. واتە زاراوە لە ڕێگای شیکردنەوەی زمانی و چەمکی و وێنەی هۆشەکی شیدەکرێتەوە." (قەیس کاکل و دانا تەحسین:٢٠١٣: ١٠٧).
٣- وشەکان دەچنە ناو کێڵگەی لێکسیکی، " وشەکانی زمان دەچنە ناو کێڵگەیەکی لێکسیکی کە لەگەڵ وشەکانی تری ناو کێڵگەکەوە لە سیما بنەڕەتیەکاندا هاوبەشن." (أعضاء شبكة تعريب العلوم الصحيه:٢٠٠٥: ٣٠).
ئەگەر کێڵگەی خزمایەتی وەربگرین، باوک و دایک و خوشک و برا،...هتد، وەک نموونەیەک، یەک کێڵگەی واتایی پێکدەهێنن، لەبەرئەوەی یەک سیمای واتاییان هەیە. ئەویش پێوەندی خزمایەتییە.
(زاراوە) دەچێتە ناو کێڵگەی چەمکیەوە، (زاراوە) سەر بە کێڵگەی چەمکیە تەنها لەناو ئەو کێڵگەیەوە چەمکەکەی دیاریدەکرێت، لە نێوان زاراوەیەک و زاراوەکانی ترو چەمکەکانیان، پەیوەندییەکی سنووردار هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستنی لەناو ڕیزبەندی ئەو زاراوانەی، کە پەیوەندی پێوەی هەیە، بۆیە ناکرێت بەدەر لە بوارە زانستییەکەی باس لە (زاراوە) بکرێت. (سەرچاوەی پێشوو:٣٥).
٤- لە زاراوەسازیدا " پێوانە هەیە، کە زاراوەکەی تێدا دیاریدەکرێت، واتە زانستێکە نرخی پێکهاتە زاراوەییەکانی تێدا دیاریدەکرێت، کەواتە پێوانەیەک هەیەو بەپێی ئەوانە زاراوە سازناکرێت. وشەسازی کوردی بە پێی یاساکانی زمانی کوردی و ئەنالۆژیاکەی، وشەی نوێ دروست دەبێت، بۆ نموونە: براژن، ئامۆژن/مامۆژن، کچەزا، کوڕەزا،...هتد"

(عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٣٦)، هەروەها هەندێ جاریش پەنادەبرێتەبەر وەرگێران، بۆ نموونە:

مدينة الألعاب : شاری یاری
القمر الصناعی : مانگی دەستکرد
٥- لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە ئەو وشانەی، کە لەیەک بڕگە پێکهاتوون زیاتر دەچەسپێن و دەمێنن و بەپێی هاتنەناوەوەی چەمک و واتای نوێ و بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە، وشە دەمرێ و وندەبێت، وەک " بوونەوەرێکی زیندوو، بە پێی کات گەشەدەکات و دەمرێت." (حاتم صالح الضامن:١٩٨٩: ١٤٨)، یان جێگەی وشەکانی تری هەمان کێڵگە لەقدەکەن و شوێنیان دەگرنەوە، بۆیە لە جیهانی وشەدا ململانێیەکی بەردەوام هەیە، بەڵام لە زاراوەدا کەمترە لەبەرئەوەی زاراوە زیاتر لە نووسیندا بەکاردەهێنرێ، بۆ نموونە زاراوەی: (ئاوەڵکردار، ئاوەڵکار، ئاوەڵفرمان، ...هتد).
٦- لە (وشە)دا لە هەندێ حاڵەتدا فۆرمی وشە پێش وشە دەکەوێ، بۆ نموونە وشەی (ئەنفال)، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوەو لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە وەک فۆڕمێکی وەرگیراو بووەتە دەربڕی واتاو چەمکێک بۆ ونبوون و بێ سەروشوێنکردن، بەڵام لە (زاراوە)دا چەمک لە پێشترە، چەمکەکە دیاریدەکرێ و دواتر لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە زاراوەیەکی بۆدادەنرێ.

١/١-٥) تایبەتمەندییەکانی زاراوە:

١- دەبێ زاراوە لە تەمومژی و ئاڵۆزی بەدوور بێ و چەمکێکی دیاریکراوی هەبێ، یەک فۆڕم ببێ بە دەربڕی یەک چەمک، لەبەرئەوەی زاراوە چەمکێکە پێشتر سنووری بۆدیاریکراوە.

٢- هەر زانستێک کۆمەڵێ زاراوەی تایبەتی خۆی هەیەو زاراوە لەناو چوارچێوەی زانستی زاراوە (terminology)دا لێکدەدرێتەوە. (محمود فهمی حیجازی:١٩٩٣: ١٢).

٣- " ئەنالۆژیا لە زاراوەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ، بۆ نموونە:
ژانە سک
ژانە سەر } بە ئەنالۆژیا دروستبوون ...هتد" (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٦٣).

٤- زاراوە لەلایەن زانایانی بوارێکەوە دادەنرێ و لەسەری ڕێکدەکەون، هەروەها دەشێ لەلایەن کەسێکی شارەزاوە دابنرێ، بەڵام مەرج ئەوەیە قبوڵ وەرگرێ و بەکاربهێنرێ، لە چوارچێوەی ئەو زانست و بوارەدا، کە زاراوەکەی بۆ دانراوە. (فرحات بلولی:٢٠١٠: ٢٢٢).

٥- زاراوە چەمکێکە پێشتر خاسییەت و سنووری بۆدیاریکراوە، واتە بەهۆی دەوروبەریەوە دیارینەکراوە. (سەرچاوەی پێشوو).
٦- لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، (زاراوە) بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە هەر بابەتێک یاخود زانستێک کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە.
٧- زاراوەی سادە بە پەسەندتر دەزانرێت، تا زاراوەی لێکدراو. (أدريس الحسن العلمی:٢٠٠٢: ١٩).
٨- دەبێ زاراوە تا ڕادەیەک نەرم و ئامادەبێ بۆ داڕشتنی وشەو زاراوەی ترو گونجاو بێ بۆ بەکارهێنان.
٩- زاراوە دوورە لە بازنەی ئیدیۆمداو هێزو توانای کەمە بۆ بەئیدیۆم بوونی ، جگە لە هەندێ حاڵەت، ئەوەش بەهۆی بوونی بە وشەی سەر زاری زۆربەی ئاخێوەرانەوە، بۆ نموونە: بە کەسێکی زیرەک دەوترێت (دەڵێی کۆمپیوتەرە!)، یان کەسێک کە بەخێرایی دەڕوات دەوترێت (دەڵێی ساروخە!).
١٠- ململانێ لە زاراوەدا کەمترە، وەک لەوەی لە وشەی ئاساییدا هەیە.
١١- مان و نەمانی زاراوە پەیوەستە بە چالاکبوونی ئەو زاراوەیە، کە لە چوارچێوەی زانستێکدا هەیەو تەمەنی زاراوەیەک بەندە بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ و تەمەنی ئەو زانستەی، کە زاراوەکەی تێدایە. (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٦٣).

1/2) ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا:

1-1/2) فەرهەنگ:

فەرهەنگ تۆمارگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان و ڕێکخستنیان بەپێی پێرەوێکی تایبەتی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچوون، جگە لەڕیزکردنی وشەو شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتا، هەندێجاریش زانیاری تریشی دەخرێتەپاڵ، سەبارەت بە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و ئیتمۆلۆژییەوە.
فەرهەنگ کتێبێکی سەرچاوەیی و مەرجەعە، وشەو زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەک و دەرخستنی هاوواتاکەی لە هەمان زماندا، یاخود لە زمانێکی دیکە، لەگەڵ

ڕوونکردنەوەی ئەو وشانەی کە لێی وەردەگیرێت و بەکارهێنانی مانا جیاجیاکانی و هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژوویی وشەکان و چۆنێتی گۆکردنیان. (محمد علی الخولی:١٩٩١: ٧٤). فەرهەنگی هەر میللەتێک وەک ئاماژەیەک وایە بۆ زانینی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی و ئابووری ... ئەو میللەتە، لەبەرئەوەی هەر میللەتێک لە بوارێکدا پێشکەوتووبێ، فەرهەنگی زمانەکەیان لەو بوارەدا دەوڵەمەند دەبێ.

فەرهەنگ " زمان لە شێواندن، لاوازیی، پوکانەوە، داتەپین و مردن دەپارێزێ. نەوەی نوێ، بە ووشەی کوردیی کۆن و نوێ پێدەگەیەنێ و زمانیان دەوڵەمەند دەکا. هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین، لە ووشەو زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیی، زمانەکانی بیانیی و نەتەوەکانی جیهان بگەین." (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٨٧).

واتە فەرهەنگی هەر زمانێک سوودێکی زۆری لێوەردەگیرێ و بەهۆی گۆڕانی لایەنەکانی ژیان و شارستانییەتەوە زمان گەشەدەکات و دەگۆڕێت و بەم پێیە فەرهەنگی وشەو زاراوەکانیشی فراوان دەبێ و ئەو لایەنانە زۆرو جۆراوجۆرن، کە دەبنەهۆی فراوانبوونی وشەی فەرهەنگەکان وەک: لایەنی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی نەتەوە، لایەنی ئابووری، ڕامیاری، کاریگەری ئەدەبیات و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری، کاریگەری زمانێک بەسەر زمانێکی ترەوە، هەموو ئەم هۆیانەو چەند هۆیەکی تریش دەبنە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی زمان، " بێگومان پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا، دەگۆڕێت و زیاددەکات و پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ لە گەشەو گۆڕانیدا دێتەکایەوە، ئەو پێویستییانە، پێویستییان بە زمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێک دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت. واتە زمانی زیندوو و ڕەسەن، دەبێت زمانی سەردەم بێت و بتوانێت، پێویستییەکانی سەردەم، لە داهات و داهێنانی تازەی تەکنەلۆژیاو زانستی جۆربەجۆر دەرببڕێت و زمانی زانست و کۆمەڵ بێت." (ڕەفیق شوانی:٢٠٠١: ٤٨)، بۆیە مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی ژیانیدا، پێویستی بە شتی کۆن کەمتر دەبێ و وشەو ناوەکانیشیان وردە وردە ون دەبن، بەڵام لەلایەکی تریشەوە وشەو زاراوەی نوێ دێتە ناو زمانەکەوەو لەبەر پێویستی ژیانی کۆمەڵ بەکارهێنانیان زیاددەبێ لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی فراوانبوون و زیادبوونی وشەو زاراوەی زمان،کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی فراوانبوونی فەرهەنگی زمان.

گرنگی و سوودەکانی فەرهەنگ لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە:

١- "پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان.

٢- توانا بە زمان دەبەخشێ تاوەکو لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەوپێش بچێ.

٣- ئاشکراکردنی واتای وشە نادیارو لێڵەکان.

٤- زانینی نەژادو داڕشتنی وشەکان.

٥- زانینی مێژووی وشەکان و گەشەسەندنیان، جیاوازی لە بەکارهێنانیاندا.

٦- هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی لە بەکارهێنان کەوتوون.

٧- ناسینی خاوەن وتەی بەڵگەیەک لە بەڵگەکان.

٨- ناسینی پێکهاتەی وشە ئاخاوتن – نووسین.

٩- ڕێکخستنی ڕاست و دروستی وشە بە پێی ئەسڵ و گەردانکردن." (بەناز ڕەفیق تۆفیق:٢٠٠٨: ١٨-١٩).

فەرهەنگ سوودێکی گەورەی هەیە بۆ کۆمەڵگا بە تایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی، کە زمان و کلتووری خۆیان دەپارێزن، فەرهەنگی سەرکەوتوو ئەو فەرهەنگەیە، کە سەرجەم وشەکانی زمان لەخۆدەگرێ، بە وشەی کۆن و نوێ و دەبێتە گەنجینەیەک بۆ زمان، کۆمەڵێک وشە لەناو زماندا هەن پەیوەستن بە شتە مێژووییەکانەوە پێیان دەوترێت (وشەی ونبوو)، ئەو وشانە لەناونەچوون، بەڵکو ون بوون و چوونەتە ناو گروپی وشە مێژووییەکانەوە، ئەگەر هەوڵێک بۆ پارێزگاریکردنیان لە ونبوون و لەناوچوونیان نەدرێت ئەگەرێکی دوور نییە نەوە لەدوای نەوە کەم تا زۆر بەشێکیان بە یەکجاری ماڵئاوایی لە زمانەکە بکەن و دواتریش و سەرلەنوێ ئەرکی کۆکردنەوەیان هێندە قورستر دەبێ، کەواتە فەرهەنگ تەنها ئەرکی ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی وشەکان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە مێژوو و ناسنامەی زمانەوە.

هەروەها ئەو وشە کۆنانە دەتوانرێ سوودیان لێوەربگیرێ بۆ واتای نوێ، " بۆ نموونە (carvan) لە زمانی ڕووسیدا بە واتای کاروان هاتووە، بەڵام ئێستا بە واتای ژوورێکی دەستکرد دێت، بە هەمان شێوە ئەم وشەیە لە کوردیدا بەکاردێت و هەمان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٢٢).

زیادبوون و گۆڕانی وشە دیاردەیەکی سروشتی زمانەکانەو زمان توانای داهێنانی وشەی نوێی هەیە بۆئەوەی بتوانێ شان بەشانی پێویستییەکانی ژیان بڕوات، ئەم ڕاستییەش لە سەرجەم زمانە زیندووەکاندا سەرنج دەدرێت، بۆ نموونە " ژمارەی وشەکانی ئەو فەرهەنگەی کە کۆڕی زمانەوانی فەرەنسی، لە سەدەی حەڤدەهەمدا، بڵاویکردەوە، تەنها بیست هەزار وشە بوو، کەچی لە سەدەی بیستەمدا وشەکانی ئەو فەرهەنگە ژمارەیان بووە سی و پێنج هەزار وشە." (وجیه حمد عبدالرحمن:١٩٨٢: ٦٧). ئەوەی پێویستە بوترێ، کە فەرهەنگیش لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونی کەلوپەل و پێویستیەکانی مرۆڤ و گەشەکردنی بیری مرۆڤ، وشەو زاراوەکانی زیاددەکات و لە سنوورێکدا ناوەستێت.

هەندێ لە فەرهەنگەکانیش لە پاڵ لێکدانەوەی واتای وشەکانی بە هەمان زمان یان بە زمانێکی تر، گرنگی بە ڕوونکردنەوەی بنج و ڕەچەڵەک و شێوەی بنەڕەتی وشەکان دەدات و ڕەسەنیان پیشاندەدات و سەرچاوەی پەیدابوون و

وەرگرتنی وشەکانی زمانیش ئاشکرادەکات.
هەروەها " مەرجی سەرکەوتنی فەرهەنگێک، دیاریکردنی زۆربەی زانیاریەکانە چونکە بەراوردکردنیان بە دەروازەی زانیاریەکانی وشەکانی مێشک هێشتا کەمە." (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ٨).

2-1/2) جۆرەکانی فەرهەنگ:

فەرهەنگ گەلێک جۆری هەیە، هەر فەرهەنگێک ئامانج و سوودی تایبەتی خۆی هەیەو لەسەر بنەمای جیاواز فەرهەنگەکان دەنووسرێن، بۆ نموونە لەسەر بنەمای مەبەست و شێوەی لێکدانەوەی کەرەسەی زمان، وەک: (فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی، فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی – بیانی، فەرهەنگی زمانی بیانی – نەتەوەیی) (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥: ٤٨٧). یان لەسەر بنەمای واتایی یاخود بە پێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوی وشەکان، وەک (فەرهەنگی بنەڕەتی، فەرهەنگی گشتی) (تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: ١٣).
بە تێکڕای وشەکانی زمان دەوترێت فەرهەنگی گشتی زمان. فەرهەنگی هەموو زمانێکیش بریتییە لە: (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا:٢٠١٣: ١٠).



کەواتە (فەرهەنگی گشتی) سەرجەم وشەکانی زمانێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت و فەرهەنگی بنەڕەتی بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، کە بە کاکڵ و مەغزای زمان دادەنرێت و وشە ڕەسەنەکانی زمان دەگرێتەوە، کە ناسراون لە لایەن کۆمەڵێکی دیاریکراو، بەدەر لەو دیالێکتەی قسەپێدەکەن و بەدەر لەو چینە کۆمەڵایەتییەی، کە بەشێکن لێی و مەرج نییە تایبەت بن بە ناوچەیەکی دیاریکراو یان پیشەیەکی دیاریکراو گرنگ ئەوەیە کە مۆرکێکی نیشتمانییان هەیە. (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٩). وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی دەچنە ڕیزی وشە ئەکتیڤەکان، کە هەمیشە بەسەر دەمەوەن و بەکاردێن.
فەرهەنگی گشتی زاراوەو وشە وەرگیراوەکانیش – خواستراوەکان – دەگرێتەوە، کە بەهۆی کارتێکردنی زمانەکان بەسەر یەک دێنە ناو زمانەکانەوە، بۆ نموونە زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی هەبووە لەبەر گەلێک هۆکار، بۆیە گەلێک وشەو زاراوە لەو زمانانەوە وەرگیراون و ڕۆژانە بەکاردێن، هەروەها لەم سەردەمەدا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی کوردی هەیە.

3-1/2) فەرهەنگی تایبەتی (فەرهەنگی زاراوە):

لە ساڵانی دواییدا چەندین مامۆستاو شارەزایانی زمانی کوردی خزمەتێکی گەورەیان بە زمانەکە کردووە، ئەویش بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە وشەو زاراوانەی، کە پەیوەندییان بە شارەزاییەتی تایبەتی خۆیانەوە هەیە، کۆکردنەوەی ئەو وشەو زاراوانە لە کتێبێکدا هەر فەرهەنگە، بەڵام ئەو فەرهەنگانە تایبەت دەبن بە بوارێک یان زانستێکەوە، بۆیە پێی دەوترێت (فەرهەنگی تایبەت) یان (فەرهەنگی زاراوە)، ئەم جۆرە فەرهەنگانە زیاتر بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە بوارێکی تایبەتدا بەکاردەهێنرێن، چونکە لای هەموان ئاشکرا نین و بەکارناهێنرێن. هەر زانست و پیشەیەک کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیەو ئەو زاراوانە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا ڕوو لە زیادبوون دەکەن، بەو پێیە زاراوەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ئەم گەشەو زیادبوونە " هەروا بە ڕەمەکی پەیدانابن، بەڵکو بە پێی یاساو دەستورو پێوانە و ڕێگەو ڕێبازی تایبەتییەوە بەرهەم دێن." (شادمان سالار نەریمان:٢٠٠٨: ٣٢). واتە دەبێ پێوەرەکانی وشەسازیی کوردی و یاساکانی زمانی کوردی ڕەچاوبکرێن و هاوتاسازی بۆ زاراوە بیانییەکان بکرێ یان لە ڕێگەی قەرزکردنی زاراوە لە زمانی ترەوە بکرێ. شارەزایان بۆ سازکردنی زاراوەی نوێ، بۆئەوەی ببێتە دەربڕی چەمکێکی نوێ، چەند ڕێبازێکیان پەیڕەوکردووە:
١- داڕشتن
٢- لێکدان
٣- فرێزی چەسپاو (حاتەم ولیا محەمەد:٢٠٠٠: ٢٩).

٤- وەرگێران (کاڵکە). (ئیبراهیم ئەمین باڵدار:١٩٨٦: ٢٢٠).
٥- گەورەکردنی کەرەستەی خۆماڵی لە ڕێی فراوانکردنی واتاکانیانەوە (عوسمان کەریم:٢٠١٤: ٨٤).
٦- وەرگرتن (خواستن).
٧- داتاشین - کورتکردنەوە (کامیل حەسەن بەسیر:٢٠١٣: ٣٨).

4-1/2) گواستنەوەی وشەو زاراوە لە نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتیدا:

أ- گواستنەوەی وشە لە فەرهەنگی گشتییەوە بۆ فەرهەنگی تایبەتی.

ئەم جۆرە گواستنەوەیە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی لە زماندا بەرچاودەکەوێ، گەلێک وشە لە فەرهەنگی گشتییەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو فەرهەنگی تایبەتی، گواستنەوەی وشەیەک بە واتایەکی گشتی ئاسایی بۆ زاراوەیەکی تایبەت بە زانستێک و چەمکێکی تایبەتی، مەرج نییە ئەو وشانە کاتێک دەچنەناو فەرهەنگی تایبەتییەوە واز لە واتا گشتییەکانیان بێنێن ، بەڵکو لە هەردوو جۆرە فەرهەنگەکەدا (واتای گشتی، چەمکی تایبەتی) بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە وشەی (زمان)، دوو واتای هەیە:

زمان: (فەرهەنگی گشتی) زمان پارچە گۆشتێکە لە جەستەی مرۆڤدا هەیە.
زمان: (فەرهەنگی تایبەتی) لە زانستی زمانەوانیدا بەکاردەهێنرێ، چەمکێکی تایبەتی هەیە.
توێژ: کۆبوونەوەی چەوری پێکهاتەیەک (فەرهەنگی گشتی)
توێژ: چینەکانی کۆمەڵگا (فەرهەنگی تایبەتی).

لەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێت زاراوەی (زمان) , کە لە فەرهەنگی گشتییەوە گواستراوەتەوە بۆ فەرهەنگی تایبەتی، واتا گشتییەکەی لەدەست نەداوەو بۆ هەردوو واتاکە بەکارهاتووە، بە هەمان شێوە بۆ وشەی (توێژ)یش.



ب- گواستنەوەی زاراوە لە فەرهەنگی تایبەتییەوە بۆ فەرهەنگی گشتی.

زاراوە لە ئامێزی پسپۆڕێتیکاندا سەرچاوەی وەرگرتووە، زۆرجار بەخێرایی بڵاودەبێتەوەو دەکەوێتە سەر زاری زۆربەی قسەپێکەرانی زمانێکەوەو لە فەرهەنگی گشتی تۆماردەکرێ لەپاڵ مانەوەی لە فەرهەنگە تایبەتیەکەدا، ئەم دیاردەیە زیاتر لەو چەمکانەدا ڕوودەدا کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵگاوە هەیە. (أعضاء شبكة العلوم الصحية:٢٠٠٥: ٣٧). بۆ نموونە ئەو زاراوانەی پەیوەندییان بە باری تەندروستی و سیاسی و ئابووری خەڵکەوە هەیە، خێرا بڵاودەبنەوە، بەڵام ئەو زاراوانەی کە پەیوەندییان بە زانستی کیمیاو فیزیاوە هەیە کەمترن، بۆ نموونە:
دەستکرد، داهێنان، دراوی ساختە، بودجە، پەراسیتۆڵ، ئینتیهاب (التهاب)، سۆنەر، دەرماڵە، ...هتد.



ئەوەی پێویستە بوترێ، کارلێکی نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتی زاراوە بەردەوامە و ڕوو لە زیادبوون دەکات.



2/2) بوون بە لێکسێمی زاراوەو وشەی بیانی:

1-2/2) ڕوونکردنەوەیەک بۆ ـ بە لێکسێم:

بە لێکسێم پرۆسەیەکە وەک جۆرێک لەبەکارهێنانی سەلیقە بە شێوازێکی پەیڕەوبەندانە لە لایەن ئاخێوەری زمانێکەوە ئەنجامەدرێت و " پرۆسەیەکە بۆ تێکردەی توخمێک لە فۆرمی وشە، یان فریزدا بۆناو فەرهەنگی زمانێک." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ٤٥)، هەروەها ئەم پرۆسەیە تەنها لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەت ئەنجام نادرێت، بەڵکو دەتوانرێت لە ڕێی قەرزکردنی زاراوەو وشەی بێگانەش (Borrowing Word) ڕوودەدات.

لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە " یەکە نوێیەکان کە وەک یەکەی فەرهەنگی ڕەچاودەکرێن، بەدی دێن." (Brinton and Traugott:2005:32). هەروەها پرۆسەکە بە گۆڕینی فۆڕمێکی ئازادی سینتاکسی بۆ فۆڕمێکی چەسپاوی مۆرفۆلۆجی/فەرهەنگی دەبێت، واتا: هەر فۆڕمێکی زمانی پەیوەست بە نواندنی واتاییەوە، کەوتە دەرەوەی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەوە ئەو کاتە بە لێکسیم دەبێت. (ئاڤێستا کەمال مەحمود:٢٠١٢: ١٣٥). واتە بەلێکسیمبوون بە واتای داهێنانی وشەی نوێ دێت و دەکرێت بە دوو شێوە ڕوودەدات (أ) لە ڕێگەی دروستە سینتاکسییەکانەوە، (ب) لە ڕێگەی خواستنی وشەی بێگانەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێ ئەم پرۆسەیە تەنها لەسەر وشە جێبەجێناکرێ، بەڵکو لەسەر زاراوەش دەکرێت، چونکە زاراوە جۆرێکە لە وشە بۆیە ئەو پرۆسانەی کە وشەی پێی دروستدەبێت زاراوەش دەگرێتەوە.

2-2/2) وەرگرتنی کەرەستەی بێگانە:

لە هەموو زمانێکدا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان بە وشەو زاراوەی پێویست پەنادەبرێتەبەر ڕێگای وەرگرتنی کەرەستەی بێگانە هەر زمانێکیش بە ڕادەی جیاواز ئەو کەرەستانە وەردەگرێت، بوونی ئەو کەرەستانەش لە زماندا کاریگەریەکی نەرێنی ناکات لەسەر زمان و بێگومان هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێت، بگرە دەوڵەمەندیشی دەکات، ئەگەر بەپێی پێویست و مەرجی تایبەت پرۆسەی وەرگرتنەکە ئەنجام بدرێت.

پرۆسەی وەرگرتن تەنها (وشە)و (زاراوە) ناگرێتەوە بەڵکو هەموو یەکەو دانەکانی تری زمانیش دەگرێتەوەو لە زمانێکەوە دەچنەناو زمانێکی ترەوە، لە بچووکترین کەرەستەی زمانی کە دەنگە تا گەورەترین کەرەستە، کە ڕستەیە. ئەم کەرەستە بێگانانەی ناو زمانی کوردی هەندێکیان بە ڕادەیەکی زۆر لە لایەن قسەپێکەرانەوە بەکاردەهێنرێن وەکو کەرەستەکانی (دەنگ، فۆنیم، وشە) بە تایبەت وشە، کە هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێت، بەڵام هەندێکی تریان کەمتر بەکاردەهێنرێن وەکو (فرێزو ڕستە) بێگانەکان، مەبەستمان ڕیزبوونی کەرەستەکانیانە بە پێی یاسابەندیی زمانانی تر، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە هەندێک کەس لە زمانێک زیاتر دەزانێ و بەبێ ئاگایی پەیڕەوی ڕیزبەندی ڕێکبوونی کەرەستە بنجییەکانی نێو ڕستەی زمانێکی تر بەکاردەهێنێت بۆ ڕیزکردنی کەرەستەی ڕستەی زمانەکەی خۆی و لێرەدا قسەکەر تەنها وشەکانی تایبەتن بە زمانەکەی خۆی و ڕیزکردنەکەی ڕیزکردنی زمانێکی ترە، بەڵام ئەم جۆرە وەرگرتنە (وەرگرتنی یاساو ڕێسای بیانی) زمان تووشی نەمان و لەناوچوون دەکات، بۆیە پێی دەوترێت: (ژەهری زمانی)، دەستەواژەی ژەهری زمانی (language poison) " لە زانستی زمانی نوێدا، بەو یاساو ڕێسا خوازراو، یان وەرگیراوانە دەوترێت، کە دەچنەناو زمانێکی ترەوەو بەپێی تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بە زمانە وەرگیراوەکە دەبن و کار لە یاساو ڕێساکانی دەکەن و دواجار بەرەو مردن و لەناوچوونی دەبەن." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ١١٢). ئەوەی پێویستە بوترێ ژەهراویبوونی زمان زیاتر لە ڕێگەی (وەرگێڕان)ەوە ڕوودەدات بە تایبەتی وەرگێڕانی وشە بەوشە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زانیارییەکان لە قاڵبێکی زمانی بێگانەوە بێتەناو قاڵبی زمانێکی تر. (وریا عومەر ئەمین:٢٠١١: ٨٨). زمانی کوردی لەڕووی ڕستەسازییەوە بە هۆی هۆکارێک یان زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیەوە ئەمەش وایکردووە، کە هەندێ قاڵبی زمانی عەرەبی بێتە ناو زمانەکەمانەوەو لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیدا ئەم قاڵبە نامۆیانە دەکەونە بەرچاو، بۆیە قسەکەری زمانی کوردی وای لێهاتووە بەبێ ئاگایی خۆی ئەم جۆرە ڕستانە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن وەردەگرێت و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا بەکاردەهێنێت. بۆنموونە:

دەستم کرد بە نووسینی ئەم کتێبە.

پێویستە بوترێت: دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد.

هەروەها وەک زاراوەی (علم النفس)، هەندێجار پێی دەوترێت (زانستی دەروون)، کە قاڵبێکی عەرەبییەو وشەکان کوردین و ڕاستر وایە بوترێت (دەروناسی). (ئەکرەم قەرەداغی:١٩٨٠: ٢٧). ژەهری زمانی تەنها لایەنی ڕێزمانی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی فۆنۆلۆژیش دەگرێتەوە، ئەو دەنگانە کە لە زمانێک وەردەگیرێت و تێکەڵی سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانێکی تر دەبن و دەچنەناو پێکهاتەی چەندین وشەوە. (کامەران ڕەحیمی:٢٠٠٧: ١٦). بۆ ئەم باسە لە (بەشی سێیەم) تەوەرەی (وەرگرتن بە پێی ئاستەکان) زیاتر خراوەتەڕوو.

3-2/2) بە لێکسێمبوونی زاراوەو وشەی بیانی:

کاتێک قسەپێکەرانی زمانێک زاراوەو وشەیەکی گونجاویان نەبێت بۆ هەندێ چەمک و واتا ناچاردەبن پەنابەرنەبەر زاراوەو وشەی زمانی ترو بەکاریبهێنن، تاکو بتوانن لە ڕێگەی ئەو وشەو زاراوە خوازراوەی بەکاریدەهێنن کەلێنی زمانەکەیانی پێ پڕبکەنەوە.

زمانی کوردیش وەک زمانەکانی تر کۆمەڵێک وشەو زاراوەی بێگانەی تێدایەو لە چوارچێوەی زمانەکەدا بەکاردێت و ڕۆژانە لەسەر زاری خەڵک و لە بەرهەمی نوسەران و ڕۆشنبیراندا بەرچاودەکەوێت، وەرگرتنی وشەو زاراوەی بیانی بۆ لاوازی زمانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوەو دێتەناو زمانەوە لەوانەش: (داهێنان و دۆزینەوەکان، شارستانییەت و ڕۆشنبیری، دراوسێتی و کۆچکردن، ئایین، سیاسەت، زانینی زیاتر لە زمانێک، ...هتد) ئامانجی سەرەکی لە بەرکارهێنانی زمان گەیاندنی واتایە و دروستکردنی پردی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، " زمان بریتییە لە ڕێکخراوێکی هێمایی دەنگی سەربەخۆ، بە شێوەیەکی خۆرسکی و لەخۆوە لە کۆمەڵدا بەرهەمدێت، بە مەبەستی تێگەیشتنی نێوان تاکەکان بەکاردێت." (فؤاد مرعی:٢٠٠٢: ٧٠). و لە کاتێکدا چەمک و واتایەک دێتەپێشەوە و لە زمانەکەدا وشەیەک بەرانبەری نەبێ بە تەواوی مەبەستەکە بپێکێت و واتا بگەیەنێت، بە ناچاری پەنادەبرێتەبەر وشەو زاراوەی بیانی بە ڕەچاوکردنی تایبەتێتی زمانی وەرگر، بۆئەوەی ئەو بۆشاییەی پێ پڕبکرێتەوە، کە لە زمانەکەدا هەیە. زمانی کوردی بۆ واتای هەریەک لەم چەمکانە وشەکانی: (حکومەت، وەزارەت، سیاسەت، دەوڵەت، لیژنە، کۆلێژ، پەرلەمان، پەساپۆرت، ڤیستیڤاڵ، کەرنەڤاڵ، کۆنفرانس، زەکات، ...هتد) بەکارهێناوە، هەروەها لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا دەیەها وشەو زاراوەی بێگانە دەبیسترێ لەوانەشە هاوواتاکانیان لە زمانی کوردیدا هەبن، بەڵام لە هەموو کات و شوێنێکدا واتای تەواو نەبەخشێ و مەبەستەکان نەپێکێ، بۆیە وشەو زاراوە بیانییەکە بەکاردەهێنرێ، تاکو تاکەکان بەبێ ئاڵۆزی لە یەکتر تێبگەن.

تێبینی ئەوەش دەکرێ هەندێ وشەی بیانی هەیە، هێندە لە مێژەوە لە زمانی کوردیدا بەکارهاتوون و بە شێوەیەکی وا بە کوردی کراون، کە بە هیچ جۆرێک سیمای بیانییان پێوەنەماوەو تێکەڵی زمانەکە بوون و بە لابردن و دوورخستنیان کەلێنێک و بۆشاییەک دروستدەبێت، لەم بارەیەوە (جەمال نەبەز) دەڵێت: " بۆ وێنە ئەو وشانە: بە هیچ کلۆجێک (کل وجە) هەق (حق) ماڵ (مال) نەگبەتی (نکبة) مروەت (مرؤە) ئامشۆکردن (امدوشدکردن) ...هتد، تازە تێکەڵ بە خوێن و گۆشتی زمانەکەمان بوون، لەبەرئەوە بە لای منەوە لابردنیان دەبێتەهۆی پەیداکردنی کەلێنێک کە بە هیچ کلۆجێک بۆمان پڕنابێتەوە." (جەمال نەبەز:٢٠٠٨: ١٧).

وەرگرتنی وشەو زاراوە بریتییە لە گواستنەوەی فۆڕمی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی واتە لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێت و خواستراویشی پێدەوترێت. (محمد علي الخولي:١٩٨٢: ٣٤). فۆرم وەرگرتن نابێ بە شێوەیەکی ڕەمەکیی کاری پێبکرێ بەبێ ئەوەی زمان پێویستی پێبێ، ئەگینا ئەو کاتە لەبری دەوڵەمەندکردنیی، زیان بە زمان دەگەیەنێ و " دەبێتە هۆی پەکخستنی سەلیقەو بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵ، چونکە بەکاربردنی وشەی بێگانە، وەک کەرەستەیەکی ئامادە، دەبێتەهۆی سستکردنی بیرکردنەوەو دنیابینی کوردی." (محەمەد مەجید سەعید:٢٠١٥: ١١٩) ، لەبەرئەوە وەرگرتنی وشەو زاراوە مەرج و تایبەتی خۆی هەیە بۆئەوەی زیان بە زمانەکە نەگەیێنێ، یەکێک لەو مەرجانە دەبێ فۆرم خواستن هەڵقولاوی پێویستییەکان بێ (هەژار:١٩٧٤: ٢٨٥)، ئەویش لەوکاتەیا، کە کەرەستە ماددییەکانی دەرەوەی زمان زیادەبێ وەک کەرەستەکانی تەکنەلۆژیاو ناوی هەندێ ئاژەڵ و ڕووەکی نوێ و دەرکەوتنی چەمکی نوێ و نامۆ کە پێشتر لە زمانەکەماندا بەکارنەهاتووە. (Andrew and Other:2009:225). مەرجێکی تر بۆ فۆرم خواستن (وەرگرتن) گۆڕینی دروستەی فۆنۆلۆژیی و جێبەجێکردنی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی لەسەر وشەو زاراوە وەرگیراوەکانە، بە گۆڕینی هەندێ دەنگ و بڕگەو گونجاندنی لەگەڵ سروشت و یاساکانی زمانی کوردیدا. زۆر گرنگە ئەو دوو مەرجەی سەرەوە بە هەند وەربگیرێن بۆئەوەی وشەو زاراوە وەرگیراوەکان ببن بە لێکسێم و وەک فۆرمێکی کوردیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

" زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لە زمانانێکی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە قسەکەرێک بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو ، هییچ چشتێک بڵێت." (محەمەدی مەحوی:٢٠١٠ :١٢٧-١٢٨). وەرگرتنی وشەی بیانی پەیوەست بە لێکسیمبوونەوە بۆئەوەی بچێتەناو فەرهەنگی زمانی کوردی و دەوڵەمەندی بکات، بەڵام پاش جێبەجێکردنی بنەماکانی بە لێکسیمبوون و گونجانیان لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی و فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی، بەمەش " بەشدارییدەکەین لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی زمانەکەمانداو لە گەشەدانی پێڕەومەندانەدا systematic بە زمانەکەمان لە ڕووی زۆرکردنی گەنجی وشەکانییەوە." (محەمەدی مەحویی:٢٠١٠: ١٤١). بۆئەوەی بتوانین وشەو زاراوەی بیانی بەکاربهێنین دەبێ بخرێتەژێر سیستەمی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی زمانە خۆماڵییەکەوە تا شێوەی دروست وەردەگرێت. (Andrew Radford and Ogher:2009:225).

زمانی کوردی دەنگ و فۆنێمی تایبەتی خۆی هەیە جیایە لە دەنگ و فۆنیمی زمانەکانی تر بە تایبەت ئەو زمانانەی کە سەر بە هەمان خێزانی زمانی نین وەک زمانی عەرەبی، لەبەرئەوە ئەو دەنگە نامۆیانە، کە لە وشەو زاراوە بیانییەکاندا هەیە کاتێک وەردەگیرێن پێویستە بەپێی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی گۆبکرێن و بنووسرێن یان چۆن ئاسان بوو لەسەر زمان و دەربڕین بەو شێوەیە گۆبکرێن، لە زمانی کوردیدا نموونەی زۆرمان هەیە، وەک:

داوا	دعوه
مامەڵە	معامله
دەوڵەت	دوله
قەرز	قرض
میکانیزم	Mechanism
تەکنیکی	Technical

ئەگەر تەماشای ئەو نموونانە بکەین، دەبینین هەندێکیان تەنها دەنگە بێگانەکە گۆڕاوە بۆ دەنگی کوردی وەک (قرض – قەرز) هەندێکی تریان دەنگێک لە دەنگەکان تیاچووە، وەک (معامله – مامەڵە) یان لە یەک دەنگ زیاتر تیاچووە وەک (تەکنیکی – technical) هەندێکی تر دەنگە خۆماڵییەکە گۆڕاوە بۆ دەنگێکی تری خۆماڵی، وەک (خدمە – خزمەت) یان دەنگێکی بۆ زیادبووە وەک (دوله – دەوڵەت)، بەم شێوەیە هەموو وشەکان بە کوردی کراون لە ڕووی دەربڕین و نووسینەوە، لە پاشاندا بەکارهاتوون، پابەندبوونی وشە بیانییەکان بە یاسای ڕێنووس و فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییەوە وادەکات کە بۆنی بیانییان لێ نەیەت و بە تێپەڕبوونی کات ببن بە وشەی خۆماڵی، ژمارەیەکی زۆری وشەو زاراوەی بیانی هەیە لە نێو زمانی کوردیدا ئەمڕۆ هێندە بە هێز ڕەگی داکوتاوە، قاڵبی دەنگی و شێوەی نووسینی کوردی وەها گرتووە، نەک هەر خاوەن زمانە ڕەسەنەکە نایناسێتەوە، بەڵکو زۆربەی کوردیش نازانێت کە کوردی نین، مەگەر ئەو کەسانەی پسپۆری بابەتەکە بن و شارەزای زمان بن.

وەرگرتنی فۆرم جۆرێکە لە جۆرەکانی وەرگرتن و لە هەموو کەرەسەکانی تری زمان بڵاوترەو لە هەمووشیان زیاتر هەستی پێدەکرێ و سەرنج ڕادەکێشێ. (محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١١: ١٣٥)، وەرگرتن لە ئاستی وشەسازیدا خۆی لە وەرگرتنی فۆرمدا دەنوێنێت و لە ئاستی ڕستەسازیدا زیاتر لەسەر شێوەی فرێزو وشەی لێکدراو و چەسپاو دەبینرێت وەک: (معلومات، ئیشارات، مەسەلەی سیاسەت، ...هتد)، " هەروەها خواستنی وشەی سادە بڵاوترە وەک لە وشەی لێکدراو و فرێز بۆ نموونە: عیلم، شاعیر، مطعم، بڵاوترە لە سەلام و علیکم، تەشکوور، ...هتد" (ساکار ئەنوەر حەمید:٢٠٠٩: ٨٦).

لە زمانی کوردیدا هەندێ وشەی بیانی بەکارهاتووە، سەرەڕای بێگانەیی وشەکە، واتاکەی جیاوازە لە واتا ڕەسەن و بنەڕەتییەکەی خۆی بۆ نموونە:

- (بەخیل) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (ڕەزیل) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (حەسوود) بەکارهاتووە.
- (هیلاک) لە زمانی عەرەبیدا (هلاک)ە بە واتای (نەمان و لەناوچوون) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (ماندوو) بەکارهاتووە.

هەندێ وشەی بێگانەی وەرگیراو کاتێک هاتۆتە ناو زمانەکەمانەوە واتایەکی بەرزی پێدراوەو هەندێکی تریشی واتاکەی نزم و تەسکبۆتەوە، بۆ نموونە (حەزرەت) لە (حضرت)ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە زمانی کوردیدا بە کەسێک دەوترێت، کە لە ئاستی پێغەمبەران و پیاوچاکاندا بێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت، کە ڕێزی لێبگیرێت بە واتای (بەڕێز و جەنابی) زمانی کوردییەو مەرج نییە لە ئاستی پێغەمبەراندا بێت. بۆ نموونە (حضرت الرئیس) بە واتای (جەنابی سەرۆک)، وشەی (حضرت) کراوە بە کوردی و واتاو ئاستەکەشی بەرزبۆتەوە و مەرجیشە لە کاتی بەکارهێنانی بۆ ئەو کەسانە بێ، کە لە ئاستی پێغەمبەراندان. هەروەها وشەی (دەڵاڵ)یش، کە لە (دلال)ەوە وەرگیراوە واتاکەی نزم و تەسکبۆتەوە لە واتای (ڕێنیشاندەر)ی عەرەبی بۆ کەسێک کە کارێک ئەنجامدەدات لە یاساو کۆمەڵدا پەسەند نییە و قێزەونە، بەرامبەر بڕێک پارە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

بەو شێوەیە هەندێ وشەی وەرگیراو و بیانی واتاکەی بەرزو فراوانبووە وەکو (حەزرەت) و هەندێکی تریشیان بە پێچەوانەوە تەسک و نزم بۆتەوە وەک (دەڵاڵ).

هەروەها هەندێ وشەی تریش هەیە، کە کێڵگە واتاییەکەشی گۆڕاوە لە کاتی بەکارهێنانی لە زمانەکەماندا، بۆ نموونە وشەی (باجی) " لە زمانی تورکیدا بە واتای خوشکی گەورە دێت و لە کێڵگەی خێزاندایە. لە زمانی کوردیدا هەرچەندە بە هەمان واتا یان بە واتای باوەژنەوە ئەندامی کێڵگەی خێزان بووە، دەچنە چێوەی ئەو وشانەی کە کێڵگەکانیان دەگۆڕێت و لەناو زمانەکەماندا لە کێڵگەی جیادا دادەڕێژرێنەوە." (بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١١: ٩٥). و دەچێتە کێڵگەی فەرهەنگەوە بە واتای (کارمەندی پاککەرەوەی ئافرەت) و گۆڕانی ڕیشەیی بەسەر واتاو کێڵگەکەیدا هاتووە.

جۆرێکی تر لەو وشانە مارکەی بەرهەمێکی پیشەسازیین، بەڵام لە ئێستادا بۆ ناوەڕۆکی کەرەستەکان و هاوشێوەی ئەو کەرەستانە بەکاردێن و لە کێڵگەی مارکەدا نەماونەتەوە، وەک (تاید، فاس، کلینکس، ...هتد). ئەوەی جێی ئاماژەیە هەندێ لە نووسەران و زمانەوانان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی هەر فۆرمێکی بیانی کاتێک وەردەگیرێ لە زمانی سەرچاوەو بۆئەوەی ببێ بە لێکسیم و وەک فۆرمێکی کوردیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت دەبێ هەموو مەرجەکانی بە لێکسیمبوونی تێپەڕاندبێ، یەکێک لەو مەرجانە گۆڕینی فۆڕم- بخرێتەژێر کاریگەری فۆنۆتاکتیکی کوردییەوە – و واتای وشە وەرگیراوەکانە، کە پێشبینی گۆڕینی کێڵگەی واتاییشیان دەکرێ، ئاشکرایە فۆرم گۆڕین هیچ کێشەیەک دروست ناکات،

بەڵکو بە پێچەوانەوە سەلیقەو دنیابینی کوردانەی پێی دەبەخشرێت و زۆربەشیان لە فۆڕمە ڕەسەنەکانیان دوورناکەونەوە، بۆ نموونە: (تام = طعم، تازە = طازج) (عەزیز ئاکرەیی:١٩٧٨: ١١٤). بەڵام گۆڕینی واتای وشە بیانییەکان تا ڕادەیەک نەگونجاوەو دەبێتە هۆی شێواندنی زمان و بە هەڵە لە یەکتر تێگەیشتن دێتە ئاراوە، بۆ نموونە وشەی (بەلوعە) لە (بلوعە)ی عەرەبی وەرگیراوە، لە زمانی سەرچاوە بۆ واتای زێراب یان پاشەڕۆ بەکاردەهێنرێت و لە زمانی خۆماندا بۆ واتای سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بەکارهاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە " پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەو وشەیە بە هەڵەو تێگەیشتنی هەڵەوە هاتبێتە زمانەکەمانەوە، چونکە هەمان وشە لە زمانی یەکەمدا بۆ خواردنەوە نەگەتیڤە، کەچی لای ئێمە بۆ ئەو بوارە پۆزەتیڤە." (بەکر عومەر عەلی و عبدالجبار مستەفا مەعروف:٢٠١١: ٢٩-٤٢). بە تایبەت ئەو جۆرە وشانە لە ڕێگەی خەڵکی ئاساییەوە وەردەگیرێن و بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە ئەو وشانە هاوردە دەکرێن، بۆیە پێویستە کاتێک وشەیەک لە زمانێکی بیانی وەردەگیرێ بە هەمان واتا وەربگیرێ و بە پێی پلان و بەرنامەیەکی داڕێژراو بەکاربهێنرێ تا ئەو کاتەی فۆڕمێکی گونجاو بۆ ئەو واتایانە دروستبکرێ.

ئاشکرایە، کە زاراوە جۆرێکە لە وشە بەڵام هەندێ تایبەتمەندی بۆ زیادکراوە، یەکێک لەو تایبەتمەندیانە: زاراوە زیاتر کۆمەڵێک لە کەسانی شارەزا لە پیشەیەک یان هونەرێک یان زانستێک یان بابەتێکی تایبەتیدا بەکاریدەهێنن. (کەمال جەلال غەریب:٢٠١٢: ١٢). واتە زاراوە وشەیەکی سەر زمانی خەڵکی ئاسایی نییە، لەبەرئەوە ئەوانەی تایبەتمەندن لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەگەر نەیانتوانی زاراوەی ڕەسەنی کوردی بدۆزنەوە بۆ واتاو مەبەستەکانیان دەکرێ سوود لە وەرگرتنی زاراوە لە زمانێکی تر ببینن، بەڵام زۆر گرنگە پێشتر باش لە واتاو چەمکی زاراوە وەرگیراوەکە تێگەیشتبن دواتر بەکاریبهێنن و بیخەنە ناو فەرهەنگی زاراوەکانی بوارەکەیانەوە، ئەم کارەش بە تاکە کەسێکەوە ناکرێ، بەڵکو بە ڕاوێژکردن و هاریکاری شارەزایانی بوارە جیاوازەکان ئەنجامدەدرێت.

زۆر پێویستە لە کاتی وەرگرتنی هەر زاراوەیەکی بیانی بۆ هەمان واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاربهێنرێت و چەمک و واتایەکی تری نەدرێتەپاڵ " لەبەرئەوەی زاراوەی بیانی، لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیدا بۆ واتایەکی تایبەت، یان دیاریکراو، بەکارهێنراوە، دەبێ کە دەیخوازین لە زمانی کوردیشدا، بە وردی و بێ دەستکاری واتاکەی بۆ هەمان مەبەست بەکاریبهێنین." (جەمال عەبدول:٢٠٠١: ٦٣).

ئەنجام :

1. زاراوە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا ، چونکە بە هۆی تازەگەرییەکان و بەردەوامی پیشکەوتنی زانست ، زاراوەی تازە پەیدادەبێت و ناتوانرێت خاڵی کۆتایی بۆ دابنرێت .
2. وشە گوزارشت لە واتا دەکات ، بەڵام زاراوە گوزارشت لە چەمکێک دەکات ، بۆیە (زاراوە) سنوورێکی دیاری کراوی بۆ پەیدادەبیت جیایدەکاتەوە لە واتا گشتییەکەی و فەرهەنگی گشتی و تایبەتی زانستەکان دەوڵەمەندەکات بەو جۆرە زاراوانەی کە واتایەکی تازەی پێی پەخشراوە .
3. بەهۆی کاریگەری زمانەکانی تر لەسەر زمانی کوردی ، وەکو زمانەکانی (عەرەبی ،فارسی ، تورکی ، ئینگلیزی) گەلێک وشە و زاراوە لەو زمانانەوە وەرگیراون و لە پاش گۆڕینی درووستەی فۆنۆلۆژی و جێبەجێکردنی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ، وەک فۆرمێکی کوردیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، بەو پێیەش فەرهەنگی زمانەکە بەو جۆرە وشە و زاراوانەش دەوڵەمەند دەبێت .
4. هەندێ جار پەنا دەبرێتەبەر پرۆسە سینتاکسییەکان بۆ داهێنانی زاراوەی نوێ بە گۆڕینی فۆرمێکی ئازادی سینتاکسی بۆ فۆرمێکی چەسپاوی مۆرفۆلۆژی /فەرهەنگی ، بەو شێوەیەش وشە و زاراوەکانی ناو فەرهەنگی زمانی کوردی زیاتردەبێت .

سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی :

1- ئەکرەم قەرەداغی (1980) ، ڕەخنە ، گۆڤاری کاروان ، ژ45 .

2- ئاڤێستا کەمال مەحموود (2012) ، پروسە سایکولۆژییەکان ، چاپی یەکەم ، سلیمانی .

3- ئیبراهیم ئەمین باڵدار (١٩٨٦) ، زاراوە زمان لە کاروانی زانیاری ئەرۆدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ١١٢، بەغدا .

4- بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١) ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ ٣١

5- بەناز ڕەفیق تۆفیق ، (٢٠٠٨) ، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خواروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردەی – ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغدا .

6- تابان محەمەد سەعید (٢٠٠٨) ، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .

7- جەمال نەبەز، (٢٠٠٨) ، وەرگێران هونەرە ،...
8- جەمال عەبدول (٢٠٠١) ، بەرکوڵێکی زانستە زاراوەسازی ، چ قەشنگ .
9- جەمال عەبدول (٢٠٠٨) ، زاراوە و زانستاندنی زمانی کوردی ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان ، ژ ٧، هەولێر .
10- جوانە ئەحمەد حوسێن (٢٠١٤) ، زاراوە و واتای زاراوە لە وتاردا (ڕۆژنامەی کوردی کرمانجی خواروو ٢٠٠٠-٢٠١٠) ، نامەی دوکتۆرا ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .
11- حاتم ولیا محەمەد (٢٠٠٠) ، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی .
12- حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥) ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، چ کارۆ ، سلێمانی .
13- ڕەفیق شوانی (٢٠٠١) ، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، چ وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردی ، هەولێر .
14- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٣) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چ چوارچرا ، سلێمانی .
15- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩) ، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان – زانکۆی سەلاحەددین .
16- شادمان سالار نەریمان (٢٠٠٨) ، وشەی نوێباو لە زمانی کوردیدا ، نامەی دوکتۆرا ، کۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد – زانکۆی بەغدا .
17- شەهاب شێخ تەیب تاهیر(٢٠١٢) ، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا ، بەڕێوەبەڕێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .
18- شەهاب شێخ تەیب تاهیر(٢٠١٣) ، کێشە و گرنگی زاراوەی زانستی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری (الاستاذ) ، ژ ٢٠٧ ، زانکۆی بەغدا .
19- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤) ، لیکسیکۆلێجی ، چ ناوەندی ئاوێر ، هەولێر .
20- عەزیز ئاکرەیی (١٩٧٨) ، کارلێکرنا زمانێت بیانیا ل زمانێ کوردیی ، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ، بەرگی شەشەم ، بەغدا .
21- عوسمان کەریم عەبدولڕحیم (٢٠١٤) ، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی ، نامەی ماستەر ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .
22- قەیس کاکل و دانا تەحسین (٢٠١٣) ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی تیۆری فۆستەرەوە ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان ، ژ ٢٧، هەولێر .
23- کامل حەسەن بەسیر (١٩٧٩) ، زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ، ، بەڕێوەبەڕێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .
24- کامل حەسەن بەسیر (٢٠١٣) ، بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەربیدا ، چاپی دووەم ، چ هێڤی ، هەولێر .
25- کامەران ڕەحیمی (٢٠٠٧) ، خەسار ناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زمانەوانی ، ساڵی یەکەم ، ژ ٣
26- کەمال جەلال غەریب (٢٠١٢) ، پرۆژەی زانستیی کوردی ، چاپی دووەم ، ج ئاراس ، هەولێر .
27- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، چاپی یەکەم ، چ ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
28- محەمەدی مەحوی (٢٠١٠) ، مۆرفۆلۆجی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی
29- محەمەد وەسمان (٢٠١٢) ، ڕۆڵی ڕەگی کار لە زاراوە داناندا ، کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ، هەولێر .
30- محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥) ، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون ، نامەی ماستەر ، سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی .
31- وریا عومەر ئەمین (٢٠١١) ، پیتۆکەکانی زمانەوانی ، چ ئاراس ، هەولێر .
32- هەژار (١٩٧٤) ، کورد و سەربەخۆیی زمان ، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا .

بە زمانی عەرەبی :

1- ادريس بن الحسن العلمي (2002) ، في الاصطلاح ، الطبعة الاولى ، مطبعة دار النجاح الجديدة – الدار البيضاء .

2- اعضاء شبكة تعريب العلوم الصحية (2005) ، علم المصطلح لطلبة العلوم الصحية والطبية ، المكتب الاقليمي للشرق المتوسط و معهد الدراسات المصطلحية ، فاس المملكة المغربية .
3- حاتم صالح الضامن (1989) ، فقه اللغة ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، جامعة بغداد.
4- فرحات بلولي (2010) ، المصطلح اللساني التداولي قراءة في منهجيات الترجمة ، الممارسات اللغوية ، العدد 1، جامعة مولود معمري – تيزي وزو , مخبر الممارسات اللغوية في الجزائر .
5- فؤاد مرعي (2002) , في اللغة والتفكير ، دار المدى للثقافة والنشر .
6- محمد علي الخولي (1982) , معجم اللغة النظري (انكليزي – عربي) ، مكتبة لبنان , بيروت.
7- وجيه حمد عبدالرحمن (1982) , مجلة اللسان العربي , المجلد التاسع عشر ، الجزء الاول .

به زمانی ئینگلیزی :

1. Andrew and other (2009) , Linguistics an Introduction second Edition , Cambridge University press .

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 269 – 279
http://www.ijoks.com

Barış Çalışmalarında Alternatif Bir Güzergâh: Sembol ve Sembolizmin Politik Kullanımı[1]

Safiye ATEŞ (DURÇ)[2]

Received: Dec 01, 2017 **Reviewed**: Dec 20, 2017 **Accepted**: Jan 12, 2018

Öz
Çağdaş barış çalışmaları, uzun yıllar boyunca makro (amaçlı) meseleler üzerinden yürümüştür. Silahsızlan(dır)ma, sivilleşme, paramiliterlerin topluma yeniden entegrasyonu ve hukuksal bazı metinler olarak maddeleştirebileceğimiz bu meseleler; çatışmanın sebepleri, çatışmanın sürdürülebilirliğini mümkün kılan araçların toplanması ve barışmanın teknik ve hukuksal mekanizmalarının oluşturulması temelinde ele alınmaktadır. Şiddetin sona ermesi veya sönümlenmesi için öncelikle bu makro konuların halledilmesi gerekir. Ancak kültürel şiddeti oluşturan ve ikincil konular olarak değerlendirilen sembol ve ritüellerin kullanımı da kesinlikle gözardı edilmemesi gereken bir konudur. Çünkü sembol ve sembolik eylemin siyasal kullanımı şiddetli çatışmayı toplumun en küçük birimine kadar taşır. Potansiyel şiddetin devam ettiği bir toplumsal alanda ise toplumsal barışın sürekli kılınması neredeyse imkansızlaşır. Barış çalışmaları literatüründe özellikle 2000li yıllardan sonra sembol ve sembolizmin politik kullanımına dair önemli çalışmalar yayınlanmıştır. Bu çalışmalarla birlikte konuyla ilgilenen teorisyenler artık, sembollerin pozitif veya negatif anlamda barış süreçleri için kritik değere sahip olduğunun farkına varmıştır. Peki bu güzergahı alternatif bir güzergah olarak kabul edebilir miyiz? Sembol ve sembolizmin politik kullanımına dair temel tartışma eksenleri nelerdir? Bu çalışmada dünyadaki barış süreci örneklerinin yol göstericiliğinde yukarıdaki sorulara yanıt aranmaya çalışılacaktır.

Anahtar Kelimeler: Siyasal sembol, barış, kültürel şiddet, barış çalışmaları, sembolik çatışma

Abstract
Contemporary peace studies have been laid emphasis on macro affairs for many years. These issues are disarmament, demilitarization, collective reintegration of paramilitaries and some legal texts. Also these technical and legal mechanisms are the main reasons of the conflict. So they need to be solved first for the end of the violence or for the damping of the violence. However, the use of symbols and rituals, which constitute cultural violence and are considered secondary issues, should certainly not be overlooked. Because the political use of symbols and symbolic action pushes violent conflict to the smallest unit of society. In a social context where potential violence continues, it is almost impossible to make social peace permanent. Important studies on the political use of symbols and symbolism have been published in the literature of peace studies especially after 2000 years. Theorists who are interested in the subject together with these studies now realize that

[1] Bu çalışma Ekim 2017'de Belek, Antalya'da düzenlenen *2nd Eurasian Conference on Language & Social Sciences* adlı konferansta sunulan tebliğin genişletilmiş halidir.

[2] Mardin Artuklu Üniversitesi Siyaset Bilimi ve Uluslararası İlişkiler bölümü araştırma görevlisi ve Ankara Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi, Siyaset Bilimi Anabilim Dalı doktora öğrencisi. E-mail: safiye83@gmail.com

